

ژمارە (١٠)
ساڵی سێیەم
کانوونی یەکەمی ١٩٩٩

# هەزارمێرد

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە،
لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شوێنەواری سلێمانی - وەزارەتی ڕۆشنبیری
حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری ئەکات

# هەزار مێرد

ژمارە (١٠)
ساڵی سێیەم
کانونی یەکەمی ١٩٩٩

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە .. لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ
بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری سلێمانی دەری ئەکات



| سکرتێری نووسین | سەرنووسەر | خاوەن ئیمتیاز |
|---|---|---|
| کەمال نوری مەعروف | دکتۆر نەبەز مەجید ئەمین | وەزارەتی رۆشنبیری |

دەستەی نووسین :
هاشم حەمە عەبدوڵڵا
نەسرین خواکەرەم



ناونیشان : سلێمانی - بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری سلێمانی ژمارەی تەلەفون : ٢٠٦٠٩



# هزار مرد

العدد (١٠)
السنة الثالثة
كانون الأول ١٩٩٩

مجلة علمية فصلية تبحث عن اثار و تاريخ كردستان
تصدرها مديرية آثار السليمانية



| سكرتير التحرير | رئيس التحرير | صاحب الامتياز |
|---|---|---|
| كمال نوری معروف | د. نبز مجيد امين | وزارة الثقافة |

هيئة التحرير :
هاشم حمه عبدالله
نسرين خواكرم



العنوان : سليمانية ، مديرية آثار السليمانية ، رقم الهاتف ٢٠٦٠٩

بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی
ژمارە / /
بەروار / /
کتێبخانە

# هەزارمێرد

ژمارە ( ١٠ )

سالی سێیەم

کانونی یەکەم ١٩٩٩

وەرزە گۆڤارێکی زانستییە

لە شوێنەوار و مێژووی کوردستان ئەدوێ

بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری سلێمانی دەری دەکات

# ناوەڕۆک


| بابەت | نووسەر | لاپەڕە |
|---|---|---|
| وتەیەک | وەزیری ڕۆشنبیری | ٣ |
| پێشەکی | – | ٤ |
| سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە خۆرهەڵاتی نزیکدا لە ڕوانگەی زانستی نوێی کۆنناسییەوە | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>حەسەن عبدولکەریم | ٥-٢٠ |
| گردی یاسین تەپە-ڕاپۆرتێکی تایبەتە بە کاری کنەو پشکنینی وەرزی هاوینی ١٩٩٩ | کەمال نوری مەعروف | ٢١-٤٤ |
| نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانییەکان لە پەیکولیدا | گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە<br>محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق | ٤٥-٦١ |
| کنەو پشکنینی گۆڕو گۆڕستانەکان | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>دەروون عومەر | ٦٢-٦٦ |
| چیرۆکی ٣٥٠٠ ساڵەی تەمەنی ئێران | گۆڕینی لە عەرەبییەوە<br>زەردەشت کەمال | ٦٧-٨٢ |
| سەعید.. تەتەری نەناسراوی کوردایەتی | سدیق ساڵح | ٨٣-٩١ |
| چەند بەڵگەنامەیەک لە بارەی هەمەوەندەوە | عەبدولڕەقیب یوسف | ٩٢-١٠٣ |
| ڕێو ڕەسمی مردوو ناشتن و شێوەی گۆڕ لە سەردەمی پێش ئیسلامدا | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>شێرزاد حەسەن | ١٠٤-١١٧ |
| بیبلۆگرافیای نۆ ژمارەی (هەزارمێرد) لە دوو ساڵی ڕابوردوودا | ئامادە کردنی (هەزارمێرد) | ١١٨-١٣٠ |
| کەلەپووری کەلتوری مادەکان<br>سنورو ئاسۆکانی لێکۆڵینەوەی کۆنناسی | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>وەلی مەریوانی | ١٣١-١٤١ |
| دۆزینەوەی نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دیکە لە چیای پیرەمەگروون | کوردستان کەمال | ١٤٢-١٤٨ |
| ئایینی مادەکان پێش هاتنی زەردەشت | گۆڕینی لە فارسییەوە<br>عومەر ڕەحیم | ١٤٩-١٦١ |


# المحتويات


| الموضوع | الكاتب | الصفحة |
|---|---|---|
| الامير المشطوب الهكاري.. القسم السابع | بقلم باحث | ١٦٣-١٧٣ |
| تحديد الاعمار بطريقة تحضير الكاربون الاشعاعي | ترجمتها من الانكليزية<br>بشرى نعمت احمد | ١٧٤-١٧٨ |
| نوزو.. عاصمة اتحاد الولايات الشرقية الخورية | بقلم رافدة عبدالله عبدالصمد | ١٧٩-١٨٥ |
| كهف شانيدر | بقلم بخشان عبدالله محمد | ١٨٦-١٩١ |
| اناء فضي من سقز | بقلم نسرين خواكرم | ١٩٢-١٩٤ |



نەخشەی بەرگ و دەرهێنانی هونەری: هەیاس
یاریدەدەری هونەری: ڕۆژ
پیت چنین : چیمەن-کاژاو
کۆمپیوتەرسازی : چیمەن مەحموود
چاپخانەی : تیشک
چاپی بەرگ : چاپخانەی دلێر
تیراژ : ٣٥٠ دانە


بەرگی پێشەوە: پاشماوەیەکی هونەری هاخامانشییە
بەرگی پاشەوە: دوو گۆڕی هەڵکەنراوی کونەگاور لە شاخی دارە شیرینەکەی نزیک چەمی کۆشک لە قەرەداغ.

# ((وتەیەك))

- لە دواساڵی هەزارەی دووەمو هەنگاونان بەرەو هەزارەی سێیەم دا ژمارەیەكی تر لەگۆڤاری هەزار مێرد كەوتە بەر دەست خوێنەران و ئەم ژمارەیەش وەك ژمارەكانی پێشوو لەسەر ڕێبازی ناساندنی مێژوو شوێنەوارو كەلەپووری كولتووری نەتەوەی كورد بەردەوامەو كتێبخانەی كوردی دەوڵەمەند دەكات. لەگەڵ ڕەچاو كردنی باروذۆخی كوردستان لە بواری سیاسی، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و تایبەتمەندی هەلومەرجەكەدا، مرۆڤ هەست بە گەشبینی دەكات سەبارەت بە ئایندەی هەزار مێرد و دڵنیا دەبێت لەوەی هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت شان بە شانی گەشەكردنی ئەزموونی گەلەكەمان لە خۆبەڕێوەبردندا.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە ڕێزو بایەخەوە بڕوانینە هەوڵ و ماندوو بوونی ئەو براو خوشكانەی بەشدارییان كردووە لە نووسین و دەرهێنانی گۆڤارەكە، لەگەڵ ئەوەشدا كۆمەڵێك داواو پێشنیار لە ئارادایە كە پێویستە بوترێت و چاوەڕوانیش دەكەین دڵسۆزانی گەلەكەمان و لایەنە بەرپرسەكان گرنگییان پێ بدەن و بە گوێرەی توانا هەوڵ بدەن بۆ جێ بەجێ كردنیان:-

١-ئەو بەڕێزانەی شارەزایی یان هەیە لە مێژوو و شوێنەوارو كەلە پووردا بەشداری بكەن بە نووسینی بابەتی زانستییانەو گۆڤارەكەی پێ دەوڵەمەند تر بكەن.

٢-حكومەتیهەرێمی كوردستان باشتر پشتگیری شوێنەوار بكات و بوودجەی زیاتر تەرخان بكات بۆ پرۆژەی كنەو پشكنین و گۆڤاری هەزار مێرد بە :-

ا-هەوڵ بدرێت بۆ كردنەوەی (كۆلێج یان بەشێكی تایبەت بە شوێنەوار).

ب-(یۆنسكۆ) لە هەموو جیهاندا هاوكاری تەواوی ئەو وڵاتانە دەكات كە شوێنەواری كۆنی تێدایە، جێگای سەرنجە لە كوردستاندا هیچ هاوكارییەكی ئەو ڕێكخراوە بەدی ناكرێت ا.

ج-ناردنی چەند كادرێكی شارەزای بواری شوێنەوار بۆ دەرەوەی كوردستان بۆ زیاتر فێربوون و هەوڵدان بۆ هێنانی كەسانی پسپۆڕ بۆ ئێرەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونەكانیان.

د-تەرخانكردنی بوودجەیەك لە لایەن حكومەتەوە بۆ كڕینی كۆمەڵێك خانوو و بینای كەلەپوری لە شارو شارۆچكەكانی كوردستان و چاككردنەوەو پاراستنیان لە ئەمان.

ئەم داخوازییانەی سەرەوە مەرج نییە بە جارێك جێ بەجێ بكرێت و دەكرێت ئەوەی لە تواناندا بێ بە هیمەتی دڵسۆزان كەمتەرخەمی تیا نەكرێت.

وەزیری ڕۆشنبیری

١٩٩٩/١٢/٣١

# پێشەکی :

لەگەڵ دەرچوونی ئەم ژمارەیەدا وا دەیەم ژمارە بە ڕێکو پێکی و لە کاتی خۆیدا و بە بابەتی بایەخدارو بەنرخەوە کەوتووەتە بەردەستی خوێنەرو ڕۆشنبیرو ئەوانەی کە خولیای ئەو جۆرە بابەتە تایبەتانەی ئاسەوار و مێژوو و کەلەپوری کوردیان هەیە.

ڕاستە دەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوە بۆ ئەمڕۆی کوردستان بووە بە شتێکی ئاسایی و هەر کۆمەڵە دڵسۆزێك توانای ئەوەیان هەیە بە تۆزێ لە خۆبوردن و ماندوو بوونەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن، بەڵام دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بەبواری ئاسەوارو شوێنەوار ناسیی و مێژووی کورد هەروا کارێکی ئاسان نییە لەم کوردستانەی ئێمەدا، ئەگەر هەوڵ و کۆشش و شەو نخوونیو ماندوو بوونی شارەزای بوارەکە نەبوایە و حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەك و یارمەتی و پشتگیری تەواوی بۆ دابین نەکردایە، ئەوا لە یەکەم هەنگاوەوە دەرکردنی گۆڤارەکە بەرەو سەرکەوتن ئەنجام نەدەدرا، یان بە لاوازی دەمایەوە. ڕەنگە دەرکردنی گۆڤارێکی تری ئەدەبی کەسانێکی زۆر هەبن ئامادەبن بۆ ئەوەی بچن بە هانایەوەو بە هەموو جۆرە بابەتێك دەوڵەمەندی بکەن، بەڵام گۆڤارێکی وەك هەزار مێرد، زۆر هەژارە لەو بارەیەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە هەر لە ژمارەی یەکەمەوە داواکراوە لە هەموو ئەوانەی کە شارەزایی یان هەیە لەو بوارانەدا دەستی یارمەتی درێژ بکەن بۆ گۆڤارەکەو بە بابەتی بە پێزو سوودمەند دەوڵەمەندی بکەن، بەڵام بە داخەوە بە دەگمەن لا لەوگۆڤارە کراوەتەوە، ڕاستە کە. نووسینی بابەتێك بۆ گۆڤارێکی تایبەت کاری هەموو کەسێك نیەو نووسەری شارەزاو تایبەتی گەرەکە، بەڵام ئێمەیش وە نەبێ بەو شێوەیە دەسەپاچەو داماوبین و لە ناو ڕۆشنبیرو نووسەرانماندا کەسانی وامان نەبێ کە بتوانن لەو بوارەدا ئەو خزمەتە بکەن. بۆیە لێرەدا ڕووی دەممان دەکەینە هەموو ئەوانەی کە پەرۆشی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیانن بە گوێرەی توانای خۆیان چاکی لێبکەن بەلاداو شان بدەنەبەر ئەو ئەرکە پیرۆزە، بۆئەوەی نەکەوینە بەر نەفرەتی مێژوو لە دوا ڕۆژدا، وەك چۆن ئێمە ئێستا نەفرەت ئەکەین لەوانەی کە لە ڕابوردوودا هەموو توانایەکی خۆیان خستووەتە بەر دەست دوژمنان و خزمەتیان کردوون و لایەکیان لە خاك ونەتەوەکەی خۆیان نەکردۆتەوە.

# سەرهەڵدانی کشت و کاڵ و ئاژەڵداریی لە خۆرهەڵاتی نزیکدا لە روانگەی زانستی نوێی کۆنناسییەوە

نووسینی / عەباس عەلی زادە
و. حەسەن عەبدولکەریم

یەکێك لەو گۆڕانە گرنگانەی کە لە ژیانی مرۆڤ دا ڕوویداوە بریتی‌یە لەوەی کە مرۆڤ لە شێوەو سیستمی ژیانی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراکەوە رووی کردە شێوازی ژیانی نیشتەجێ بوون. هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی پەیدابووە تا دەوروبەری دەهەزار ساڵ پێش ئێستا، بژێوی خۆی لە ڕێگای ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراکەوە دابین دەکرد باپیرانی ئێمە لەو سەردەمە زۆر دوورو درێژەدا نەیان توانیوە گۆڕانێکی دیارو لەبەرچاو بهێننە کایەوە، جگە لە هەندێ نەخش و نیگاری ناو ئەشکەوتەکان و دروست کردنی چەند ئامێرێك لەبەرد. بەڵام لە ماوەی ئەم دەهەزار ساڵەی پێش ئێستاوە چەند گۆڕانێك لە کۆمەڵگای مرۆڤدا ڕوویداوە لە شێوەی ئەڵقەکانی یەك زنجیردا، مرۆڤی لەو ژیانە سادەو ساکاردی خۆی گەیاندە سەردەمی چوون بۆ بۆشایی ئاسمان! ئەبێ ئەوە چی بێ که بووەته هۆی ئەوەی مرۆڤ لە ماوەیەکی وا کەمدا بتوانێ بگاتە ئەم دەسکەوتە گرنگانە؟. سەرچاوەی هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی مرۆڤایەتی ئەبێ لەوەدابێ کە مرۆڤ توانی خۆراك و خواردنی کۆنترۆڵ بکاو نیشتەجێ بوون هەڵبژێرێ بۆ بەسەر بردنی ژیانی خۆی، بە واتایەکی تر رووکردنی مرۆڤە بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری.

مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینەمان، باسکردنێکی کورتی ئەو تیوورییانەیە کە لە نزیکەی یەك سەدە پێش ئێستاوە تا ئەمڕۆ خراونەتە ڕوو لە روونکردنەوە و لێکدانەوەی ئەو سەردەمە گرنگە لە رەوتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری مرۆڤدا.

باسگەلێکی لەم جۆرەش بە گشتی ئاڵۆزییەکی تایبەتیان تیایە، ئەویش بەهۆی ڕەوت و شێوەی لێکۆڵینەوەی خاوەن تیۆرییەکانی ئەم بوارەوەیە، بەتایبەتی هەردوو لێکۆڵەرەوە (بینفۆرد)و (فلانری)،

لێکۆڵینەوەی ئەم دووانە لەگەڵ ئەو زانیاری و دەسـکەوتانەی ئـەمڕۆ لەبەردەسـتدان یـەك ئەگرنـەوەو لای زۆربـەی زانایـانی بـواری کۆنناسی پەسەندن

تا سەرەتای ساڵانی ١٩٥٠، چۆنیەتی ئەو گۆڕانە کـەلتوری و مێژووییانـەی بـووە هـۆی ئـەوەی مـرۆڤ رووبکاتـە شـێوەی ژیـانی کشـتوکاڵ و ئـاژەڵداری، بـە گشـتی روون نەکرابوونـەوە کـە بتوانـرێ لـە ڕێگـای لێکۆڵینـەوەوە رەت بکرێتـەوە یـا پەسـەند بکرێ، یەکێك لەو بۆچوونانە ئەوە بوو کە مرۆڤ بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژگار ئەزموون و تاقیکردنـەوەی پێویسـتی بەدەسـتهێناوەو توانای ئـەوەی پـەیدا کـردووە گیـان لەبـەرو گیاکـانی دەوروبـەری خـۆی مـاڵی و دەسـتەمۆبکات و بیچێنێ. ئـەم بۆچوونـەو مانـەندەکانی توانای ئـەوەیان نیە چۆنیـەتی ئـەو گۆڕانکارییـە ئاڵۆزانـە کـە روویـان داوە روون بکەنـەوە. بۆچونێکـی خـەیاڵی تـر کـە هێشتا لە هـەندێ ناوەندی بواری کۆنناسیدا لەسـەری ئەڕۆن ئەوەیە کـە شـێوەی ژیـانی نیشـتەجێبوون لەیـەك شـوێندا، خۆراکێکـی باشترو زۆرتری خستە بەردەست دانیشتوانی گونـدو دێهاتـە سـەرەتاییەکانەوەو ئەمـەش بووە هۆی کۆبوونەوە و زیادبوونی مرۆڤ لەو شـوێنانەداو ئـەنجامدانی چـالاکی بـەربڵاوی جۆراوجـۆر لـە هـەموو بوارەکـاندا. ئـەم بۆچوونەش پاڵی نەداوە بە هیچ بەڵگەیـەکی پتەوەوەو تەنیا لە چەند بۆچونێکی بێپایەوە سەرچاوەی وەرگرتووە. ئەو لێکۆڵینەوەیـەی کە لـە بـواری مـرۆڤ ناسـیدا ئـەنجام دراوە لەسەر ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەر شێوەی ژیانی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك دەژین

و تا ئێستا لە هـەندێ شوێنی ئـەم جیهانـەدا هەرماون، بۆی دەرخستوین کە بە پێچەوانەی ئـەوەوە پێشتر بـۆی ئـەچوون و بـە ڕاستیان ئەزانی، ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە، هەم خۆراکی چاکـترو هـەم کـاتی تـەواویان هـەبوە بـۆ ئەنجامدانی چالاکی زیاتر.

بەر لە ئەنجامدانی لێکۆڵینـەوەی فراوانی زانایـانی بـواری مـرۆڤ ناسـی لـە کۆتـایی دەیـەکانی سـاڵانی ١٩٦٠ و ١٩٧٠دا زۆربـەی کۆنناسان بە تەواوی باوەڕیان وابوو کە ژیان لە سەردەمە بەردینەکاندا زۆر قورس و گران و مرۆڤ پڕوکێن بووە. مەترسی لە گیان لەبەرە دڕندەکان، مردن بەهۆی برسیەتییەوە، هـەوڵ و تەقەلای بەردەوام بـۆ دابین کردنـی بژێـوی ڕۆژانە، گەڕان بەدوای شوێنێکی ئارام و دوور لـە تـرس، نـەبوونی کـاتێکی تـەواو بـۆ بیرکردنەوەو ئەنجامدانی چالاکی فەرهەنگی و زانستی، ئەمانە بەشێك بوون لە تایبەتمەندی ئـەو جـۆرە کۆمەڵگایانـە بـەلای کـۆن نـاس و مێژوو ناسانەوە.

لێکۆڵینـەوەی بـواری کۆنناسـی دەری خستووە کە برسـییەتی نـەك تـەنیا ڕۆڵێکـی گەورەی نەبوە لەو گۆڕانانـەی کۆمـەڵگاکاندا، بـەڵکو کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی لەگـەڵ ئـەو شێوەی ئابووری ژیـانی سادەو ساکارەیاندا، خاوەنی جۆرە ئەزموون فەرهەنگێك بوون کە بەهۆیـەوە هاوکێشەی زۆربونـی دانیشـتوان و سەرچاوەی ژیانی ژینگە بە یەکسانی ڕابگرێ. هـەروەها ئـەو لێکۆڵینەوانـە ئـەوەیان دەرخسـتووە کـە لـە و کۆمـەڵگای سیسـتمی ژیانی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراکەدا نەك تەنیا بە ئاسـانی خـۆراك دابینکـراوە، بـەڵکو تەنانەت پێویستیان بەوە نەبوە کە خۆیان زۆر

ماندوو بکەن و هەوڵێکی زۆر بدەن. بۆ نموونە (بوشمەن)ەکانی ناوچەی (کالاهاری) لە ئەفریقادا، ئەتوانن لە ماوەی کەمتر لە سێ ڕۆژدا ١٤٧٠٠ کالری خۆراك کۆبکەنەوە کە بەشی حەوت ڕۆژی مرۆڤێك بکات، ئەم برە خۆراکە واتە ٢١٠٠ کالەری لە ڕۆژێکدا زیاترە لە خۆراکی ڕۆژانەی گوندنشینانی ئەمڕۆ. ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم برە خۆراکە لە ناوچەیەکی وشك و بێ پیتی وەك بیابانی (کالاهاری)یەو لەناوچە سەوزو شێدارەکانی تردا وەك بنارەکانی زاگرۆس ڕاوچی و خۆراك کۆکەرەوەکان دەیانتوانی زیاتر لە ٢١٠٠ کالەری کۆبکەنەوە لە هەر ڕۆژێکدا و لەم ڕووەوە بۆ دابینکردنی بژێوی خۆیان هەوڵ و تەقەلایەکی کەمتریان خەرج ئەکرد.

ئەم زانیارییانە بوو بەهۆی پشت گوێ خستنی ئەو بۆچوونانەی کە دەڵێن مرۆڤ کاتێك دەتوانێ زانیاری و زانستی خۆی بەرزبکاتەوە کە هەموو کاتی خۆی خەرج نەکا بۆ دابینکردنی ژیانی و ئەو هەلەشی کاتێك دەسکەوتووە کە شێوازو سیستمی ژیانی لە ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراکەوە گۆڕیووە بۆ کشت و کاڵ و ئاژەڵداری. بە پێچەوانەوە وا دەرئەکەوێ کە ئەو کۆمەڵگایانەی ڕوویان کردە کشت و کاڵ ئەو کاتە زیادانەی کە پێشتر هەیانبوو لە کیسیان چوو.

تاقیکردنەوەکەی (جێك هارلان) لە وڵاتی تورکیا ساڵی ١٩٦٧ یەکێکە لە گرنگترین تاقیکردنەوە مەیدانییەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوونەکان دەربارەی ڕاوچی و کۆکەرەوەی خۆراکی لە سەردەمە پێشووەکان، لە خۆرهەڵاتی تورکیادا، وەك هەندێ ناوچەی تری خۆرهەڵاتی نزیك، گەنم و جۆی خۆڕسك بەزۆری دەست ئەکەوێ. (هارلان) وەك مرۆڤە کۆنەکانی پێش مێژوو، بە چەقۆیەکی لەبەرد دروستکراو، دەستی کرد بەدرەو کردنی گەنمی خۆڕسك لەو ناوچەیەدا، ئەو بەم کارەی خۆی ئەوەی دەرخست کە خێزانێکی چەند کەسی، ئەگەر بۆ ماوەی سێ حەفتە درەو بکەن ئەتوانن ئەوەندە گەنم کۆبکەنەوە خۆراکی ساڵێکی پێ دابین بکرێ. گومانیش لەوەدانییە کە لە کۆتایی سەردەمی (پلایستۆسین)دا دەغڵودانی خۆڕسك گەلێك لە ئەمڕۆ زیاتر بووەو بەو ئەزموونەی کە کۆمەڵگاکانی کۆن و پێش مێژوو بوویانە لە کۆکردنەوەی دەغڵودانی خۆڕسکدا، بەرهەمی کاریان زۆر زیاتر بووە لە بەرهەمەکەی هارلان.

دەغڵودان و گیان لەبەرە سمدارەکان تاکە سەرچاوەیەکی خۆراکی مرۆڤی پێش مێژوو نەبوونە، لە سەردەمی چاخی بەردینی ناوەڕاستدا، ئەو کۆمەڵە مرۆڤانەی لە خۆرهەڵاتی نزیکدا نیشتەجێبوون، ماسی و گیان لەبەری بچوکی ناو ئاوو ئەوانەش کە لە ئاوو وشکاییشدا ژیاون وەك کیسەڵ و قرژانگ و هێلکە شەیتانۆکەشیان لە ژەمەکانی خۆیاندا بەکارهێناوە. چەند بەڵگەی زۆرمان کەوتووەتە بەردەست لەم بارەیەوە، لە شوێنەوارە کۆنەکانی وەك (چەرموو) و (عەلی‌کەش). هەرچەندە پرۆتینی گیانلەبەری ناو هێلکە شەیتانۆکە کەمترە لەوەی لە گۆشتی ئاژەڵدا هەیە، بەڵام ئەندازەی کالسیۆم لەوانەدا، بە تایبەتی ئەوانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین کە بە قسڵ داپۆشراوە، زۆرترە لە کالسیۆمی گۆشتی ئاژەڵ چونکە ئەو گیان لەبەرانە توانای ئەوەیان هەیە ئەو قسڵە بگۆڕن بۆ کالسیۆم بۆ بەهێز کردنی

ئێسقانەکانیان، هەندێ گیان لەبەری ناو ئاو سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ ڤیتامین (A)، هەروەها بستەو بەڕوو کە بەشێك بوون لە خواردنی مرۆڤی سەردەمانی کۆن، پڕن لە هەندێ ڤیتامیناتی پێویست بۆ مرۆڤ و لەچاو گۆشتی ئاژەڵدا وزەی زیاتر ئەبەخشن بە مرۆڤ. چاوگێڕانێك بە سیستەمی خۆراکی دانیشتوانی شوێنەواری (عەلی کەش) لە دەوروبەری (٨٠٠٠) ساڵ پێش عیسا ئەوەمان بۆ دەرئەخا کە سیستەمی خۆراکیی ئەوانە لەچاو سیستەمی خۆراکی گوندنشینانی ئەمڕۆداو تەنانەت لە هەندێ لە دانیشتوانی ناو شارەکان گەلێك باشتر بووە و هەروەك پاشتر باسی لێوە ئەکرێ ئەو جۆرە سیستەمە خۆراکییە لە سەرەتادا بۆ ڕێکخستن و دروست کردنی هاوسەنگی و سەرکەوتن بەسەر ئەو ئاڵۆزی و بشێوییەدا پەیرەو کراوە کە لە ئەنجامی زیادبوونی ژمارەی مرۆڤەکانەوە هاتووەتە ئاراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە بڵێین بەهۆی بوونی سەرچاوەی خۆراکی جۆراوجۆرەوە، دانیشتوانی کۆمەڵگاکانی سەردەمی بەردینی کۆن سنووردار نەبوە، بەڵام ئەم کۆمەڵگایانە کولتورێکی وایان هێناوەتە ئاراوە کە ڕێگربووە لەبەردەم زۆربونی مرۆڤ کە زیاتر بن لەو سەرچاوە خۆراکییانەی لەبەردەستیاندا بووەو بووەتە هۆی ئەوەی نەهێڵێ کێشەو گیروگرفت لە پێکهاتەی کۆمەڵدا پەیدا ببێ و سەرچاوەی ژیانی ژینگە تێك بچێ.

لەبەر ئەوە پرسیارێك دێتە پێشەوە کەچی بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، جۆرە ژیانێکی وا ئاسان واز لێبێنێ و رووبکاتە شێوە ژیانی نامسۆگەرو پشت شکێنی کشتوکاڵ؟ یەکێك لە پرسیارە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەی شوێنناسی مرۆڤ ئەوەیە کە بۆچی کولتوری ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە سیستەمی ژیانی خۆیانیان گۆڕیوە؟. هەرچەندە هەندێ جار گۆڕانی ژینگەو ئاوو هەوا دەبنە هۆی گۆڕانی سیستەمی ژیان، بەڵام ئەمە هۆیەکی تەواونییە بۆ ئەوەی مرۆڤ ناچار ببێ شێوەی ژیانی کشت و کاڵ و ئاژەڵداری بگرێتەبەرو، ئێمە بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە کە پشتگیری ئەوەبکا، ئەو گۆڕانەی هاتووە بەسەر ئاوو هەوادا لە کۆتایی سەردەمی (پلایستوسین) و پاش ئەویش، بووبێتە هۆی گۆڕانی سیستەمی ژیان لە خۆرهەلاتی نزیکدا.

-تیورییە سەرەکییەکان دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری -

-وا بە کورتی ئەچینە سەرباسی بۆچوونە جیاجیاکان، دەربارەی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە خۆرهەلاتی نزیکدا.

أ- تیوری (Oasistheory) گوردن چایلد

تا ساڵی ١٩٥١ کە گوردن چایلد لە کتێبەکەی خۆیدا (مرۆڤ خۆی بنیات دەنێ) دەستی دایە لێکدانەوەی تیورییە تازەکەی خۆی، ئەو روونکردنەوانەی دەربارەی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە ئارادا بوو پشتیان بە بەڵگەو تاقیکردنەوەوە نەبەستبوو. تیورییەکەی گوردن چایلد دەڵێ: لە کۆتایی سەردەمی بەردینی کۆندا ئاوو هەوا گۆڕاو بووە هۆی وشکبوونەوەی

دەشتاییەکانی خۆرهەڵاتی نزیك و بێ ئاوی، ئەمەش بووە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵە مرۆڤەکان و گیانلەبەران لە دەوروبەری رووبارو سەرچاوەو کانییە ئاوەکان، لە ئەنجامی تێکەڵی و ناسینی تەواوی گیان لەبەران و گژوگیاداو لەبەر پێداویستی زیاتری مرۆڤ بۆ سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤ هاتە سەر ئەوەی لە ڕێگای کۆنترۆڵ کردنی زاوزێی هەندێ لە گیان لەبەران (ماڵیکردنی بزن و مەڕ) و چاندن و پەروەردەکردنی هەندێ لە گیاکان (گەنم و جۆ) سەرچاوەی خۆراکی خۆی پەرە پێ بدا، گوردن چایلد لەم بۆچوونەیدا چەند بابەتێکی هێناوە ئاراوە بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی بەدەستەوە بێ، وەك بابەتێکی حاشا هەڵنەگر خستونیەتە ڕوو. یەکەم بوونی کەش و هەوایەکی لەو جۆرەی ئەو باسی دەکات لە دەهەزار ساڵ پێش ئێستاوە لە خۆرهەڵاتی نزیکدا، دووهەم ماڵیکردنی گیان لبەران و چاندنی گیا لە شوێنە نزم و نشیوەکاندا بووە.

ئەم تیورییەی گوردن چایلد زۆر بە زوویی نەك تەنیا جێی ڕەزامەندی زۆربەی زانایانی بواری کۆنناسی بوو، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە کە لەو جۆرە تیورییانە بوو کە تاقیکردنەوەیان لەسەر بکرێ دەسکرا بە زنجیرەیەك تاقیکردنەوە لەسەری کە دواتر بوونە سەرچاوەی ڕەوشی نوێیی زانستی کۆنناسی.

## • تیوری بریدوود.

• یەکەم زانایەکی بواری کوننناسی کە تیوری‌یەکەی گوردن چایلدی خستە ژێر تاقیکردنەوە (روبەرت بریدوود)ی مامۆستای زانکۆی شیکاگۆ بوو لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا. گرنگترین ڕەخنەی بریدوود لەسەر تیوری چایلد ئەوەبوو کە چایلد بۆ گۆڕانی ئاو و هەواو رووکردنە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەهۆی ئەو گۆڕانەوە رۆڵێکی سەرەکی داناوە. لێرەدا پێویستە ئاگامان لەوەبێ کە هەرچەند ڕەخنەی بریدوود لە چایلد ڕەخنەیەکی بەجێ‌یەو ڕێگای خۆشکرد بۆ لێکۆڵینەوەکانی دواتر، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە چایلد زانیاری لانەبوو دەربارەی گۆڕانی ئاوو هەواو بۆچوونی ئەو لەو بارەیەوە (گۆڕانی کەش و هەوای خۆرهەڵاتی نزیك لە سەردەمی دێرین و کۆنی بەرد دا) هەر تەنیا بە خەیاڵ بوو، ئەو زانیارییانە برید وودو تاقمەکەی و لێکۆڵەرەوەکانی دواتر خستیانە سەر زانستی بواری کۆنناسی.

لێکۆڵەرەوەکانی تاقمەکەی بریدوود لەسەر گژوگیاکانی بناری زاگرۆس دەری خست کە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی چایلدەوە گۆڕانی ئاوو هەوای پاش سەردەمی سەهۆڵبەندان کاریگەرییەکی وای نەبووە لە ڕووکردنە سیستمی ئابوری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە خۆرهەڵاتی نزیکدا. ئەنجامی گرنگی نەبوە لە روو کردنە سیستمی ئابوری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە خۆرهەڵاتی نزیکدا. ئەنجامی گرنگی لێکۆڵینەوەی دەستەی بریدوود تیورییەکەی چایلدی بە شتێکی بێ‌بەها داناو تیورییەکی تری لە بری ئەو هێنایە ئاراوە بەناوی

بریدوود ئاشکرای کرد کە لە کۆنەوە تا ئێستا سێ سەردەمی سەهۆڵبەندان رووی داوە کە لە نێوان هەر کام لەوانە ماوەیەکی گەرمای دوورودرێژ بووە. لەبەرئەوە ئەو بارو

دۆخەی کە چایلد دایناوەو کردوویە بەهۆی رووکردنە کشت و کاڵ، تا ئێستا سێ‌جار بەلای کەمەوە لە جیهاندا روویداوە، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە بۆچی ئەم جۆرە گۆڕانە لەسەردەمە گەرمەکانی پێشوودا رووی نەداوە؟ کاتێك کە زانایانی بواری کۆنناسی هەستیان بەوەکرد کە ژیانی نیشتەجێبوون و ماڵیکردنی گیان لەبەران و ناشتن و چاندنی گژوگیا لە بنارەکانی شاخی زاگروسدا دەستی پێکردووە، نەك لە دەشتایی‌یەکانی وەك باشووری نێوان دووروبار، شوشان، میسر، ناچاربوون کە لەسەر بنەمای ئەو بەڵگانەی بەدەستیان هێنابوو، بگەڕێن بەدوای چەند هۆیەکی تردا بۆ گۆڕانکارییەکان جگە لە رۆڵی ئاوو هەوا. کەواتە ئەگەر گۆڕانی کەش و هەوا نەبوەتە هۆی هەڵبژاردن و رووکردنە شێوەی ژیانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، ئەی چ هۆ، یا کۆمەڵە هۆیەکی تر کاریگەریان هەبوە لەم گۆڕانە مێژوویی‌یەدا.

بریدود، رێبازی بابەتەکە بەم شێوەیە باس ئەکا: ئەو شۆڕش و گۆڕانەی لە بواری خۆراك دا هاتە کایەوە، لە ئەنجامی پەرەسەندن و پەل هاویشتنی کولتوورو رووکردنە تایبەتمەندی رۆژ بەرۆژ لە زیاد بووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەوروبەری هەشت هەزار ساڵ پێش عیسا. دانیشتوانی بنارو دەشتایی‌یەکانی (کەوانەی بە پیت) شارەزایی‌یەکی تەواویان پەیدا کرد لە ژینگەی خۆیان و ئەمەش بووە هۆی ماڵیکردنی هەندێ لە گیان لەبەران و بەخێوکردنی هەندێ لە گیاکان، کە تا ئەو کاتە هەر راو ئەکران و کۆئەکرانەوە. بە بۆچوونی بریدوود ئەو شوێنانە چەند شوێنێك بوون کە تیایدا بزن و مەڕو گەنم و جۆ بە شێوەیەکی خۆرسکی دەست کەوتوون. بریدوود لای وایە کە لەم شوێنەوە کولتووری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری گوازراوەتەوە بۆ هەموو ناوچەکانی تری جیهان.

وەك ئەبینین بریدوود لەم ریزکردنەدا، ماڵیکردنی گیان لەبەران و پەروەردەکردنی گیاو دەغڵودان کارێکی ناچاری بووەو لای وایە رووکردنە کشت و کاڵ ئەنجامێکی سروشتی رێبازێکی دوورو درێژی گۆڕان بووە لە مێژوودا. بۆ چوونێکی لەم جۆرە بە هیچ شێوەیەك رەوتی کاریگەری مێژووسازی کۆتایی سەردەمی پلایستوسین روون ناکاتەوەو لای وایە ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا هاتووە وەك ئامانجێکی پێش وەخت دیاریکراوەو بە ئاماژەش ئەوە دەگەیەنێت کە فاکتەری سەرەکی ئەو گۆڕانکارییانە خودی مرۆڤ خۆیەتی. ئەم بۆچوونەی بریدوودیش هەمان رەخنەی لێ ئەگیرێت کە بریدوود خۆی ئاراستەی بۆچوونەکەی چایلدی کردبوو، کە بۆچی لە سەردەمە گەرمە دوورودرێژەکانی پێشتردا، کە بارودۆخەکە یەکسان بوون مەڕو ماڵات ماڵینە کران و گژو گیا نەچێنران؟

بریدوود لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: هێشتا کولتووری مرۆڤایەتی نەگەیشتبوە ئەو پلەو رادەیە کە جۆرە دەسکەوتێکی وا فەراهەم بێنێت.

جۆرە بۆچرنێکی وا بنیات نراوە لە سەر چارەنوس و چەند وتەیەکی لەو بابەتەو بە گشتی لە زانستی فەلسەفەدا پێی دەگوترێ (orthosenesis) یاخود ئەو بۆچونانەی کە گۆڕانکاری پەیوەندیدار بە مرۆڤ و

بـایلۆژی بـە بابـەتێك دادەنێـن کـە وەك ئامانجێکی دیاریکراو مرۆڤ دەستی هەبێ لە دروستکردنیدا. زانست بە تایبەت زانستی بایلۆژی ئاشکرای کردووە کە ئەو تیۆرییانەی لەم جۆرە بۆچوونانەوە جیادەبێتەوە، پایەیەکی زانستییان نییەو توانای ڕوونکردنەوەی هۆی پەیدابوونی دیاردەکانی جیهانیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆچوونەکانی چایلد ئەتوانرا بە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان تاقی بکرێنەوە، بەلام بۆچوونەکانی بریدوود ئەو تایبەتمەندییەشیان نیەو زیاتر لە بابەتێکی تیوری ئەچن تا بابەتێکی زانستی.

یەکێك لە ڕەخنە گرنگەکانی تر کە ئاراستەی بۆچوونەکانی چایلدو بریدوود ئەکرێ ئەو بۆچوونە بێ پایەی ئەوان بوو دەربارەی شێوەی ژیانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان لە گوندە کشتوکاڵییەکاندا. چایلد لای وایە کە هۆی سەرەکی بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگاکانی مرۆڤ بتوانێ بە خێرایییەکی لە باوەڕ نەهاتوو، لە ماوەی کەمتر لە دەهەزار ساڵدا بگاتە ئەو هەموو دەسکەوتە زۆر گرنگانەی وەك پێکهێنانی دەوڵەت. فەراهەم کردنی نیشتەجێبونی ناو شارەکان، پەرەپێدان بە شارستانییەت، پەی بردن بە نوسین، دۆزینەوەو سوود وەرگرتن لە کانزاکان و لە دواییشدا چوونە سەر مانگ، هەموو ئەمانە بەهۆی وازهێنان لە ژیانی کۆچەری و نیشتەجێ بوون لە یەك شوێندا بووە هەروەها چایلد دەڵێ:- مرۆڤ کاتێك پەرژایە سەر گەشەپێکردنی کولتوری خۆی، کە توانی خۆی لە کوت و بەندی هەوڵدانی بەردەوام لە پێناو دابینکردنی خۆراك خۆی ڕزگار بکات. بریدوودیش دەڵێ:- ژیان لە گوندە کشتوکاڵییەکاندا هاوکات بووە لەگەڵ پەیدابوونی تەکنۆلۆژیای تازەدا، دانیشتوانی ئەو گوندانە کاتێکی تەواویان دەست کەوت بۆ ئەنجامدانی چالاکی کولتوری، کە پێشتر ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك ڕێگربوو لە بەردەمیا.

فاکتەرێکی تر کە دایان ناوە بەهۆیەك بۆ دەربازبوون لە شێوەی ژیانی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك و ڕووکردنە ژیانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، زۆربوونی دانیشتوانی کۆمەڵگا بووە، ئەم زۆربوونەش وای لێکردوون هەوڵ و تەقەلای زیادکردنی سەرچاوەی خۆراك بدەن. هەرچەند لە خوارەوە بە بابەتێکی تیووری ئەم جۆرە ئایدیاو بۆچوونە ڕەتکراوەتەوە، بەلام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لێکۆڵینەوەی مرۆڤ ناسی لە نێو خێڵە ڕاوچی و خۆراك کۆکەرەوەکاندا (وەك دانیشتووە کۆنەکانی ئوسترالیاو بۆشمەنەکانی کالاهاری لە ئەفریقا) دەری خستووە، کە لەگەڵ ئەوەدا ئەم جۆرە دانیشتوانەی ئەو شوێنانە توانای دابینکردن و بەرهەم هێنانی خۆراکیان زیاترە لە پێویستی ڕۆژانەیان و چەند کەسێکی زیاتریش لە خۆیان، دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگایانە بە دەگمەن زیاتر ئەبوون لە ڕادەی توانای دابین کردنی خۆراکی ژینگەکەیان. کۆنترۆڵ کردنی ژمارەی دانیشتوان بەهۆی کارێکی کولتوورییەوە بووە، ئەو کاریگەرییە کولتوورییەو ڕووکردنە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێو دەسکەوت و خەرجکردندا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا تەنانەت لە کۆمەڵگا شارنشین و شارستانیەکاندا بە چەند شێوەی جۆراو جۆر

(وەك رێگرتن لە سك پڕبوون و منداڵ لە باربردن) بەرچاو دەكەوێ.

## - بۆچوونی هاوسەنگی -

ئەگەر گۆڕانی ئاوو هەوا، زۆربوونی دانیشتوان، ڕادەی پێشكەوتنی كولتوری و ئارەزووی زیادكردن و بەرهەم هێنانی سەرچاوەی خۆراك، فاكتەری سەرەكی نەبوون لە ڕووكردنە ژیانی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری لە كۆمەڵگاكانی پێش مێژوودا، ئەی چ فاكتەرێك، چ ڕەوتێك بووەتە هۆی ئەو گۆڕانكارییانە لە خۆرهەڵاتی نزیكدا؟ ئەگەر نەتوانین بەهۆی هیچ كام لەو بۆچوونانەی سەرەوە، ئەمە روون بكەینەوە كەهۆی چییە مرۆڤ ژیانی كشتوكاڵ و ئاودێری كردە ستراتیژێكی ژیان لە خۆرهەڵاتی نزیكدا ئەی چ بۆچوون و تیۆرییەك ئەتوانێ جێی ئەوانە بگرێتەوە؟

لە دەساڵەكانی ۹۶۰-۱۹۷۰دا بۆچوونەكانی بریدوودیش نەیتوانی خۆی رابگرێ بەرامبەر ئەو بەڵگە تازانەی كۆنناسی ئەو ڕێبازی لێكدانەوەو شیكردنە تازانەی بواری كۆنناسی كە زانا (بینفۆرد)ی مامۆستای زانكۆی شیكاگۆ هێنایە ئاراوە. بینفۆرد لە نووسینێكدا لە ژێر ناونیشانی (خۆ گونجاندنی دوای سەردەمی پلایستوسین) لەسەر بنەماو پایەی چەند بەڵگەنامەی كۆنناسی و مرۆڤناسی، بابەتێكی تازەی خستە روو لەگەڵ بۆچوون و لێكدانەوەكەی (فلانری) كە لە خوارەوە باسی دەكرێ، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە نرخ و بەهاو برەودارترین بۆچونێكە دەربارەی هۆی ڕووكردنی مرۆڤ بۆ ژیانی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری.

بە گوێرەی بۆچوونەكەی بینفۆرد كۆمەڵگای ڕاوچی پێش مێژوو، پاش ئەوەی كە بە تەواوی گونجان لەگەڵ ژینگەی خۆیاندا گەیشتنە بارودۆخێكی تا رادەیەك ئارام لە لایەنی دانیشتوانی ئەو كۆمەڵگایانەوە. لەسەر بنەمای ئەم بۆچوونەی (بینفۆرد) ژمارەی دانیشتوانی ئەم كۆمەڵگایانە لە پلەیەكدا ڕاگیران كە تێپەڕاندنی ئەو پلەیە دەبوە هۆی تێكچوونی باری كۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی تیایدا نیشتەجێ بوون، بینفۆرد دەڵێ ئەم سیستمی خۆگونجاندنە كاتێك تێكچوو كە لە هاوسەنگی دانیشتوانی ئەو كۆمەڵگایانەو توانای دابینكردنی خۆراك لە ژینگەكەدا لاسەنگی پەیدا بووە. بە گوێرەی بۆچوونی بینفۆرد ئەگەری دووجۆرە گۆڕان لە بەردەمدا بوو.

۱- گۆڕانی ژینگەو ئاوو هەوا دەیتوانی ببێتە هۆی كەم بوونەوەی كەلەكەبوونی ئەو برە خۆراكەی كە ئەو كۆمەڵگایانە سوودیان لێ وەردەگرت.

۲- گۆڕانی دانیشتوان دەیتوانی ببێتە هۆی ئەوەی ڕادەیان زیاتر بكا لە ڕادەی توانای هەوڵدان بۆ كۆكردنەوەی خۆراك لەو ژینگەیەدا.

هەرچەند لە خۆرهەڵاتی نزیكدا ئەم دوو ئەگەرە ڕوویانداوە، بەڵام لە لایەنی تیۆرییەوە تەنیا ئەگەری دووهەمیانە كە لە باسكردن و لێكۆڵینەوەكانی بواری كونناسیدا گرنگی هەیە. بینفۆرد لای وایە كە تا ئەو كاتەی پێویست بوو مرۆڤ لە هەوڵێكی بەردەوامدا بێ بۆ دابینكردنی خۆراك، بەڵگەی پێویست بۆ تێگەیشتن و لێكدانەوەی سەرهەڵدانی ژیانی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری، بە ئاسانی لەو

ناوچانەدا منە ئەکرا کە سەرچاوەیەکی فراوانی خۆراکی تیابوو (وەك بناری شاخەکانی زاگرۆس)

ئێستا کە وامان دانا کۆمەڵگاکانی سەردەمانی کۆن کولتورو یاسایەکی تایبەتی ناوخۆییان هەبوە بۆ بەرگرتن و رێگری لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لەو ئاستەی کە سەرچاوەکانی خۆراك بەشیان بکا، دەبێ بەدوای ئەو هۆیانەدا بگەڕێین کە بە مەزەنە بوونەتە هۆی تێکدانی هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەداو ئەبێ ئەو هۆیانە بەدەربن لە هۆی کولتوری ئەو کۆمەڵگایانەدا. هەر ئەمەشە کە پاڵی ناوە بە (بینفۆرد)ەوە کە بۆچوونێکی نوێ بخاتە بەردەست کە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی دانیشتوانی ناوچەیەك ئەگەڕێنێتەوە بۆ هێرشکردن و سنوور بەزاندنی کۆمەڵێك بۆ سەر شوێن و قەڵەمڕەوی کۆمەڵێکی تر، لەم حاڵەتەدا هاوسەنگی ناوخۆیی هەر سیستمێکی کۆمەڵگا تێك ئەچێ و ئەمەش دەبێتە هۆی زۆربوونی دانیشتوان بە ڕادەیەکی زیاتر لە توانای سەرچاوە خۆراکییەکانی ناوچەکەو لەم بارودۆخەدایە کە دەبێ جۆرە گۆڕانێك پەیدا ببێ لە ژینگەداو بە هەوڵ و کۆششێکی لە ڕادە بەدەر بەرهەم و بەروبوومی زیاتر بکرێ و بە پیت تر بکرێ.

نموونەیەك کە (بینفۆرد) هێناویەتەوە بۆ لێکدانەوەی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە سەرەکییانە لە خۆرهەڵاتی نزیکدا زیاتر پەیوەندی هەیە بەلایەنی کۆمەڵناسییەوە، ئەو دەڵێ: کۆمەڵگا دووجۆرە سیستمی کۆمەڵایەتییان هەبوە لەباری دانیشتوانەوە، کۆمەڵگای کراوە، کۆمەڵگای داخراو. ئەو کۆمەڵگایانەی کە پەیرەوی سیستمی کۆمەڵگای داخراویان کردوە، ئەوانەن کە خاوەنی کولتورو فاکتەرێك بوون بۆ ڕێکخستنی کاروباریان، بۆ ڕێگا گرتن لە زۆربوونی دانیشتوان بە جۆرێك کە لە سنووری توانای سەرچاوە خۆراکییە یان تێپەڕ ببێت، وەك لەباربردنی کۆرپە، دوورە پەرێزی لە کرداری سێکسی، کوشتنی منداڵی تازە پەیدابوو. (ئەم حاڵەتی منداڵ کوشتنە لە زۆر کۆمەڵگای کۆندا پەیرەوی کراوە) بیروسل، زانای بواری مرۆڤناسی ئەمریکی لەم بارەیەوە دەڵێ: کولتووری ڕاگرتنی ڕادەی ژمارەی دانیشتوان لەناو کۆمەڵە کۆچەرییەکاندا بە تایبەتی ڕاوچییەکان گەلێك بەوردی پەیرەوکراوە، لێکۆڵینەوەیەك لەسەر دانیشتوانی کۆنی خاکی ئوسترالیا دەری خستووە کە گەورەترین هۆ بۆ زۆرنەبوونی دانیشتوان ئەوە بووە کە دایك نەیتوانیوە زیاتر لە یەك منداڵ بە خێو بکا، هەروەها شێوەی ژیانی نیشتەجێکانی ئەو وڵاتە لە سەردەمانی کۆندا ڕێگای نەداوە بەوەی کە دایك بتوانێ شیر بدا بەیەك منداڵ زیاتر و بەم هۆیەوە ماوەی نێوان پەیدابوونی دوومنداڵ لای کەمی سێ ساڵ بووە، بەڵام لەبەرئەوەی کە شیردانی دایك بە منداڵ ڕێگرێکی مسۆگەر نیە لە سك پڕبوون، ئەگەر دایکێك لەو ماوەیەدا سکی پڕ بووبێ و منداڵێکی تری بووبێ، ئەوا لە ناویان بردووە، یا لە ماوەیەکی کورتدا دوای پەیدابوون منداڵەکە خۆی ئەمرد، چونکە ئەو دایکە توانای ئەوەی نەبوو شیربدا بە هەردووکیان.

سیستمی کۆمەڵانی کراوەش دوو جۆر بوون، یەکەم ئەو کۆمەڵگایانەی کە کراوە بوون بۆ هاتنی خەڵك لە شوێننانی ترەوە،

دووهەم ئەو کۆمەڵگایانەی کە کراوە بوون بۆ دەرچوونی خەڵك بۆ شوێنانی تر. جۆری یەکەمیان ئەو سیستمانە بوون کە زۆری دانیشتوانیان بەوە چارکراوەو رێکخراوە کە هەندێ لەو دانیشتوانە کۆچیان کردووە بۆ ناوچە گەلێکی تر بۆ مسۆگەر کردنی بژێوی خۆیان، ئەم جۆرە سیستمانە لەو شوێنانەدا دەبن کە بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوان و فراوانی و زۆری سەرچاوەی خۆراکی سروشتی، کۆنترۆڵ کردنی ژمارەی دانیشتوان هیچ رۆڵێکی نیە لە رێکخستنی کۆمەڵگاکەدا. لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەکانی (بیردسێل) بینفۆرد نموونەیەکی خستووەتە روو، تیایدا دەڵێ کە ئەو کۆچکردنەی هەندێ لە دانیشتوان لە زێدی (موطن) باو باپیرانیانەوە بۆ ناوچەیەکی تر پێشتر بووە لەوەی کە ناوچەکەیان لەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوان پڕ بووبێتەوەو بەو هۆیەوە ناچار بووبن کۆچ بکەن.

جۆری دووهەم، ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەیە کە ژمارەی دانیشتوانیان کەمترە لە توانای سەرچاوە خۆراکییەکانی ژینگەکەیان و ئەتوانن کەسانێکی تر لە کۆمەڵگاکانی ترەوە راکێشن، لەو ناوچانەدا کە کۆمەڵگای لەم جۆرەی تێدایە، کۆچکردن بووی هەر بەردەوامە تا ناوچەکە پڕ ئەبێتەوە، بەڵام سەرچاوەی سروشتی خۆراك لەم جۆرە ناوچانەدا بە گوێرەی توانا و ئەو ئامێری بەرهەم هێنانەی لەبەردەستی کەسانی ناو ئەو کۆمەڵگەیەدا سنووردار بووەو لەبەرئەوە ئەو کۆمەڵگایانە دوای زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانیان هەستیان بە جۆرە گوشارێك کردووە بۆ سەرچاوە سروشتییەکانی خۆراك، لە حاڵەتێکی واشدا ئەو کۆمەڵگایانە رووبەرووی دوو حاڵەت دەبنەوە:

١- ئەگەر سەرچاوەی ژینگەی دەوروبەر توانای ئەو زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانیان نەبێ، ئەوا سیستمی پەیرەو کراو دەگۆڕدرێ و دەبێ بە سیستمی کۆمەڵگای داخراو و هۆی کولتوری دەبنە ئامرازی کۆنترۆڵ کردنی کاریگەر بۆ دانیشتوان.

٢- ئەگەر ئەو سەرچاوە سروشتییانە توانای فراوانکردنیان تێدابوو، ئەو کۆمەڵانەی لەو ناوچانەدا نیشتەجێی بوون، بە مەبەستی بەرهەم هێنان و بەهرەوەرگرتنی زیاتر لە سەرچاوە سروشتییەکان، ناچارن رێ و شوێنی تازە بگرنە بەر.

حاڵەتی دووهەم لە بناری شاخەکانی زاگرۆس دا هاتە ئاراوە پاش زۆربوونی دانیشتوان لەو ناوچانەدا لەسەردەمی کۆتایی و دوایینی پلایستۆسین دا. بەڵگەش بۆ ئەم خۆگونجاندنە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەرداو پەنابردنە بەر رێ و شوێنی تازە بۆ بەدەست هێنانی وزەی زیاتر لە سەرچاوە سروشتییەکانەوە بوونی ئاژەڵی ماڵی وەك بزن و مەڕ و بەرازو دانەوێڵەی وەك گەنم و جۆو لەو شوێنانەدا، کە ماوەی چەندەها هەزار ساڵ پێشتر بە سەرچاوەیەکی خۆراکیی دانراون بۆ دانیشتوانی ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیك، بەڵام ئەم خۆگونجاندنە تازەیە، بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (بریدوود) لە جەرگەی ناوچەیەکدا رووی نەداوە کە ئەو گیان لەبەرو دانەوێڵانە نە بە شێوەیەکی ئاسایی هەبووبن لەو شوێنەدا، چونکە وەك لە سەرەوە

ئامارژەمان پێکرد، ئەگەر دانیشتوانی ئەم ناوچەیە (خۆرهەلاتی نزیك) بیان توانیایێ لەم سەرچاوانە بە ئاسانی و بەبێ ئەرکی پەنابردنە بەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، سوود وەرگرن، پەنایان نەئەبردە بەر ماڵی کردنی ئاژەڵ و چاندنی دانەوێڵە. بەخێوکردنی مەڕومالات و چاندنی دانەوێڵە لەلایەن کۆمەڵە کەسانێکەوە هاتە ئاراوە کە لە جەرگەی ئەم ناوچانەوە روویان کردە چەند ناوچەیەکی تری وەك ناوچەی سنجار لە باکووری عێراق و ناوچەی دیهلەران لە باشووری خۆراوای ئێران و باکووری خۆرهەلاتی سوریا کە لەم شوێنانەدا ئەم سەرچاوە سروشتییانە نەبوون و لەبەرئەوەی کە ئەو کۆچکردوانە شارەزاییيان هەبوو لە سوود وەرگرتن لەو سەرچاوە خۆراکییانە لە ناوچە پێشووەکانی خۆیاندا، بزن و مەڕ و گەنم و جۆو نیسکیان برد بۆ ئەو ناوچەیەی کە تازە نیشتەجێ بوون تێیداو، بەمەش ژینگەیەکی تازەیان دروست کرد کە لەوەی پێشوویان بچێت بۆ دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانیان. بەم پێیەو بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی (بریدوود)ەوە ماڵی کردنی گیانلەبەران و چاندنی دانەوێڵە لەو شوێنانەوە دەستی پێنەکردووە کە ئاسایی ئەم شتانەی تێدا دەسکەوتووە، بەڵکو لەو شوێنە نیشتەجێبوونی دووهەمدا بووە کە پێویستی زۆر هەبوە بە زۆرکردنی خۆراك بۆ گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایانەی کۆچیان بۆ کراوە.

لەم جۆرە شوێنانەدا ماڵیکردنی ئاژەڵ و چاندنی گژوگیا، بە واتایەکی تر هێنانەدی سیستمێکی ئابووری بۆ ژیان کە پێکهاتبوو لە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، پێویستی بە شێوەی ژیانی یەك شوێنی بوو، نیشتەجێبوونیش لەیەك شوێندا گیروگرفتی سکپڕبوون و پاراستن و بەخێوکردنی زیاتر لەیەك منداڵی لە ماوەیەکی کورتدا لەناوبردو ئیتر وازهێنرا لەو کلتوورو هۆیانەی کە رێگر بوون لە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان، هەرئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دوای پێکهێنانی گوندە سەرەتاییە کشتوکاڵییەکان دانیشتوانی ناوچەی خۆرهەلاتی نزیك و (هەموو جیهان) بە خێرایی زۆربوون و لە ماوەیەکی کەمتر لە دووهەزار ساڵ (٦٠٠٠ ساڵ پێش عیسا) ئەم جۆرە دێهاتانە لە هەموو ئەو شوێنانەدا کە بە کەڵکی کشتوکاڵ ئەهاتن لە خۆرهەلاتی نزیکدا دروست کران و بلاوبوونەوە.

(بینفۆرد) ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە هەرچەند نیشتەجێبوون لەیەك شوێندا هاوشانە لەگەڵ ژیانی کشتوکاڵیدا، بەلام لە هەندێ شوێنی تایبەتدا رێ ئەکەوێ کە نیشتەجێبوون لەیەك شوێندا ژیانی کشتوکاڵی لەگەڵدا بووبێ. نیشتە جێبوون لە یەك شوێندا لە سەرەتادا پێش ئەوەی لە ناوچە کشتوکاڵییەکاندا پەیدا بووبێ لەو شوێنانەدا پەیدا بووە کە جۆرەها سەرچاوەی خۆراکی تیابووە، بە تایبەت ئەو گیانلەبەرانەی کە لە ئاودا ژیان یا لە ئاوو وشکاییدا، وەك ماسی، کیسەڵی ئاوی گیان لەبەری ناو هێلکە شەیتانۆکەو پەلەوەرو باڵندە کۆچەرییەکان. پاشماوەی ئەم گیانلەبەرو پەلەوەرو باڵندانە لە زۆربەی شوێنە دێرینەکانی کۆتایی سەردەمی پلایستۆسین کە بەگشتی لەکەنار دەریاچە، رووبار، زۆنگاوەکاندا بوون، بەدەست کەوتوون، لەبەرئەوەی کە هەموو شوێنێکی

ئەم کەناری دەریاچەو رووبارانە بەکەڵکی راوکردنی ئەم جۆرە سەرچاوە خۆراکییانە نەهاتوون، دانیشتوان ناچار بوون کە لە گونجاوترین شوێندا بە یەکجارەکی نیشتەجێ ببن، جۆرە سیستمێکی لەم شێوەیە لە ئەوروپاو کیشوەری ئەمریکاشدا لە کۆتایی سەردەمی کۆنی بەردینی سەروو و هەموو سەردەمی بەردینی ناوەراست بەرچاو کەوتوون.

بینفۆرد باوەڕی وابوو کە لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا بۆچوونەکانی ئەو پشتگیرییان لێدەکرێ، کاتێك کە بەڵگە بەدەست بهێنرێ لەسەر ماڵیکردنی گیانلەبەران و چاندنی گەنم و جۆو گیاکان لەو شوێنانەدا کە ماسیگرەکان نیشتەجێ بوون تێیدا. بەڵگەی لەو جۆرەش ئەمڕۆ لەبەردەستماندایە. ژینگەکانی سەردەمی (ناتوفیان) لە کەنارەکانی خۆرهەڵاتی دەریای سپی ناوەراست و ئوردوندا لە نموونە بەرچاوەکانن. لەم ژینگانەدا چەند بەڵگەیەك کەوتوونەتە دەست ئەوە دەرئەخەن کە دانیشتوانی ئەو ناوچانە پشتیان بەستووە بە ماسیگرتن و ڕاوی باڵندە کۆچەرییەکانەوە، هەروەها پاشماوەی بیناسازی ئەو ژینگانە بەڵگەن لەسەر ژیانی نیشتەجێبوون لەیەك شوێندا.

بینفۆرد دەڵێ دەوروبەری ئەو ژینگانە ناوچە گەلێك بوون کە دانیشتوانی زیادی ئەو کۆمەڵگایانەی راکێشا بۆ لای خۆی و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هاوسەنگی دانیشتوان و سەرچاوە خۆراکییەکان جۆرە ئاڵۆزییەك بە خۆوە ببینێ و ناچاریان بکا بگەڕێن بەدوای شێوە ژیانێکی گونجاو تردا. لێرەدا دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی ژینگەکانی ماسیگری و خۆراك کۆکردنەوە لەوەوە نەهاتبوو کە خودی ئەو دانیشتوانە ژمارەیان زیادی کردبوو، چونکە وەك لەسەرەوە باسمان کرد ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە خۆیان کولتورێکی وایان هەبوو کە ڕێگر بێ لەو زیادبوونە، بەڵکو ئەو زۆربوونە لە ئەنجامی کۆچکردنی کەسانی ترەوە بوو بۆ ئەو ژینگانە. ئەم بارو دۆخەش بووە هۆی ئەوەی کە دانیشتوانی ناوچەکە هەوڵ بدەن بۆ دۆزینەوەی رێو شوێنێکی تر بۆ بەدەست هێنانی خۆراك و زیادکردنی.

## * بۆچوونی کنت فلانری

بۆچوونەکانی بینفۆرد بەشێوەیەکی خێرا بووە جێی رەزامەندی بەشی زۆری زانایانی بواری کۆنناسی. ئەو بەڵگانەش کە لەو بوارەدا بەدەست ئەهێنران بۆ پشتگیری بۆچوونەکانی رۆژ بەرۆژ لەزیاد بووندابوون. بەڵام (کنت فلانری)، مامۆستا لە زانکۆی مێشیگان و ئەندامی دەرکەوتوو و دیاری تاقمەکەی (بریدوود)و (فرانك هول) لەسەر بنەمای چەند بەڵگەیەکی تازە، بۆچوونێکی تریان خستە روو کە هەرچەند بە گشتی وەك بۆچوونەکانی بینفۆرد وان، بەڵام چەند تایبەتمەندییێکیان تێدایە کە زیاتر یارمەتی ئەدەن بۆ تێگەیشتن لەو دیاردە چارەنوس سازە.

نمونەیەك کە فلانری ئەیخاتە روو زۆر لە نموونەکەی،بینفۆرد دەچێ و لەسەر بنەمای زۆربوون و پاڵەپەستۆی دانیشتوان و ئاڵۆزی و تێکچونی توانای ژینگەکەیە لە دابینکردنی خۆراك دا بۆ ئەو کۆمەڵگایانە، دیارە کە ئەم بۆچوونەی فلانری پشتی بەستووە بە

لێکۆڵینەوەی بواری مرۆڤناسی لە کۆمەڵگا راوچییەکانی ئەمڕۆدا.

فلانری لەگەڵ ئەوەدا کە بۆچوونەکانی (بیردسل) و (بینفۆرد)ی بەکارهێناوە بۆ روونکردنەوەی رووکردنە سیستەمی کشتوکاڵی، کۆمەڵە فاکتەرێکی تری لەبەرچاو گرتووە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکرێ.

لە ناوەراستی سەردەمی سەرووردا لە خۆرهەڵاتی نزیك گۆڕانێکی گرنگ هاتە ئاراوە لە شێوەی ژیانی مرۆڤدا، کە زەمینەی خۆش کرد بۆ ماڵیکردنی ئاژەڵ و چاندنی دانەوێڵە، ئەم گۆڕانە کە (فلانری) ناوی ناوە (خەیاڵی بەربڵاوی ئابووری) جووڵان بەرەو سوود وەرگرتنێکی فراوان لەسەرچاوە خۆراکییەکانی سروشت بووە کە تا پاش رووکردنە شێوەی ژیانی کشتوکاڵی و ئابووری چەند هەزار ساڵێك هەربەردەوام بووە. ئەو بەڵگە کۆنناسییانەی کە فلانری خستوویەتە روو دەری ئەخا کە ئەو سیستەمە ژیانەی کە لە تێکەڵبوونی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هاتبووە ئاراوە هاوشان بووە لەگەڵ بەرەو پێش چوون و چاکبوونی باری خۆراکی کۆمەڵگا کشتوکاڵییە سەرەتاییەکان لە بنەرەتدا هۆیەك بووە کە ئەو کۆمەڵگایانە بۆ لەناوبردنی ئەو مەترسییانەی لە رێرەوی کشتوکاڵی (دیم)ەوە تووشیان ئەبوو، هێنایانە ئاراوە.

بە لەبەرچاوگرتنی سروشت و کەش و هەوای ناهەمواری باشووری خۆراوای ئاسیا، سەردەمی (کشتوکاڵی دیمەکار) سەردەمێك بوو هاوکات بوو لەگەڵ زۆری خۆراکدا کە نامسۆگەر بوو و بەوهۆیەوە پشتی پێوە نەدەبەسترا، لەم رووەوە ئەو شێوە ژیانە کشتوکاڵیە هیچ لە گرنگی راوو کۆکردنەوەی خۆراکی کەم نەکردەوە، بەڵکو تێکەڵبوو لەگەڵیدا. لە راستیدا بەردەوامی راوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك دوای ئەوەی کە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری هاتە ئاراوە پاڵپشتێك بوو بۆ لەناوبردنی ئەگەری کەمبوون و نەبوونی سەرچاوەی خۆراك کە مەترسییەکی بەردەوام بوو لە ژیانی کشتوکاڵی دیم و ئاژەڵداریدا.

فلانری دەڵێ: دڵنیا نەبوون لەبڕی بەرهەم کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەبوو لەگەڵ باران بارینددا بە دۆزینەوەی (ئاودێری) لەناوچوو و تەنیا لەپاش ئەوەوەیە کە بەڵگە کۆنناسییەکان لەسەر ژیانی راوو کۆکردنەوەی خۆراك لە ژینگەکاندا زۆر کەم دەبنەوە. ئەم بۆچوونەی فلانری بەتەواوی پشتگیری کراوە بەهۆی ئەو بەڵگە کۆنناسییانەوە کە کەوتوونەتە بەردەست. بۆ نموونە پاش سەردەمی (شۆشانی کۆنی ژمارە سێ) و لەگەڵ سەرەتای سەردەمی (شوشانی کۆن)دا، ئەو سەردەمانەی کە شێوازی ئاودێری هاتە ئاراوە، ئەبینین کە بە پێچەوانەی سەردەمە پێشووەکانەوە پاشماوەی گیان لەبەرو گیای کێوی و خۆرسك بەتەواوی کەم دەبنەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە راوکردن و کۆکردنەوەی خۆراك ئەو گرنگییەی جارانی نەماوە لە ئابووری کشتوکاڵی ئاودراودا.

بەم شێوەیە فلانری باسەکەی خۆی بەو گۆڕانە سەرەتاییانەی سەردەمی بەردینی کۆنی سەروو (دەوروبەری ٢٠٠٠٠ساڵ پێش ئەمڕۆ) کە روویاندا دەست پێدەکات. ئەو لای وایە کە ئەم گۆڕانانە بوونە هۆی بەربڵاوی و

هەمە لایەنەیی ژیان کە سوود وەرگرتن بوو لە گیان لەبەرانی ئاوی و، ئاوو وشکانی، پەلەوەرو باڵندەو دانەوێڵە، لەبری ئاژەڵی گەورە کە لە سەردەمی دوایین ی دەورەی سەهۆڵبەندان، لەناوچوون یا زۆر بە کەمی مانەوە...

فلانری بە پشت بەستن بەو لێکۆڵینەوانەی لە خۆرهەلاتی نزیکدا ئەنجامدراوە لە بواری زەوی و گژوگیاناسیدا دەڵێ: لەم سەردەمەدا بنارەکانی شاخەکانی زاگرۆس دارو درەختیان تیا نەبووە بە ڕادەیەکی زۆر کەم نەبێ و لە ٩٠٪ی ئەو ئاژەڵانەی ڕاوکراون لەو جۆرە ئاژەڵانە بوون کە سمیان هەبوە، بەڵگەی بواری کۆنناسی کە لەم ناوچەیەدا کەوتوونەتە دەست ئەوەیان دەرخستووە کە یەکەی سەرەکی ژیانی مرۆڤ لە چەند مەڵبەندو بنکەیەکی کەمپ ئاسادا بوون کە چەند خێزانێك نیشتەجێ بوون تێیداو ئەم یەکەو گرووپانە لەهەر وەرزێکدا لە شوێنێکەوە کۆچیان کردووە بۆ شوێنێکی تر، دەستەوتاقمی ڕاوچی بۆ ڕاو کردن و داو نانەوە هەر ماوەیەك لەم یەکەی نیشتەجێ بوونە یانەوە ئەیان گواستەوە بۆ چەند شوێنێکی کاتی تر کە باری جوگرافی‌یەکەی گونجاوتر بووبێ. ئەم شێوە ژیان بەسەربردنە تا ناوەراستی سەردەمی (برادۆست) کە کەوتووەتە پێش سەردەمی (زەرزی)یەوە بەردەوام بووە. پاش ئەوە ئیتر بەڵگەی کۆنناسی دەربارەی ڕاوکردنی گیان لەبەرانی بچوکی وەك ماسی، کیسەڵ، قرژانگ، باڵندەو پەلەوەر بەزۆری ئەکەونە بەرچاو. دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر ڕاوکردنی گیان لەبەرو ئاژەڵی گەورەو سمدار ڕاوەستاوە، چونکە ڕاوکردنی ماسی و گیان لەبەرانی ناو ئاوو، ئاوو وشکانی، باڵندە، خرایە سەر سەرچاوە خۆراکییەکانی پێشوو، نەك جێگایان بگرێتەوە.

سوود وەرگرتنی بەربلاوی لەم جۆرە لەسەرچاوە خۆراکییەکانی ژینگەی دەوروبەر تا نزیکەی ٦٠٠٠ساڵ پێش عیسا هەر بەردەوام بوو، تەنیا دۆزینەوەی ئاودێری کشتوکاڵ کەبووە هۆی نەهێشتنی ترس لەوشکە ساڵەکاندا، لە گرنگی ئەو شێوە ژیانەی پێشوی کەم کردەوە.

## ئەنجام

بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی چایلدو بریدوودەوە ئەو گۆڕین و جوانکاری‌یە سەرەکییانەی کە هاتووەتە ئاراوە لە بواری ئامێری بەرهەمهێنان و بیناسازیدا، لەگەڵ شێوە ژیانی کشتوکاڵیدا دەستی پێنەکردووە، بەڵکو سەرەتاکەی هاوکات بووە لەگەڵ ئەو گۆڕانە فراوان و بەربلاوەی کە لە شێوازی خودی ژیاندا پەیدابووە کە ڕێگای خۆش کرد بۆ ماڵی کردنی ئاژەڵ و چاندن و پەروەردەکردنی گیاو دەستدانە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. کۆکردنەوەی دانەوێڵەی کێوی و گیان لەبەرە بچوکە ئاوی و ئاوی و وشکایی بەڕێژەیەکی زۆر پێویستی بە دروستکردنی عەماربوو کە ئەمیش پێویستی شێوە ژیانێکی نیوە کۆچەری بوو.

دیارترین ئەو شوێنانەی کە تیایاندا بەڵگە هەیە لەسەر بوونی جۆرە ژیانێکی ئابووری لەم شێوەیەو خانووبەرەی پێویست بۆی، شوێنەواری (موری بیت) ە لە سوریاو شوێنە دێرین و کۆنەکانی سەردەمی (ناتوفیان) و کەنارەکانی خۆرهەلاتی دەریای سپی

ئاوەڕاستە. شوێنەواری (موری بیت) کە ژینگەیەك بووە، ژیان تیایدا لەسەر بنەمای ئابووری ڕاوو کۆکردنەوەی خۆراك بووە، لەگەڵ ئەوەدا کە پیشەسازی کووپەو گۆزەگەری تیا نەبوە، بەڵام خانووی قوڕ، بەرداش و، چاڵی جۆراوجۆر بۆ برژاندنی دانەوێڵەی تیا بووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە بەبێ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری ئەتوانرێ ژیانی لەیەك شوێن نیشتەجێ بوون پەیرەو بکرێ بەو مەرجەی ئەو ژینگەیە سەرچاوەیەکی فراوانی خۆراکی تیا بووبێ، لەم ڕووەوە نیشتەجێبوون لەیەك شوێندا بەهیچ جۆرێك شتێکی تایبەت نیە بە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکانەوە، هەر چەندە ژیانی کشتوکاڵی پێویستی بە نیشتەجێبوون هەیە لەیەك شوێندا.

لەبەرئەوە هیچ جێگای سەر سوڕمان نیە کە یەکەمین بەڵگە لەسەر ژیانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری لە چەند ناوچەیەکی وەك (دیهلەران) دۆزراوەتەوە کە لەو شوێنانەدا ئەو ئاژەڵ و گیایانەی کە دواتر ماڵیکراون بە شێوەیەکی سروشتی دەست نەکەوتوون تیایاندا.

یەکێك لەو بەڵگانەی کەوتوونەدەست لەسەر سوود وەرگرتنێکی فراوان و بەربڵاو لەسەرچاوە خۆراکییەکانی ژینگەی دەوروبەرو پەی بردنی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی نزیك بە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە دانەوێڵەی گیا ئەو گەنم و جۆیە بووە کە لە چەند شوێنێکی کۆنی کۆتایی سەردەمی پلایستۆسین دا کەوتوونەتە بەردەست. سوود وەرگرتن لە ئامێرو کەلوپەلی بەردین بۆ هاڕینی دانەوێڵەو برژاندنی یەکێکە لە پێشکەوتنەکانی ئەو سەردەمە کۆنە. یەکێك لەو شوێنانەی کە ئەم جۆرە ئامێرانەی تێدا دۆزراوەتەوە ئەشکەوتێکە لە ئێراندا، ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم جۆرە ئامێرانە، چەند هەزار ساڵێك پێش پەیدابوونی یەکەمین بەڵگەو نیشانە لەسەر ژیانی کشتوکاڵی و نیشتەجێبوون لە گوندو دێهاتە کشتوکاڵییەکاندا دروست کراون، هەرچەندە ئەم جۆرە ئامێرانە لەسەرەتادا بۆ وردکردنی گڵمتك و خاك بووەو بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراوە، بەڵام زانین و پەی بردن بە (هاڕین) کە گرنگی هەیە بۆ ئەم بابەتەی ئێمە، لەم سەردەمە ڕابووردووەدا خەڵك فێری بووەو ڕێگای خۆشکردووە بۆ وەرگرتنی سوودی جۆراو جۆر لەم جۆرە ئامێرانە. چونکە ئەو کاتەی کە ئەم کۆمەڵگایانە ناچاربوون سوود لە دانەوێڵەی خۆراك وەربگرن تەنیا گرفتیان ئەوەبوو کە لەم ئامێرانە بە شێوەیەکی تر سوود وەربگرن.

یەکێکی تر لەو دەسکەوتە تازانەی کە بووەتە هۆی سوود وەرگرتنی کۆمەڵگا دروستکردنی عەماری دەغڵودان و خۆراك بوو کە کۆمەڵگاکانی سەردەمی کۆنی بەردینیسەروو دروستیان کرد، بۆ نمونە چینەکانی ژێرەوەی سەردەمی (زەرزی) لە ئەشکەوتەکەی شانەدەردا چەندین چاڵی گەورەو بچوکی تێدایە کە (سۆلکی) باوەڕی وایە بۆ هەڵگرتن و عەمارکردنی خۆراك سوودیان لێ وەرگیراوە، بە تێپەڕبوونی چەند زەمان و سەردەمێکی تر ژمارەی ئەم شوێنانە زۆربووەو چەند نموونەیەك لەوانە لە شوێنەوارە کۆنەکانی وەك (زاوی چەمی) و (کەریم شایەر) و (موری بیت) پەیدابوون، هەندێك لەو شوێنە ساکارانە کە بە گڵ

داپۆشراون، وەك چاڵەكانی شوێنەواری (عین ملاحـــە) ی فەلەســـتین، بـــەكارهێنراون بـــۆ هەڵگرتن و عەماركردنی دانەوێڵەو هەندێكیان بـــۆ برژاندنـــی ئـــەو دانەوێڵـــە گیاییانـــە، لـــەو پشكینەدا كـە لـە شـوێنەواری (مـوری بیـت) كـراوە هـەندێك شـوێن و چـاڵی لـەم جۆرانـە دۆزراونەتـەوە. هـەموو ئـەم بەڵگـەو نیشـانانە هاوكـاتن لەگـەڵ ئـەو گۆڕانـەی كـە روویـداوە لەسـوود وەرگرتنێكـی كـەم و سـنووردار لـە سەرچاوەكانی خـۆراك، بـۆ سـوود وەرگرتنـی فـراوان و بـەربڵاو كـە لـە كۆتـایی سـەردەمی (پلایستوسـین)ەوە روویـداوە و تـا نزیكـەی ٦٠٠٠ساڵ پێش عیسا هەر بەردەوام بووە.

لـە لایـەكی تـرەوە سـوود وەرگرتنـی نێرو بەربڵاو لە دەوروبەری ژینگە ئەوەبووە كە ژن و منداڵ لەبەرئـەوەی كـە سـوود وەرگرتـن لـە سـەرچاوەكانی خـۆراك گونجـاو بـووە لەگـەڵ تواناو هێزی شان و باڵی ئەواندا توانیویانە بە ئاسانی دەسبكەن بە كۆكردنەوەی خۆراك.

بەم شێوەیە ژن و منداڵ كە تـا ئـەو كاتـە هاوبەشییان نەدەكرد لە راوكردنی جانەوەرە گەورەكاندا، توانییان لـە سیسـتمی ئـابووری تـازەدا بەئـەركێكی گرنـگ هەسـتن. ئەمـەش یەكەم هـەنگاو بوو لە ڕێگـای دابـەش بوونـی كارو ئەرك لـە كۆمـەڵگاكانی پێش مێـژوودا، كەوا دیارە پێش ڕووكردنە ژیانی كشتوكاڵ و نیشـتەجێبوون بـە شـێوەیەكی بـەردەوام لـە گوندەكاندا رووی دابێ.

وەك ئـەبینرێ ئـەو ڕەوت و ڕێبازانـەی كـە ئەنجامەكـــەیان نیشـــتەجێبوونی گونـــدو دەسـدانە كشتوكاڵ بوو، گـەلێك ئاڵۆزو چـەند هۆیـەكی گرنگـی كۆمەڵایـەتی و ئـابووری و كـەلتوری و ژینگـەیی لە خۆگرتبوو، هیچ كـام لـەم هۆیانـە بەتەنـها نـاتوانێ دەسـدانە ژیـانی ئـابووری كشـتوكاڵی دانیشـتوانی پێـش مێـژووی خۆرهـەڵاتی نزیكمـان بـۆ روون بكاتەوە، بەڵام بە پشت بەستن بە هەموو ئەم هۆیانەوە ئەتوانرێ ئەو هەنگاوانەی كە باپیرە گـەورەكانی ئێمـە هاویشـتوویانە لـە ڕێگـای شارستانیەتدا تا رادەیەك روون ببێتەوە. ئەم جۆرە ناسین و شارەزابوونە لە كۆمـەڵگاكانی پێـش مێـژوو لـە ڕێگـای زانسـتی نوێـی كۆنناسـیەوە كـە چـەند رشـتەیەكی جۆراوجـۆری زانسـتی گرتووەتەبـەر لـە كۆكردنـەوەو لێكدانـەوەی بەڵگـە كۆنناسییەكانەوە ئاسان بوو

پێویستە خاڵێكی سەرەكێشمان لەبەرچاو بێـت، كـە هـەندێ لـە تایبەتمەندییـەكانی زانسـتی كۆنناسـی و تێكـڕا زانسـتەكان لـە لێكۆڵینەوەی بەردەوامدا ئەوەیە كە ئەو تیوری و بۆچونـە باوانـە دەسـكاری بكرێـن یـا بـە تـەواوی هێڵێكـی ڕاسـت و چـەپ بـهێنرێ بەسەریاندا.

لەم رووەوە لێكۆڵینەوەی بەربڵاوو چڕو پڕ لـە ناوچـە سـنوورییەكانی نێـوان بنـاری كێوەكـان و شـیوو دەشـت و گردەكـان لـە ئێراندا، نەك هـەر یارمـەتی و كۆمـەكێكی پڕ بـەها ئەگەیـەنێ بـەو تیـوری و بۆچونانـەی باسـكرا، بـەڵكو دورنیـە كـە ببێتـە هـۆی دەسكاری كردنیان و یا تەنانەت بە تەواویش بیانگۆڕێ.

---

گۆڤاری باستان شناسی و مێژوو

ژمارە ١٨ ساڵی ١٩٩٦

نوسینی د. عەباس عەلیزادە

وەرگێرانی حەسەن عەبدولكەریم

# گردی یاسین تەپە

## ڕاپۆرتێکی تایبەتە بە کاری کنەو پشکنینی وەرزی هاوینی ١٩٩٩

(کەمال نووری مەعروف)




نەخشەی ژمارە (١)

گردی یاسین تەپە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شارەزوور لە دووری دوو کیلۆمەترە لە باشووری ئەو ڕێگایەی کە گوندی قەرەگۆل بەقەزای هەڵەبجەی تازەوە دەبەستێ جگە لەوەیش ڕووباری تانجەرۆ[٢] لە باشووریەوە دەڕوات لە دوری کیلۆمەترێك. (بڕوانە نەخشەی ژمارە / ١).

شێوەی گردەکە هێلکەییەو پێوانەکەی ٦٦٠X٦٠٠ پێیەو چوار دەرگای تێدایە لە هەر چوار لایەوە کە لە بەردی چاك نەکراو و بە گەچ دروست کراون، ئێستا تەنیا ئەوەی خۆرئاوای بە پێوە ماوەتەوە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە / ٢).

بەرزی گردەکە ٢٥ مەترەو بە چەند شوورایەك دەروی دراوە کەلە سەر یەك بە بەرد یان مورد دروسکراون. لە ٣ لاوە گردەکە جگە لە باکووری بە پشتێنەیەك لە خانوو بەرە دەورە دراوە، بەڵام ئەو پشتێنەیە لە زۆرینەی ئەو شوێنانەدا زۆر پان نییە، لە نێوان گردەکەو ئەو خانوو و بەرانەدا خەنەقێکی قووڵ دەبینرێ کە لەکاتی پێویستا بە ئاو پڕ کراوە.

لە بەشی باکووریدا ژمارەیەك تەپۆڵکە

دەبینرێن پێ دەچێت شوێنەواری بەرگری بن
کە چوار دەوریان بە ئاو گیراوە (بڕوانە وێنەی




نەخشەی ژمارە (٢)

ژمارە/ ١).گردی یاسین تەپە کە لە چوار لاوە بە ئاودەوری گیراوە سەرچاوەکەی لە کانیاوەکانی بێستان سوور هەڵدەقوڵێ کە



دەکەونە باکووری خۆرئاوای، ئەم دیاردەیەش ڕۆژانە کێشەی زۆری بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە دروست دەکرد لە کاتی کنەو پشکنینەکەدا بە تایبەتی ئاوکردنە سەر ڕێگای هاتو چۆمان، چونکە جوتیارەکان زۆرینەی کات ئاوەکەیان دەڕژایە ناو ڕێگاکە لە کاتی ئاودانی کشتوکاڵەکانیان بەوەش ڕێگاکە دەبەسترا.

بەڕێوەبەرێتی گشتی شوێنەوار لە بەغدا ساڵی ١٩٧٣ کاری کنەو پشکنینی لەم گردەدا ئەنجامداو بە ڕاپۆرتێك پوختەی کارەکەی لە گۆڤاری سۆمەری ژمارە / ٣١بەشی یەکەم و دووەم ساڵی ١٩٧٥ لاپەڕە (٢٣٨-٢٧٥) بڵاوکردەوە کە لە نووینی بەڕێز ئیسماعیل حسین حجارە بو، بە هەمان شێوە ساڵی١٩٧٧ جارێکی تر لە لایەن تیمێکی هەمان دەزگاوە کنەو پشکنینی تیا کرایەوە بەڵام کارەکە لەبەر ئەوەی ئەنجامێکی باشی بە دەستەوە نەدا بوو بۆیە ڕاپۆرتیان لە سەری بڵاونەکردەوە.

### هۆکانی هەڵبژاردنی گردی یاسین تە پە بۆ کاری کنەوپشکنین لە هەفتاکاندا دەگەڕێتەوە بۆ

١-گەڕان بە دوای شارێکی ئاشووریدا کە پێی دەڵێن (دور ئاشور) (Dur Ashur) کە پادشای ئاشووری ئاشوور ناسر پالی دووەم (٨٨٥-٨٥٠پ. ز) لەسەر پاشماوەی کەلاوەکانی شاری (ئەتلیلا)ی لۆلۆیی دروستی کردووە.

پرۆفیسۆر (سپایزەر)ڕای وابوو کە شوێنی ئەو شارە لەو گردەدایە کە ئێستا پێی دەڵێن (بەکراوا) بەڵام دواتر کنەو پشکنینەکانی بەڕێوبەرێتی شوێنەواری بەغدا ساڵانی ـ١٩٥٩-١٩٦٠) لەو گردەدا ئەوەی دایە دواوە کە ئەو شارە لەوێدا بێت، لەبەر ئەوەی یاسین تەپە لە قەوارەدا لە بەکراوا گەورەترە بۆیە پێ دەچێت کە ، یاسین تەپە شوێنەواری ئەو شارەی لە خۆ گرتبێت.

٢-زانینی مێژووی ناوچەکە لە چاخی ئەکەدی و چاخەکانی دواتردا بۆئەوەی تیشکێك بخرێتە سەر کوتییەکان کە بۆ ماوەی زیاتر لە سەدەیەك دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی‌میزۆپۆتامیادا بڵاوکردۆتەوە.

٣-بەرزی گردی یاسین تەپە کە نزیکەی ٢٥ مەترە وای کردووە کە هەموو ئەو چینانەی لەخۆ گرتبێت کە دەربڕین لە زۆرینەی چاخە شارستانییەتەکان بکات کەبەسەر ناوچەکەدا تێپەڕیون.

ئەم هۆیانە جارێکی تر بوونە هاندەرێك بۆ ئەوەی ڕەزامەندی وەربگرین کە کاری کنەو پشکنین لە شوێنەواری ناوبراودا دەست پێبکەین کە پێ دەچێت جگە لە سەردەمە کۆنەکان زانیاری دیکەشمان لە چینەکانی سەردەمیدا پێبدات لەسەر مێژووی ناوچەکە لە چاخی ئیسلامیدا کە بە پێی کنەو پشکنینەکانی ساڵانی پێشووتر ئەنجامەکانی تیا دەرکەوتووە لە سەرچاوە مێژووییە جیاجیاکانیشدا ئاماژەی پێنەدراوە.

## کنەو پشکنین لە گردی یاسین تە پە

کاری کنەو پشکنین لە گردی یاسین تەپەدا لە ڕۆژی ٧/٢٩ دەستی پێکرد هەتاکو ١٠/٢٣ ی خایاند واتە ماوەی نزیکەی دوو مانگ، کنەو پشکنینەکە چوار چاڵی گرتەوە:

**چاڵی یەکەم:** ئەم چاڵە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای گردەکە، شێوەیەکی چوار گۆشەیی لە خۆ گرتبوو درێژی باڵێکی ١٤ مەترەیە، کنە کردنەکە لە زەوییەکی مەیلەو ڕەش یان خۆڵەمێشی دەستی پێکرد دوای ئەوەی زیاتر لە ١,٨٠ مەتر بە قوڵی چووینە خوارەوە ڕەنگی خۆڵەکەی تیا گۆڕاو پاك بۆوە، لێرەدا پاشماوەی دوو ژووری لاکێشی لە ناو یەکتردا دەرکەوتن درێژی باڵێکی کە بە ژووری یەکەم ناوی دەبەین ١,٣٠ مەترەو پانییەکەی ٣ مەترە، دەرگای ژوورەکە ڕو لە باکوورەو پانییەکەی مەترێکە، دابەزین بۆ ناو ژوورەکە لە ڕێگای دوو پلیکانەوەیە کە درێژییان مەترێکەو پانییان نیو مەترە، هەر دوو پلیکان و کە پاشماوەکەی بەخشتی فەرشی سورکراوەی چوار گۆشەیی داپۆشراوە لێرەوە واتە بە ڕێگای پلیکانەکاندا دێیتە سەرەوە خشتی فەرشی چوار گۆشەی سورکراوە بەر چاو دەکەون کە زیاتر بەشێك لە تەختی ژوری ژمارە دووی گرتۆتەوە. درێژی لایەکی ئەو خشتانە ٣٨ سانتیمەترەو ئەستورییەکەی ١٠ سانتیمەترە، ئەوەی لێرەدا بەرچاو دەکەوێ ژووری دووەمە کە درێژییەکەی ٤,٦٠ مەترەو پانییەکەی ٢ مەترە، لەناو ئەم ژوورەدا پاشماوەی دیوارێکی باریك دەبینرێ کە درێژییەکەی مەترێکەو بەرزییەکەی نیو مەترە لە باکوورەوە بۆ خۆرئاوا دەڕوات، ئەم دیوارە بەشی سەرەوەی لە شێوەی جۆگەلەیەکی ئاوی گچکەدا هاتووەتەوە کە پێدەچێ ئاوەڕۆیەك بوو بێت پانییەکەی ١٠ سانتیمەترەو بۆ ڕۆیشتنی ئاو بەکار هێنرابێت بەوەی پاشماوەی سواخدانی بە گەچ پێوەیە. ئەمە نیشانی دەدات کە سەرچاوەیەکی ئاو نزیك بەو شوێنە هەبو بێت، پاشماوەی ئەم ژوورە پێ دەچێت بەشێك بێت لەپاشماوەی

خانوویەکی گـەورە یـان کۆشـکێك کـە ئەگـەر کنەکردنەکە ڕووەو باکوری خۆرئـاوا فراوانتر بکرایە پاشماوەی هەموونەو خانووە، یان ئەو کۆشکەی تیا دەردەکەوت.

پاشماوەی دیوارەکان لـێرەوە ئـەوە نیشـان دەدەن کە هەندێکیان بە بەردو قوڕو بەشێکی تریـان بـە مـوور دروسـتکراون. لـێرەدا دوای چـواردە ڕۆژکـاری بـەردەوام کنـەو پشکنینەکەمان ڕاگرت لەبـەر ئـەوەی لـە ڕوی کنە کردنەوە ئەنجامێکی باشی بە دەسـتەوە نـەدا جگـە لـە دەسـکەوتنی هـەندێ لـە تەسوالەتی جیا جیای هەمە جۆر شێوە لەگەڵ ژمارەیەك لەتە فەخفوریی و پاشماوەی بازنی شوشەی هەمەڕەنگ. (بڕوانە وێنەی ژمارە/٢). (نەخشەی ژمارە /٣).






چـالی دووەم: ئـەم چالـە دەکەوێتـە بـاکووری خۆرهەلاتی گردەکەو پێوانەکەی ٢٠ X ١٠ مـەتری گرتـەوە. گڵەکـەی مەیلـەو ڕەش یـان خۆڵەمێشـی بـوو دوای ئـەوەی نزیکـەی ٠,٨ مەترمان بە قوولی هەڵکەند بۆمان دەرکـەوت پڕ کردنەوەیەکی ئاساییەو بەڵگەش بۆ ئەمە پاشماوەیخـانووی تیـا دەرنەکـەوت لـەوە دەچێـت شـوێنێکی بـەرگری بـوو بێـت لـە گردەکـەدا. لـێرەوە لـە تەسـوالەت لەگـەڵ کۆمـەڵێك پاشمـاوەی بـازنی شوشـەیی هەمـەڕەنگ دۆزرانـەوە، کـە زۆرینـەیان بـە توێژاڵێکی سپی پوکەش کرابـوون لەبـەر بـێ ئـەنجامی کنەکرنەکـە دوای ٧ ڕۆژ کـارکردن وەسـتاین و هەڵکەندنەکـەمان گواسـتەوە بـۆ



شوێنێکی تر. (بڕوانە وێنەی ژمارە / ٣).

چاڵی سێیەم : ئەم چاڵـە دەکەوێتـە باکووری خۆرئـاوای گردەکـەو نزیـك بـە دەرگـای خـۆر ئاوایەتی کەگەورەترین دەروازەیـەتی و ڕووی لـە دەرگـای بـاکوورە. لـێرەدا کـە بـەرزترین و دیـارترین شـوێنی گردەکەیـە چاڵێکمـان هەڵکەند بە پێوانەی ٢٥ X١٠ مەتر لە شێوەی ـای ئینگلـیزی. بەگڵەکەیـەوە پاشمـاوەی سوتاندن دیـار بـوو، هەڵکەندنەکـە بـوە هـۆی دەرکەوتنی دوو چینی نیشتەجێ بوون کە :

چینی یەکەم: لەم چینـەدا بـە قوڵـی ١,١٠ مەتر چوونـە خـوارەوە پاشمـاوەی ژمارەیەك دیوار دەرکـەوتن کـە لـە بـاکوورەوە بۆخۆرهـەلات دەڕۆیشتن جگە لـەوەش لە ناوئەو دیوارانەدا

هەبوون ڕوو لە باشوور بوون. دیوارەکانی ئەم چینە بە موریان خشتی کاڵ دروستکرابوون، لە نێوانیاندا ژمارەیەک تەنوور دەبینرێن کەزیاتر لە بەشی باشووری چاڵەکەدا دەبینران لەگەڵ دەرکەوتنی پاشماوەی ئاگردانی بازنەیی سورکراوە لە بەشی باکووریدا. (بڕوانە وێنەی ژمارە /٤) لە ناو پاشماوەکاندا پاشماوەی دیوار دەبینرێ کە لەگەڵ دیواری تردا لەسەر شێوەی پیتی T ی ئینگلیزی یەکدەگرنەوە. ئەستووری ئەم



دیوارانە لە نێوان مەترێک ودوومەتردان. لێرەدا دەتوانین هەموو ئەو پاشماوانە بە چینێکی لاوازی خانوو دابنێین کە پاشماوەی




وێرانکاری و ڕوخاندنیان پێوە دیارە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە /٤) لە ناو ئەم چینەدا ژمارەیەک سواڵەتی هەمە جۆر قەوارەو پاشماوەی ئامێری مەعدەنی و پارچەی بازنی شوشەو پارچە شوشەو لەخفووری دۆزرانەوە کە دواتر دێینە سەر باسکردنیان.

ئەوەی سەیری گردی یاسین تەپە بکات هەروەکو لەوە پێش باسمان لێوەی کرد، لە شێوەیدا هێلکەییەو ئەو شورایەش کە بەشی سەرەوەی گردەکەی گرتۆتەوە لەسەر شێوەی




گردەکە هاتووەتەوە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە/٥)، لەم چینەدا لە بەشی باکوری گردەکەدا شوراکەی دەبینرێ کە لە هەندێک لەچینەکانیا بەرد یان خشتی کاڵ بەکار هێنراون. دروستکردنی ئەم شورایەش لەسەر شێوەی شورای کۆنتر دروستکراوە.لەم جۆرە شورایانە واتە هێلکەییە یان بازنەیی لە نەخشەسازی سەربازگەو شارە ئاشوورییەکاندا پەیڕەو کراون هەروەکو لە گردی بەکراواو عەربەت وقەڵای هەولێر وقەڵای کەرکوك و سنجەرلیی و شاری حەڕان دا پەیڕەو کراوە.

چینی دووەم: ئەم چینە دەکەوێتە ژێر چینی

یەکەم قوڵییەکەی ٠,٨ مەترە تیایدا پاشماوەی کۆمەڵێك دیوار دەرکەوت کە هەندێکیان لەگەڵ دیواری تردا یەکیان گرتووەتەوەو شێوەی ژووری لاکێشییان پێك هێناوە پێی دەچێت پاشماوەی ئەو ژورانە کۆشکێك پێك بهێنن یان درێژ بوونەوەیەك بن بۆ یەککرتنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵێك دیواری تردا کەبەرەو باشوور دەڕۆن. (بڕوانە نەخشەی ژمارە / ٥ ) لە بەشی سەرەوەی ئەم چینەدا لە ناو یەکێك لە ژوورەکاندا خشتی چوار گۆشەی سورکراوە دەبینرێ کە ناوی ژوورەکەی پێ فەرش کراوەو تیایا گەچ بەکار هێنراوە. (بڕوانە وێنەی ژمارە/٥) لەم چینەدا ژمارەیەکی زۆر تەنوور دەرکەوتن کە هاو تەمەنی چینەکەن تیایا هەبوو لەم تەنوورانە لە سەریەك دانرا بوون ئەمەش بەڵگەی تازەکردنەوەیە یان بەردەوامی دانیشتنی مرۆڤە لەم چینەدا. (بڕوانە وێنەی ژمارە /٦).



لەم چینەدا کۆمەڵێك سواڵەت و پارچە بازنی شوشەو، ئامێری مەعدەنی دروست کراو دەرکەوتن کە بە هەموویان کەلتووری پێشکەوتووی چینەکە نیشان دەدەن کە دواتر دێینەوە سەریان.

**چاڵی چوارەم:** ئەم چاڵە دەکەوێتە باکووری گردەکەو لە پشتێنەکەیدایە پێوانەی چاڵەکە ٧ x٧ مەتری چوار گۆشە بوو. هەڵکەندنی چاڵەکەش بۆ ئەوەبوو لەوەتێ بگەین کە ئایا ئەو پشتێنەیە بەشێك بووە بۆ بەرگری لە قەڵاکە کە دروست کراوە یان شوێنەواری دانیشتنی مرۆڤ بووە لە چاخە جیاجیاکاندا. لێرەدا دوای ئەوەی بە قوڵی مەترێکچووینە خوارەوە دەرکەوت کەپاشماوەی خانووی تێدا نییە واتە مرۆڤ لەوقوڵاییەدا دانەنیشتووە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە پشتێنەیەکی بەرگری بوو بێت کە لە سەرەتادا بۆ پاراستنی گردەکە دروست کرا بێت کە پێی دەچێت لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا بوو بێت بەڵام دواتر ئەو گرنگیەی لە چاخەکانی دواتردا لە دەست داوە بە تایبەتی لە سەردەمی ئەشکانییەکاندا (٢٥٠پ.ز -٢٢٧ز) کە پێی دەچێت دانیشتوانەکە شوێنەکەیان وەك گۆرستانێك بەکار هێنابێت بۆ ئەوەی مردووەکانیانی لێ بنێژن. ئەوە بوو لە کاتی هەڵکەندنەکەدا ژمارەیەك لەو گۆڕە ئاساییانەی تیا دەرکەوت کەلاکانیان بە بەرد هەڵچنرابوون هەروەها سەرەکانیشیان بە تاشە بەرد داپۆشرابوون کە لە شێوەی گۆڕی ئاسایی ئەم چاخەماندا دەبینران بەڵام مردووەکانیان ڕووەو لایەك نەنێژرابوون واتە لە ئاشتنیا نا ئەو نەریتە پەرپرەو نەکرابوو، بە گشتی ئێسقانی ناو گۆڕەکان پوا بوون واتەکاتێك دەستیان بەردەکەوت لە دەرهێنانیا ورد دەبوون ئەمەش هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەڕو تووشی زۆر لە بەفرو باران وئاوو هەوای خراپ.

## گردی یاسین تەپە لەڕووی شارستانییەتەوە

گرنگی گردی یاسین تەپە لەوەدایە کەدەکەوێتە ناوچەیەکی کشتوکاڵی گەورە کە لە ٣ لاوە ئاو دەوری گرتووە سەرچاوەی ئاوەکەش کانیاوەکانی گوندی بێستان سوورە

کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای گردەکە.
وەکو ئاشکرایە زەوی وزاری ئەم ناوچەیە زۆر بە پیت و فەرەو لەجۆرێکە کە پێی دەڵێن خاکی Randzina Soil کە نەرمە لە بەشی سەرەوەیدا ڕەنگەکەی قاوەییەکی تۆخە یان خۆڵەمێشییەکی تۆخە ئەستوورییەکەی نزیکەی ٤٠ سانتیمەتر دەبێت هەروەها دانشتوانەکەشی بۆئاودانی دانەوێڵەکانیان بە گشتی پەنا دەبەنەبەر باران ئەمەش لە کۆنترین چاخەوە هەتا ئێستامان وەکو نەریتێك هەر ماوەتەوەو بەردەوامە.
وا دەرئەکەوێت گرنگی ئەم ناوچە بەراوە کشتوکاڵییە بە هۆی ئاوی بێستان سوورەوە بو بێت بەلگەش بۆئەمە هەموو ئەو گردو تەپۆڵکانەیە نزیکی ئاوەکەن وەکو گردەکانی مالوان و مارف و قزقەڵاو سەراکۆن و خاکو خۆڵ و گەلێکی تر کە توانیمان لە کاتی کنەو پشکنینی گردی یاسین تەپەدا سەردانیان بکەین کە بەڵگەی بەردەوامی ژیان لە ناوچەکەدا لە کۆنەوە بۆ ئەمرۆ دەبەخشن.
بە سەیر کردنێکی ناوچەکە بۆمان دەرکەوت کە سەرچاوەی ئاوی بێستان سوورلەگەڵ چەمی تانجەرۆدا کە دەکەوێتە باشووری گردەکە لە باکووری خۆرهەڵاتیدا هەردوو ئاوکە یەکدەگرنەوە و گوندەکانی مارف و زێرینجۆو کاژاو وخاکوخۆڵ سوود لەو ئاوەیان دەبینن بۆ کشتوکاڵو ژیانی ڕۆژانەیان ئەمەش هۆیەکی گەورەیە بۆ ئەو ئاوە بە هەرلایەکدا ڕۆیشتبێت ئاوەدانی خستۆتەوە واتە ژیانی گوندنشینی تیا پەیدابووە.
شوێنەواری یاسین تەپە نزیکترین خاڵە دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی کەدیوی گەرمیان بە دەشتی شارەزووری دەوڵەمەند بە دانەوێڵە دەبەستێ بەوەش ڕێگایەکی سانا دروست دەبێت بۆ هاتوچۆی بازرگانی لە نێوان ناوەڕاستی میزۆپۆتامیاوهێڵی شارەزوور[٣] بۆ پێنجوین و ئێران کە گرنگییەکی لەبەر چاوی بووە لەو ڕۆژگارەدا بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە.
کنەو پشکنینەکانی ساڵی١٩٢٦، ١٩٢٧ لە یاسین تەپەدا کە پرۆفیسۆر سپایزەر ئەنجامی داوە دەری خست کە ئەم شوێنەوارە گرنگی خۆی هەبووە لە مێژووی ناوچەکەدا بە تایبەتی لە چاخی ئیسلامیدا.جگە لەوەش گرنگی یاسین تەپە جارێکی تر لە کنەو پشکنینەکانی ساڵی ١٩٧٣دا دەرکەوتەوە بە تایبەتی دوای ئەوەی خەزنەیەك لە پارەی ئاڵتون و گوارەو گەردانە دۆزرانەوە کە بۆ سەردەمی فاطمییەکان لە میسر لە نێوان ساڵانی ٣٣١-٥٠١ی کۆچی دەگەڕێتەوە.
جارێکی تر کنەو پشکنینەکانی وەرزی هاوینی ١٩٩٩ لە گردەکەدا هەرچەندە لە چوار چێوەیەکی تەسك دا بوو بەڵام ئەنجامێکی باشیبە دەستەوە داو زانیاری زۆری لە ڕووی ئابووریی ورادەی پێشکەوتنی هونەری دانیشتوانەکە کە لە قاپ و قاچاخی ڕۆژانەیان دەردەکەوێت لە چاخی ئیسلامیدا پێدایـن.
ئێمە لێرەدا وا دەبینین دەبێ کاری کنەو پشکنین لەم گردەدا درێژەی پێ بدرێ چونکە سوودی گەورەی دەبێت و تیشك دەخاتە سەر شارستانێتی ناوچەکەو سەردەمەکەی لە چاخە مێژووییە کۆنەکاندا لەو کاتەوەی ناوچەکە بووەتە شوێنی شەڕو ململانێی زۆر لە نێوان گەلانی زاگرۆس بە تایبەتی لۆلۆ و کوتۆ لە لایەك کە دژ بە زلهێزەکان جەنگاون کە ئاشوورییەکان لە پێشەوەیان دێ.

**پاشماوەی ئاسەوارە دەرکەوتووەکانی گردی یاسین**

**تەپە:**
پاشماوە دەرکەوتووە ئاسەوارییەکانی گردی یاسین تەپە لەگەڵ ئەوەشدا کەمبوون بەڵام گرنگی خۆیان هەبوو، ئێمە لێرەدا دەتوانین ئەو پاشماوە دەرکەوتووانە دابەش بکەین بەسەر ئەو چاڵە هەڵکەنراوانەدا کە تیایا دۆزراوەتەوە و لە سەرەتادا ئاماژەمان پێدان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١-پارچەیەك سواڵەتی زەرد باو کە دەڕوانێت بەسەرخۆڵەمێشیدا و هەندێك هێڵی لەسەر هەڵکەندراوە. قوڕەکەی پاکەو بە باشی سور کراوەتەوە. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە /١ی پێدراوە.

٢-دەمی گۆزەیەکی درێژکۆڵەی گچکەی شکاو ڕەنگەکەی زەردباوە بەسەر خۆڵەمێشیدا دەڕوانێت. قوڵغەیەکی شێوە درێژکۆڵەی هەیە و دەمەکەی بەرەو دەرەوە هاتووەتەوەو دەمەکە هێڵێکی تەوقاو تەوق کردوویە بە دوو بەشی یەکسانەوە. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٣) پێدراوە.

٣-بنکی گۆزەیەکی خڕی زەردباو کە دەڕوانێت بەسەر خۆڵەمێشیدا دەڕوانێ و لە دروست کردنیا چەرخ بەکارهاتووە، قوڕەکەی پاکەو بە باشی سوورکراوەتەوە لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (١٠)ی پێدراوە.

٤-قوڵغەیەکی دووانی مەیلەو خۆڵەمێشی، قوڕەکەی پاکەو بەڵام بە باشی سوور نەکراوەتەوە، لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٦)ی پێدراوە.

٥-پارچەیەك فەخفووری گچکە دیوی دەرەوەی بە توێژێکی سەوز داپۆشراوەو دیوی ناوەوەی بە توێژێکی زەردباو داپۆشراوە کە دەڕوانێ بەسەر سپیدا و بەسەریەوە هێڵکاری ڕەش دەبینری کە هەندێکیان لە شێوەی دووانەی تەرببییدان و ناوەڕاستەکەیان بە هێڵی ٨ ی نەپچڕاو جوانکراوە، لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٧) ی پێدراوە.

٦-دەمی دەرخۆنەیەکی خڕی گچکەی شکاو بەسەر خۆڵەمێشییەکی زەردباودا دەڕوانێت لە ناوەڕاستیا دەسکێکی گچکەی قوپاو هەیە. قوڕەکەی پاکەو بە باشی سوورکراوەتەوە.

٧-سەرە تەشییەکی شکاوی شێوە خڕ قوڕەکەی پاك نییەو بەباشی سوور نەکراوەتەوە.

٨-بەردێکی گچکەی ناڕێك کونێکی تێکراوەو پێی دەچێ بەردی مەشکە بێ.

٩-پەپکە قوڕینەیەکی بازنەیی گچکە بە قوڕەکەیدا دیارە پاك نییەو بە باشی سوورنەکراوەتەوە. پێی دەچێ بۆ مەشکی بەکاریان هێنابێت کە پێوەیان بەستبێت.

**چاڵی چوارەم:** پاشماوە ئاسەوارە دەرکەوتووەکانی ئەم چاڵە پێکهاتووە لە دوو بەش یەکەمیان ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١-دەمی گۆزەیەکی شکاو کە زەردباوەو بەسەر خۆڵەمێشیدا دەڕوانێ. قوڕەکەی پاك نییەو بە باشی سوور نەکراوەتەوە هەروەها لە دروستکردنیا چەرخ بەکار نەهاتووە.

٢-دەمی گۆزەیەکی گچکە کە قوڵغەکەی بە شێوەی نیوە بازنەیەك پێوە ماوەو ڕەنگەکەی زەردباوە بەسەر خۆڵەمێشیدا دەڕوانێت، قوڕەکەی پاکەو و بە باشی سوور کراوەتەوە هەوەها لە دروستکردنیا چەرخ بەکار هێنراوە.

٣-بنکی کاسەیەکی گچکەی خۆڵەمێشی کە دەڕوانێ بەسەر ڕەشدا و قوڕەکەی پاك نییە و بە باشی سوور نەکراوەتەوە هەوەها لە دروستکردنیا چەرخ بەکار نەهێنراوە.

٤-سەرە تەشییەکی خۆڵەمێشی کە دەڕوانێت بەسەر ڕەشدا، قوڕەکەی پاك نییە و بە باشی سوور نەکراوەتەوە.

بەشی دووەم : ئەم بەشە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك لەتە بازنی شووشە کە دابەشمان کردووە:

١-بازنی شوشەی هەویری لولدراوی ڕەش کە بە توێژێکی سپی داپۆشراوە.

٢-بازنی ساکاری هەویری مەیلەو قاوەیی کە بە توێژێکی سپی داپۆشراوە.

٣-بازنی ساکار هەویرەکەی ڕەشەو سەرەکانیان لەسەر شێوەی سەلکی مار بە یەك گەیشتوونەتەوەو کەمێك ئەستوورن.

٤-بازنی لولدار هەویرەکەی ڕەشەو بە توێژێکی سپی داپۆشراوە.

٥-بازنی لولدراوی هەویر ڕەش کە توێژی بەسەرەوە نییە.

٦-بازنی ساکاری هەویر سەوزباو کە بە توێژێك داپۆشراوە.

٧-بازنی ساکاری سەوزباو کە دەڕوانێت بەسەر زەردێکی کاڵداو توێژی بەسەرەوە نییە.

٨-بازنێکی ساکاری هەویر ڕەش کە بە توێژێکی سپی داپۆشراوەو شێوەی پانێکی نیمچە تەنکە.

٩-لەتی دەمی کەموڵەیەکی شوشەی سەوزی تۆخ کە بەرەو دەرەوە دەمەکە هاتووەتەوە.

چاڵی سێیەم : ئەم چاڵە گەورەترین و دەوڵەمەن ترینیان بوو بۆ ئاسەوارە دۆزراوەکان کە تیایدا دوو چینی نیشتەجێ بوونی مرۆڤ دۆزراوەتەوە، لە چینی یەکەمدا ئەمانەی خوارەوە دەرکەوتن:

١-دەمی لەتە کاشییەك کە بە توێژێکی شین هەردوو دیوەکەی داپۆشرابوون.

٢-دەمی لەتە کاشییەك کە هەردوو دیوەکەی بە توێژاڵێکی شین داپۆشراوە هەروەها بە هێڵی ڕەش جوانکاری کراوە.

٣-پارچەیەك لە بنکی فەخفوورییەك کە ناوەکەی بە توێژاڵێکی زەرد ڕووپۆش کراوە هەوەها پاشماوەی هەندێ هێڵی تیا دەبینرێ کە مەیلەو قاوەیین.

٤-پارچەی فەخفورییەك کە بە توێژێکی سەوزو زەرد ڕۆپۆش کراوە، هەروەها بە کۆمەڵێك هێڵی قاوەیی لە شێوەی هەشتا لە نێوان دوو هێڵی جووتدا جوانکراوە.

٥-بەردە هەسانێکی ڕەشباوی درێژ کۆلە. وا دەرئەکەوێت لە شوێنێکی ترەوە هێنرا بێت. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٧)ی پێدراوە.

٦-چرایەکی قوڕین قوڕەکەی ڕەشەو بە باشی سورنەکراوەتەوە. دەسك و لولەو دەمەکەی شکاوە جگە لە لاشەکەشی لە دوو لاوە کونی تیایە. پاشماوەی دوو کەڵ بە لولەکەیەوە دیارە وا دیارە بەکار هێنراوە لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٦٢)ی پێدراوە.

٧-سەری لولەیەکی قوڕینی سورکراوە کە بەسەر خۆڵەمێشیدا دەڕوانێت، لە نێوان دوو هێڵی بازنەییدا ژمارەیەك هێڵی ستونی تیا دەبینرێ. بە دەمەکەیەوە پاشماوەی دیارە پێی دەچێت بەشێك بێت لە چرایەك بۆ کاری ڕوناکی بەکارهێنرابێت.

٨-کۆمەڵێك سەبیلی هەمە قەوارەو شێوەو ڕەنگ بە هەندێکیانەوە پاشماوەی سوتاندن دەبینرێ جگە لەوەش سەبیلەکان نەخشێنراون بەهێڵی جیا جیا کە جوانی پێ بەخشیون. بە شێوەیانەوە دیارە لە پیشەسازی ناوچەکە نین واتە لە شوێنی ترەوە هێنراون.

٩-بزمارێکی شوشەی باریکی شێوە قاوەیی لای سەرەکەی شکاوە. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە ٣٩ی پێ دراوە.

١٠-لولەیەکی قوڕینی سور کراوە لە ژێریەوە ژمارەیەك کونی گچکە دەبینرێن کە بە چوار دەوری کونێکی بازنەیی گەورەدا هاتوونەتەوە وا دیارە پاشماوەی ئامێرێك بێت وەکو قاڵبێك

بۆ توانەوەی کانزا یان دەرهێنانی شێوەیەک بەکار هێنرا بێت.

١١-گوێچکە ماسیەک بەشی سەرەوەی شکاوەو پاشماوەی خاڵی قاوەیی مەیلەو ڕەش بەسەریەوە دیارە، وا دیارە بۆ چاوی پیس بەکار هێنرا بێ. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە ٢٧ی پێدراوە.

١٢-بەردێکی خڕی نیمچە گچکەی شێوە ڕەش وا دیارە بەردی مەنجەنیق بێ . لەو شێوە بەردانە لە ناوچەکەدا نییەو لەوە دەچێ لە شوێنی ترەوە هێنرابێت، لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٤٥)ی پێدراوە.

١٣-دەسکی دۆڵێکی بەردین شێوە لولەیی درێژییەکەی ١٠ سانتیمەترە و پانییەکەی ٤ سانتیمەترەو ئەستورییەکەی ٢سانتیمەترە.

١٤- ٥ مووروو هەندێکیان شکاون و ئەوانی تر لەو مووروانە دەچن کە بە گوزەو گلێنە کوردییەکانەوە دەبینرێن، یەکێکیان شکاوە لە شێوەی کوژەکەدایە وا دیارە چاوی دژ بە پیس بەکار هێنراوە واتە بۆ پارێزگاری لە منداڵ لە چاوی پیس بۆیبەکار هێنراوە کە هەتاکو ئێستاش لە ناو گوندنشینەکاندا ئەو دیاردەیە ماوە.

١٥-کۆمەڵێک لەتە بازنی شوشەی شکاوی هەمە جۆر شێوەو ڕەنگ.

١٦-شوژنێکی لە ئاسن دروست کراودرێژییەکەی ١٢ سانتیمەتر دەبێ و سەرەکەی شکاوە و پاشماوەی ژەنگی پێوە دیارە.

١٧-مێخێکی ئاسنی ژەنگاوی درێژییەکەی ١٠ سانتیمەترێک دەبێت.

١٨-ئەڵقەیەکی ئاسنی ژەنگاوی وا دیارە بەشێک بوو بێت لە زنجیرێک.

١٩-ئەڵقەیەکی تۆزێک ئەستوور ژەنگێکی سەوز گرتوویە وا دیارە لە مس دروسکرابێت بە سەرەکەیەوە شتێکی پان هەیە کە شێوەی موستیلەی هەیە لەوە دەچێت مۆرێک بوو بێت.

٢٠-شێوەیەکی گچکە لە کانزا دروسکراوە لە پۆپنەی کەڵەشێر دەچێ چوار کونی تێدایە شێوەیەکی چوار گۆشەیان دروست کردووە لە ناوەڕاستیانا ٣ چاڵی بازنەیی تر هەن کە ئەخشێکی جوانیان دەرهێناوەو بە ئەڵقەیەک دەبەسترێنەوە.

٢١-بەشێک لە پاشماوەی دەمە داسێکی ئاسنی ژەگاوی لە ناوەڕاستدا و لەبەشی خوارەوەیدا کونێک هەیە.

٢٢-چەقۆیەکی ژەنگاوی شوێنی دەسکەکەی ماوەو لە ئاسن دروسکراوە.

٢٣-بەشێک لە ئامێرێکی ژەنگاوی پێی دەچێت بەشێک بێت لەئەڵقە ڕێزی دەرگا.

٢٤-بزمارێکی ئەستووری لە ئاسن دروسکراو سەرێکی پانی هەیە و پێی دەچێ بە دەرگادا کوترا بێت.

٢٥-ئامێرێکی دروسکراو لە ئاسنی ژەنگاوییەو دەمێکی گچکەی هەیە، کونێکی تێدایە، بە دەسکەکەیەوە گرێیەکی بازنەیی هەیە و لە بەشی دواوەی دەسکەکەیدا کونێکی شێوە چوار گۆشەیی هەیە وا دیارەبۆ هەڵواسین کرا بێت، ئەمەش لەو ئامێرانەیە کە وەکو مقاشێک بۆ کاری ئاگردان بەکار هێنراوە. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە (٥٠)ی پێدراوە.

٢٦-چەقۆیەکی ژەنگاویبارێک لە ئاسن دروسکراو درێژییەکەی ٨ سانتیمەترەو کەمێک لە پاشماوەی دەسکەکەی پێوە ماوە لەگەڵ بزماری بەستنەوەکەی.

٢٧-پاشماوەی دەمە داسێکی ئاسنی ژەنگاوی شکاو درێژییەکەی ٤ سانتیمەتر دەبێ لە شێوەی کەوانەیەکدا هاتووەتەوە کە

پانییەکەی ٢ سانتیمەتر دەبێ.

٢٨-پاشماوەی دوو ئەڵقەی‌ئاسنی ژەنگاوی بە یەکەوە بەستراو، یەکێکیان بازنەییەکی گچکەیەو ئەوی تر شێوە لاکێشی گچکە.

٢٩-تاسێکی تەنکی زۆر گچکەی ژەنگاوی ڕزیو کە تیرەکەی ٤ سانتیمەترێك دەبێ،پێوەی دیارە لە مس یان وەرشاو دروسکراوە.

٣٠- پارچە بازنێکی ژەنگاوی گچکە لە مس دروسکراوە.

٣١- (٣) سەرەتیری ژەنگاوی لە ئاسن دروسکراو بە دووانیانەوە پاشماوەی کلکەکەی ماوە یەکێکیان درێژترە وا دیارە بۆ شەڕو داگیر کردنی شوێنەکە واتە گردەکە بەکار هێنراون.

٣٢-ئامێرێکی باریکی ئاسن لەشێوەی شیشدایە درێژییەکەی ١٠ سانتیمەترەو سەرێکی خڕەو هاتووەتەوە سەرەکەی تریشی نوکدارە و چەماوەتەوە لەوە دەچێ ئەڵقە ڕێزێکی دەرگا بێت.

٣٣-موستیلەیەکی ژەنگاوی سەوز لە مس دروسکراو.

٣٤-سەردەمی گۆزەیەکی گچکەی سور کراوەی گڵێنە لە شێوەی تاسێکی گچکە دایە لە ناوەڕاستیا دەسکێك هەیە پاشماوەی دووکەڵی پێوەیە.

٣٥-بەردێکی خڕی مام ناوەندی چاك کراو پێی دەچێت بەردی مەنجەنیق بێ.

٣٦-بەردێکی شێوە هێلکەیی چاك کراو پێی‌دەچێت بەردە سەنگ بێت.

٣٧-بەشی سەرەوەی گۆزەیەك کە پێی دەڵێن باربۆتین دەمەکەی شێوە بازنەیی بۆ دەرەوە هاتووەتەوە هێڵێکی بازنەیی بە ناوەڕاستیا دەڕوات بە شەش قۆڵفە دەمەکە ڕازاوەتەوە هەوەها ٣ هێڵی دووانەی ستوونیشی پیا هاتووەتە خواری درێژییەکانیان ١٢سانتیمەترن جگە لەوەش هەندێ وردە هێڵی باریکی دیکەش بەسەر دەمەکەیەوە دیارن. بەرزییەکەی ٢٢ سانتیمەترەو تیرەکەشی ٤٠ سانتیمەتر.

٣٨-بەشی سەرەوەی گۆزەیەکی کوردی ڕەنگەکەی خۆڵەمێشییەو دەڕوانێ بەسەر زەردا. تیرەی دەمەکەی ٣٦ سانتیمەترەو قورەکەی پاکەو لە دروسکردنیا چەرخ بەکارهاتووە، ملەکەی بە مورووی شین تەوقاو تەوق جوانکراوە، بەرزییەکەی ٢٥سانتیمەترە، قوڵفەی دەمەکەی پانەو شێوەی نیوە بازنەیەکی وەرگرتووە کەپێك هاتووە لە دوو پارچەو بە شریتێکی قوڕین لە شێوەی هەشتا بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

٣٩-گۆزەیەکی کوردی دەمەکەی شکاوە بەرزییەکەی ٤٥سانتیمەترە تیرەکەی٣٦سانتیمەترەو ئەستوری دەمەکەی ٢سانتیمەترە، گۆزەکە مەیلەو خۆڵەمێشیەو دەڕوانێ بەسەر زەردا. (٣) قوڵفەی لاکێشی هەبوە درێژی یەکێکیان پاشماوەکەی کە ماوەتەوە ١٢ سانتیمەترەو پانییەکەی ٢ سانتیمەترە، بە ملی گۆزەکەوە پاشماوەی دوو هێڵ دەبینرێ کە ناوەکەی بە ژمارە ٨ پڕ کراوەتەوە جگە لەوەش پاشماوەی هەندێ هێڵی پێچاو پێچی تر بەلاشەکەیەوە دیارە. لە سەرو ئەوەشەوە قوڵفەی گۆزەکە بە هەشت جوانکراوە و بە ملی گۆزەکەوە مووروی شین دەبینرێ کە بۆ جوانکردنی پێوەیان چەقاندووە.

٤- قاعیدەیەك ٣ کونی بازنەیی تێدایە درێژییەکەی ٥٠ سانتیمەترەو پانییەکەی ٢٠سانتیمەترەو ئەستوورییەکەی ٣ سانتیمەترە تیرەی هەر یەکێك لە کونە بازنەییەکان ٢٦ سانتیمەترە، لە چوار گۆشەکەیەوە چوار دەسك دەبینرێن. ئەم

قاعیدەیە لەسەر چوار قاچ دانراوە درێژی قاچێکیان کە ماوەتەوە ١٠ سانتیمەترەو پانییەکەی ٥ سانتیمەترە، ئەم قاعیدەیە لاشەکەی بە نەخش ونیگاری هێڵکاری جوانکراوە لە شێوەی بازنەو هەشت هێڵی ئاساییدا هاتوونەتەوە هەروەها لە بەشی سەرەوەیدا پاشماوەی پەنجە بە لاشەکەوە دیارە، ئەم قاعیدەیە قوڕەکەی خۆڵەمێشیەو دەڕوانی بەسەر زەردا وا دەرئەکەوێت لە جۆری پیشەسازی باربۆتین بێت شوێنی ئەو کونانەش بۆ دانانی گۆزەی گچکە بووە ئەمەش لەوەدا دەرکەوت لە کاتێکدا لە چوار گۆشەکەدا دۆزرایەوە گۆزەیەکی گچکەی لەسەر دانرابوو.

٤١-مقەڵییەکی قوڕینەی سورکراوەی کوردی تیرەی دەمەکەی ٨٠ سانتیمەترەودرێژییەکەی ٣٠سانتیمەترەو لەسەر چوار قاچ وەستاوە درێژی قاچێکی ١٠ سانتیمەترەو پانییەکەی ٥ سانتیمەترە، تیرەکەیوەکو نیوە بازنەیەك هاتووتەوەو ١٢سانتیمەترە، لە ناوەوە کونێکی بۆ کراوە کە لە دیوی دەرەوەیدا بە شێوەی بازنەیەك نیشان دراوە، بەشی پێشەوەی مقەڵییەکە لە دوو لاوە بە پشتێنەیەکە نەخشداری دەرکەوتو جوانکاری کراوە کە پاشماوەی پەنجەی پێوە دیارە. لێرەوە کۆمەڵێك هێڵی هەڵکۆڵراو دەبینرێ هەروەها ئەو ڕووە بە مووروی پێوە لکێنراو جوانکراوە.

چینی دووەم : لەم چینەدا کۆمەڵێك گۆزەو گڵێنە دۆزرانەوە هەندێ پاشماوەی سواڵەت و ئامێری لە کانزا دروسکراو کەئەمانەن:

١-کوپەیەك دەمەکەی لە شێوەی بازنەیەکی گەورەدایە بۆ دەرەوە هاتووتەوە، تیرەکەی ٤٨ سانتیمەترەو ئەستوورییەکەی ٢ سانتیمەترە. بەرزی کوپەکە ٨٠ سانتیمەترەو تیرەکەیلە ناوەڕاستیا ٩٦ سانتیمەترە، دەمی کوپەکە هێڵکاری کراوەو بە ملەکەشیەوە پشتێنەیەکی دەرکوتوو کە بە هێمای ٨ جوانکاری کراوە دەبینرێ.

٢-گۆزەیەك لە شێوەی هەرمێدایە ملێکی باریکی شکاوی هەیە، تیرەکەی ٦ سانتیمەترەو قوڵفەیەکی پانی هەیە، بەرزی گۆزەکە ٢٥ سانتیمەترەو تیرەکەی لەناوەڕاستا ٣٠سانتیمەترە، بەسەر لاشەکەیەوە نەخشەی هێڵکاری دەبینرێ.

٣-گۆزەیەکی شێوە هەرمێیی دەمپەل دەمەکەی بۆ دەرەوە هاتووتەوە، ئەستوورییەکەی ٢ سانتیمەترەو تیرەکەی ٢٢سانتیمەترەو بەرزیەکەی ١٧سانتیمەترە، تیرەکەی لە ناوەڕاستیا ٣٤ سانتیمەترەو دوو قوڵفی هەیە. قوڕەکەی مەیلەو زەردەو بەسەر سوردا دەڕوانێ و بە باشی سورکراوەتەوە.

٤-گۆزەیەك لە شێوەی هەرمێدایەو دەمێکی هەیە بۆ ناوەوە هاتووتەوەو لایەکی شکاوە قوڵفەیەکی نیوە بازنەیی پان دەمەکەی جوانکردووە.

٥-گۆزەیەك دەمێکی گچکەی شکاوی هەیە بۆ ناوەوە چووە تیرەی دەمەکە ٨ سانتیمەترەو درێژی ملەکەی ٤ سانتیمەترەو لە شێوەی هەرمێیەو لولەیەکی بازنەیی درێژی بۆ کراوە هەروەکو مەسینە کە ٥ سانتیمەترە، تیرەی گۆزەکە لە ناوەڕاستدا ٤٠ سانتیمەترەو بە ناوەڕاستیا پشتێنەیەکی دەرکەوتووی نەخشدار بەر چاو دەکەوێ کە بە پەنجە جوانکراوە وا دیارە وەکو حەوجۆشێك بۆ ئاو گەرم کردن بەکار هێنرا بێت.

٦-گۆزەیەکی دەمشکاو لە هەندێ شوێنیا پاشماوەی شکاندنی پێوەیە، قوڵفەیەك دەمەکەی بەلاشەکەوە بەستووەتەوە کە لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا دەبینرێ قوڕەکەی

مەیلەو خۆڵەمێشیەو وا دیارە بە باشی سوور نەکراوەتەوە.

تیرەی دەمی گۆزەکە ١٢ سانتیمەترەو درێژی ملەکەی ٤ سانتیمەترەو تیرەی گۆزەکە لە ناوەڕاستدا ٨٨ سانتیمەترە. وا دیارە بۆ ئاو بەکار هێنراوە.

٧-تاسەیەکی گلێنەی شکاوی گچکە لە بەشی سەرەوەیدا ٣١ سانتیمەترەو ئەستووریەکەی سانتیمەترێکە و قووڵییەکەی ٥ سانتیمەترە، قوڕەکەی مەیلەو سوورەو وردەی گەچی پێوە دیارەو بە باشی سورنەکراوەتەوە. وا دیارە بۆ ئاو یان شلەمەنی بەکار هێنراوە.

٨-دوو سەرەدەرخۆنەی شکاوی بازنەیی یەکێکیان گچکەیەو ئەوی تریان گەورەترە و هەردووکیان قوڵفیان هەیە و بۆ داپۆشینی سەری دیزە بەکار هێنراون. قوڕەکانیان پاک نییە و پاشماوەی وردەی گەچیان پێوە دیارەو بە باشی سورنەکراوەتەوە.

٩-کەرتی گۆزەیەك کە لەشێوەی شوتیدایە بنکێکی بازنەیی هەیە، درێژییەکەی ٤٠سانتیمەتر دەبێ و قوڵفەیەکی ئەستووری نیوە بازنەیی بەشی سەرەوەی بەستۆتەوە کە بە هەردوو سەرەکەیەوە پاشماوەی پەنجە لە شێوەی ٣ هێڵی درێژدا دەبینرێن، قوڕەکەی خۆڵەمێشییەو بە باشی سور کراوەتەوە، شێوەی گلێنەکە جوان و دەگمەنە.

١٠-چرایەکی قوڕینی سوورکراوە لولەیەکی پێوەیە پاشماوەی ڕەشی پێوەیە بەڵگەی بەکارهێنانیەتی لە کاتی خۆیدا بەرزی چراکە ٥ سانتیمەترەو درێژییەکەی ٨ سانتیمەترە، تیرەی دەمەکەی شکاوە کە ٦ سانتیمەترە، قوڕەکەی پاك نییەو مەیلەو سورەو بەئاگری دوکەڵ سورکراوەتەوە. لە دروسکردنیا گرنگی پێ نەدراوە.

١١-بەردێکی خڕی پانی بازنەیی تیرەکەی ١٦سانتیمەترەو پانییەکەی ٣سانتیمەترەو وا دەردەکەوێت بەسەر نۆك و نیسك و هەندێ شتی تردا برا بێت بۆ لێکردنەوەی توێکڵەکە لە ناوکەکەی.

١٢-دوو بەردی شێوە خڕ یەکێکیان گچکەو ئەوی تریان گەورەترە وا دەرئەکەون بەردی سەنگ بن.

١٣- بزمارێکی ژەنگاوی درێژییەکەی ٤ سانتیمەتر دەبێ. سەرەکەی کەمێك پانەو دەمەکەی شکاوە.

١٤- سەرە تیرێکی ژەنگاوی دەمێکی ٣ سوچی هەیەو کلکێکی درێژ، درێژییەکەی ٥ سانتیمەترەو ئەستووریەکەی ٠,٥ سانتیمەترە.

١٥-ئامێرێکی ژەنگاوی لە ئاسن دروسکراو و درێژییەکەی ١٢سانتیمەترەو دەمەکەی شێوە بازنەیی پانەو دەرئەکەوێت بۆ ئاگردان بەکار هێنرا بێت. بەشی دواوەی کلکەکەی کەمێك پانە بۆ گرتنی سودی هەیە.

**چاڵی چوارەم:**

پاشماوە دۆزراوەکانی ئەم چاڵە پێکهاتووە لە :

١-بازنێکی شوشەی لولدراوی ڕەش هەردوو سەرەکەی لە شێوەی سەری ماردان بە توێژاڵێکی سپی ڕوپۆش کراوە و پاشماوەی ژەنگی پێوە دیارە. لە تۆماری دۆزراوەکاندا ژمارە(٥٧)ی پێ دراوە.

٢-دوو بازنی ئاسن یەکێکیان دوو تەلییەو سەرەکانی لە شێوەی دووکونی گچکەدا دیارن، ئەوی تریان یەك تەلییە وسەرەکانی بە شێوەیەکی خڕ هاتوونەتەوە بە سەرێکیەوە ئەڵقەیەکی مەعدەنیهەیە.

٣-ئەڵقەیەکی ئاسنی گچکەی ژەنگدار.

٤-بازنێکی تەلباریکی مەعدەنی شکاو بەشی سەرەوەی شکاوە.

٥-موستیلەیەکی گچکەی مسی شکاوی ژەنگاوی پاشماوەی موورییەکی شین بەسەرەکەیەوە دیارە.

٦-بەشێك لە موستیلەیەکی مسی ژەنگاوی کەپێکهاتووە لە ٣ بازنەی خڕ. سەرێکی تەلەکە هاتووەتەوەو شێوەی کونێکی گچکەی دروست کردووە.

٧- ٣ مووروو، دووپاشماوەی گیانداری ئاوی کە بۆ ملوانکە بەکارهێنراون کەبۆ چاوەزار بەکار هێنراون.

٨-بزمارێکی شکاوی ژەنگدار کە لە مس دروست کراوە.

**تێبینییەکانم لەسەر پاشماوە دۆزراوەکان**

هەموو ئەو پاشماوە ئاسەوارییانەی کە لە ئەنجامی کنەو پشکنیندا لەم گردەدا دەرکەوتن ئەوە دەگەیەنن کە :

١-لە هەردوو چینی یەکەم و دووەمی ئەم گردەدا کە لەچاڵی سێیەمدا دەرکەوتن و پاشماوە ئاسەوارییەکانی بۆ چاخی ١٢-١٤ی زاینی دەگەڕێتەوە ئەوە نیشان دەدەن کە دانیشتوانەکەی خانووبەرەکانیان و ماڵەکانیان تووشی وێرانکاری و کاول کردن هاتوون بەڵگەش بۆئەمەپاشماوەی سووتاوییە کە بە خۆڵی گردەکەوە دیارە جگە لەوەش دۆزینەوەی پاشماوەی سەرەتیرو بەردی مەنجەنیق نیشانەن بۆ شەڕو کوشتار هەوەها دەرکەوتنی شکاویی بە گۆزەو گلێنەکانی ئەو دوو چینەوە نیشانەیەکی ترە بۆ زیان گەیاندن بە کەل و پەلی دانیشتوانەکەوە.

٢-لەچینی یەکەمی چاڵی سێیەمدا کۆمەڵێك گۆزەو گلێنەی کوردی هەمە جۆر شێوەو قەوارە دەرکەوتن کە تەمەنیان لە (٦-٨ )سەدە تێپەڕ ناکەن ئەمەش بەڵگەی تەمەن کورتی چینەکەیە یان نوێیی گۆزەو گلێنەکانیەتی.

٣-پاشماوەی فەخفوورییە دۆزراوەکانی ئەوە نیشان دەدەن کە دانیشتوانی گردەکە پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ شوێنە دورەکانی ناوەڕاستی عێراق و خۆرهەڵاتی ئێران هەبووە بەڵگەش بۆ ئەمە هاولێکچونێك لە نێوان ئەوفەخفوورییانە دەبینرێ کە هەیانە لەوانە دەچنەوە سەر پیشەسازی سامەڕاو هەندێکی تریشیان بە پێی نەخش و نیگارەکانیان دەچنەوە سەر پیشەسازی فەخفووری ئێرانی سەدەکانی دوایی و سەردەمی ئیسلامی یان نزیکن لێوەی.

٤- پاشماوەی دۆزراوەکانی گردی یاسین تەپە کە لە کۆمەڵێك سەبیلی شکاودا ئاماژەیان پێدەدەین کە زۆرینەیان نەخشەدارن یان بە شێوەیەکی هونەری جوان دروستکراون ئەوە نیشان دەدەن کە لە پیشەسازی ناوچەکە نین و بەکار هێنراون بۆ کێشانی حەشیشەو تلیاك یان توتن بەڵام کورتی تەمەنی توتن لە کوردستاندا کە لە ٣٠٠ساڵ تێپەڕ ناکات ئەو ڕاستیە دەردەخات کە سەبیلەکان بۆ حەشیشەو تلیاك و زیاتر بەکار هێنراون.

٥-پاشماوە سواڵەتییەکانی چاڵی سێیەم کەناسراوە بە سواڵەتی کوردی لە چینی یەکەمدا لەگەڵ هەموو ئەو پاشماوە بازنە هەمە جۆر شێوەو ڕەنگ ئەوە دەرئەخەن کە دانیشتوانەکەی زەوقی هونەرییان بەرز بووە. ئەمەش پێویستیبە لێکۆڵینەوەیەکی زیاتر هەیە لەسەر پیشەسازی ناوچەکە بنووسرێ و ئەو کارتێکردنانە ئاماژەی پێبدرێ بەسەرییەوە دیارە.

٦-لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دانیشتوانەکەی لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی فرە چیندا ژیاون.

**پەراوێزەکان:**

١-بــەپێی فــەرمانی وەزاری ژمــارە (٧٥) لە(١٩٩٩/٧/١٨) کۆمیسیۆنێك پێکـهێنرا لـەم بەرێزانەی خوارەوە بۆ کاری کنەو پشکنین لە گردی یاسین تەپەی شارەزوور:

سەرۆکی کۆمیسیۆن کەمال نووری مەعروف.

یاریدەدەری سەرۆك هاشم حەمەعەبدوڵلا.

ئەندامان نەسرین خواکـەرەم، وەفـا خـەلوق، رافـدە عـەبدوڵلا، هـەوەها سەرپەرشـتیاری هونەری عەزیز حەمە لاو.

لێرەدا سوپاسی گەورەم بۆ بەرێز هاشم حەمە عـەبدوڵلای شـوێنەوار نـاس کـە ئـەرکی نەخشەسـازی و وێنــە گرتنــی چینــە دەرکـەوتوەکانی گردەکـەی گرتـە ئەسـتۆ کـە ماندوو بونێکـی زۆری ویسـت هـەوەها رێـزی گەورەم بۆ هـەردوو شوێنەوار ناسان نەسرین خواکـەرەم و وەفـا خـەلوق کـە ئاسـەوارە دۆزراوەکانیان تۆمار کرد.

٢-تانجەرۆ: بۆ شیکردنەوەی ناوی تانجـەرۆ ژمارەیـەك بـۆ چـوون هەیـەو لـە هــەموویان زانستی‌تر ئەوەیە کە ناوەکە پێکهاتووە لە دوو برگە یەکەمیان تانج یان تاج بـە مانـای تـاج دێ، دووەمیان رود کە ووشەیەکی فارسیەو و مانـای ڕوبـار دەگرێتـەوە کـە مانـای ڕوبـاری مـیری یـان حکومـی دێـت و سـەر بـە تـاجی سوڵتان بووە لە چاخی عوسمانیدا.

٣-بۆ شیکردنەوەی ناوی شـارەزوور زۆر بـۆ چوون هەیە، بە لای منەوە ناوەکە پێکهاتووە لە دوو برگە (دور-ئاشور)و لە ئەنجامی بەکار هێناندا بووەتـە ئاشور دور یـان (ئاشـور زور) کە گۆڕاوە بۆ (شار زور) یان (شـارەزوور) کە لەسەر زمان ئاسانتر بووە.



١٠- يا سا



١١- يا. سى

رقم ( ١ )





٣ سم



٤ ك. سم



١٨- ي - اس



١٢. ي . س



١٣ - ي . س



١٩- ي . اس



١٤. ي.س



٠ کا ـ س

١٦ ک ـ س









٧ ك. سم



٨ ك. سم



٢ .



































# نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ساسانییەکان لە پەیکۆڵیدا

نووسینی: هیلمۆت هەمباخ و پرۆدس ئوسکێرڤ
تێبینی و لێکدانەوەی: پردۆس ئوسکیرڤ
گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی
محمد حمە صالح تۆفیق

**سەرنج:**

پەیکۆڵی شوێنێکە دەکەوێتە دامێنی هەردوو لووتکە چیای زەردەو گوڵانەوە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتی دەربەندیخانەوە. لێرەدا شوێنەوارێکی کۆن هەیەو خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن بتخانەکەی پەیکۆڵی و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. ئەم نووسینە باس و خواسی ئەنجامی کنەو پشکنینی چەند شوێنەوار ناسێکە لە میانەی ساڵانێکی دوورودرێژدا، لەو شوێنەدا کە بەبتخانەی پەیکۆڵی ناسراوە

وەرگێڕ

## • کارو پشکنینی بەرایی لەسەر نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی پەیکۆڵی.

ساڵی ١٨٨٤ سێرهێنری ڕۆڵنسن، Sir Henry Rawlinson، قونسوڵی بەریتانیا لە بەغدا، سەردانی شوێنەواری پەیکۆڵیی کردووە وێنەی نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی سەر ٣٢ پارچە بەردی کێشاوە، کە ٢٢ یان بەزمانی Mp و ١٠یان بە زمانی Pa[١] نووسراون(لە سەرجەمی ٢٤٠پارچە بەردی نەخشدار لە بنەڕەتدا). ىساڵی ١٨٦٨ وێنەی ئەو نەخشانە لەلایەن تۆماسەوە Thomaso وەرگێردران (بەشێوەی نووسینی زمانێك بە پیتی زمانێکی تر Transliteration– و) تێکستەکەی MP پاشان بە تێکەڵەی پیتی هەردوك Bp و Mp



تەختی شاپوور (تۆماس ١٨٦٨)

وەرگێڕدران.

تێکستەکەی Pa یش خرایە سەر نووسینی عیبری بەلام هیچ کام لەو دوو شێوازە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو نەبوو بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوە یان بەرهەمهێنانەوەی وێنەکان. ئەمانە لەبەریان نەگیرایەوەو بەبلاونەکراوەیی مانەوە تاوەکو هێرزفێلد Herzfeld وێنەی دەقاو دەقی چواریانی لە ساڵی ١٩٢٤دا بلاوکردەوەو هەمباخیش Humbach وێنەی یانزەیانی ساڵی ١٩٧٤ بلاوکردەوە.

دیارە کەرەستەکەی ڕۆلنسن بچووك و کەم بوو و بەزۆریش وێنەکانی دەستیان نەدەدا بۆ خوێندنەوەیەکی ڕوونی نەخشەکان. تۆماس وای دادەنێ کەوا:

(مانیفێستێکی ڕوون و ئاشکرای باوەڕی زەردەشتی‌یە) و دەیگێڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەردەشێری یەکەم و دەڵێ (هەرچۆنێك بێت مەحاڵە تۆماری مانیفێستۆ بنەڕەتییەکەی ئەردەشێر تەواو بووبێت پاش چوونە سەر

بەمجۆرە دەبوو شوێنەوار ناسی ئەڵمان ئێرنست هێرزفێلد Ernst Herzfeld زۆر شت لە نهێنییەکانی نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی پەیکوڵی چارەسەر بکات و بۆ ئەم مەبەستە چەند جارێك سەردانی پەیکۆڵیی کردو لە ساڵی ١٩١٤داو ڕایەکی وای دەربڕی کە دوو جۆر نەخشی هەڵکۆڵراو هەن و لە بنەڕەتدا دوولای بەرانبەری یەکیان داگیرکردووە لە پەیکەرەکەدا. یەکێکیان بە Mpئەویتر بە pa بووە.

ئەو کەرەستانەی کەوا هێرزفێلد لە سەفەرەکانی ١٩١١و ١٩١٣یدا بەدەستی هێنان یارمەتییان دا کەوا هەردوو پەیکەرەکەو نەخشەکانیان بنیات بنێتەوەو وەرگێران و سەرنجی فیلۆلۆجییان کە سەرئەنجام بڵاتەوەو ئەمانەی هەموو لە کتێبی (پەیکوڵی)، پەیکەرو نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی سەرەتای مێژووی ئیمپراتۆریتی ساسانی، بەرلین ١٩٢٤دا بڵاوکردووەتەوە



(Paikuil: Monument and Inscription of the early history of the sassanian empire, I-II, berlin 1924) بەرەچاوکردنی ئەوەی کەوا هێرزفێلد بەپێ‌لێنانی خۆی شوێنەوار ناسە نەك زمانەوان، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەم پیاوە کارێکی گەورەی ئەنجامداوە.

هێرزفێلد بەشێوەیەکی ڕاست و دروست پەیکەرەکە دەگێڕێتەوە بۆ نەرسی Narsehی کوڕی شاپووری یەکەم. هەروەها تێبینی ئەوەشی کردووە کە نەخشەکە لەسەر کێشەی میراتگریی دواوە لەپاش مردنی بەهرامی دووەم (Bahram II)[٢]، کاتێ کە گەورە پیاوانی مەملەکەت تاجی شاهانەی ئیمپراتۆرێتی ئێرانیان بەخشییە نەرسی لە جیاتی بەهرامی کوڕەزای، پاشای ساکاس و کوڕی بەهرامی دووەم. هێرزفێلد پەی بەو ڕاستییە بردووە کەوا بەهرامی شای ساکاس لەلایەن کۆمەڵێکی ترەوە پشتگیریی دەکرا کەوا بەهنامی کوڕی تاتروس ڕابەریان بوو. بە کورتی: زۆربەی بابەتی ئەم نەخشانە بەفەرمانی نەرسی نووسراونەتەوە و لەسەر جەنگی نێوان خۆی و ڤەرهانی سێیەمی شای ساکاسدا بووە.)

هێرزفێلد شیکردنەوە یان کورتەیەکی نەخشەکەی نەداوە بە دەستەوە بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە چۆن لێی تێگەیشتووە. دەقەکەی و وەرگێرانەکەی وا ڕێکنەخراون بۆ جیاکردنەوەی بەشە جۆراوجۆرەکانی نەخشەکەو بێجگە لەوەش سەرو بەرگرتنی پیت و وشەکانیشی یارمەتیدەر نەبوون. ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە لە وەرگێڕانەکەی هێرزفێلدا گرنگن ئەمانەی خوارەوەن:

١-بانگهێشت کردنی نەرسی بۆ ئەوەی ببێتە پادشا (ل ١٦-١٨)*

* ئەم لاپەڕانە لە کتێبە بەناوبانگەکەی هێرزفێلدەوە گوێزراوەتەوە (پەیکۆلی: پەیکەرو نەخشە هەڵکۆڵراوەکان ی سەرەتای

٢-نامەی نەرسی بۆ بەهرام (ل/٤٧- ٥٠)

٣- گرتنی بەهنام (ل/٥٦ -٥٩)



٤- یەکەمین پەیامی نەرسی بۆ گەورەپیاوان (ل/٦٤ -٧٣)

٥- وەڵامدانەوە لە لایەن گەورە پیاوانەوە (ل/٧٤ -٨٢)

٦- دووەمین پەیامی نەرسی بۆ گەورە پیاوان (ل/٨٣ - ٨٥)

٧- وەڵامدانەوە لەلایەن گەورە پیاوانەوە (ل/٨٦-٨٩)

٨- ناسینی نەرسی وەکو شا لەلایەن گەلێ لە سەرکردەکانی وڵاتەوە و چەند کەسێکیش لە فەرمانڕەوایان (ل/٩١ -٩٣)

---

مێژووی ئیمپراتۆرێتی ساسانی بەرلین ١٩٢٤ز وەرگێڕ

دوور لەم ڕووداوە سەرکییان وەرگێڕانەکەی هێرزفێڵد دەستنیشانی پەیوەندیی نێوان پارچە جۆراو جۆرە کورت و درێژەکانی نووسینەکان ناکات. فرە لە نووسین ە دوورو درێژەکانیش لێیان تێناگەیت یان پچڕ پچڕ وەرگێڕدراون بەهۆی نەزانین یان بەهەڵە وەرگێڕانی وشەکانەوە.

هێرزفێڵد زۆربە ی ناوە جوگرافییەکان و ناوی کەسانی بە تایبەتی لە کۆتایی نەخشەکەوە وا لێکداوەتەو ە بە گریمانەی ئەوەی شای ساکاس (بەهرام) بە درێژایی ماوەی شەڕ لەلایەن ژمارەیەکی زۆری فەرمانڕەوایانی ساکاسەوە Sakas پشتگیریی کراوە. بەڵام تیۆرییەکەی لەبارەی (مەرزە بانەکانی) ساکاسەوە (بەشی ٤٣) سەلمێنرا کە هەڵەیە.

هێنینگ W.B. Henning ئەوەی دەرخست کەوا ئەم تیۆرییەی هێرزفێڵد ڕاست نەبووەو ئەو ناوانەی کە هێرزفێڵد لێکیداونەتەوە کە هندین (یان ساکا)ن لە ڕاستیدا ناوی ئەو کەس و شوێنانەن کە دەکەونە بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرێتی ساسانییەوە (Henning 1952).

هێنینگ هەندێك لەناوەکانی دەستنیشان کردووە، بە تایبەتی گەورەی ئەندیگان Lord of undigan، کە فەرمانڕەوای ویلایەتێك بوو لە ڕۆژئاوا و هێرزفێڵد وایداناوە کە (گەورەی ئەڤانتی بێت) Lord of Avanti. هێرزفێڵد تیۆرییەکەی خۆی لە مەڕ (مەرزە بانەکانی ساکا) بەهەڵە لەسەر ئەوە بنیات ناوە کەوا Strpی پەهلەویی ئەشکانی لێبووە بە Satrap(واتە مەرزەبان - فەرمانداری ویلایەت -ی)، بەڵام هێنینگ وای



پیشان داوە کە وشەکە ناوێکی ڕاستەقینەیەو لـە نەخشـەکەی شـاپووری، یەکەمیشـدا Sabuhr 1 دووبارە بووەتەوە.

بەهـەمان شـێوە هێنینـگ درکـی بـەوەش کردووە کە نەخشەکە باس لە کۆبوونەوەیەکی نەرسـی دەکـات لەگـەڵ گـەورە پیـاواندا، هـەروەها شـوێنی کۆبوونەوەکەشـی دیـاری کـردووە لەسـەر نەخشـەکە (hdnzy n[y] dktl'y) بە شێوەی نیکاتۆر ئاواناى سریانی Awana–Niqator . ئەمـەش مەڵبـەندی ناوچەی niqator–Beth بـووە و ئەمە ناوێکە هێنینگ پەیی پێبردووە لە بنکـۆدرا Binkudrahی دواتـردا کـە دەکەوێتـە نزیـك پەیکوڵیەوە (Henning 1952).

پاشـان ئەبـێ ئـەوەش بوتـرێ کـە وشـەی (Piky = papik) دەگەڕێتەوە بۆ پەیکەرەکە خـۆی. هـێرزفێلد ئەمـەی وەك Farrak خوێندووەتەوە بەواتا (شکۆ glory)

هێنینگ لە گـەڵ ڕووەوە زانیـاریی لەسـەر نەخشـەکان بـردە پێشـەوە. ئـەو هـەوڵی پێداچوونـەوەو پـاککردن ی ئـەداوە چونکـە (کاری کەسێك زانیاریی وابەری لێدەگری کە بێ سـوودەو برێکـی زۆری ئـەو کەرەسـتانەی پێویستن دەست ناکەون))

ئەم باسـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو بلـۆك یـان پارچە بەردانەی کـەوا هێرزفێلد ساڵی ١٩٢٣ کنـەو پشـکنینی لەسـەر کـردوون و لـێرەدا بڵاوکراونەتەوە.

فـرای R.N.frye بەشـێك لـە کەرەسـتە بڵاونەکراوەکـەی هـێرزفێڵدی خسـتووەتە چەندین بابـەت و نووسـینەوە (فـرای ١٩٥٦– ١٩٧١)و زۆری لە خوێندنەوەکانی هێنینگ و گریمانـەکانی جێگـیرکردووە و گـەڵێ نـاوی جوگرافی و کەسانی داوە بەدەسـتەوە کـە لـە نەخشە هەڵکۆڵراوەکەدا هاتوون.

فـرای داکۆکـی لەسـەر ئـەوە دەکـات کـەوا دوونەخش لە گۆڕێدان، یـەکێکیان گەورەیـەو لەلای سەرەوەیەو ئەوی تریان بچووکە و لەلای خوارەوەیـەو. بچووکەکـەیان لێکدانـەوەی کورتکـراوی ئـەویترە (Frye 1971).



بڵاوکراوەکانی ئێستا ئەوە دەگەیەنن کەوا کارو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نەخشە هەڵکۆڵراوە هەر بەردەوامە.

ساڵی ١٩٥٧ بڵاوکردنەوەیەکی تر لەسەر نەخشەکە لەلایەن (Frye)ەوە ڕاگەیەنرا، بەڵام پاشتر لە (١٩٧١)دا دەڵێ: ((بە شێوەی گوشاردانی دارێک و دڵۆپ دڵۆپ ئاو لێدەرهێنانی دەتوانرێ مەسەلەی بنیاتنانەوەی‌ە پەیکۆڵی ببرێتە پێشەوە.)

بۆ پێشەوە بردنی توێژینەوەی نەخشەکە تەنها لە پاش سەفەرەکەی پۆپ V.popp لە ساڵی ١٩٧١دا بۆ پەیکۆڵی ڕەخسا. پۆپ وێنەی فۆتۆگرافی دە پارچە بەردی پێشتر بڵاونەکراوەی گرت (بێجگە لە ١,٥ پارچەکە تەنها بەهۆی وێنەکێشانی ڕۆڵنسنەوە پێیان زانرابوو)

ئەمانە لە ساڵی ١٩٧٣دا لەلایەن (Humbach و Popp)ەوە بڵاوکرانەوە. پاشان هەمباخ لە گەلەریی فریری هونەر Freer Gallery of Art لەواشنتۆن چەند وێنەیەکی بەدەستهێنا لەو کەرەستانەی لەهێرزفێڵد بەجێمابوون و هەروەها وێنەکانی ڕۆڵنسن لە کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانی Royal Geographic Society لە لەندەن و دەستی کردە ئامادەکردنی بڵاوکراوەیەکی نوێ لەسەر تەواوی نەخشەکە. ئەمە کەرەستە بڵاونەکراوەکەی هێرزفێڵدیشی گرتەوە، لەگەڵ وێنە فۆتۆگرافەکانی پۆپ و پێداچوونەوەیەکیش دەربارەی ڕێکخستن و خوێندنەوەی بلۆکە بەردەکان لەلایەن هێرزفێڵدەوە. هەمباخ درکی بەوە کرد کەوا شێوازەکەی هێرزفێڵد سەبارەت بە لێکۆڵینەوەو بڵاوکردنەوەی نەخشەکە کارێکی بەجێ‌و گونجاو نەبوو:

چونکە دەقەکە دەبێ سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە بۆ ئەوەی لەسەر دووپلێتی لەیەک چوو ئەندازەی بگیرێت، یەکێکیان باسەکەی MP بۆ ئەندازەگرتنی لەگەڵ ئەوەی Paدا بە پێچەوانەشەوە (بڕوانە Humbach 1974)

یەکەم ڕەشنووسی هەردوو دەقە لەیەک



چووەکە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن هەمباخەوە تەواوکرا، لەو کاتەدابوو کە من چوومە ناو پرۆژەکەوە.

نەخشەکەی پەیکوڵی بە پێچەوانەی نەخشەکانی تری ساسانی نووسینەکان لەسەر دیوارێك هەڵکەندراون کە لە چەندین بلۆکە بەرد پێکهاتووە. تەنها ١٢٩ لە کۆی ٢٢٠-٢٤٠ پارچە لە بنەڕەتدا دەناسرێنەوەو زۆر لەمانەش لە بارێکی خراپدان سەر لەنوێ بنیاتنانەوەی نەخشەکە وا دەخوازێ شوێنی بنەڕەتیی پارچە بەردەکان دیاری بکرێن لەگەڵ کەل و کۆمی و بۆشاییەکانداو پاشان وەرگێڕان و لێکدانەوەی تێکستەکە.

هەمباخ Humbachدەستی دایە کارێکی پڕکۆشش بۆ سەرلەنوێ پێوان و ئەندازەگرتنی سەرجەمی وێنە فۆتۆگرافییەکانی پارچە بەردەکان. لەهەمان کاتیشدا من خەریکی کارکردن بووم لەسەر وەرگێڕانی زمان. ئەمەش دەستپێکردنی توێژینەوەیەکی تەواوی دەویست بۆ ڕێزمانی هەردوو جۆرە نووسینەکە (PaوMp). ئەم بوارە لە ڕووی پراکتیکەوە دەستی لێنەدرابوو لەسەردەمی لێکۆڵینەوەکانی هێرزفێڵدەوە لە پەیکوڵی. فەرهەنگی وشەکان دەبوو لەگەڵ BPو Pa -MMPدا بەراورد بکرێت و نەبوونی قامووسی ئەو بوارە ناچاری دەکردی کەوا بگەڕێیتەوە سەر ژمارەیەکی زۆر تێکست و لیستی لێکدانەوەی وشە. ئەم گرفتانە بەدوورو درێژی لە تێبینییەکاندا Commentaryمامەڵەیان لەگەڵ کراوە.

دەبێ ئەوەش وەبیربێنینەوە کەوا لە ساڵی ١٩٧١دا پۆپ تەنها ٦٣ پارچە بەردی دۆزییەوە لەکۆی ئەو ١٢٩دانەیەی کە ناسراون. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کەوا کارێکی باش و پێویستە نێردراوێك بچێتەوە بۆ پەیکوڵی بۆ لێکۆڵینەوەو لەلایەکی تریشەوە وێنە فۆتۆگرافییەکان دەبێ ئێستا وەك کەرەستەی سەرچاوەیەکی تەواو بمێنێتەوە.

لە پەیکوڵیدا هێرزفێلد گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کەوا نەخشەکە لەو ململانێ و بەرەنگار بوونەوەیە دەدوێ کە لە نێوان نەرسی (٢٩٣-٣٠٣)کوڕە بچووکی شاپووری یەکەم (٢٤٢-٢٧٢)و وەرەهرانی سێیەمدا (٢٩٣)بەرپابووە کەشای ساکاسی و کوڕەزای گەورەی شاپووری یەکەم بووە.

مێژووی بنەماڵەی ساسانی لە دامەزراندنیەوە تا سەردەمی فەرمانڕەوایی نەرسی Narseh دەگونجێ بە کورتی بەم



شێوەیەی خوارەوە باس بکرێ:

• ئەردەشێری یەکەم Ardaxser I (٢٢٦-٢٤١)، کوڕی پابەگ شایەو ساڵی ٢٢٦ لە تیسەفۆن تاجی شاهەنشایی ئیمپراتۆرێتی لەسەر کرا

• شاپووری یەکەم Sabuhr I (٢٢٦-٢٤١)، کوڕی ئەردەشێری یەکەم، لە ٢٠ی مارتی ٢٤٢دا لە تیسەفۆن چووە سەرتەختی شاهەنشایی و نەخشێکی هەیە کە بەسێ زمان لەسەری نووسراوە (فارسی ناوەڕاست، پارسی و یۆنانی) بۆ یادگاریی هەر سێ پەلامارە گەورەکەی بۆ سەر دەوڵەتی ڕۆمان و باس لەکاروباری ئیمپراتۆرێتەکەی دەکات.

لەپاش خۆی دوان لە کوڕەکانی جێیان گرتۆتەوەو هەردوکیان ماوەیەکی کورت فەرمانڕەواییان کرد: هورمزد (ئەهورامەزد)ی یەکەم (٢٧٢-٢٧٣) وەرەهرانی یەکەم (٢٧٣-٢٧٦).

• بەهرامی دووەم (٢٧٦-٢٩٣)جێی بەهرامی یەکەم، واتە جێی باوکی گرتەوە.

بە مردنی بەهرامی دووەم، کوڕەکەی بەهرامی سێیەم، کە پاشای ساکاسی بوو، جێگەی گرتەوە، بەپێی مێژوو نووسەکانی ئیسلام. بەڵام لەپاش ماوەیەکی کەم مردو نەرسی (٢٩٣ -٣٠٣)جێگەی گرتەوە. نەخشەکەی پەیکۆڵی ئەوە دەردەخات کە چوونە سەر تەختی نەرسی لە ئەنجامی ململانێ‌و دووبەرەکیی سیاسی نێوان دوو تاقمەوە بووە، کە یەکێکیان پشتگیریی بەهرامی دەکردو ئەویتر پشتی نەرسی گرتبوو.

لەپاش نەرسی هورمزد (ئەهورەمەزد)ی دووەمی کوڕی جێی گرتەوە.

یەک بەدوای یەکتردا هاتنی شاکان لەئەردەشێر بەملاوە بەهۆی کەرەستە هاوچەرخەکانی ئیپیگرافیاوە (واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە نەخش و نیگاری هەڵکۆڵراو)

زانراوە. لە هەمووان بایەخدارتر نەخشەکانی شاپووری یەکەمە لەسەر کەعبەی زەردەشت (Kabe – ye Zardost skz)[1] ونەخشەکانی کردێـــر Kirder (KKZ, SKZ, KNRB,KNRM,KSM).

SKZ دوو لیستی ئەندامانی بنەماڵەی پادشـایی تێدایە. یەکەمیان لەبارەی دامەزراندنی ئاگرە پیرۆزو یادگارییەکانەوەیەو دووەمیان لەبارەی قوربانی بەرخ و نان و شەرابەوەیە. لابردنی ناوی وەرەهرانی شای گێلان لەیەکەم لیستدا بەڵگەی ئەوەیە کەهیچ ئاگرێك لەپاش ئەو ناو نەنراوە. تەرتیبی ناوەکان لەهەردوو لیستەکەدا دەگۆڕێن بەڵام بێ هیچ هۆیەکی دیاریکراو. بەڵام بەگشتی نەخشەکان بەڵگەی گونجاو دەخەنە ڕوو.

لەنەخشەکەدا سەرنجی ئەوە دەدرێ کەشوێن و پایەی پاشای ئەرمینیا دەگۆڕێ و گەلێ جار پایە و مەقامی لەدوای خودی شاهەنشا خۆیەوە دێت و مێژوو نووسی ئەرمەنیش ئەگاتا نیجلۆس Agatangelos ئەو شایەتییە دەدات و وابـاس دەکا کەوا پاشای ئەرمینیا بەپلەو پایەی دووەم دێت لەمەملەکەتی ئێراندا (Frye 1956). لەسەروەختی فەرمانڕەوایی شاپووری یەکەمدا دەبینین کەوا نازناوی پاشای گەورەی ئەرمینیا نەك (پاشای ئەرمینیای گەورە وەك هێنینگ لە ساڵی ١٩٥٢دا بۆی دەچوو) لەلایەن کوڕە گەورەکەیەوە، ئهورەمەزد – ئەردەشێر (ئەهورەمەزدی یەکەم) هەڵگیرابوو. لەسەروەختی هاتنە سەرتەختی نەرسیدا، ساڵی ٢٩٣ نازناوەکە زۆر باوبوو و ئەویش ئەم نازناوەی هەڵگرت و پێدەچێت لە ئەهورەمەزدی یەکەمەوە وەریگرتبێت.

نازناوی پاشای گێلان King of Gelan پێدەچێت گەیشتبێتە ئەندامێکی تری بنەماڵەی پاشایەتی لەسەردەمی چوونە سەرتەختی بەهرامی یەکەمەوە، بەڵام ئێمە هیچ تۆمارێکی ئەوەمان نیە.

میهرشای Mihrshab برای شاپووری یەکەم کە نازناوی گەورەی مێشانی هەبوو Lord of Mesan لە پارچەی (M47)ی مانییەتدا ناودەبرێ بەڵام لە SKzدا ناوی نەهاتووە، لە جیاتی ئەوە ئێمە لێرەدا شاپووری شای مێشانمان Sabuhr, King of Mesan کە لەوانەیە هاوتابێت لەگەڵ Sabuhr, the Hargbed of Npi. لە Npiدا پاشای مێشان ناوی (Adurfarrobay)ە. ئەمیش شوێن بەهرامی شای ساکاس کەوت

لەسەر وەختی شاپووری یەکەمدا، نەرسی نازناوی پاشای ساکاسی هەڵگرت، بەڵام ڕوون نیە کەوا کەی ئەم نازناوەی گۆڕیوە بۆ پاشای ئەرمینیا King of Armenia کە لە ساڵی ٢٩٣دا هەڵیگرتووە. نازناوی پاشای ساکاس پێدەچێت درابێت بە بەهرامی سێیەم لەلایەن بەهرامی دووەمی باوکیەوە لەپاش چوونە سەر تەختی. بەهرامی سێیەم. لەوەودوا لەلایەن مێژوونووسە ئیسلامەکانەوە وەك پاشای ساکاس ناوی دەهات (ساگانشاه یان گۆڕاوە بۆ شاهەنشا).

تاقە نەخشی دوورو درێژی ساسانی دۆزرابێتەوە نەخشەکەی شاپووری یەکەمە کە بەسێ زمان نووسراوەتەوەو نەخشەکەی کردێر Kirderو ئەوی پەیکولییە. نەخشەکانی شاپووری یەکەم و کردێر بە

ڕوونی نووسراون Ad maiorem* gloriam sui ئەوەی شاپووری یەکەم باس لە پەلامارە سەرکەوتووەکانی دەکات بۆ سەر سێ ئیمپراتۆری ڕۆمانی و کۆششی ئاین پەروەرانەی بۆ دروستکردنی پەرستگای ئاگر. ئەوەی کردێر باس لە کارەکانی دەکات و بۆچوونێکی ڕۆحانی کە پەیوەندیی کۆك پیشان دەدەن بەخواوەندەکانەوە.

نەخشەکەی پەیکۆلی لەوان جیاوازە و لێرە نەرسی Narseh باس لەو ڕووداوانە دەکات کە بوون بەهۆی ئەوەی بچێتە سەرتەختی شاهانەی ئێران لە ساڵی ۲۹۳داو لە کاتی مردنی بەهرامی دووەم لەو ساڵەدا. نەرسی فەرمانی داوە بە دروستکردنی پەیکەری پەیکۆلی بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنەی کە تێیدا چاوی بەگەورە پیاوانی مەملەکەت کەوتووە.

هێنینگ (۱۹۵۲)بڕوای وایە ئەوە هەمان شوێنە کەجاری شاهەنشاهێتی نەرسی تێدا دراوە بۆ ئێران. هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە کەوا نەرسی بانگی شاهەنشاهی لە پەیکۆلیدا بۆ کرابێت بەڵام نەخشەکە ئەوە دەردەخات کەوا تاج لەسەر نانی ڕاستەقینەی نەرسی دەبێ لە شوێنێکی تر بەڕێوە چووبێت. نەرسی شاهێتی قوبووڵ نەکرد تاوەکو بەهرام و بەهنام بەزین و ئەو دەمە ئیتر پەیکۆلی بەجێهێشت. لە (Npis 47)دا هەواڵی ئەوەمان دەداتێ کەوا نەرسی گەیشتووەتە (-) twn () کە شوێنێکە پێشتر نەهاتووەتە ناساندن. هەروەها لە (59)دا ئەم هەواڵە دەخوێنینەوە: (بۆ شاری بەهرام شاپوور، بۆ کۆشکی خۆمان). پێدەچێت لێرە تاجی شاهانەی کرابێتە سەر

هەردوك هێنینگ (۱۹۵۲)و فرای (۱۹۵۷)داکۆکیی لەسەر ئەوە دەکەن کەوا پەیکەرەکە بەو مانایە دروست کراوە بۆ(پاکان کردن بۆ دەست درێژی کردنە سەر تەخت و تاجی پادشایی لەلایەن نەرسیەوە) (فرای)

هێنینگ ئەوەشی خستووەتە سەر کەوا (پەیکەرێك بێت بۆ کاروباری ڕۆحانییەتی کاریگەر) بەرەچاوکردنی خاڵی دواییان من وای نابینم کە نەخشەکە هیچ کاریگەرییەکی ڕۆحانی بنوێنێ بەبێ نەرسی. مێژوونووسان لەسەر ئەو ڕایەن کەوا نەرسی فەرمانڕەوایەکی وریاو چاك و ئاین پەروەر بووە. بۆ نموونە بڕوانە (الثعالبی ل ۵۰۹) : (دواتر دەست دەکات بە بینیاتنانی حوکوومەتەکەی بەباشی پراکتیزە کردو شەونخونیی زۆری کرد لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیدا)[A]

هەروەها (الطبری ل/۵۰): (ئەو هەڵس و کەوتی زۆر هەقانی بوو بەرانبەر ئەوان (خۆپیشاندەرەکان) لە ڕۆژی دەستپێکردنی حوکوومەتەکەیدا وتی: ئێمە بەهیچ جۆرێك واز ناهێنین و سوپاسی خوا دەکەین بۆ ئەو ڕەحمەتەی پێی کردووین)[B]

من پێم وایە گوزارشەکەی نەرسی کەوا لە نەخشەکە وەرگیراوە لەگەڵ ڕاوبۆچوونی ئەم دوو دانەرەدا یەکدەگرێتەوە.

سەبارەت بەزەوتکردنی دەسەڵات لەلایەن نەرسییەوە، من وای بۆ ناچم ئەو بیروبۆچوونەی کە لە نەخشەکە وەرگیراوە لەگەڵ سەرچاوە مێژووییەکاندا ئیشارەتیان

---

* پێم وایە ئەم دەستەواژەیە لاتینییە

[A] ئەم کەوانە لە فەرەنسیەوە وەرگێردراوە –و

[B] ڕستەکانی ئەم کەوانە لە ئەڵمانییەوە وەرگێردراوە –و

کردبێت بۆ داگیرکردنی دەسەڵات لە لایەن نەرسیەوە. ڕەنگە ئەو ویستبێتی و چاوەڕوانی ئەوە بووبێت کە ببێتە شاهەنشا، بەڵام مەسەلەکە ڕوونەو ناکۆکییەکە لەنێوان دوو تاقمدا بوو بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات. تاقمێکیان بەڕابەرایەتی بەهنامی کوڕی تاتراسی، کە پاشای مێشان بوو و پشتگیریی بەهرامی پاشای ساکاسی دەکرد. تاقمەکەی تر بریتیبوون لە (گشت؟)گەورە پیاوانی دانیشتووی ئاسوورستان Asorestanو ئەندامانی بنەماڵە گەورەکان. بەرپاکەری ناکۆکییەکە بە ئاشکرا بەهنام بووە، کەوا بەهرامی پاشای ساکاسی خستووەتە سەر تەختی شاهەنشایی لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا.

لەم بارەیەوە تەماشای برگەیەکی ابن الأثیر بکە کە هێرزفێلد گواستوویەتیەوە (پەیکۆڵی ٤٣): (ئەم بیرو باوەڕەی (بەهرام) دەسەڵاتی بۆ نەرەخساند بەڵکو لەلایەن گەورە پیاوانی مەملەکەتەوە هەڵبژێردرا. ئەویش تەختی شاهانەی قوبووڵ کردو پێشتر حوکمی سیستانی لەدەستدا بوو)[C]

مێژوونووسە ئیسلامییەکان لەسەر ئەو ڕایەن کە بەهرامی سێیەم زۆر گەنج بووە کاتێ کە بووە بە شاهەنشا. بەهنام کە پشتگیریی لێکردووە کوڕی ئەو تراسە Tatrusبووە کە هەرمەتتا Harmatta(١٩٦٧)وای بۆ دەچێت هەمان Thothorsesبێت کە پاشای Pontosو Bosporosبووە. تۆبلێی مەترسیی کاریگەریی بێگانە نەبووبێت لەڕێگەی دەسەڵاتی بەهنامەوە بەسەر بەهرامی منداڵدا و ئەمەش وای کردبێت کە گەورە پیاوان نەرسی دابنێن بەشاهەنشا؟

هەرچی مەبەستی پەیکەرەکەشە پێدەچێت هێنینگ ڕاستی بۆچووبێت لەوەدا کە خزمەتی دیاریکردنی ئەو شوێنەی کردبێت کە نەرسی تێیدا چاوی بە گەورە پیاوان کەوتبێت و ئەوانیش بە شاهەنشای وڵاتیان قوبووڵ کردبێت و ملکەچیی خۆیان دەربڕیبێت.

بەڵام لێرەدا نەخشەکە وەزیفەیەکی گرنگی تری هەبووە، ئەویش تۆمارکردنی ئەو باروردۆخەی کەوا لە کێشەی چوونە سەر تەختی نەرسی ئاڵاوە. ناوەڕۆکی وتارەکان و نامەکان بەوتاردانی ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت. کەوابوو لێرەدا مەسەلەی ڕێزمانیش هاتووە ئاراوە، چونکە وتاری ناڕاستەوخۆ هەرگیز بەکارنەهاتووە لە زمانە ئێرانییەکاندا و بۆ گرنگیی زیاتر ئەمە بەتەواوی لەگەڵ مەبەستی نەرسیدا گونجاو بوو بۆ دووبارەکردنەوەی وتارو نامەکان بەشێوەیەکی دەقاو دەق. نەرسی نەیدەویست کەس هیچ گومانێك بکات لەوەی کە ڕوویدا. بۆیە لە جیاتی ئەوەی تەنها باسی ڕووداوەکان بکا کەبەرپابوون، ئەو تەواوی سەربەستی دا بە هەموو کەس کە سەرجەمی بەڵگەکان ببینن و قسەش بکەن، بەو جۆرە نەدەبوو (ڕاستی) بشێوێنرێ. بەمەدا دەردەکەوێ کە نەرسی توانایەکی چاکی دیبلۆماسیەتی پیشان داوە.

نەرسی نەخشەکەی بەکارهێنا بۆ سەلماندنی ئەوەی کەوا ئەو ناکۆکی و ئاژاوەی بەرپانەکردووە لەسەر تەختی پادشایی، بەڵکو ئەوە کاری بەهرامە کە لەلایەن بەهنامی نەگریس و شەڕخوازەوە

---

[C] ڕستەکانی ئەم کەرانە لە فەرەنسییەوە وەرگێڕدراوە —و

تەفرە دراوە بۆ نیازو مەبەستی تایبەتی خۆی، نەرسی ئەوەی باس کردووە کەوا پەیرەوی داب و نەریت کراوە لە مەسەلەی هەڵبژاردنیدا وەك فەرمانڕەوایەکی نوێ و نەخشەکەی بەکارهێناوە وەك سەلماندنێکی شەرعییەتی چوونە سەر تەختی ئیمپراتۆرێتی ئێران.

پەیکەرەکەی پەیکۆلی دەبێ لەنێوان ساڵانی ۲۹۳و ۲۹٦دا دروست کرابێت کە لەو دەمەدا شەڕێکیش لەگەڵ ڕۆماندا بەرپا بوو، هەروەها لەبارەی ئاشتی و دۆستایەتییەوە دەدوێ لەگەڵ قەیسەرو ڕۆمانەکاندا (۹۱)

## بنەماکانی چاککردنەوەی نووسینی نەخشەکان و وەرگێڕان و لێکدانەوەیان

بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی گونجاو لە تێکستێکی پارچە پارچە وپڕ لە کەل و کۆمی وەك نەخشەکەی پەیکۆلی، بە ئاشکرا دەبێ قسە لەسەر هەردوو بواری تەکنیکی و فیلۆلۆجی (زمان)بکرێت، چونکە ئەم دوو بوارە یەکتر تەواو دەکەن و تیشك دەخەنە سەر یەکتر.

لێرەدا لە ڕووە تەکنیکییەکەیەوە من مەبەستم چاك کردنەوەو بنیاتنانەوەی نەخشەکەیە وەك چۆن لە هەردوولای پەیکەرەکەوە نووسراوەتەوە. شیکردنەوەیەکی تەکنیکی وردو درشتی نەخشەکە پێویستی بەوە هەیە کەوا هەردوو نەخشەکە دووبارە دروست بکرێنەوە وەك شێوازێك بۆ:

١-پێشاندانی ئەندازەی ڕاستەقینەو تا ڕادەیەك شوێنی پارچەکانی تێکستەکە، هەردوك لەگەڵ باس و نووسراوەکانیاندا

٢- بۆ پیشاندانی حاڵەتی تێکستەی (پیتەکان دیارو ڕوونن، کەمتر دیارن، ئەو پیتانەی کە تەنها لەلایەن هێرزفێلدەوە بینراون یان تەنها لەلایەن ڕۆڵنسنەوە) ئەمە بەهۆی سەرلەنوێ دروستکردنەوەی تێکستێکی یەکلاگەرەوە جێبەجێ کراوە بۆ دووباس و گێڕانەوە لەسەر دووکۆمەڵ پلێتی (لەوحە) ناوەڕۆك هاوچەشن، وەك لە پێشەکییەکەدا باس کراوە.

٣-بۆ ئەوەی ئەو تێکستە وای لێبکرێ بخوێنرێتەوە، پێویست بوو بە تایبەتی چاك بکرێتەوە (ترمیم) و تێکستەکە وا دەربخرێت کە پێکهاتەی دیار بێت چ لە ڕووی داڕشتنەوە یان لە ڕووی ڕێزمانەوە. دیارە ئەمە هەمووی ناتوانێ لە پلێتە ناوەڕۆك و هاوچەشنەکاندا ببینی بێئەوەی باریان بکەیت بە زانیاری و بەمەش وایان لێبکەیت عەمەلی نەبن. بۆ ئەم مەبەستە من وام دانا بۆ ڕەخساندنی تێکستێکی جیاوازی چاککراو کە بکرێتە دوو بەشی گونجاوی گەورەو بچووکەوە بۆ وێنە کێشانی پێکهاتەی تێکستەکەو بۆ ئەوەی وای لێبکرێت ڕوونتر بێت و. بخوێنرێتەوە. ئەمەیان تێکستەکە بنیات دەنێتەوەو پاشان وەك بنەمایەك بەکاردێت بۆ وەرگێڕان.

٤-پاککردن و بنیاتنانەوەی هونەریی تێکستەکە پشت بە بنیاتنانەوەی تەکنیکی نەخشەکە دەبەستێت بەهۆی

بەراوردکردن خستنەسەری پاشماوەی هەردوو گێڕانەوەکەو بە پڕکردنەوەی کەلەبەر وبۆشاییەکان، پرۆسەی چاککردنەوەی بۆشاییەکان لە پێشەکییەکەدا باسکراوە. بەکورتی دەگونجێ بەمە بوترێ پێکهێنانی مەزەندەیەك بۆ ڕادەی بۆشاییەکان لەسەر بنەمای ئەو بڕگانەی دوو گێڕانەوەکە کەوا دەچنەوە سەریەك، یان بۆشاییەکان و کەل و کۆمەکان بنیات بنێتەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ بڕگە هاوچەشنەکاندا، بۆ نموونە لە ڕەچەڵەکی بنەماڵەی پاشایەتیدا یان لە لیستی گەورە پیاواندا. ئەو نادیاری و گومانە سەرەکییانەی بەستراون بەم کارەوە ئەوەیە کەوا پارچە بەردەو نبووەکان ڕەنگە بۆشایی بێ‌نەخشیان تێدا بێت (کە لە حاڵەتی بلۆکە بەردی تێکستی Paدا دەردەکەوێ)و لێرەدا دەکرێ هەندێ وشە لەم یان لەو باس و گێڕانەوەدا ون بن. بۆ نموونە (Mphyrdl c15,05) لە گێڕانەوەی Paدا ون بووە. یان ڕیزکردن و ڕێکخستنی وشەکان ڕەنگە لەدوو باس و گێڕانەوەکەدا جیابن. هەروەها دەبێ پێ لەسەر ئەوەش دابگیرێ کەوا نابێ لە بۆشاییەکدا لە ژمارەی ئەو پیتانە زیاتر پڕبکرێتەوە کە لە ژمارەی ئەو پیتانە تێپەڕن کەوانەماون و بەشێوەیەکی ئاسایی لەوە کەمتر نەبن کە لە شێوازی سەرەوەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

بواری فیلۆلۆجیی تێکستەکە بریتی‌یە لە شیکردنەوەی ڕێزمان و بەراوردکاریی (سیاق)ی نەخشە هەڵکۆڵراوەکە.

ئەو گرفت و کێشانەی پەیوەندییان بەشیکردنەوەی ڕێزمانەوە هەیە لەگەڵ شێوازدا جۆراوجۆرن. یەکەم شیکردنەوەی ڕێزمان بووە بەگرفت بەهۆی کەل و کۆمی و بۆشاییەوە، بە تایبەتی ئەوانە پێکهاتەی ڕستەکە دەشارنەوە

بۆ نموونە ئەگەر وشەو ڕستەی وانەمابن مەزەندە بکرێن چین و بەمەوداو قەبارەی بڕگەکە نەتوانرێ دیاری بکرێت. ئەم گومان ونادیاریانە هەل دەڕەخسێنن بۆ لێکدانەوەی ئەڵتەرناتێڤ کە ئیحتمالی زۆرتر یان کەمتری هەیە لەگەڵ سیاقی باسەکەدا. دووەمیان شیکردنەوەی ڕێزمان لەلایەن شێوازی ڕێزمانی تەمومژاوییەوە دەشێوێت و تێکدەچێت، کە بەزۆری لە ڕووی ئەو نادیاری و گومانانەوەیە کە لە سیستەمی ئایدیۆگرامی تەواوکەرەکانی فۆنەتیکدایە(بڕوانە پاشکۆی ل/١٣٥-١٣٩ و بابەتە چاوەڕوانگراوەکەم لەسەر ئایدیۆگرامی فرمان و سینتاکسی (اعراب) pa- insmp)، (واتە نەخشەکانی پەهلەویی ئەشکانی و فارسی ناوەڕاست —و)

شیکردنەوەی بەراوردکاریی مامەڵە لەگەڵ گەلێ کێشەدا دەکات. پێش هەموو شتێك بنیاتنانەوەو چاککردنەوەی دەبێ. لەگەڵ سیاق و دەوروبەردا بگونجێ و پێشچوونی ڕووداوەکان لە نەخشەکەدا دەبێ ئیحتمالی تێدابێت. زۆر گرنگە ئەوە ڕەچاو بکەین کەوا نابێ و ناکرێ بۆشایی یان شوێنێکی سڕاوە بە ڕووداوێکی نوێ یان ئیزافی بنیات بنرێتەوە، هەرچەندە سیاقەکە ڕەنگە دەستنیشانی ئەوە بکات کە هەندێ ڕووداو بەرپابووەو شێوازێك نیە بۆ دیاریکردنی ئەو وشە یان دەستەواژانەی کەبەکارهاتوون بۆ

باس کردنی ڕووداوەکەو بەزۆریش ناکرێ ئەوە دیاری بکرێت کە لە کوێی تێکستەکەدا ڕووداوە کە اسکراوە. بەم جۆرە ئەگەری چاککردنەوەو بنیاتنانەوە سنووری خۆی هەیە.

ئەوی دەکرێ و دەبێ بنیات بنرێتەوە ئەو بڕگەیەیە کە بەزۆری ئەگەری ئەوەی هەیە زانیاریی نوێی تێدا نەبێت و تەنها دەستەواژەی ئاسایی و دووبارە بووەوە بن، کە هەروەك بە تەواوی باون لە (Npi)دا. پەرەگرافە دووبارەکان بەزۆری لێوەرگرتن و گواستنەوەی ئەو پەیامانەن کە پرسیارو وەڵامیان تێدایە، یان باس و خواستی فەرمانەکان و جێبەجێ کردنیانن.

لە هەندێ بواردا بەڵگەی مێژوویی دەرەکی دەکرێ بەکاربهێنرێ بۆ لێکدانەوەی نەخشەکە، هەرچەندە زۆر ڕۆڵی نیە لەوەدا کە تێبگەین لەو ڕووداوە تاکانەی تێیدا باسکراون چ، جا باکگراوندی گشتییان.

سەبارەت بەلێکدانەوەی فیلۆلۆجیی نەخشە هەڵکۆڵراوەکە بەڵگەی زمانەوانیی نەخشەکانی دیکەی Mpو Pa گەورەترین بایەخیان هەیە، بەهەمان شێوەی پاشماوە ئەدەبییەکانی دیکەی Mpو Pa(وەك تێکستەکانی مانییەت، گۆرانییە ئاینییەکانی پەهلەوی و ئەدەبی پەهلەوی نامە)، هەروەها زمانە ئێرانییە کۆنەکان (فارسی کۆن و ئاڤێستا)و زمانەکانی دیکەی ئێرانی. بەراوردکردن لەنێوان کارە ئەدەبییەکاندا لەم زمانانەدا بڕێکی هێجگار سەرسامکەر دەردەخات لە ئیدیۆمی هاوبەش و پێکهاتەدا، بۆ نموونە لە تێبینییەکاندا Commentary ل/٣٩ و لە گوزارشی (هێنانی کەسێك بەدەست وپێ بەستراوی) ئیشارەتێکی بچووکە کە چۆن ئەم شێوازە هاوبەشە موحافزەکارەی ئێرانی ڕەنگە یارمەتیدەر بێت لە ڕوونکردنەوەی ئەدەبی ئێرانی کۆنتردا کەوا لەلایەن هەمباخەوە (١٩٧٥) Humbachباسکراوە لە کتێبەکەیدا Stdien zyr kotinuitat des a westichen wortgebrauchsواتا (بەردەوامبوون لە خوێندنی ئاوێستاو بەکارهێنانی)

لە تێبینییەکاندا من بەزۆری (– ins Mp Pa–Pa, MMP)وە گۆرانیی ئاینیم بەکارهێناوە، بەڵام کەمتر سەرچاوەکانی کتێبی پەهلەوی (پەهلەوی نامە)م بەکارهێناوە. من بۆ هەندێ بوار دەبوو بچمەوە سەر فەرهەنگە وشەی ° BPکە لەبەردەستدا بوون، بەڵام خۆخەریك کردن بە تێکستی Bpوە بەئاشکرا کات بەفیڕۆدانەو من وای نابینم شیاوی ئەوە بێت کە تەواوکردنی ئەم کتێبەی لەسەردوابخرێت، بۆ گەڕان بەدوای وشەی هاوواتا لە تێکستەکانی Bp دا. بێگومان شارەزایانی ئەم بوارە دەتوانن پتر کەرەستەی ڕوونکردنەوەو تەواوکەر بدەنە دەستەوە.

کێشەکانی زمان هێشتا هەر ماوێتی چارەسەربکرێن و، کێشە و گرفتی لەبن نەهاتووی لەمەر بۆشایی و کەل و کۆمی و خوێندنەوە گومان ئامێزەکان گیروگرفتێکن کەوا بەستراون بەوشە نەزانراوەکانەوە (بۆ نموونە Olkwn/wlkwn, NQSWN/nmswn,pthty,etc) یان وشەی زانراو لە سیاقێکی نائاشکرادا (بۆ نموونە .wsy,isyk,pa,snht etc) هەروەها بنیاتی ڕێزمانی ناڕوون (بۆ نموونە -)

)yhwwn zy wtly mnw prsyapysyd
(ngwdy (-) D7-8,05= 22

لــە دواییـــدا، ئەگــەری هەڵــەكان لــە تێكســتەكەدا نـابێ پشــتگوێ بخرێــت، بــۆ بەرچاوخستنی هەڵەو ناتەواویەكانی نەخشە هەڵكۆڵراوەكەی كردێر Kirder، كە هـەردوك هەڵەو كوژانەوەی وشەكان دەردەبڕن

مــن بــڕوام وایــە ئــەو میتـــۆدەی لــە بڵاوكردنـــــــەوەی Npiدا بـــــــەكارهاتووە سـوودبەخش دەبـێ بـۆ بـەش و پارچـەكانی نەخشـە هــەڵكۆڵراوەكانی kirderو knrmو KSM[٦]. ئەگەر ئەوانە لەسەر پلێتی ناوەرۆك هاوچەشن سەرلەنوێ دروستكرانەوە، گەڵ لەو كێشــەو گرفتانـــەی ماونەتــەوە دەكــرێ چارەسەربێن یـان لانـی كـەم ڕوونكردنـەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێت. بەكارهێنانی میتۆدێكی لـەو جـۆرە بـە ئاسـانی ئـەوە دەردەخـات كـە پاشماوەیەكی كەمی پیتەكان لە KNR 76 mدا كە لــە لایــەن Brunner (١٩٧٤)یــان Ginoux (١٩٧٢) لێكنەدراونەتـەوە، دەكـرێ بەم شێوەیە بخوێنرێتەوە:

(wst) (h) wt (iy yw YHWWN – Wp) (1)WN( YMNDOM) nydp (1) (m) (n…)= KSM 55= KNRb 16-17

بنیاتنانـــــەوەی تـــەكنیكی نەخشـــــە هەڵكۆڵراوەكــەی پــەیكوڵی، بـە بـڕوای مــن، ئێســـتا تـــەواوەو ئـــەو تێكســـتەی لـــەم دارشتنەوەیەدا هاتووەتە دەست لـەناوەرۆكدا بەتـــەواوی مانـــا بەخشـــە. وەرگــــێڕان و لێكدانەوەكـە چـەند بۆچـوون و گریمانەیـەكی تێدایە ڕەنگـە هـەمووی پەسـەندو جێمتمانـە نەبێت، بەڵام ستراكتووری بنەڕەتیی نەخشەكە بە تونـدو تۆڵـی دامـەزراوەو گـەڵ وردەكـاریی تێدا شیكراوەتەوە. بەڵام باس و لێكدانـەوەی فیلۆلۆجیـی تێكســـتەكە هێشـتا وەختـی زۆر دەوێ لەسەری بوەستێ.

بـەڵام مـن وای دەبینـم كـە كارەكـە سـوود بەخشتر دەبێـت ئەگـەر ئەنجامـەكانی ئێسـتا بخەینــە ئاســتێكی گشــتی و فراوانـــترەوەو بەراوردی بكەین لەگـەڵ دیـدو گۆشـە نیگـای تری ئەو پسپۆڕانەی كە دەتوانن بـەچاوێكی تازەوە بڕواننە تێكستەكە.

## سەرچاوە:

**The Sassanian Inscription of paikuli**
**By: Helmut Humbach and prods O.Skjaerv Q**
**Dr. Ludwig Reichert Verlag Wiesbaden**

## باکگراوندێکی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی پەیکوڵی
## (چەند شایەکی بنەماڵەی ساسانی بەپێی نەخشەکانی پەیکوڵی)

| SKZ Pa = GK.2<br>SKZ MP 23-24<br>= Pa 18-19= GK. 39-42 | SKZ MP 25-26<br>= Pa 20-21<br>= GK. 46 - 48 | Kirder |
|---|---|---|
| • پابەگ شا (باپیرە گەورە)<br>• ئەردەشێر شاهەنشا (باوک)<br>• شاپوور شاهەنشا (کوڕەکان)<br>• هورمزد – ئەردەشێر<br>• بزورگ شاە ئەرمنان<br>• (هورمزد I)<br>• شاپووری مێشان شاە<br>• نەرسی شا | پابەگ شا<br>ئەردەشێر شاهەنشا<br>(وی WE)[7]<br>هورمزد ئەردەشێر بزورگ<br>بەهرام گێلان شا (بەهرامی یەکەم)<br>شاپووری مێشان شاە شاە ئەرمنان | شاپوور شاهەنشا<br>هورمزد شاهەنشا شاپوورەگان<br>بەهرام شاهەنشاری وەرەهرانگان، بەهرامی دووەم) |

## پەراوێزو تێبینییەکانی وەرگێڕ

[1] ئەخشەکە پەیکۆلی بەدوو زمانی رەسمی ئەو سەردەمە نووسراوەتەوە کە پەهلەویی ئەشکانی و پەهلەوی ساسانی)ن، کە هەردوك بەشێکن لە فارسی ناوەراست ئەم دەقەی کەمن وەرم گێڕاوە وچەند لاپەرەیەکی ئەو کتێبەیە کە ناونیشانی ئەم نووسینەیە ولەبەر ئەو کتێبە فۆتۆکۆپی کراوە لە بەرلین – ئەڵمانیا، هیچ ڕوون کردنەوەیەکی تێدا نیە بۆ Pa, Mp و گەلێ کورتکراوەی تریش. من پێم وایە (pahlavi Ashkani)و Mp پێدەچێت Middle persian بێت (واتە فارسی ناوەراست) هێرزفێلد لە کتێبە گەورە دوو بەرگییەکەی (پەیکۆلی)دا بە دوورو درێژیی باسی ئەخشە ساسانییەکان دەکات وەك ئەخشی ڕۆستەم، حاجی ئاباد، رەجەب، پەیکۆلی، نیسابوور، تاقستان، ئیستەخر (پەرسیپۆلیس)/ دەربەند، کەوا بە پەهلەویی ساسانی و ئەشکانی و زمانی یۆنانی نووسراون.

[2] لەم دەقەدا لە جیاتی بەهرام، وەرەهران نووسر'وە، بەلام لە هەموو کتێبەکان و سەرچاوە مێژووییەکاندا ناوی ئیمپراتۆر یان شاکانی ساسانی هەر بە (بەهرام) هاتووە.

وەرەهران بەواتا ئاگری پەرستگاکان هاتووەو لە پەهلەویی نوێدا بووە بە (وەهران) و پێدەچێت (بەهرام) یان (وەهرام)یش لەمەوە هاتبێت.

[3] گەورە پیاوان لەسەردەمی دەوڵەتی ساسانیدا ئەمانە بون: شاهەنشا، پۆس واسپۆر (وەلی عەهد)، بوزورگ فەرمادار، دادوەر دادوەران، موبەد مووبەدان یان پیری موغان، ئێران سپاهبد (سوپا سالاری ئێران)، گەورەی بنووسان (کاتب - دبیرمهست)، هربدان هربد (واتە سەرۆکی بالای ئاتەشگاکان) کە وەکیلی پیری موغان بووە

هەروەها دەسەلاتداران بەم شێوەیەش جیاکراونەتەوە: شەهرداران (شازادەو میرانی وڵات)، بنەماڵە گەورەکان (واسپوران، گەورەپیاوان (بوزورگان)، وەجاخزادەکان (ئازادان)

[4] کەعبەی زەردەشت، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەخامەنشیەکان و لە ئەخشی ڕۆستەمە لە ئەهواز

[5] Bpبرۆکۆپ Brocop

[6] دەقەکە لە چەند شوێنێکدا ئەم هێمایانەی تێدایە و ڕەنگە لە شوێنێکی کتێبەکەدا ڕوون کرابێتەوە کەچی دەگەیەنن،

بەلام لەبەر ئەوەی کتێبەکە لەبەردەستدا نیەو تەنها چەند لاپەرەیەکی فۆتۆکۆپی لە ئەڵمانیاوە گەیشتووە، بۆم ساغ نەبووەوە واتای چی دەگەیەنن.

- سەرنج/ چەند بڕگەیەك لەم دەقەدایە کە بە فەرەنسی یان ئەڵمانی هاتوون، ئێمەش بە یارمەتی دۆست و برادەری فەرەنسی و ئەڵمانی زان کردوومانە بە کوردی (زۆر سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم). داوای لێبووردن دەکەین ئەگەر تەرجەمەکە زۆر ڕوون نەبێت چونکە تەنها وەك بڕگە چووەتە بەردەستی ئەو برادەرانەو تەواوی تێکستەکەیان لەلا نەبووە. هەندێ ڕستەش بە لاتینی بوو و پێمان نەکرا بەکوردی.

[7] وی یان ویە- ئەردەشێر ڕەنگە بەزمانی پەهلەوی مانای (ئەردەشێری پیاو چاك) بگەیەنێ. بەلام نۆلدکە (١٩٠٢) وای بۆدەچێت کە (بێت - ئەردەشێن)بێ بەئارامی

- **تێبینی/**
- زانیاریی سەرنج و پەراوێزەکانی وەرگێڕ لە کتێبی (إيران في عهد الساسانيين)وەرگیراوە کەوا ئارثەر کریستنسن بە فەرەنسی داینـاوە سالی/١٩٣٦ ويحى الخشاب کردوویەتی بە عەربی

# کنەو پشکنینی گۆڕو گۆڕستانەکان

و/ دەروون عومەر

کنەو پشکنین لە گۆڕستانەکاندا بە پلەی یەکەم بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیارییە دەربارەی داب و نەریتی مردوو ناشتن و سەرژمێرێك دەربارەی دانیشتوانی کۆمەڵگا، یا بەدەست هێنانی قاپ و قاچاخ، چەك و ئامێری کارپێکردن لەسەردەمێکی دیاریکراودا.

چاکترین شێوە بۆ کنەو پشکنینو هەڵکەندنەوە لە گۆڕستاندا شێوەی چوارخانەیە، بەم شێوەیە دەتوانرێ شوێنەوارناس بگاتە ئەو زانیارییە کە ئایا گۆڕستانەکە هی یەك سەردەمە یا هی چەند سەردەمێکە، لەبەرچاوگرتنی چینەکانی گۆڕستانەکەش مەبەستێکی گرنگی ترە کە شوێنەوارناس پێویستە بەدرێژایی کارکردنیان لە گۆڕستانەکەدا لەبەرچاوی بێ، تا بەهۆیەوە بتوانێ تەمەنی مردووەکە واتا کۆنی و تازەیی بەدەست بهێنێ.

کنەو پشکنینی گۆڕستانەکان و خاکوخۆڵ لادان لەسەر ئێسك و پروسکی مردووەکە کارێکی زۆر وردە و شوێنەوارناس سەرقاڵ ئەکاو کارە کە پێویستی بەلەسەرخۆیی، وردی ، و کاتێکی زۆرە. ئەو خاکو خۆڵ هەڵدانەوەیە بە تایبەتی لە کاتێکدا لەگەڵ مردووەکە هەندێ خشڵ و جلوبەرگ و وردە بابەتی ڕۆژانەی سەردەمی ژیانی مردووەکەو لەهەندێ حاڵەتیشدا چەك، خرابێتە ناو گۆڕەکەیەوە، ئەمەش کارێکی قورس و گرانە، بە تایبەتی ئەگەر ئێسقانی مردووەکە ڕزیو بێو لەبارێکی خرابدا بێ. مردوو ناشتن بەشێوەی ئاسایی لە چاڵێکی ساکارو سادە لەناو تابووتێکدا، یا جێگایەکی بەبەرد هەڵچنراودا بووە، ئەوەش کە زۆر باوبووە بە تایبەتی لەسەردەمەکانی پێش مێژوودا چاڵێکی ئاسایی بە قووڵاییەکی کەم بووە.

دۆزینەوەی گۆڕێکی ئاسایی بە نیشانەکانی سەر گۆڕەکەدا، وەك کێلی گۆڕەکە، یاکووپەیەك کە ئێسقانی مردووەکەی تێخراوە، شتێکی ئاسانەو لەهەر کۆمەڵە بەردێکی تر جیا ئەکرێتەوە، بەڵام دۆزینەوەی کۆمەڵێك گۆڕ کە لە تەختی ژوورەکاندا هەڵکەنراون، وەك باو بووە لای کۆمەڵگای پێش مێژوو، ئەمە کارێکی قورس و گرانەو شوێنەوار ناسی کەم ئەزموون، کاتێ ئەزانێ کە لە هەڵکەندندا لەژێر زەوییەکەدا بەرچاوی ئەکەوێ، چونکە هیچ نیشانەیەك بۆ ئەم جۆرە

گۆڕانـە دانـەنراوە لەسـەر زەوییەکـەو وەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، هۆی سەرەکی لـە دۆزینەوەی ئەم جۆرە گۆڕانەدا، بەکارهێنانی شێوەیەکی ڕاست و زانستییانەیە لـە کـاری کنـەو پشـکنین و هەڵدانـەوەی زەوییەکـەدا، هەروەها ئەزموونی تەواوی شوێنەوارناس لە جیاکردنەوەی ڕەنگ و بۆنی خاك و خۆڵی ناو گۆڕەکە لە خاکو خۆڵی دەوروبەرەکەی

بۆ ئەوەی شوێنەوارناس خۆی دووربگرێ لـە بەهەڵـەدا چوون، لـە سـەرەتادا پێویسـتە بـەهۆی لێکۆڵینـەوەو وردبوونـەوە لـەو کەلوپەلانەی کە لەگەڵ مردووەکەدا خراونەتە گۆڕەکەوە بەتایبەت گۆزەو سواڵەت، هەروەها چینـی زەوییەکـەو سـەردەمەکەیەوە دیـاری بکـات، بـەڵام ئەگـەر گۆڕەکـە هیـچ کـام لەوشـتانەی تیانـەبوو، یـا جـۆرە شـتێکی وانەبوون کە بەهۆیانەوە شوێنەوارناس بکاتە ئـەنجامێك، ئـەوا لـەم حاڵەتـەدا تاکـە ڕێگـا دۆزینـەوەی قووڵایـی گۆڕەکـانی تـرە لەگـەڵ لێکۆڵینـــەوەی ڕاپۆرتـــەکانی تـــری هەڵکەندنـەکانی شوێنەوارناسـی و لەسـەر بنـەمای ئـەو بـەراوردکردنی ئـەو چینەیـە کـە گۆڕەکـانی تیـا هەڵکـەنراوە، ئـەویش بـەو مەرجەی کە ئەوەی هاتووەتە دەست لە نێوان دووچینەکەدا نەبێ. چونکە ئەگـەراوبێ ئـەوا گۆڕەکە بە گومانەوە ئەدرێتە پاڵ هەرکام لەو دووچینە.

ڕووبـەری هەڵکـەندنی گۆڕێکـی ئاسـایی، دەبێ فراوانترو پانتر بێ لە ڕووبەری گۆڕەکە خۆی، بۆ ئەوەی شوێنەوار ناس مەودایـەکی تـەواوی لەبەردەسـتدا بـێ بـۆ کـارکردن و جوڵانـەوە لەدەوروبـەری ئێسـك و پروسـکی مردووەکـەو ئـەو کەلوپەلانـەی لەگـەڵیدا خراونەتـە گۆڕەکـەوەو ئـەو شـوێنەوار ناسـە بتوانـێ وێنـەی بگـرێ و نەخشـی بکێشـێ و ئێسـقانەکانیش پـارێزراوبن و ئەگـەر بـە پێویسـتیش زانـرا ئامـادەبکرێ بـۆ ئـەوەی بگوێزرێتەوە بۆ مۆزەخانە.

لەبەرئـەوەی کـە خـاکوخۆڵی گـۆڕ نـەرمترە لـەخاکو خۆڵـی دەوروبەرەکـەی، پێویسـتە تـا ئەتوانرێ لەبری پاچ سوود لە بێڵ و کەمچە وەربگیرێ پاش ئەوەی کە هەندێ نیشانە لە ئێسقانی مردووەکەو ئەو شتانەی خراونەتە گۆڕ لەگەڵیدا دەرکەوتن، یەکەمجار دەبێ تەنیا خـاکوخۆڵی دەوروبـەری گۆڕەکـە لابدرێـت تـا تەختی بنی گۆڕەکەو پاش ئـەوە لەسـەرخۆو بەوردی و بەهۆی چـەند ئـامێرێکی بچوکـەوە وەك کەمچـــەو درەوش و چـــەقۆ، فڵچـــە دەسبکرێ بە پاك کردنـەوەی شـتەکانی نـاو گۆڕەکـە. شـێوەیەکی تـری پـاك کردنـەوەی ئێسـکەکان ئەوەیـە کـە پـەمپێکی لاسـتیکی بچوکی دەستی بۆرییەکی بارێکی پێوە ئەکرێ و گوشار ئەخرێتە سەر پەمپەکـە بەدەسـت و لەسـەری لولەکـەوە هـەوا یـەك دەرئـەچێ و خۆڵەکە لە ئێسقانەکە ئەکاتەوە، ئەم شێوە لەو شـوێنەدا بەکارئـەهێنرێ کـە ئەگـەر فڵچـە یـا شتێکی تری ڕەق بەکار بهێنرێت دوور نیە کە هـەندێ لـە ئێسـقانەکان، یـا پارچەیـەك لـە خشڵەکان لـە جێگـای خـۆی بـترازێ و لەیـەك جیاببنەوە.

یەکەم پارچەیـەك لـە ئێسـقانی مـردوو کـە دەرئەکـەوێت کەللەسـەر یـا یـەکێك لـە ئێسقانەکانی دەستی مردووەکەیە، پاش ئەو دووانە بڕبـڕەی پشـت و پەراسـوو و قـاچ و پەنجـەکانی دەسـت و پـێیـە، ئـەم جـۆرە هەڵکەندنی گۆڕانە ئەبێ لەلای بەرزییەوە بۆ

لای نزم دەست پێبکات، چونکە ئەگەر لەلای نزمییەوە دەست بکرێ بە هەڵکەندن و لادانی خاك و خۆڵەکە، ئەوا کە گەیشتیتە لای بەرزاییەکەی خاکو خۆڵەکەی سەرەوە ئەکرێتەوە بەسەر ئەو بەشەی خوارەوە کە پاککراوەتەوەو شوێنەوار ناسەکە ناچار ئەبێ جارێکی تر لای خوارەوە پاك بکاتەوە ئەمەش ئەبێتە هۆی لەناوچوونی هەندێ لە ئێسقانەکان بەتایبەتی ئەگەر ڕزیو بن.

جیاوازی لە نێوان گۆڕهەڵکەندنێکی زانستیانەو وردو گۆڕ هەڵدانەوەیەکی ناشیانەو نەزانانەدا، لەوەدایە کە پشکنەر وردو لەسەر خۆ بێت، لە جێبەجێکردنی ئێسقانەکان و، هەروا ئەو شتانەی کە لە گەڵ مردووەکەدا نێژراون و بە شێوەیەکی وا بهێڵرێنەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی لەسەر بکرێ و وێنەو نەخشی کەلوپەلەکان ئامادە بکرێن.

ئەو گۆڕەی کە لە کنەو پشکنینەکەی شوێنەواری گودین تەپەدا هەڵکەنراوە نموونەیەکی جوان و پاکی هەڵکەندنی گۆڕ ئەخاتە پێش چاو، کە لەو گۆڕەدا هیچ ئێسقانێك یا شتێکی تر لە جێی خۆیدا نەجووڵاوە (وێنەکەی یەکەمی سەرەتای بابەتی پێشوو)

هەر بەو شێوەیە ئەو هەڵکەندنانەی لە گۆڕستانی مارلیکدا ئەنجام دراوە نموونەیەکی ناشییانەو بێ سەرو بەرە لە هەڵکەندنی گۆڕدا، بە تایبەتی لەوێنەی دووسێی سەرەتای بابەتی پێشوودا، کە زیاتر لەوە ئەچێ یەکێك بەدوای ئەنتیکەدا بگەڕێ، نەك شوێنەوار ناسێك بە مەبەستی زانستییانەو شوێنەوار ناسییانە گۆڕێك هەڵبداتەوە لەم دوو وێنەیەدا ئەو شوێنانەی کە هەڵکەنراون وەك چاڵهەڵکەندنێکە لەلایەن کەسانێکەوە کە بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەنتیکەیەك ئەنجامدراوەو ئەو شتانەی کەبەرچاویان کەوتووە یەکسەر لە گۆڕەکەوە بۆ ناو کارتۆنێك گوازراوەتەوە.

زۆر جار وارێك ئەکەوێ ئێسقانی ناو گۆڕەکە تا رادەیەکی زۆر رزیوو نەرم بوونەتەوە، لەم حاڵەتەدا خاکوخۆڵ لابردن لەسەر ئێسقانەکانو پاککردنەوەیان ئەبێ زۆر لەسەرخۆ ئەنجامبدرێ. پاش دەرکەوتنی بەشێك لە ئێسقانەکان ئەبێ کەمێك لێی ڕاوەستێ تا شێ و تەڕی ئێسقانەکە وشك دەبێتەوە. بەڵام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بی کە راستەوخۆ هەتاوی بەرنەکەوێت بەتایبەتی لە ڕۆژی گەرمی هاویندا، پاش ئەوەی کە وشك بوویەوە، بە فڵچەیەکی باریك بەمادەی کیمیایی (پولی ئیپیل) تەڕی ئەکەی، ئەگەر ڕزیوی و نەرمی ئێسقانەکە بە ڕادەیەك زۆر بوو ئەوا ئەتوانی دووپاسێ جار بە فڵچەکە بیهێنیتەوە بەسەریاو ئەنجا دەسبکەیت بە لابردنی خاکو خۆڵ لە سەر ئێسقانێکی تر، بەم جۆرە ڕادەی زیان گەیشتن بە ئێسقانەکان زۆر کەم ئەبێتەوەو ئەگەر پێویستیش بوو ئەتوانی بیگوێزیتەوە بۆ مۆزەخانە یا تاقیگا.

دیارە ئەوەش ئەبێ بزانین کە لە هەڵکەندنی گۆڕستانێکدا پێویست ناکا هەموو ئێسقانەکان بەو مادە کیمیاییە بەهێز بکرێن، تەنیا چەند نموونەیەك لەو ئێسقانانە بە گوێرەی بۆچوونی شوێنەوار ناسەکە بۆ ئەو مەبەستە دیاری ئەکرێن و بەهێز ئەکرێن.

پاش لێبوونەوە لەکاری هەڵکەندن و کنەو پشکنین و پێش ئەوەی ئێسقانەکان یا

شتەکانی تر جێگۆڕکییان پێبکرێ، پێویستە وێنەو نەخشەی جۆراو جۆرو فیلم وەرگرتن لە هەموو شوێنەکە یا بەشێکی ئامادەبکرێ و فایلێکی بۆ ئامادەبکرێ تیایدا تایبەتمەندی گۆڕەکە، ناوی ناوچەکە، چینی زەوییەکە، ژمارەی گۆڕەکەو مێژووی کارکردنەکەی تێدا بنووسرێت.

ئەگەر بە پێویست زانرا ئێسقانەکان بگوێزرێتەوە بۆ مۆزەخانە یا تاقیگا ئەبێ ئێسقانەکان یە کە یەکە ژمارەیان لەسەر دابنرێت و نەخشەیەکی ڕێکوپێکی بۆ بکێشرێت و شوێنی پارچە ئێسقانەکانی تیا دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕێکخستنەوەی ئێسقانەکاندا تووشی گرفت نەبین.

شێوەیەکی تر بۆ گواستنەوەی گۆڕێك لە گۆڕستانێکەوە بۆ تاقیگاو ئەنجا لێکۆڵینەوەی، گواستنەوەی تەواوی گۆڕەکەیە. بۆ ئەنجام دانی ئەم مەبەستە سەرەتا بە شێوەیەکی تەواو گۆڕەکە هەڵئەکەنرێ و ئەخرێتە ڕوو، پاشان هەر چوار لاکەی هەڵ ئەکەنرێ بەشێوەیەك گۆڕەکە وەك سەکۆی لێ دێ و نزیکەی بیست سانتیمەتر لە چاڵەکەی دەوربەری بەرزتربێت. پاش ئەوەی قاڵبێکی دارو چوارچێوەیەك ئامادە دەکرێ بە ئەندازەی سەکۆی گۆڕەکە، قاڵبەکەش ئەبێ بەرزتر بێ لە سەکۆکە، بۆ ئەوەی لە کاتی بارکردن و گواستنەوەیدا، ڕێگر بێ لە کەوتنە خوارەوەی ئەو پارچانەی کە دوورنیە لەگەڵ مردووەکەدا خرابێتە ناوگۆڕەکەوە. پاشان پلیتێکی ستیل یا ئاسنی سپی بە ئەندازەی چوارچێوەکەو ئەنجا دەس ئەکەن بە بڕینەوەی گۆڕەکە لە ژێرەوە تا لە زەوییەکە جیا ئەبێتەوەو بەیەکپارچەیی ئەخرێتە ناو قاڵبەکەوە

پێش ئەوەی دەسبکرێ بە گواستنەوەی گۆڕەکە بۆ مۆزەخانە یا بۆ تاقیگا یا پێشانگا، پێویستە ئێسقان و شتەکان بەڕێکوپێکی قایم بکرێن تا ئێسقانەکان نەجوڵێن و لەیەك جیانەبنەوە. ئەشتوانرێ بەهۆی سواغدانی ئێسقانەکانەوە بەمادەیەکی کیمیایی، یا بلیتێکی پلاستیك بکێشرێ بەسەریانداو بەچەند بزمارێك دابکوترێت بە چوار چێوەکەدا، دڵنیا بێت لەوەی کە لە ماوەی گواستنەوەدا شتەکان هەموو بێ زیان ئەبن.

بۆ جێگیرکردنی ئەو ئێسقانانەی کە نەرم و بەرەو پووکانەوە دەچن، چەند ڕێگایەکی تر هەیە، یەکێکیان بریتیە لەوەی هەموو ئێسقانەکان لەگەڵ خاك و خۆڵی ژێریاندا تێکەڵ بکرێن لەگەڵ پارافینی وشك تێکەڵاو کراو لەگەڵ بەنزیندا بۆ تاقە گۆڕێکی یەك کەسی، دووکیلۆ پارافین لەگەڵ بیست لتر بەنزیندا بەسە، بەڵام پێش ئەوەی ئەم کارە ئەنجام بدرێ، ئەبێ ئێسقانەکان بەتەواوی وشك بن، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەوە ئەنجامێکی باشی نابێ.

شێوەیەکی تر بۆ جێگیرکردنی ئێسقانەکان لەکاتی بارکردن و گوێزانەوەیئێسك و پروسکدا دا، شێوەی لە قاڵبدانە بۆ ئەنجامدانی ئەم شێوەیە لە سەرەتادا، بڕێکی باش کاغەزی ڕۆنامە دەهێنرێت و ورد دەکرێت

پاشان پارچەکاغەزەکان لە قاپێکدا تەڕ دەکرێن و ئەنجا بەو کاغەزە تەڕکراوە هەموو ئێسقانەکان دائەپۆشرێن، پاشان بە پارچە شاش یا خامێکی تەنك کە لە جبس




ش.6



ش.7

/ ٣٩ /

هەڵکێشراوە، کاغەزەکان دائەپۆشرێن و بە پەنجەی دەست وردە وردە دەستی پیا ئەهێنرێت و ڕێك ئەکرێت و گوشار ئەخرێتە سەری تا وەك قاڵبی لێدێت، ئیتر ڕێگا نادا کە ئێسقانەکان زیانیان پێبگات و لەیەك بترازێن، لەلایەکی ترەوە پارچە کاغەزەکان ناهێڵن گەچەکە بنووسێ و بلکێ بە ئێسقان یا شتەکانی ترەوە، دوای گواستنەوەش کاغەزو گەچەکە بە ئاسانی ئەتوانرێ لە ئێسقانەکان بکرێتەوە.

لە ڕاستیدا مەسەلەی گواستنەوەی شت و مەکی ناو گۆڕێك یا کۆمەڵێ، ئێسك و پروسك بۆ مۆزەخانەیەك، کاری کەسانێکی شارەزاو تایبەتمەندی مۆزەخانەکانە. ئەرکی سەرەکی شوێنەوار ناسان لەم گواستنەوەدا پاراستنی ئێسقان و شتەکانی ترە کە بەهۆی کەش و هەواوە تێك ئەچن، هەروەها ئامادەکردنی ڕاپۆرتی وردە لەسەر یەکە یەکەی ئەو شتانەی لە ناو گۆڕەکەدا دۆزراونەتەوەو دانانیان لە شوێنی تایبەتی خۆیاندا، ئامادەکردنی وێنەو نەخشە و ڕەسم و سلاید و هەر کارێکی تر کە سوودی هەبێ لە تاقیگەدا.

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە گواستنەوەی ئێسقان یا گۆڕێك تەنیا لە کاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە لەباری لێکۆڵینەوەوە لە تاقیگادا گرنگییەکی تایبەتی هەبێت، یا بۆ ئەوە بێ کە لە مۆزەخانەدا بخرێتە پێش چاوی خەڵك.

ئەم بابەتە بەشی کۆتایی نوسینێکی (د.یوسف مەجید زادە) بەناوی شێوەی کنەو پشکنین لە بواری کۆنناسیدا، کە لە ژمارەی (١٥)ی ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوی کردووەتەوە

# چیرۆکی ۳٥٠٠ساڵەی تەمەنی ئێران

گۆڕینی
زەردەشت کەمال

## بەشی یەکەم

کاتێك باسی مێژووی رامیاری ئێران دەکەین و دەچینە ناو جوگرافیای مێژووییەوە ناچار دەبین باسی سنووری ئێستای بکەین.. ئەو سنوورەی کە ڕوداوی سیاسی و عەسکەری بۆی جێهێشتین کە ئەو وڵاتە لە ماوەی ئەم دووچاخەی دوایی تووشی هات. لێرەدا ناچار دەبین کە باسەکەمان هەمو ئەو وڵاتە گەورەیە بگرێتەوە کە پێی دەڵێن بەرزاییەکانی ئێران. بەرزاییەکانی ئێران یان بە جۆرێکی تر بڵێین بانەکانی ئێران یەکێکە لەو بەرزاییانەی ئاسیای گەورە کە هەمو لایەکی گرتۆتەوە. لە باشوورەوە دەریای فارس و دەریای عومان هاوسنووریەتی. دەریای فارس ناوێکی ترە لە ناوەکانی کەنداوی عەرەبی، یاقوت ئەم ناوەی لەسەر ناوە. بەڵام بەرزاییەکانی باکووری دەریای مازندەران و حەوزی روباری (کورا) و بیابانی خوارزم هاوسنووریەتی.

بیابانی خوارزم بەو بەرزاییە دەوترێ کە بەلای بەشی رۆژهەڵاتیا دەڕوات هاوسنووری (مەڕو)یە هەتاکو دەگاتەوە بە (جەیحون) ، هەروەها بەشی باشووریشی هاوسنووری (باورد) و (نسا) و (فرا) و (دهستان) و دەریای (خزران)ە هەتاکو دەگاتە سنووری (ئاتل). لە ڕۆژئاوای ئەم بانەوە روباری (ئاتل) دەڕوات بەڵام روباری (جەیحون) و دەریای (خوارزم) لە باکووریەوە دەڕۆن، هەروەها سنووری (غوز) درێژبۆتەوە هەتاکو سنووری بوڵغار

ئەم بیابانە ناوی (مەفازەی غەزی) یان (مەفازەی خوارزم) یان بیابانی تورکمانی لێنراوە، بۆ ئەو ناولێنانەی دواییش دەڵێن کە (غەز) یان (غەزی) بەمانای تورکمان دێ.

لە ڕۆژ ئاوایەوە ئەم بانە ریزە شاخەکانی زاگرۆس هاوسنووریەتی کە لە باکووری خۆرئاوایەوە درێژ بۆتەوە هەتا باشووری خۆرهەڵاتیی و ناوچەی (ئەڵوەندرود). بەڵام سنووری لەخۆرهەڵاتەوە شاخەکانی دۆڵی (سەند)ی خۆرئاواو دامێنی شاخەکانی

(بـــامێن) ی خۆرئـــاواو ناوچـــەی روبـــاری (جەیحون) گرتوویەتەوە.

پێوانـــەی ئـــەم بەرزاییـــە گەورەیـــە بـــە (٢٦٠)هـەزار کیلۆمـەتری چوارگۆشـە مـەزندە دەکرێ. لە کۆنەوە ئەم وڵاتە گەورەیە زمانی جیاجیای تیایـە کـە کولتورێـك بەیەکیانـەوە دەبەستێ. ئـەو زمانـە جیاجیایانـە لـێرەن بـە هـەموویان زمانی ئێرانی گـەورە پێکدەهێنـن، ئەو کولتورەش کولتورەکەیەتی.

لـە دۆڵـەکانی ئـەم وڵاتـەو زەوییـە بـە پیتوفـەرەکانیدا کۆچـی ئێرانییـەکان بـۆی دەسـتی پێکـرد کـە مرۆڤـەکانی بـۆ زۆر لـە ڕەگـەزو توخـم دەگەڕێنـەوە کـە لـە چینـی شارستانییە تیانا هاوشـێوەن... بـەڵام ئێمـە زانیـاری زۆرمـان لەسـەریان نییـە. لـە ڕێگـای کنەو پشکنینەوە کە لەبەرزاییـەکانی ئـێراندا کـراوە زانیـاری زۆرمـان دەسـکەوتووە لـەم چاخـەی دواییـدا لـەو رووەوە کەبـەردەوام لـە زیاتردایەو بەرەوتەواوێتی دەڕوات.

ئـەوەی دەتوانـین لـەم کنـەو پشـکنینەدا هـەڵیبگۆزین ئەوەیـە کـە هـەندێك لـەو گەلانـە لەشـارو گوندەکـاندا دانیشـتوون، کاسـەو کەوچکی مەعدەنییان دروسکردوەو زانیویانە مردووەکانیـان بنێـژن لەگـەڵ بـەخێوکردنی ئاژەڵـەکانیان جگـە لـە شـێوازی ژیـانی شارستانییان و پێویستیەکانیان کە دەتوانین بڵێین شارستانێتی هـەندێك لەوانە بـۆ چـوار هـەزار سـاڵ پێش زایـین دەگەڕێتـەوە. لـەو عەشرەتانەی کە لەم وڵاتەدا دانیشتوون پێش کۆچـی ئارییـەکان عەشـرەتێکە بـۆ ڕەگـەزی کاشی دەگەڕێتەوە. ئەم عەشرەتە لـە شـوێنە شـاخاویەکانی زاگـرۆس دەژیـن. توانییـان دەستبەسەر بابل دا بگـرن و فـەرمان ڕەوا بن لەسـەرەتای چـاخی هـەژدەی پێـش زایـن هـەتاکو ١١٧١ پێـش زایـین، هـەروەها میتانییـەکان بـەمانا گـەلی میتـانی کـە لـ کوردسـتانی عـێراق دانیشـتوون هـەروەها عیلامییەکان کە دەرکەوتوترینی ئەم گەلانەن لـە (ئـەنزان) و (شـوش) فـەرمان ڕەوایـەتییان کردووەو دەسەڵاتیان هـەندێ جار گەیشتۆن سنووری بابل.

ئـەو گەلـە لـە ڕەگـەزێکن خەڵکەکـەی بڵاوبونەتەوە بەدرێژایی زاگرۆس هەروەها ئەو دۆڵانەی ئەکەونە باکوورو باشووریەوە.

ئەو گەل و ڕەگەزانەی تر کە لە ناوەراست و باکووری ئێراندادا دەنیشن شارستانییەتی هـەندێکیان نمونـە بـۆ ئەمـە دانیشـتوانی بەرزاییەکانی سیالك کاشان شارستانییەتێك پێویستی بە تێڕوانین هەیە.

لـە ناوەڕاسـتی هـەزارەی دووەمـی پێـش زایین تایەفەیەکی تر لە ڕەگـەزی سپی ڕێگای خۆیان کردەوە بۆ ناو بەرزاییـەکانی ئێران کە بـۆ ئەمـە ڕێگـای (جـەیحون) و شـاخەکانی (قەوقاز) یان بڕی.

بەو جۆرە ژمارەیەك عەشـرەت هاتنـە نار وڵاتەکـە کـە بەهـەمویان لقێـك لـە لقـەکانی ڕەگـەزی سـپی یـان لـە هینـدو ئـەوروپی دامـەزراند کـە بارەگایـەکی سـەرەکییان هـەبو دەکەوێتـە نێـوان هیندسـتان و ڕۆخـی ئۆقیانوسی ئەتلەسی لە ئەوروپا کە لە گەڵیا دورگەکانی بەریتانیای گەورە هەبو.

ئەوەی لەبارەی ئەو عەشرەتانەوە دەزانرێ ئەوەیە لە براکانیان لەڕەگەزجیابوونەوە پێش لـەدایك بونـی حـەزرەتی مەسـیح بـە

(٣٠٠٠)هەزار ساڵ.. کۆنترین سەردەمی دانراوی ئەدەبی کە هەتا ئێستا لەبەردەستماندایەو بۆ ئەو کۆمەڵە دەگەڕێتەوە، مەبەستمان لەبەشەکانی (فدا)ی کۆنە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زایینە.

بەو لقە کەناومان بردن پێیان دەڵێن ئاریا (ئاری) ئەمانەش دابەش دەبن بە (٣)تایەفەوە: هیندو ئێرانییەکان و سکا.

ئەم عەشرەتە کۆچەرانەی هاتوون بە بیابانەکەدا دەگەڕێن و ئاژەڵەکانیان دەلەوەڕێنن، حاڵی ئەمانەش وەکو غەیری خۆیان لە دانیشتوانی بیابان سەرکەوتوون لەسوار چاکیی و تیراندازیدا. لە دواییدا وایان لێهات هەموویان پێکەوە بژین لە شوێنێك لە شوێنەکان لە ئاسیای ناوەڕاست.. درێژبۆتەوە کە قەدپاڵەکانی بەرزایی پامێرو دۆڵی ئامۆیەو خەجیسن ی گرتۆتەوە.

لێکۆڵەرەوەکان لە بارەی نیشتمانی یەکەمی ئارییەکانەوە جیاوازییان هەیە لە بارەی نیشتمانی یەکەمی ئارییەکان بە مانا لقی هیندو ئەوروپییەکان کە کۆچیان کرد بۆ ئاسیای ناوەڕاست.. هەندێکیان دەڵێن دەکەوێتە ناوەڕاستی دۆڵی ڕوباری (سەیحون) و (جەیحون) و _خەجیین). هەندێکی تریان دەڵێن قەدپاڵی بەرزاییەکانی (پامێر) و سەرچاوەکانی دووڕوبارە گەورە پیرۆزەکەن. بەشێکی تریان باوەڕیان وایە ئەو بەشە بە پیت و فەڕانە دەگرێتەوە کە دراوسێی و وڵاتی پشت ڕوبارەکەن.

ئەگەر ڕاگشتییەکە وەربگرین فەرمان ئەدەین کە یەکەم نیشتمانی گەلانی ئاری ئێرانی دوای جیابوونەوەیان لە پاشماوەی گەلانی ئاری ئاسیای بچووکە.

لێکۆڵەرەوەکانی وەکو (تیل پۆستی)، (مارکوارت)، ئەندریاس رایان وایە کە نیشتمانی ناوبراوان دەکەوێتە تەنیشت (خوارزم)و (خیوە)ی ئێستا.. بەمانا ئەو شوێنەی کە (ئاڤێستا)ی پەرتوکی زەردەشتی پیرۆز ناوی (ئائیرین واجە)ی لێ دەنێ.

دەتوانین بڵێین ئەم گەلانە دابەش بوون بە دوو کۆمەڵی سەرەکی بەیەکەمیان دەڵێن کە بەهێزو شەڕەنگێزی ناویان دەرکردوە (سك). بەڵام بە کۆمەڵەی دووەم کە لەیەکەم شارستانیترن ناوی (ئاری)یان لێ دەنێن.

سکاییەکان هەردەم لە کۆچ کردندا بوون و لە شوێنێکدا نەماونەتەوە هەروەها سوارچاکیش بوون ناوبانگیان بە ئازایەتی و تیراندازی ڕۆیشتووە. بەپێی قسەی جوگرافی و مێژوو نووسەکانی وەکو هێردۆتس و کتیاس و جۆستن و دیو دۆر سیسلی سکاییەکان توانیویانە بەهۆی ئەم ئازایەتییەو شارەزاییانەوە بەخێرایی دەستبەسەر ئاسیای ناوەڕاستا بگرن و ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان سنووری جەیحون لە تەرەفی قەوقازو ڕۆخەکانی دەریای ڕەش لەلایەکی ترەوە بکەونە ژێر دەسەڵاتییانەوە.

لە چاخی حەوتەمی پێش زایندا ئەو گەلە توانییان شاخەکانی قەوقاز ببڕن و ڕژانە ناو ئەو شوێنانەی دراوسێی وڵاتی شیوی نێوان دوو ڕوبارەکەن، و توانییان کە یخوسرەوی پادشای مادەکان ببەزێنن پێش ئەوەی ڕێگای سنووری میسر بگرن. هاتنە پێشەوەیان و سەرکەوتنیان وێرانکارییەکی گەورەی

خستەوە بەجۆرێك كە دەوڵەتی مادەكان نەیان توانی رزگاریان ببێ لە خراپەكارییان بەبێ پەنا بردنە بەر فێڵ و خەڵەتاندن كە پێشەواكانیان لەكاتی نان خواردنێكی رەسمیدا كوشتن.

هەندێك لە لێكۆڵەرەوەكان وای بۆ دەچن كە عەشرەتی (داها)و (سائیریمیا)كە ناویان لە ئاڤێستادا هاتووە دوو عەشرەتی ئێرانین بەڵام هەندێكی تر دەڵێن سەر بە (سكا)ن

وشەی (داها) لە سەنسەكریتیا بە (داس) هاتووە كە مانای عەشرەتە شەڕەنگێزەكان دەگرێتەوە كە سیفاتەكانی شەیتان یان هەیە. بەپێی قسەی (ئارین) عەشرەتی داهای یان دائای لە باكووری جرجان (هێركانیا) و (مەرو) دانیشتون ئەوانە باكووری (جرجان)یان هەرگیز جێنەهێشتووە بەو شێوەیەی كە ناوی (دەهستان) لەو ناوچەیە ناوە.

ناوی سائیرمیا سارمات لە بڕگەی ١٤٣ لە یەشت ی ١٣ی (فەروەردین) یەشت)دا هاتووە. (دوهار لە) وا مەزندە دەكا كە مەملەكەتی (سەئیریم) سوریاو ئاسیای رۆژئاوا بگرێتەوە. (ماركواپ) وا دەبینێ كە (سەئیریم) بەمانای گەلی (سیورماتا)ی بێت.

مەبەست لەوشەی (سرم) كە لە ئاڤێستای چاخی ئەشكانیدا هاتووە هەمان گەلی (سارمات) بێت كە نووسەرەیۆنانییە كۆنەكان ناویان هێناوە. لەوانەشە (سورماتا)ی و (سارمات) ناوی دووگەلی جیاوازبن.

عەشرەتەكانی (سارمات)ی زۆر كە ناویان لە سەرچاوە یۆنانییەكاندا دەبینرێ وەكو مێژووی هیرۆدۆت لەسەرەتای چاخی

(٥)هەمی پێش زایین بڵاوبوونەتەوە بەرەو مەملەكەتە گەورەیەی كە دەكەوێتە نێوان باڵقان و رۆخی خۆرئاوای دەریای مازندەران.

ئەو شوێنە گەورەیە دابەشە بەدووبەشەوە: سارماتی خۆرئاوا (ئەوروپییە) و سارماتی خۆرهەڵات (ئاسیاوییە) بەپێی یەكێك لەو چیرۆكە كۆنانەی كە تیاهاتووە عەشرەتەكانی سارمات یان سورومات دروست بوون لە تێكەڵاوییەكی (سكا)و رەگەزی ئاما زۆنی بۆیە هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین عەشرەتەكانی (سارمات) لە هەمان رەگەزی عەشرەتەكانی (سكا)ن كە لەگەڵ یەكداو دژی شاهنشای هاخامەنشی داریۆش جەنگاون.

لە هەردوو چاخی مادیی و هاخامەنشی ژمارەیەكی زۆر لەم عەشرەتانە هێرشیان كردۆتە سەر ئارییە ئێرانییەكان كە داریۆش ی گەورە توانی بۆ یەكەم جار سەریان پێ شۆڕبكاو پابەندی كردن بەڕێزگرتن لە دەوڵەتی ئێرانی.

ئارییەكان لەچەند شوێنێكەوە هاتنە ئێران و بۆ ئەم هاتنەش زیاتر لە رێگا یەكیان بۆ گرت و كۆچەكەشیان لەسەر خۆ بو. كاتێك یەكەم قاچی رەگەزی ئاری هاتە ناو بەرزاییەكانی ئێران بە دوایا پاشماوەی عەشرەتەكانی تر چوونەتە ناوەوە. ئەم هاتنە ناو وڵاتەكەو بڵاوبوونەوەی نفوسیان هەروا كارێكی سانا نەبوە، ناچاربوون لەگەڵ ئەو عەشرەتانەی لەناوچەكەدا بوون بكەونە شەڕەوە. كەس لەوانە رزگاری نەبوە كە نەكەونە بەر گورزی (سكا) كە هێرشی كردۆتە سەر سنووری (سەیحون) و ئەو هێرشە گەیاندوویەتە قوڵایی پشتەوەی روبارو شوێنە

نزیکەکان لە (ئامویە)

هێرشەکانی (ئۆراڵە تایبەکان) بۆ سەر عەشرەتی (سکا) ناچاری کردن پاشەکشێ بکەن بەرەو سنووری ئێرانی باکوورو خۆرهەڵاتی. هێرشەکان بووە هۆی پەیوەندی کردنیان بە تایەفە گەورەکانی کوڕانی مامیانەوە لەو زەوییانەی کە دەکەونە باکووری دەریای خەزەرو خۆرئاوای دەریای رەش یان زەوییەکانی خۆرهەلات ی دۆرگەی باڵقان و خانوو و بەرەکانیان بۆ رەگەزی زەرد جێهێشت.

کاتێك ئێرانییەکان بوونە دراوسێی ئۆراڵییەکان و تاییەکان ئەو روداوانەیان وەبیر خۆیان دەهێنایەوە کە لە دەستی دانیشتوانی (سەیحون) و (جەیحون) تووشیان هاتبو لە مێشکیاندا یادی (سکا)یان سڕیەوەو پەیوەندی یان بە دراوسێی تازەیانەوە کرد.

لێرەدا وا بەباش دەزانین لەسەرناوی توری Turya بدوێین و دەڵێین: وشەکە لە وشەکانی ئاڤێستایە و بۆ Tura (تورا) دەگەڕێتەوە کە مانای (تورانییە).

وشەی (توران) کە هاتووە لەناو چیرکە گەلییەکانداو لە مێژوودا ناوی ولاتێکە دەکەوێتە باکووری خۆرهەلاتی ئێران: ناوەکەش پەیوەستە بە کۆتایی چاخی پێشو لەسەر چاخی ناوەڕاستی مێژووی ئێران، یان پەیوەستە بەسەرەتای چاخی ناوەراست بەپێی ئەو زانیاریانە (توران) بەمانای گەلی (تور)دێ.

ناوی عەشرەتی (تور) چەند جارێك لە ئاڤێستادا هاتووە لەگەڵ نازناوی Asu-dspa کە بەمانای خاوەن ئەسپی خێرا دێ هەروەها ناویان وابراوە کە دوژمنی ئێرانییەکانن ئەم وشەیەش لەسەر زمان بە توری، تورانی هاتووە. ناوی ئەو ولاتەی کە گەلی (تور)تیا دەژی بە (توران) هاتووە لە ئاڤێستادا لەسەر شێوەی (تورین) و لەنێوان کوڕانی ئەو گەلەدا هەیە باوەڕیان بە (مزدیەسنا)هەیە.

لێرەدا لەوانەیە سود لە ئامارەی (ئابان یەشت) ببینین بۆ دانانی شوێنی دانیشتنی (تورانییەکان) ئەمەش ئەو ئامارەیە دەگرێتەوە کە تایبەتە بەشەڕی (توس تهم) پێشەوای سەربازەکان لەگەڵ گەنجەکانی بنەماڵەی (واس) (وەیسە)ی پادشایی شەڕەکەش لە دەربەندی (خشتور سوك) رویداوە نزیك قەلای کنك.

گەر ئەو قسانەی مارکوارت وەربگرین کە لە نوسینەکانیدا وتوویە کە دەڵێ ئەم قەلایە دەکەوێتە (بوخارا) دەگەینە ئەو راستییەی کە شوێنی دانیشتنی (تورانییەکان) ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە دەکەوێتە نێوان (بوخارا)و (خوارزم). بۆ ئەم دەستنیشان کردنە بەتلیمۆس لەگەڵ مارکوارت یەکدەگرنەوە بەو جۆرەی (توران) خودی (خوارزم)ە

لێکۆڵینەوەکەی مارکوارت یارمەتیمان ئەدات بیربکەینەوە بەو شێوەیەی کە تورانییەکان لقێکن لە رەگەزی ئاری ئێرانی. ئەمە وامان لێدەکات فەرمان بدەین بە هەمو ئەو ئامارانەی لەسەرچاوە پەهلەوییەکاندا بۆیان هاتووە بەو جۆرەی کە تورك بن هەڵەن. بەو جۆرە وای بۆ دەچین کە خزمایەتی تورانییەکان بۆ ئارییە ئێرانییەکان هەبێت.

سەرئەنجام دەگەینە ئەوەی گەلی ئێرانی کۆچیان کردووە بۆ ولاتی ئێران و شوێنی

دانیشتنیان لەشاردا بووە عەشرەتە ئارییەکانی تریان دەرکردووە ئەوانەی کە دەوارنشین بوون هێرشیان کردۆتە سەر وڵاتە ئاوەدانەکەی دراوسێیان بۆ وەدەستهێنانی خۆراک.. گەلی ئێرانی ئەو عەشرەتانە بەبەشێك لە خۆیان دانانێ پەیوەندی دراوسێیەتی لەنێوان ئارییەکان و ئێرانییەکان لەگەڵ عەشرەتەکانی زەردی ئۆراڵیی و تاییانەبوە لە چاخی نووسینەوەی ئاڤێستادا هێرشی عەشرەتەکانی (سکا) و فشاریان دەستی پێکرد بۆ سەر سنووری شاهنشای ئەشکانی لە ناوەراستی چاخی دووەمی پێش زایین هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ژمارەیەك لەو عەشرەتە ئۆراڵ تاییانە ڕێگای هێرشەکانیان گۆڕی دوای ئەوەی سین ئیمپەڕاتۆری چین فەرمانی دا شوورای چینی گەورە دروست بکات بۆیە هێرشەکەیان رووەو خۆرئاوا دەستپێکرد. ئەم عەشرەتە (ئۆراڵ تاییانە) دەستیان کرد بە هێرش بردنە سەر هەندێك لە عەشرەتەکانی (سکا)ی دانیشتوانی ئاسیای بچوك. سەرەتای هێرشەکە لە عەشرەتەکانی (یوئەجی)یەوە بوو کە ئەوانیش لەلایەن عەشرەتەکانی (هۆن) (خێونان) هێرشیان کرایە سەربە پێی ئەو ناولێنانەی کە لە پەرتوکی پەهلەوی (ئایاتکار زریران)دا هاتووەو شکستییان بەسەریاندا هێنا لە سنووری ۲۰۰سال پێش زایین عەشرەتەکانی (یوئەچی) دوای لە دەسدانی خانووەکانیان هێرشیان کردە سەر سنووری زەوییەکانی سەیحونی خۆرهەلات و عەشرەتەکانی (سکا)یان بەرەو باشووری خۆرئاوا راونا. فەرهادی دووەم (۱۳٦-۱۲۷

پ.ن) یەکەم کەسێکە بەرەنگارییان وەستاوە لەناو پادشا ئەشکانییەکانداو سەرئەنجام لە شەڕەکەیدا دژیان کوژراوە.

لەناوجەرگەی روداوەکاندا سکاییەکان پەلاماری شوێنەکانی خۆرئاوای دەوڵەتی یۆنانیان داو لە ئەفغانستانی ئێستا جێگیر بوون، و یۆنانییەکانی خۆرئاوایان بەرەو (کابل) و شیوی (سەند) دەرکرد. ماوەیەکی درێژ نەمایەوە ئەوەی کە مابۆوە لە دەوڵەتی یۆنانی خۆرئاوا کەوتە ژێردەستیانەوە بەوهۆیە دەوڵەتێکی تازەیان دروسکرد بەناوی (هیندوسکایی) کە سنووری دەکەوێتە نێوان (رەجەح) و شیوی (سەند). ئەم هێرشانەش بووە هۆی جێگیربوونی عەشرەتەکانی (سکا) ئەوانەی لە ئەترافی (سەیحون) و (جەیحون)ەوە هاتبوون لە مەملەکەتی سیستان.

ناوی سیستان پێش دانیشتنی (سکا) لە خۆرهەلاتی ئێران لەو داستانە ئێرانییانەدا هاتووە بەشێوەی Zaranka هەر ئەو ناوەشە کە یۆنانییەکان ئەینووسن بەشێوەی Drangiana سنووریان بۆ دانراوە لە باکوورەوە (ئاریانا) (خوراسان)، لە خۆرهەلاتەوە (ئاراخوزیا) لە باشوورەوە گیدروسیاو، لە خۆرئاواوە (کارامانیا) (کرمان)

دوای دانیشتنیان لە خۆرهەلاتی ئێران، زرنك (درنکیانا) گۆڕاوە بۆ (سکستان) هەر ئەو وشەیەیە لە چاخی ئیسلامیدا بووەتە (سجستان) و (سیستان) وا دەرئەکەوێت پەلامارەکانی عەشرەتەکانی زەردو هێرشەکانیان هۆیەك بوبێت بۆ ئەو کۆچانەی کە زۆر لە تایەفەکانی (سکا)پێی هەڵساون و

ئاسیای ناوەڕاستیان جێهێشتووەو چوونەتە پاڵ براکانیان لەهەمان ڕەگەزو دانیشتنیان لە ڕۆخەکانی دەریای مازندەرانی خۆرهەلات و باکووری و دانیشتنیان لەو زەوییانەی دەکەونە باکووری دەریای ڕەش و باکووری خۆرئاوای

لەوەوپێش باسمان کرد کە عەشرەتەکانی ئاسیای ناوەڕاست ی هیند و ئەورووپی ببون بە دوولقی گەورەوە کە (سکا) و ئاریەکانن. دانراوە کە عەشرەتە ئارییەکان کە پێیان دەڵێن هیندو ئێرانی وەکو باوکی هەردوو گەلی ئێران و هیندی گەورەن

نازناوی (ئاری)یان لەسەرخۆیان داناوە کە بەمانای ئازاو شەریف دێت. لەوکاتەدا بەشێك لەو عەشرەتە کۆچەرانە زەوییەکانی (هیندو کۆش)یان بڕیوەو پیاوەکانیان شیوی سەندو بەشێك لە زەوییەکانی هیندستان یان داگیرگردووە کە ناوی (ئاریاڤارتا)یان لەسەر داناون

دوای دانیشتنی بەشێکی تر مانای ئەو گەلەی کە بە خۆیان وتوە ئائێری لە بەرزاییەکانی ئێران دا لە هەمو ولاتەکە ناوی (ئائیرین)یان ناوە بەمانا ولاتی ئاریەکان یان گەلی ئاری. ئەم ناوە بەدرێژی چاخە مێژوییەکان لە ئێراندا بەکارهێنراوە هەتاکو ئێستاش

کۆچی عەشرەتەکانی ئاری بۆ ئێران وەستاوە لەناوەراستی هەزارەی دووەمی پێش زاین کە بەدەستمانەوە بەلگەی زۆر هەن کە ڕاستی ئەمە نیشان دەدەن کە لە نێوانیاندا ئەو بەلگانەیە لەسەر چاوەی هیتییەکانەوە وەرگیراون کە دانیشتوانی ئاسیای بچوکن.

گەلی حیثی یان هیتی کە لە زمانی یۆنانیدا پێیان دەڵێن (ختایۆس) یەکێکن لە گەلانی ئاسیای کۆن لەو ناوچەیەدا دانیشتون کە کەوتۆتە سەر روباری هالیس و سەرووی روباری فورات لە چاخە مێژووییە زۆد کۆنەکاندا.

ئەم گەلە لە هەندێك سەردەمدا چووەتە ژێر دەسەلاتی ئیمپەراتۆریەتی ئاشورییەوە، لە هەندێکی تردا لەژێر دەست ی فیرعەونەکانی میسردا بوون ئەمانە بتپەرست بوون و باوکی خواکانیان ناوی خاتییەو فەرمان ڕەواکانیان لە فەرمان ڕەوایەتییاندا لەسەر ڕێگای پادشای تایەفەکان ڕۆشتوون/ بەلام میرەکانیان تا عەتی پادشای گەورەیان کردووە.

هیتییەکان نفوس و دەسەلاتیان بۆ چەند چاخێك ڕۆیشت و توانییان دەسەلاتیان بەسەر ئەو بنەمالانەدا بلاوبکەنەوە کە سەر بە ئاسیای بچوك و سوریاو شیوەکانی فوراتی سەربوون پێش ئەوەی ئاشوورییەکان لە چاخی نوێی پێش زایین بیانخاتە ژێر دەسەلاتییەوە.

هیتییەکان هەولیان نەداوە ئەوەی لە کیسیان چووە وەری بگرنەوە، یان هەلنەسانەوە داوای سەربەخۆیی بکەن. ئەوەبو لەدواجاردا روخان. ئەو سەرچاوانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیەو دەخرێنە پاڵ ئەم گەلە نووسینەکانیان دەگەڕێنەوە بۆ چاخی چواردەی پ.ز لەکاتی کنەکردندا دۆزرانەوە کەدەکەونە نێوان میتانییەکانی دانیشتووی باکووری نێوان دوو روبارەکەو دەولەتی هیتی لەم سەرچاوانەدا میرەکانی میتانی سوێند

بەخوای ئارییەکان دەخۆن وەکو میتراو ڤارۆماو ئیندرا خوای شەڕ لای هندو ئارییەکان و ناساتیاس. ئەم سوێند خواردنە بەڵگەی هاتنە ناوەوەی نفوسی هیندو ئێرانییەکانە بۆ بەرزاییەکانی ئێران پێش مێژووی ناوبراو. هەندێك وا نیشان دەدا بەهۆی دەرکەوتنی ناوی ئەو خوایانە کە ژمارەیەك لەهیندییەکان یان دراوسێکانیان کە (فدا)یان پەرستووە کۆچیان کردووە بۆ ئاسیای بچوك و لەگەڵ خۆیانا ئەو ناوانەیان بردووە بەڵام هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە کۆچەرییەکان لە ئارییەکان لای دەریای (مازندان)ەوە هاتوون لەگەڵ خۆیانا داب و نەریتی باوك و باپیریان لە هیندو ئێرانییەکان هێناوە. ئەو رایەی کە زیاتر وەردەگیرێ و نزیکە لە راستی ئەوەیە کە میتانییەکان ناوی ئەو خوایانەیان وەرگرتووە لە دراوسێ تازەکانیان ئەوانەی کە لە بەرزاییەکانی ئێراندا دەرکەوتوون کە ئارییە ئێرانییەکان دەگرێتەوە ئەمانیش ناوەکانیان لە پێش خۆیان لە هیندو ئێرانییەکان بۆماوەتەوە.

لەمانەوە وای بۆ دەچین ئارییەکان لە بەرزاییەکانی ئێران دەرکەوتن پێش هاتنی چاخی چواردەی پ.ز

کۆچ کردن بەرەو ئێران بەردەوام بوو لە رێگای خۆرهەلات و باکوور بۆ ماوەیەکی درێژ. راسترین و نزیکترین را کە پەیوەندی بەو رێگایەوە هەیە کە ئارییەکان لە کۆچ کردنیاندا گرتیان بەرەو بەرزاییەکانی ئێران ئەوەیە کە کۆمەڵێکی گەورە لەوانە گەیشتنە ئێران لە رێگای (جەیحون)ەوە. لێرەدا پێویستە پەنا بەرینە بەر ئاماژەی ئاڤێستا کە لە (فەرکودی یەکەمی وەندیداد)داهاتووە، لە پێشەوە باسەکە لەسەر لەدایك بوونی (ئائیرین واجە) ی خوڵقاوی ئاهورامزداو توانای دواوە کە دەڵێ: دوای ئەوەی ئەهریمەن وڵاتەکەی بەرەو خراپیی و خراپەکاری برد.. سەرمایەکی بەهێز هات و ماوەی زستان دەمانگ و هاوین دوومانگ بو کە هەردوو مانگەکە ساردبوو و کارتێکردنی قورسی هەبو لەسەر ئاوو زەویی و گیا. لەو کاتەدا ئاهۆرامزدا زەوی بەرهەمهێنەری تری دروستکرد وەکو: Sughdhaو Mouruو Bakhdhiو Nisaya کە دەکەوێتە نێوان مەڕوو بەلخ هەروەها Haraevaو Vaekeretaو urva کە دەکەوێتە خوراسانی ئێستاو Khnengtaو vehrkand. لەگەڵ ئەم ناوانەدا لەم فەرکودەدا ناوی مێرنشینی تر هاتووە وەکو Haptahindu کە بەشێکی دەکەوێتە وڵاتی (سند)و سنووری هند. ئەمە ئەو شوێنانەیە کە ئارییەکان بەجێیان هێشتووە کە بەهەمو شوێنە جیاجیاکانیا سوڕاونەتەوە لە ترسی ئەوەی تیا توشی نەهامەتی ببن لەو شوێنەی کە تیایدا دابەزیون.

لە هێڵی هاتوچۆکردندا دەردەکەوێ کە کۆچی ئارییەکان کە بەرەو باشووری دەریاچەی (خوارزم) رۆیشتوون هەتا خوراسان و کابل و سەند لەلایەك هەروەها بەرەو خۆرئاوا رۆیشتوون هەتاکو گەیشتوونەتە خۆرئاوای کومش (قومس) و سنووری (رەی) لەلایەکی ترەوە.

بەپێی هەندێك لەراپەکان.. ئەم کۆچە بەردەوام بووە رۆیشتووە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ

خۆرئـاوا هـەتاکو گەیشـتۆتە بەشـەکانی ناوەڕاستی ئازەربایجـان ساڵی ٨٦٣ی پێش زایین ئەو کاتەی شالمانە سری دووەم شەڕی لەگەڵ ئارییـەکاندا کـردووە لـە بەرزاییـەکانی ئێران عەشرەتی کۆچەری تر هەبوون بەناوی (بارسـوا). ئـەم عەشـرەتانە لـە بـاکووری ئـەو میرنشینانە بـڕۆن و دۆڵـی خۆرئـاوای ئـێران جێبهێڵن و لەوڵاتی فارسدا جێگیر بن.

رایەك هەیە دەڵێ: هەردوو تایەفەی مـادو پـارس بەیەکـەوە هاتنـە ئـێران لـە ڕێگـای شاخەکانی قەفقاسەوە، دوای ئەوەی ماوەیەك بەیەکەوە ژیاون لەیەکتری جیابوونەتەوە.

ئـەو عەشـرەتە بـەردەوام هاتوچۆکەرانـە توانیویانە بەشی باکووری خۆرئاوای ئێران و خۆرئـاوای ناوەڕاسـت و خۆرهـەڵاتی وڵاتـی ئێران پاك بکەنەوەو دانیشتوانەکەی دەربکەن و لە شوێنییان دابنیشن.

هـەروەکو لـە نەخشـەکەی شـالمانە سـری دووەمـی پادشـای ئاشـووریدادەردەکەوێت ئەوانـەی لـەو شـوێنانەی ناومـان بـردن تیادانیشـتون سـەر بـە عەشـرەتی مـادای و پارسوا بوون ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چـاخی نـوێ پێـش زایـین بـەپێی سـەرچاوە ئاشـوورییەکان. هـەروەکو لـە نەخشـەکەدا دەردەکەوێ پادشای ئاشووری لە ساڵی ٨٣٧ پێش زایین هەردوو ئەو عەشرەتەی خستۆتە ژێر دەستیانەوە و باجی لێسەندوون.

هەمو رایەکان لەسەر ئەوە کۆدەبنەوە کـە عەشرەتەکانی (مـادای) هەمان عەشـرەتەکانی (ماد)ن، بەڵام عەشرەتەکانی (پارسوا) هەندێك دەڵێن هەمان گـەلی پـارتی کـە بنەچەکـەی بـۆ (پارپافا) دەگەڕێتەوە بەڵام هەندێکی تر دەڵێن عەشرەتەکانی (پارسن) لە ڕوکەشـدا وشـەکە راستی بۆچوونی دووەم دەردەخات.

لـەو کاتـەدا عەشـرەتەکانی (پـارس) بەبەردەوامی لە باکووری دەریاچەی ورمـێدا دانیشـتوون کـە ناوەکـەی لەسـەرچاوەی ئاڤێستادا بە (جنجست) هـاتووە، هـەروەها لەسەرچاوە پەهلەوییەکانیشدا بـە (ججست) نیشـان دراوە جگـە لەوانـەش لـە شـانامەی فیردەوسیـیشدا (جیجستە)

بەڵام ئەو تایەفەیەی (جەیحون)ی بڕیـی و بەشـی ئـێرانی خۆرهـەڵات و بـاکووری خۆرهەڵاتی هەڵبژارد بۆ دانیشتنی هـەر ئـەو تایەفەیە کە دیـالیکتی ئاوێستا لـەناویاندا بەکاردەهێنرا.

بـەپێی ئـەو ئاماژانـەی کـە لـە (گاتـات) و (یەشتات)ی کوندا هاتووە وەکو (مەهریشت) و (ئابـان یەشـت) و بـەپێی ئەوانـەی لـە بڕگەکانی (یەسنات)ی کۆندا دیاری کراوە کە سـەردەمەکانیان بـۆ نێـوان چـاخی پێنجـەم و دەیەمی پێش زاین دەگەڕێنەوە ئەم تایەفەیە ژمارەیـەك مـیر فـەرمان ڕەوای کـردوون کـە هەریـەکێك لەوانـە نازنـاوی (کـەی)هـەبوە. ئەمەش لە مێژووی ئێراندا بووەتە نازنـاوێك بەسەر کۆمەڵێك پادشادا وتـراوە کە فـەرمان ڕەواکەیان لە (قباد)ەوە دەست پێدەکات.

وشەی (کەی) لە ئاڤێستادا لەگەڵ ئەوەی کە نازناوە بۆ کۆمەڵێك پادشای تایبەت بەڵام ماناکەی بە (شا) و (ئەمیر)یش دێ.

دەڵێن: ئەو فەرمان ڕەوا میرە ناوچەییانـە نفـوس و دەسـەڵاتیان بەسـەر ناوچەیـەکی گـەورەی زەویـدا بڵاوکردۆتـەوە، فـەرمان ڕەواکانیان گەیشتۆتە (جرجان) و (مازندەران)

لەلایەك و دۆڵی (سەند) لەلایەكی ترەوە.

لە راستیدا ئێمە بەڵگەیەكی مێژووییمان بەدەستەوە نیە كە پەنای بۆ بەرین لەو رووەوە. بەڵام ئەگەر ئەوەی لە ئاڤێستادا وەكو ئاماژە هاتووە وەری بگرین لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لە چیرۆكە گەلییەكاندا بەرچاومان دەكەوێ دەڵێین نفوسی (كاوس) بۆ نمونە درێژ بۆتەوە هەتا سنووری (سەند)

بەپێی ئەو ئاماژانەی لە ئاوێستاو سەرچاوە پەهلەوییە فارسییەكاندا هاتووە ئەم پادشایە خۆی هێرشی كردۆتە سەر وڵاتی شەیتانی مازندەرانی.

لێرەدا دەگەینە ئەو رایەی كە هێرشی (كەیانییەكان) لە نێوان دۆڵی سەندو مازندەران دابووەو لەوانەشە بەرەو پێش چوونیان رووەو مازندەران لە رێگای باكووری خوراسان و رێگای (جرجان)ەوە بوبێت.

هەرچۆنێك بێت یەكەم پادشایەك كەناوی لە ئاڤێستادا هاتبێت لەنێوان ئەو فەرمان رەوایانەدا (كەیقوباد)ەو گەورەترین پادشایان كەیخوسرەوەو دواییندكەیان (گشتاسپ)ی پشتی پێغەمبەر زەردەشت و پارێزەریەتی. ناوی ئەم پادشایەش لە گاتەكاندا چەند جارێك هاتووە.

چەند بۆچوونێك هەیە لە قسەكاندا ئەوەی پەیوەندی بەو چاخەوە هەبێت كە زەردەشتی تیا ژیاوە. بەڵام لێكۆڵەرەوەكان كۆنەو تازەیان كۆبوونەتەوە لەسەر ئەوەی كە بۆ نێوان چاخی یانزەو شەشەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە. لە نێوان بۆچوونی لێكۆڵەرەوە كۆنەكاندا قسەیەك كە پێویستە گرنگی پێبدەین وتەی خسانتۆسی لیدییە كە لە چاخی (٥)ی پێش زاین ژیاوە. لە قسەكەی وا تێدەگەین كە سەردەمی زەردەشت پێش هێرشی (خشایارشا)بووە بۆ سەر یۆنان بە ٦٠٠سالْ بەمانا سالْی ١٠٨٠ی پێش زاین ئەگەر چەسپا دەركەوتنی زەردەشت پێغەمبەر پێش لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا بە (١٠)سەدە ئەوە دەچەسپێ كە مێژووی زنجیرەی كەیانییەكان بۆ پێش ئەو مێژووە دەگەڕێتەوە.

ئەوەی كە دەیبینین لە مێژووی ئەفسانەی كەیانییەكانداو پەیوەندی بەو پادشایانەوە هەیە كە دوای پادشا (گوشتاسپ) فەرمان رەوایەتییان كردوە لە تێكەڵاوییەك لە زانیارییەكاندا دروست بووە بەهۆی كارتێكردنی مێژووی پادشای هاخامەنشییەكانەوە بووە هەروەها بەهۆی ئەو بیرانەوە بووە كە ئێرانییەكان كۆیان كردۆتەوە لە مێشكیاندا لەسەر ئەو زنجیرەیە كاتی هاتنی هێرشی ئەسكەندەر

ئێمە زانیاری تەواومان لەسەر وەزعی ئارییەكان نییە لە رۆژهەڵاتی ئێراندا پێش سەردەمی هاخامەنشییەكان. وەكو زانراوە ئەو ئاریيانە دابەش بوون بەچەند لقێكەوەو ترسناك بوون. زانیاری تەواومان لەبارەیانەوە بەدەست نەگەیشتووە جگە لەو ئاماژانەی لەبارەیانەوە لە ئاڤێستادا هاتووە كە شایەتی مێژوویین كە لەو رووە سودمان لێ بینیوە. گرنگی لەو گەورە پیاو چاكە ئاینیيە ئارییە ئێرانییەدا دەرنەكەوێ كە لە ناویاندا دەركەوت لەگەڵ ئەوەشدا كە هەندێ لە داستانەكان لەدایك بوونەكەی دەگێڕنەوە بۆ (رەی)یان ورمێ. مەبەست لەمە پیاوچاك

زەردەشت سپیتامەیە کە بەمانای خاوەن حوشتری زەرد دێ کە هەندێک حەز دەکەن ناوەکەی بەو جۆرە بگۆڕن. ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم ناوە لە پەهلەویدا بە (زاراتۆشت) هاتووەو لە فارسیشدا (زراتشته).

ئەمە بۆ بەشی یەکەمی ناوەکە بەلام بۆ بەشی دووەمی کە (سپی تامە)یە ماناکەی رەگەزی سپی دەگرێتەوە بەمانا سپی سپییەکان. ئەمەش پێی دەچێت ناوی بنەماڵەکەی زەردەشت بێ بەو شێوەیەی کەباو بووە لە ئێراندا لەسەردەمی ئاڤێستادا.

زەردەشت خۆی پەرستنی شەیتانەکانی هیندو ئێرانی گۆڕی.. ئەو پەرستنەی کەلەسەر هۆکانی سروشتی جیاجیا هاتە پێشەوە و باوەڕێکی رۆحی دا بە مرۆڤ. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین (مزدیەسن)ی دانا کە نزیک بو لە یەکبوونی خودا لە جیاتی (دیۆیەسنا) کە باوەرهێنان بو بەشەریک پەیداکردن بۆ خواو هاوپەیمانەکەی

ئەم تایەفەیە گرنگییەکی تری هەیە ئەویش دانانی کەرەسەی بنەرەتی مێژووی ئەفسانەو داستانە گەلییەکانی ئێرانە. بەشێک لە مێژووی ئێرانی داستانە ئەفسانەییەکان هاتووە کە بۆ پێش سەردەمی هاخامەنشییەکان دەگەڕێتەوە کە لە یەکێک لە (نسکات)ی ئاڤێستای ون بوودا هاتووە کەپێی دەڵێن (چهردات نسک).

هەروەها پاشماوە گرنگەکانی تری لە (نسکات)ی پاشماوە لە ئاڤێستادا ماوەتەوە بەتایبەتی لە (یەسنات) و (یەشتات)دا.

بەو شێوەیە شەرەکانی میرەکان و پادشایانی تایەفەکان لە پارتییەکان کەرەسەی گەورەی بەشێکی تر دروست دەکەن لە کەرەسەی داستانە گەلییەکاندا. پارتییەکانیش ئەوانەن کە ناوبانگیان بڵاوبۆوە دوای سەردەمی ئاڤێستای چاخی زەردەشتی.

بەڵام لە بارەی مێژووی ئێرانی نووسراوە کە داستان نەبێت..

بەو شێوەیەی کە یۆنانییەکان و رۆم و ئاراميیەکان و ئەرمەن نووسیویانە کە نەخشەکان بوونەتە هەوێنی، لەگەڵ ئەو ئاماژانەی کە لە پەرتوکەکانی سەردەمی کۆندا هاتوون، هەروەها هەندێک لەو ئاسەوارانەی کە دۆزرانەوە لە ئێران و لە مەملەکەتەکانی دراوسێی ئەم مێژووە دەست پێدەکات لە (بایراتی) لە خۆرئاوا و باشوور بەمانا ئەو تایەفەیەی کە رێگای شاخەکانی (قەوقاز) یان گرت و هاتنە (مەفازە)ی ئێران، دواییش بوون بەچەند تیپێکەوە وەکو (ئەرانییەکان) و (مادییەکان) و پارسییەکان کە چوونە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئاشوورەوە سەردەمێک لە تەمەنی.

عەشرەتەکانی ماد یەکێکن لە عەشرەتە ئارییەکانی خۆرئاوا جێگیربوون لە (رەی) لەوێشەوە بەرەو خۆرئاوا هاتن کە بەرزاییەکانی زاگرۆس دەگرێتەوە، هەروەها بەرەو باکوورو باکووری خۆرئاوا هاتوون هەتا گەیشتوونەتە سنووری رووباری (کورا). ئەم ناوچەیە هەر ئەو ناوچەیەیە کە ناسراوە بە (مادی گەورە). گەورەترین شارەکانی شاری (هەک مەتان)ە، هەر ئەو شارەیە کە ئاشوورییەکان پێیان وتوە (ئامادانا) کە ئێستا پێی دەڵێن (هەمەدان)

لەناو شوراكانی ئەم شارە كۆنەدا یەكەم دەوڵەتی مێژوویی ئێرانی خۆر ئاواو ناوەڕاست دانرا كە دامەزرێنەرەكەی (دیاكۆ)بو لە ساڵی ٧٠٨ی پێش زایین.

دەوڵەتی (ماد) توانی لەماوەی سەدەو نیوێكدا لەدەسەڵاتیا دوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشووری بەهێز ئیمپەراتۆریەتێكی گەورە دروست بكەن كە درێژ ببۆوە لە باشووری ئێرانەوە هەتاكو بەشێك لە زەویەكانی ئاسیای بچوك. بەو پێیە دەتوانین بڵێین عەشرەتەكانی ماد سەرنجی عەشرەتە ئارییە ئێرانییە بڵاوبووەكانی بۆ لای خۆی بە تەنیا رانەكێشا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی رەگ داكوتاو بەڵكو یەكەم عەشرەتی ئێرانی بوون دەسەڵاتیان بەسەر دەرەوەی زەوی ئارییەكاندا دەرۆیشت، كەڵیانەوە فێربوون ئەوانەی هاوبەشییان دەكردن لە ڕەگەزوچۆنێتی دروسكردنی ئیمپراتۆریەت.

ئەو ساڵەی مادەكان كە بەردی بناغەیان دانا بۆ دامەزراندنی ئیمپەراتۆریەتی ئێران لە ناوەڕاستی ئێران و خۆرئاوایدا ماوەكەی هەتا ئێستا ٢٦٦٨ ساڵ دەگرێتەوە. هەروەها ئەو ساڵەی (هۆخشتەر) (كەیخوسرەو) پادشای مادەكان ئیمپەراتۆریەتی ئاشووری لەناوبرد لە ساڵی ٦٠٥ پێش زاین هەتاكو چاخی ئێستامان ٢٥٦٦ساڵی بەسەردا رۆیشتووە. بەو پێیەی كە هیرۆدۆت وتوویە ناوی پادشاكانی ماد بەو شێوەیە:

دیاكۆ – فراوەرتیس – كیاكسارس – ئاستیاكس.

بەڵام ئەو پەراوێزەی كە لە نووسینەكانی (كتریاس) داهاتووە زیاتر درێژترە كە ناوی (١٠)پادشا دەگرێتەوەو ساڵانی فەرمان ڕەوایان ٣٥٠ساڵە. ئەگەر ئەو بۆچوونەمان وەرگرت مێژووی فەرمان ڕەوایەتی زنجیرەی (ماد)ی راستی لەساڵی ٩٠٠ی پێش زاین دەستی پێكردووە.

ئیمپەراتۆریەتی ماد دوای ١٥٨ساڵ لە دروسكردنی روخاو هۆی سەرەكی روخاندنەكەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سوپایەكی رێك و پێكیان نەبوە لەگەڵ نەبونی پەیوەندی لەنێوان دەزگاكانی دەوڵەت و كۆشك ی پادشایەتی، هەروەها دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی سەربازەكانیان و ئاژاوەنانەوەیان بەهۆی دەوڵەمەند بوونیان لەگەڵ بەش بەش بوونیان و كەوتنەوەی ئاژاوەو جیاوازی لەنێوان فەرماندەكانی دەوڵەت و خۆیاندا.

لە بەردەم ئەم بارو دۆخەدا تایەفەیەكی تر لە عەشرەتەكانی ئێرانی رۆژئاوا شوێنیانی گرتەوە بۆ هەڵگرتنی بەیداخی كاروانەكە. هەر ئەو تایەفەیەش بو كە دەستیان بەسەر خوارووی ئێرانداو ماوەیەك لەوەو پێش گرتبوو و لەژێر دەستی دانیشتوانەكەیدا دەریان هێنابو. ئەو عەشرەتانەی بۆ ئەم تایەفەیە دەگەڕێنەوە ئەو عەشرەتانەی پارسن كە لە (دە) بەش پێكهاتبوون.

لێرەدا قسە لەسەر بنەماڵەی هاخامەنشییەكان دەكەین كە بنەماڵەیەكن لە عەشرەتێكی فارسی گەورەوە هاتوون. ناوەكەیان لە باپیرە گەورەیانەوە وەرگیراوە كە (هاخامەنش)ە كە لەوەوە زنجیرە پادشاكانی فارس و ئەنزان هاتوون.

ئەمانە وڵاتەكەیان فەرمان رەوا كردووە كە

سەرەتاکەی لە (چائاش پش)ی دووەمەوە دەست پێدەکات هەتاکو (هاخامەنش)کە (٥) پادشان.

لە سەرچاوە مێژووییەکاندا کە (کۆرش) بۆ لقی (ئەنزان) دەگەڕێتەوە، بەڵام داریۆش بۆ لقی فارسی.

هێردۆت دەڵێ عەشرەتی فارسی کە (هاخامەنشییەکانی) تیادەرکەوتووە دابەش بوون بە شەش تایەفەوەو لە شاردا دانیشتوون، هەروەها (دە) تایەفەی تریش کە لە گوندەکاندا دانیشتوون،جگە چوار تایەفەی تریش کە دەوارنشین بوون لە بیاباندا.

کاتێك (کۆرش)ی گەورەی کوڕی (کەمبو جییە)ی کوڕی (کۆرش) کوڕی (چائاش پش)ی بنەماڵەی (هاخامەنش)یی و یەکێك لە کوڕانی عەشرەتی فارس شاری (هەکمەتان) (هەمەدان)ی داگیرکرد لە ساڵی ٥٥٠پ.ز

ئیمپراتۆریەتی (ماد)ی بە دەسەڵاتی لەناوبردو لە شوێنی ئیمپراتۆریەتی هاخامەنشی دامەزراند، دەسەڵاتی بەسەر هەمو ئەو زەوییە گەورانەدا بڵاکردەوە کە دەکەوتنە نێوان دۆڵی (سەند) و (پەنجاب) و لێواری بەرزاییەکانی (پامیر)ی خۆرئاوای نێوان (یۆنان)و (قرطاجنە). بەردەوام لەژێر نفووزیا بوون بۆ ماوەی ٢٢٠ساڵ کە ئەو ماوەیە لە ناوەڕاستی چاخی شەشەمەوە هەتاکو کۆتایی چاخی چوارەمی پێش زایین دەگرێتەوە.

لەو سەردەمەدا کە شانازی پێوە دەکرێ جیهانە پێشکەوتووەکەی پادشای گەورە فەرمان ڕەوایەتی کردووە وەکو (کۆرش)ی گەورەو (داریۆش)ی گەورەو (خشایارشا)و (ئەردەشێر دراز دەست) یان (دراز ئەنکل).

ئەوەی دواییان لەناو مێژوونووسەکاندا ناوبانگی وا دەرکردووە کە هەر دوو کچەکەی خۆی مارەکردووە کە (ئاتس سا) و (ئامس تریس)ن کە یۆنانییەکان پێیان دەڵێن (ماکروخەئیر) و ڕۆمانییەکانیش بە (لۆنگی مانۆس) ناویان دەبەن.

ناوی لە مێژووی ئیسلامیدا بەم شێوەیە هاتووە: بەهمەن پادشای کەیانی کە پێی دەڵێن (ئەردەشێر) کە نازناوی دەستدرێژیان پەنجەی درێژی هەیە.

گەلی ئێرانی ئاری لەژێر نفوسی ئەم پادشایانەدا فرسەتێکی باشی بۆ هەڵکەوت کە کلتورو شارستانێتی خۆی بڵاوبکاتەوە بە شێوەیەکی لەبەرچاوو دیار. هەروەها فورسەتیان دەسکەوت ئەو داب و نەریتە کۆنانەی هەیانبو کە دوربوون لە مرۆڤایەتیی و کە بۆ سەردەمە کۆنەکان دەگەڕێنەوە وەکو بەتاڵان بردنی وڵات و ڕەشە کوژی گشتیی و روخاندنی پەرستگاکان نەیهێڵن، هەروەها باوەڕی سەرکەوتووەکان بەسەر بەزیوەکانداو سەربڕینی خەڵکیی و پێشکەش کردنیان بۆ بتەکان و خواکان کۆتایی پێبهێنن.

بەو پێیە لە دنیاداو بۆ یەکەم جار ئیمپەراتۆریەتێکی دامەزراو لەسەر شێوەیەکی ڕێك و پێك بەپێی یاسای نووسراوە هاتۆتەکایەوە، کە بەسەر هەمو ئەو شوێنانەدا بەشێوەیەکی یەکسانی جێبەجێ کراوە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەدا بوون.

لە سیفاتە چاکەکانی ئیمپراتۆریەتی (هاخامەنشی) پێدانی سەربەستیی و ڕێزگرتن لە باوەڕو ئاین، سوود وەرگرتن لە هەوڵی

گەلانی داگیرکراوی ژێر دەستەیان کە بۆ خزمەتی ئیمپراتۆریەتەکەیان لە هەمو دەزگاکانیاندا بەکاریان بهێنن.

ئەسکەندەری مەقدۆنی سەرکەوت کە لای ئێرانییەکان پێش ئیسلام نازناوی تێکدەریان دابوویە. داگیرکردنی (تەختی جەمشید) لە ساڵی ۳۳۰ پێش زایین لە لایەن ناوبراوەوە ژێر کەوتن نەبو بۆ هەمو گەلی ئاری ئێرانی، دوای مردنی ئەسکەندەر بە ٦٧ ساڵ بە مانا ساڵی ۲٥٦ پێش زایین (ئاشەکی یەکەم) ئاڵای سەربەخۆیی لە (پەرثو) بەرز کردەوە بەمانا لەخۆراسان، ئەوانەی دوای ئەویش هاتن دەسەڵاتیان بەهەمو ئێراندا بڵاوکردەوە، و (سلوقییەکان) یان دەرکرد کە لە دوای (سلوکوس نیکاتۆر) مابوونەوە لە خۆرئاوای ئێران و هەندێك شوێن لە سوریاو فەلەستین.

سلوکوس نیکاتۆر فەرماندەیەکی سوپاکەی ئەسکەندەر بو کەناز ناوی سەرکەوتووی هەبو. ساڵی ۳٥٤ پێش زایین لەدایك بووەو ساڵی ۲۸۰پێش زایین مردووە. کاروباری لە بابل گرتۆتە دەست دوای مردنی ئەسکەندەر بە ماوەیەکی کەم (۳۲۰ پێش زایین) کاتێك (ئانتی گۆن) والی (کیلیکیە) لای برد لە شوێنەکەی لە ساڵی ۳۱٥ پ.ز لەگەڵ (بەتلیمۆس) و ژمارەیەك فەرماندەکانی (ئەسکەندەر) توانی بە یارمەتی ئەوان سەربکەوێت بەسەر دوژمنەکانیا. (غەرزە)ی لە ساڵی ۳۱۲ پ.ز داگیرکردو فەرمان رەوایەتی بابل و سەربەخۆکەی بۆ گەڕایەوە. هەروەها دوای ماوەیەك توانی ویلایەتی (شوش) و (مادی) و هەمو ئەو مەملەکەتانەی تر بگرێ کە دەکەونە نێوان (فورات) و (سەند).

ساڵی ۳۰۷ پ.ز نازناوی (سوڵتان)ی لە خۆی نا. دوایی وڵاتی شیوی نێوان دوورو بارەکەو (ئەرمەنستان)ی (فریکیە)و سوریای گرت.. بەو جۆرە زنجیرەی بنەماڵەی سلوکی دامەزراند.

زنجیرەی بنەماڵەی سلوکی سەرەتا لە (بابل) دامەزرا دواییش لە (سلوکیە) جێگیر بوون کە نزیك بەغدایە، دواتر لە (ئەنتاکیە) جێگیر بو. لەیەکەم جاردا فەرمان رەوایەتی بەشێك لە ئێرانیشیان دەکرد. لە چاخی ئەنتیۆخوسی دووەمی کوڕەزای (سلوکوس) دەوڵەتی ئەشکانی دروستبو، سەرەتا بارەگاکەیان لە مەملەکەتی خوراسان بو. بە خێرایی بەرەو پێش چوو، و هێزی زیاتر بو، ئەوەبو لەسەردەمی مەهردادی یەکەم (ئاشکی شەشەم) و فەرهادی دووەم (ئاشکی حەوتەم) هەمو ئێران یان لە چنگی سلوقییەکان دەرهێناو دەستیان لێ بەرەڵاکردن و سوڵتەیان بەسەریەوە نەما.

بەو شێوەیە فەرمان رەوایەتی یۆنانییەکان بەسەر ئێرانەوە نەما، دوا پادشای سلوکی‌یەکان کە فەرمان رەوایەتی بەشێك لە ئێرانی خۆرئاوای دەکرد ئەنتیجۆسی شەشەم بو کە فەرمان رەواکەی لە ۱۲۹ پ.ز لەسەر دەستی فەرهادی دووەمدا نەما.

ئێران فەرمان رەوایەتی دەکرا لەلایەن ۲۸ پادشاوە واتە لە نێوان (ئاشك)و (ئەردوان) دا بە مانا لە ساڵی ۲٥٦ پ.ز بۆ ۲۲٤ زاینی کە ٤۸۰ ساڵ دەگرێتەوە. لەناو ئەو پادشایانەدا ناوی ژمارەیەك دەردەکەون کە بوونەتە شانازی بۆ رەگەزی ئاری وەکو:

مەهردادی یەکەم (ئاشکی شەشەم) (۱۷۳-

١٣٧ پ.ن)

فەرهادی دووەم (ئاشکی حەوتەم) (١٣٦-١٢٨ پ.ن)

مهەردادی دووەم (١٢٤-٨٧ پ.ن)، هەروەها ئێردی یەکەم (٥٥-٣٧ پ.ن)

فەرهادی چوارەم (٣٧- ١ پ.ن)

لە سەردەمی ئیمپەراتۆریەتی ئەشکانیدا کولتوری ئێرانی رزگاری بوو، و قۆناغێکی ترسناکی بڕی و خۆی سەپاند دوای ئەوەی لە نفوسی کولتوری یۆنانی رزگاری بوو، و وە زمانی پەهلەوی باکوور یان پەهلەوی ئەشکانی بە ڕێنووسەکەیەوە کە لە ئارامی وەرگیرابو بووە زمانی رەسمی وڵات، کە هەندێ پاشماوەی پەخشان و شیعری پێ ڕێکخرا کە هەندێکیان هەتاکو ئێستا ماون. لەو پاشماوانەی کە ماونەتەوە و بۆ کۆتایی چاخی ئەشکانییەکان دەیگێڕنەوە پەرتوکی (ئایاتکار زریران) و پەرتوکی (درخت ئاشوریك)ە. لەم دواییەدا دەرکەوت کە هەردووکیان هۆنراوەن.

لەو خزمەتانەی کە ئەشکانییەکان پێشکەش بە گەلی ئێران یان کرد جگە لە دەرکردنی یۆنانییەکان و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی پاراستنی پاڵەوانانەیان بو لە سنووری خۆرئاواو خۆرهەڵاتی وڵاتەکەیان دژی ڕۆمانەکان و ئەوانەی هێرشیان دەهێنا بۆ سەری لە ڕەگەزی زەرد

ئەگەر ئەم زنجیرەیە قورسایی پاراستنی وڵاتەکەی لە ماوەی سەردەمی فەرمان ڕەوایەتی یاندا کە ٤٠٠ ساڵی خایاند نەخستایەتە ئەستۆو ئێرانی لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا نەپاراستایە.. دەبوە هۆی ئەوەی وڵاتەکەمان قاچی بێگانەی بهاتایەتە ناو لە ڕەگەزی زەرد لە (ئۆراڵییەکان)و (ئالتابین) و (رومانییەکان) کە شارستانییەت و کولتورەکەی رەنگێکی تری دەبو.

پادشای ئەشکانییەکان لە هەمو شەڕەکانیاندا و هەتاکو دوا ساڵی فەرمان ڕەوایەتییان سەرکەوتنیان وەدەست هێنا، هەمو کات لە شەڕەکانیاندا ئەشکانییەکان لەگەڵ ڕۆمەکاندا کە زیرەك و بەتوانا بوون و مەشقیان لەسەر هونەری شەڕ دەکرد سوپاکەیان سەرکەوتنی وەدەست دەهێنا لەکاتی بەیەك گەشتنا. لێرەدا دەتوانین بڵێین کاتێك کە ئیمپەراتۆریەتی ئەشکانی کەوت و ئەستێرەی ئاوابو لاواز نەبو بو کە ئەوەی بەسەر هاتبێت لە ئەنجامی شەڕەکانی دەرەوەیدا، کە توانی دواشەڕ بباتەوەو دوا سەرکەوتنیش بەسەر ڕۆمەکاندا تۆماربکات لەسەردەمی (ئەردوان)دا ئەمەش لە سنووری ٢١٨ زاین بو. هەروەکو دەزانین زنجیرەی ئەشکانی دوای ئەو شەڕە بەشەش ساڵ لەناوچو.

دەوڵەتی ئەشکانی ساڵی ٢٢٤ زاین لەناوچو بەهۆی سەرنەکەوتنی (ئاردوان) لەشەڕەکەیدا دژی (ئەردەشێری کوڕی پاپك). ئەم لەناوچوونەش لە راستیدا روداوێکی ناوخۆ بوو، گواستنەوەیەکی فەرمان ڕەوایەتی یە لە تایەفەیەکانی ئێرانی خۆرهەڵاتەوە بۆ ساسانییەکان، لەگەڵ گۆڕینی حکومەتی پادشای تایەفە بێئاینەکان و هاتنی حکومەتێکی ئاینی مەرکەزی لە شوێنی ساسانییەکانیش لەسەر ڕێوشوێنی ئەشکانییەکان ڕۆیشتن و بە حەماسەتەوە

بەرگرییان لە سنووری خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەکو پاڵەوانی و زۆر ئازا کردووە، توانیویانە بەو سوپا رێکو پێکەی هەیانە لە موڵکیی و سەربازی وا سنووری وڵاتەکەیان گەورە بکەن هەروەکو لەسەردەمی هاخامەنشییەکانداو لە ئیمپەراتۆریەتەکەیاندا پێی گەیشتن.

ئەو پادشایانەی لە خوارەوە ناویان دەبەین لە بەناوبانگترین پادشاکانی ساسانین وەکو:

ئەردەشــێری کــوڕی پــاپك (٢٢٤-٢٤١زاینی)، شاپوری یەکەم (٢٤١-٢٧١زاین)

شــاپوری دووەم (٢١٠-٢٧٩ زاینـــی)، (بــەهرامی پێنجــەم (بــەهرام گــور ٤٢٠-٤٣٨زاینی)

قوبــادی یەکــەم (٤٨٧-٥٣١زاینـــی)، خەســرەوی یەکــەم ئەنەوشــیروان (٥٣١-٥٧٩زاینی)

خەســرەوی دووەم ئــەبرەوێز (٥٩٠-٦٢٧ زاینی)

... دوای هەریەکێك لەو پادشایانەو لەبەر هۆیەك لە هۆیەکان کە خاوەنی ژیاننامەیەکی چاك بوون لەگەڵ پلەو پایەیەکی بەرز هەروەها ترسناکیش بوون بۆ مێژووی وڵات بە تایبەتی و ئاسیا بە گشتی. لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین ئەو خزمەتەی کە هەندێکیان پێشکەشیان کردوە بە زانیاری و ئەدەب خزمەتی گەورە بووە کە لە بیر ناچێتەوە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەندێ زانیاری لەسەر هەندێك لەو ناوانە بڵێین ئەوەی بۆ ناوی (قباد) وتراوە لە ئاڤێستادا کوات یان کەڤاتە کە لە پەهلەویدا (کوات)، (کەڤانە)

بەڵام (ئەنەوشیروان) لەناوە فارسییەکەیەوە هاتووە کە (ئەنۆشك (وان) (رۆڤان)ە کە بە مانای رۆحە زیندووەکە دێ .. ئەمەش بەکاردەهێنرێ لە کاتێکدا بە چاکە ناوی دەبرێ یان لە کاتێکدا دۆعای چاکە بۆ مردو دەکەی.

ئەگەر سەیری وشەی (ئەبرەوێز) بکەین بە مانای ئەوەی نابەزێ یان ئەوەی ژێر ناکەوێ دێ. ئەم وشەیەش بە شێوەیەکی گشتی بەردەوام وەکو نازناوێك بۆ خەسرەوی دووەم شاهەنشای ساسانی بەکارهێنراوە.

لە کۆتایی ئەم سەردەمەدا هەردوو دیالیکتی پەهلەوی باکوورو پەهلەوی باشوور دەوری گەورەیان تەنیا هەر بەسەر دانراوە ئەدەبیی و ئاینییەکان و غەیری ئاینییەکاندا نەبوە بەڵکو سەرکەوتنێکی گەورەیان وەدەست هێناوە لە مەیدانی زانستەکانیشدا ئەمەش بەهۆی تێکەڵاوبوونی کولتوری ئێرانیی و باوەڕیان بە کولتورو باوەڕی یۆنانی و ئارامی و رۆمانی و هیندییەکان.

---

## سەرچاوە:

مجله عالم الفکر
المجلد الثامن، العدد الرابع،
يناير – فبراير – مارس ١٩٧٨
ص٩٨١-١٠٠٢

# سەعید
# تەتەری نەناسراوی کوردایەتی

سدیق سالح

مخابن زۆربەی ئەڵقەو قۆناخەکانی مێژووی ئێمە، نەك هەر تا ئێستا بە گشتی و پچڕ پچڕ و ناتەواوو بێ ساخکردنەوەو لێکدانەوەی ورد نووسراونەتەوە، بەڵکە بەشی هەرەیە زۆری ڕاستی و وردەکاریە پێویستەکانی تێدا تۆمارنەکراون و. ئەوی لێرەدا مەبەستمە، لەوانە ناوو نەخشی ئەو کەسانەیە کە لە ڕیزەکانی خوارەوەی بزاوتی مێژوومانندا کاراو لێوەشاوەو دیارو پێشمەرگەی نەناسراو بوون و، دڵسۆزانەو مەردانە تەمەنێکی درێژیان بۆ گەل و نیشتمان و لە ڕێگای کوردایەتیدا بە خەرج داوە. فەرامۆشکردنی ئەوانە، سڕینەوەی گەلێك نهێنی و سەروەری و خزمەتی گەورەیە.

وەختێك جاروبار لێرەو لەوێ ناوو کەمە زانیارییەکی سەبارەت بەو کەسانەمان بەرچاو و گوێ دەکەوێ کە ڕۆژانێك فیداکاری مەیدانی کوردایەتی بوون و، لەو پێناوەدا دەربەدەری و ئەشکەنجەدان و زیندان و نانبڕاوی و بگرە سەربەفەتارەدا نیشیان بەخۆوە دیوەو، ئێستا بیرچوونەتەوەو هیچیان لەسەر نەنووسراوە، ماتەمینی و پەژارەیەکی زۆر دامانده‌گرن و، هەست دەکەین ئەوانە غەدرێکی زۆریان لێکراوەو ئەمەکی چاکەی زۆریان بەسەرمانەوە نەدراوەتەوە، هەم کەسوکارو دۆست و نێزیکانیان و هەم ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە ئاستیاندا بێوەفاو دڵڕەق و کەمتەرخەم بوون و بوونەتە مایەی کوێربوونەوەی ناوو خزمەت و کاری پڕ شانازییان.

ئەو کەسانە زۆربەیان هێشتا هیچێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنووسراوە و، تەنانەت هەیانە ناویشیان نەبراوە. لێرەوەو بە زۆری لەبەر نەبوونی بەڵگەنامەی نووسراوو پشت پێبەستراو، تۆمارکردنی بیرەوەریی ئەوانە، ئەگەر مابن، یا هیی بەساڵداچووە شارەزاو زەین ڕوونەکان لە بارەیانەوە، سەرچاوەیەکی گرانبەهایە بۆ لەسەر نوسینیان، بە مەرجێك ڕاستگۆیی و ئەمانەتی تێدا ڕەچاو بکرێن. وا لەم گوتارەدا هێندێك لەو بیرەوەریانە لەسەر

تەتەرێکی نەناسراوی کوردایەتی بەرچاو دەخەین.

* * *

(سەعید) ناسناوی حیزبیی (مەسعوودی مەلا محەمەدی ڕەش)ی خەڵکی قەرەداخە[1] تا ئێستا ژیاننامەی تەواوو ئاستی خوێندەواری و زۆر وردەکاریی دیکە سەبارەت بەو ڕوون و ئاشکرا نین. ئەوەندە نەبێ کە هەمزە عەبدوڵڵا گوتوویە⊗(ساڵی ١٩٤١ کە بۆخۆشاردنەوەو شوێنەونی لەلایەن سەید ئەحمەدی خانەقاوە نێردرامە دێی گۆپتەپە لای شێخ عەبدوڵڵای باوکی عەلی عەسکەری، ناسیم. خوێندەوار بووو، فارسی و کەمێك عەرەبیی دەزانی. ئەوسا لە هەڕەتی لاویدا و یەکجار گورجوگۆڵ و لە خۆبوردوو و چاونەترس بوو))

کاتێك کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) لە ١٦ی ئەیلوولی ١٩٤٢دا لە مەهاباد دامەزراو، لە ساڵی دواییەوە وردە وردە کەسانی وەك ئیسماعیل حەقی شاوەیس و عوسمان دانش و.. لە سلێمانی بوونە ئەندامی و، ئابی ١٩٤٤یش لقێکی لە کوردستانی باشوور پێکهێناو ئیبراهیم ئەحمەد بوو بە لێپرسراوی[2]، هەر بە قسەی ئیبراهیم ئەحمەد خۆی :((سەعید یەکێ بوو لە ئەندامە نەبەزەکانی و، تەتەری ئێمە بوو. تا بڵێیت پیاوێکی دڵسۆزو پاك و لەخۆبوردوو بوو)).

دوای ئەوەی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦/١/٢٢دا لە مەهاباد ڕاگەیەندرا، بە پێی گێڕانەوەکەی هەمزە عەبدوڵڵا، دەبێ سەعید بەردەوام هاتوچووی ئەودیوی کردبێ و، لەوێش بووبێ. ئەو بەڵگەنامەیە کە لەگەڵ ئەم گوتارەدا بڵاوکراوەتەوەو ژمارە (٢)، بریتیە لە پسوولەی ڕێنەگرتن لە هاتن و چوونی (سەعید محەمەد) ناوێك بە هەموو ناوچەکانی نێو قەڵەمڕەوی حکوومەتی میللی کوردستاندا[3]، زۆر پێدەچێ هەر مەبەست پێی (سەعید)ی لە مەڕ خۆمان بێ، بەوەدا کە لە لایەکەوە ئەو دەمە ئەمدیوو ئەودیوی کردووەو تەتەر بووەو ئێرەو ئەوێ گەڕاوەو، لە لایەکی دیکەوە ناوەکەیش لە ناسناوە حیزبیەکەی و ناوی باوکی (محەمەد) پێکهاتووە (ی)ی ئیزافە نەخراوەتە سەریان وەك دەستووری ئێرانیەکان و وا دیارە مەبەست پێی کوردێکی ئەمدیو بووە.

پاشتر کە لیژنەیەکی ٩کەسی لە خوالێخۆشبوان (مەلا مستەفا بارزانی و هەمزە عەبدوڵڵاو ئەنوەر دڵسۆزو وەهاب ئاغای جوندیانی و محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناوو میرحاج ئەحمەدو عەبدولڕەحمان موفتی و نووری ئەحمەد تەها) لە مەهاباد پێکەوەنرا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری و دابینکردنی زەخیرەو پێداویستی بارزانیەکان[4]، ئەگەر چی سەرەتا قازی محەمەد بە پێکهێنانی قایل بوو، بەڵام دوایی بەبەهانەی ئەوەوە کە نابێ (بانێك و دوو هەوا)بێ هەڵیوەشاندەوە. ئەو دەمە هەمزە پێشنیاری هاتنەوە ئەمدیوی خستە بەردەم مەلا مستەفاو هاوڕێکانی تا (پارتی دیموکراتی کورد- عێراق) دابمەزرێنن. کە ڕازی بوون، دەورووبەری ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٦ لەگەل عەبدولباقیی خەڵکی بامەڕنی سەعیددا هاتنەوەو بە ڕێگای (کەناروێ)ی لای (چوارتا)دا هاتنە دێی (سیتەك). ئەوەبوو پارتی پاش هەڵوەشانەوەی هەردوو حیزبی

(شۆڕش) و (ڕزگاری) لە ١٩٤٦/٨/٦دا لە بەغدا دامەزراو، سەعیدیش بووە تەتەری پارتی و یارمەتی و پۆستەی ئێرەو ئەوێی دەهێناو دەبرد.

هەمزە عەبدوڵڵا لەم ڕووەوە گوتوویە: ((جارێکیان ٢٧٠٠دینارمان لێرە کۆکردەوە، دامە سەعیدو هەمووی گەیاندە دەستی مەلا مستەفا، بەبێ ئەوەی عانەیەکی بۆ خۆی خەرج بکات. جاری دووەم پارەیەکی کەمتری بردو، بەسەر خەڵکیدا دابەش کردبوو و کەمێکی لێمابووەو دابوویە مەلا مستەفاو، لەوێشەوە بە شێخ ئەحمەدی برای)). ((کە لە سیتەك بووین، سەعیدمان ناردەوە بۆ مەهاباد تا چاپخانەیەکمان بۆ بهێنێ. چاپێکی بچووکی دەستیی بە ٩٠دینار کڕیبووو، هێنایەوە زۆرمان ئیش بەو چاپە کرد، لەوانە دواتر بەیاننامەیەکمان لەسەر شەهیدکرانی قازی محەمەد و هەڤاڵانی پێچاپکرد و بڵاومان کردەوە).

سەعید، پاش ئەوەی سوپای ئێران لە ١٩٤٦/١٢/١٧دا چووە نێو مەهابادو ئیتر کۆماری کوردستان بەڕاستی ڕووخاو بارزانیەکان و کوردانی دیکەی ئەمدیو بەزۆری لە (شنۆ) کۆبوونەوە، سەرباری هەموو مەترسیەك گەرمتر هاتوچۆی کردوون. (ئەبولحەسەنی تەفرەشیان)ی ئەفسەرێکی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کە دوای ڕووخانی ئەو حکوومەتە، وەك خۆی لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویە، دواجار لە ١٩٤٦/١٢/٢١دا گەیشتووەتە شنۆ، ئاوا باسی ئەو ڕۆژانەی سەعیدی کردووە:

((کەسێکی دیکەش کە بەسەرهاتی دەکرێ بۆ خوێنەر جێی سەرنج بێ، لاوێك بوو بەناوی سەعید. ئەو لاوە لە کوردە ئێراقییەکان بوو وهەر پازدە ڕۆژەی جارێك دەهاتە شنۆ. ئەو لە ڕاستیدا ئاڵقەی پێوەندی حیزبی رزگاری ئێراق و خێڵی بارزان بوو. مەلا مستەفا سەرۆکی ئیفتیخاری (شەرەفی) ئەو حیزبە بوو.

ڕۆژنامەی ڕزگاری بەزمانی کوردی بە دزی چاپ دەکراو بڵاودەکرایەوە. ئەو ڕۆژنامەیە حەوتووانە بوو. سەعید هەر جارەی دەهاتە شنۆ، چەند کۆپی ئەو ڕۆژنامەیەی لەگەڵ خۆی دەهێنا. سەعید لاوێکی ئازاو بەجەرگ بوو، هەر پازدە ڕۆژەی جارێك سەروسەکوتی پەیدا دەبوو. ئێمە دەمانزانی کەنگێ دێ... سەعات چار یان پێنجی دوای نیوەڕۆ دەگەیشتە جێ.

یەکێك لە ڕابووردنەکانی ئێمە تەماشای هاتنی ئەو بوو کە ڕەنووە بەفری بەرزاییەکانی پشتی شنۆی دەدڕی و دەهاتە پێشەوە. دەمەو ئێواران ڕەشاییەکمان دەدی کە لە بەفر ڕۆدەچێ و هەڵدەستێتەوە. بە تاقی تەنیاو بەپێیان، لە جەنگەی بەفرو سەرمادا تەنیا گۆچانێکی بەدەستەوە بوو و ئەو ڕێگایەی دەپێوا. ئەو دەهات و گیرفانی پڕبوو لە ڕۆژنامە، دەستوورو لعەمەل و پەیام بۆ مەلا مستەفا کە وەڵام و بیروڕای لێوەردەگرت. وابوو دراوێکیشی بۆ خێڵی بارزان دەهێنا. دوای جێبەجێکردنی کارەکانی شەوێ لەلای ئێمە دەنووست و بۆ بەیانی هەر بەو ڕێگایەدا کە هاتبوو دەگەڕایەوەو لە بەفرەکان دا ون دەبوو، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە لە کوردستان بووین، سەعید غاڵبە لەگەڵ ئێمە بوو. بە تایبەتی دوای ئەوەی کە لە نێوان ئەرتەشی ئێران و

بارزانییەکان شەڕ قەوما، بۆ هەمیشە لەنێو خێڵی بارزان دا مایەوە. تاسەر سنووری عێراق لەگەڵ ئێمە بوو، لەسەر سنوور دوای مەئموورییەتێکی کە مەلا پێی ئەسپارد چووە ئێراق، لەوێ گیراو کەوتە بەندیخانەوە.

تەجرەبەو پێوەندی ئێمە لەگەڵ کوردەکان ئەو وێنەیەی لە زەینی ئێمەدا نەخشاند کە ڕووناکبیران لەنێو کوردە ئێراقییەکان زۆرترن و بە ئیمان ترن[5]))

سەعید بە قسەی بەڕێزان کەریم زەندو جەلالی ئەمین بەگ کە ئەو سەردەمە ناسیویانە و دیویانە، کابرایەکی ڕۆح سووک و زیتەڵە و کارامە بووە.[6] خاڵە "عەبدوڵڵای سۆفی کەریم"یش کە دواجار لە شنۆوە لەگەڵیدا هاتووەتەوەو ئەو تا کەرکووک چاوساخی ڕێگای بووە، لێی دەگێڕێتەوە کە زۆر شارەزای ڕێگاوبان و بەکارو- کوردواتەنی - کوڕی تەنگانەبووەو چەندین ناسنامەی لە شوێنە جیاجیاکاندا بۆ خۆی بەکارهێناوە تا نەناسرێتەوە[7]

هەمزە عەبدوڵڵا کە سکرتێری پارتی بووە، لە جێیەکی دیکەی بیرەوەریەکانیدا گوتوویە: (ساڵی ١٩٤٩ سەعیدم ڕاسپارد بچێتە سووریا تا پێوەندی بە کوردی ئەوێوە بکات و کۆمەک و یارمەتییان لێ کۆبکاتەوە بۆ پارتی. بە ترومبێل تا ڕومادی چوبوو، لەوێوە تا قامیشلی بەپێ بڕیبووی. لەوناوە زۆر گەڕابوو. لە یارمەتیی مەعنەوی زیاتر، هیچی وای چنگ نەکەوتبوو هاتەوە)).

وا دیارە سەعید بەپێی ئەو بیرەوەریانە، دوای دامەزرانی پارتیش لە هەمزە جیانەبوەتەوەو چاوساخی و تەتەری و کارئاسانیی بۆ کردووە. تەنانەت ئەو ئێوارەیەی ڕۆژێکی ساڵی ١٩٤٩کە هەمزەی تێدا گیراوە، وابڕیار بووە لەگەڵ سەعیددا یەک بگرنەوەو بچنە مزگەوتی حاجی حانی سلێمانی و ئەمجا ماڵی ئیسماعیل حەقی شاوەیس کە هەمزەی لێداوەت کرابوو. بەڵام سەعید پێشتر چووەو، هەمزە لە ڕێگا کەوتووەتە بۆسەی پیاوانی خەفیەی حکوومەت و گیراوە.

پاش دووەم کۆنگرەی پارتی لە ١٩٥١دا کە دووباڵی ناکۆکی لێ کەوتەوە، سەعید هەر لەگەڵ باڵی هەمزەدا (پێشکەوتنخوان)مایەوە. ساڵی ١٩٥٤یش کە ئەو باڵە بڕیاری دا هەمزە بچێتە یەکێتیی سۆڤێت و پێوەندی بە مەلا مستەفاوە بکات، سەعیدیش بووە بەیاوەری ڕێگای. هەمزە وا گێڕاویەتیەوە: ((حوزەیرانی ١٩٥٤ بڕیارمان دا لە ڕێگای ئێرانەوە بچێنە یەکێتی سۆڤێت تا پێوەندی بە مەلا مستەفاوە بکەین. پێشەکی هەواڵمان بۆ عەباس ئاغا نارد تا یاریدەمان بدات بۆ چوونە دیوی ئێران. چوومە لای حەمەی فەرەج ئەفەندیی خاوەن ترومبێلی کرێ، بردینیە سەر زێ بۆ ماڵی کابرایەک، ئێستری داینێ و پێی چووینە ڕانیەو بووینە میوانی کوێخایەکی دۆستی حەمەی فەرەج ئەفەندی. بەشەو ڕەوانەی کردین. تا گەیشتینە سەرکەپکان. بیرمە مانگە شەو بوو. یەکەمجار بوو عەباس ئاغا ببینم و بناسم. کەم و زۆر پازدە ڕۆژێک ماینەوە تا پێویستی سەفەریان لە خواردن و پەنیرو شەکرو چاو شتی وا بۆ دابین کردین. داوامکرد ڕەوانەی لای سەید عەبدوڵڵای گەیلانی مان بکات لە مەرگەوەڕ. سێ چەکدار و ئێسترێکی بۆ کەل و پەل هەڵگرتن و یەکێکی دیکەیشی داینێ بۆ سواریی من.

یەکەم شەو لە زینۆی ئەستێرۆکان بارمان خست. بەیانی زوو بەرێ کەوتینەوە بەرەو دۆڵی خانەقا و نیزیکی گەلاڵە بووینەوەو بەرێگایەکدا چووینە سیدەکان و نەماینەوە. شەومان لە شوێنێکی ئاودار کردەوە. ئەمجا چووینە کێلەشین و سەر رووباری گادەر و دێی (خوراسپێ) کە هیی سەید عەبدوڵلا و نێزیک بە (دزێ) بوو. ژنەکەی سەید هەواڵی بۆ کوێخا حوسێن ناردبوو کە لەوێ نیینەو لە تارانە چاوەڕێی بکەن. ١٠ ڕۆژێک بێسوود ماینەوە. سەعید گوتی خۆم دەچمە تاران بیبینم. ناسنامەیەکی ساختەی ئێرانیی هەڵگرت و ڕۆیشت.

دوو نامەم پێدا ناردبوو. بۆ سەید چاوساخێکمان تا سەر ئاوی ئاراس لەگەڵدا بنێرێ و، بۆ دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم تا یارمەتیمان بدات. هەردوکیانی دۆزیبووەوە. سەید بۆ ئەوەی حکوومەت پێنەزانێ و نێوانیان تێکنەچێ دەستی بە ڕوومانەوە نا. دکتۆر جەعفەریش سێسەد تمەنی بۆ ناردین.

کە نائومێد بووین، لەگەڵ کوێخا حوسێندا چووینە لای فەتاح ئاغای هەرکی کە لە کوێستان بوو تا ڕەشید هەرکی ڕابسپێرێ خەڵکمان بداتێ بۆ ڕێبەدییکردن تا سەر سنووری سۆڤێت. نەهاتە ژێر بار. سەعید زۆر ئارەزووی دەکرد بە جووتەو بەبێ چاوساخ خۆمان ملی ئەو ڕێگایە بگرین، بەڵام من ڕازی نەبووم. دڵشکاو هاتینەوە خوراسپێ. کۆڕێکی کوێخا حوسێن تا دیوی خۆمان لە ئاستی حەساڕۆستدا لەگەڵماندا هات. چیا سەخت بوو، پەکی خستم. دوو سەعاتێك بەنێو بەفردا ڕۆیشتین. ئەمە من بەسواری و سەعید بەپێ. کە گەیشتینە دامێنی ئەمدیوی چیا، بەلاڕێدا هاتینە پردی حافز. بەیانیەکەی بەخانەقاو وەرتێ و چیای کارۆخ و پڵنگاندا هاتین و گەیشتینەوە سەرکەپکان. نێزیکەی مانگێکمان پێچوو لە ئێران. پازدە ڕۆژی دیکە لەلای عەباس ئاغا ماینەوە، پاشان بەرەو سلێمانی بووینەوە)

سەعید، بەقسەی هەمزە، تا ساڵی ١٩٥٥ مابوو. ئیبراهیم ئەحمەدیش نووسیویە: ((بەداخەوە بەجۆرێکی نەزانراو ئەویش لەناوچوو لە ساڵەکانی (٥٠)دا)). هەرچی حاجی عەبدوڵلای سۆفی کەریمە دەڵێت: ((کە لەگەڵ سەعیددا گەیشتینە کەرکووك، لێم جیابووەوەو گوتی دەچمە بەغدا. پاشتر کە هاتەوە سلێمانی و دیم، گوتی تووشی سیل بووم. دوایی هەر بەو دەردە مرد)).

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی سەعیدی تەتەری نەناسراوی کوردایەتی.

* * *

(٢)

بەڵگەنامەی ژمارە :٤٥٣

نامەی معاوینی کومیتەی مەرکەزی – ح . د . ک *

بو:

هەموە کومیتە و ماءمورینی عرضی راه و مسئولینی حکومەتی ملی کوردستان

بەوسیلەی ئەم نوسراوە پیو رادەگەینریت کە هەلگری ئەم دستورە [ سعید محمد ] ناو طرف دولەتی را مجازە هەمو جی یەکی بە سەربەستی بچیت و بیت تکایە کە لە طرف هیچ کەسیکی را مضایقە و ممانعتی هات و چوی بە هیچ جوریک نەکریت .

وهاب بلوریان

معاوینی کومیتەی مەرکەزی حزبی دیموکراتی کوردستان

---

* پێدەچێ نێوبراو « وەهابی بلوریان» بێت ، براگەورەی غەنی بلوریان ، خەڵکی مهاباد بێت ، سەیر ئەوەیە لەناو لیستەی ناوی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی حیزبەکەدا باسی ئەم بێت . وەک دەبینرێ نامەکە مێژووی لەسەر نییە . بەباشم زانی کە لەم جێگەیەدا بکێشرێ :



بو

هەموە کومیتە و مأمورینی عرض راه و مسئولینی حکومەتی ملی کوردستان

بوسیلەی ئەم نوسراوە پیو رادەگەینریت کە هەلگری ئەم دستورە [ سعید محمد ]

ناو لە طرف دولەتی را مجازە هەمو جی یەکی بە سەربەستی بچیت

و بیت تکایە کە لە طرف هیچ کەسیکی را مضایقە و ممانعتی هات

و چوی بە هیچ جوریک نەکریت

معاونی کومیتەی مرکزی حزبی دیموکراتی کوردستان

(٢)

تەشەری ئێمە ناوی (شەهید) بۆ لاوێکی خەڵکی سلێمانی لە بنەماڵەی شاعیری
ناودار (مەحوی) تایبەتیت بە باوکێکی دڵسۆز و پاک و لەخۆبوردوو بۆ ویەکی بۆ
ئەندامە نەبەزەکانی ح.د.ک و پاشئەوەش حیزبی پارتی دوای لە دوای لە کارەساتی مەهاباد .
بەداخەوە بە جۆرێکی نەزانراو ئەویش لەناوچوو لە ساڵەکانی (٥٠) دا.

(١)

بڕگەیەک نامەی تایبەتی ١٩٩٧/١٢/١٢ی ئیبراهیم ئەحمەد
سەبارەت بە سەعید.

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی
ژمارە / /
بەروار / /
کتێبخانە

(۲)

پێوەند ......

ژمارە: ۲۵۴
بەرواری: ۲۵/۱/۱۲

حزبی دیموکراتی کوردستان

مهاباد
کومیتەی مەرکەزی

کومیتەی حزبی دموکراتی کوردستان عراق

لەجوابی نوسراوی ژمارە ۲۰ ی بەرواری ۲۵/۱/۶ پیویستە
لیان معلوم بفەرمونەوە ئەو برا بارزانیانە لە شنوەدە یان چەند دێ
روتانەوە و روبەلای اهالی شنو جلدیان کە ئەم وەرگرتووە هەرچی زوتر
بنوسن تا اقدامی پیویست لە بارەیانەوە انجام بدرێت.

کومیتەی مەرکەزی حزبی دموکراتی کوردستان

(۲)

# پەراوێزو سەرچاوەکان

[1] هێندەی سۆراخم کردووە، هێشتا دەستم بە بنەماڵەی سەعید یا(نەوەیان یا ئاگادارێکی بەسەرهاتیان ڕانەگەیشتووە تا ژیاننامەکەی ساخ بکەمەوە. مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا (1915-13/12/1998)لەو 13,5سەعات بیرەوەریانەدا کە مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف و بەندە پێکەوە لەسەر شریت و بەڤیدیۆ تۆمارمان کردووەو وا خەریکی ئامادەکردنین بۆ چاپ، جەختی دەکردەوە کە سەعید بەبێ هیچ گومانێك قەرەداخییەو چەندین ساڵ لەگەڵیدا ژیاوە. بەڵام مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد (1914- ) لەنامەیەکی تایبەتی ڕۆژی 13/12/997یدا نووسیویە: لە ((بنەماڵەی شاعیری ناودار (مەحوی)یە)). هەوڵیم لە کەسانێکی ئەو بنەماڵەیەی وەك کاك سۆران مەحوی پرسیوە، هیچ زانیارییەکیان نەبوەو وەڵامیان نەداومەتەوە. لێرە بەدوا قسەکانی هەمزە عەبدوڵڵاو ئیبراهیم ئەحمەد بەرودوا لەو بیرەوەریە تۆمارکراوانەو نامە تایبەتەکەوە وەرگیراون.

[2] بڕوانە: ئیبراهیم ئەحمەد، فایەق بێکەس و هەڵوێستی کوردانە، گۆڤاری ((مەڵبەند))، ژ 57، لەندەن، مارتی 1995و، نامە تایبەتە ئاماژە بۆکراوەکەی ئیبراهیم ئەحمەد.

[3] مەحمود مەلا عززەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان،ب3، ستۆکهۆڵم، 1997، ل763

[4] ئەو لیژنەیە لەنێو بەڵگەنامەکانی "کۆماری کوردستان"دا ناوی بە کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق"هاتووەو، پێش پارتی دامەزراوە. بڕوانە:سەرچاوەی پێشوو، ل762

[5] بڕوانە: ئەبو حەسەنی تەفرەشیان، پاشەکشەی بارزانییەکان لە کوردستانی ئێران، وەرگێڕانی حەسەنی سەیف، گۆڤاری "هیوا"، ژ 7، پاریس، پایزی 1990

شایانی گوتنە، نووسەر بەهەڵەدا چووە کە سەعیدی بە تەتەری حیزبی "ڕزگاری"داناوە، چونکە ئەو باسی ڕۆژانی لە 21/12/1946بەدواوەی شنۆی کردووە تا خاکەلێوەی 1947کە هاتووەتە دیوی عێراق و تەسلیم بە حکوومەت بووە ( بڕوانە:بەشی یەکەمی هەمان بابەت لە ژمارە 6ی ئابی 1987ی هەمان گۆڤاردا). لە کاتێکدا حیزبی ڕزگاری دووەم حەفتەی ئابی 1946هەڵوەشاوەتەوەو 16ی ئەو مانگەیش پارتی دیموکراتی کورد عێراق دامەزراوەو، سەرەتا ڕۆژنامەی ڕزگاری زمانی حاڵی بووە.

[6] سەرچاوەی ئەم قسانە بریتیە لە دانیشتنی ڕۆژی 16/7/1997 لەگەڵ مامۆستا کەریم زەندداو، شەش سەعات بیرەوەریی خاڵە جەلالی ئەمین بەگ لەسەر شریت تۆمارکراوی ڕۆژانی 9و10و11و16ی شوباتی 1998ی خاڵە جەلالی ئەمین بەگ

[7] دیداری 26/12/1999

# چەند بەڵگەنامەیەك لە بارەی هەمەوەندەوە

عبدالرقیب یوسف

ئەمە بەشێکی بڕە بەڵگەنامەیەکی دەوڵەتی عوسمانییە لە بارەی خێڵی هەمەوەندەوە، ئەرشیڤی بەڵگەنامەی عوسمانی لە کتێبی : MUSUL – KERKUK ILGLI ARSIV BELGELERI,1993 دا بڵاوی کردووەتەوە. من بەڵگەنامەکانم خوێندووەتەوەو نووسیومنەوەو ، مەلا ئەحمەد یووسفی برام کردوونی بە کوردی.

کاتی خۆی ئەم بەڵگە نامانەو ئەوانی دیکەم دایە برای بەڕێزم دکتۆر نزار محمەد فەرج هەمەوەندی، چونکە لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا بە نیاز بوون کتێبێك لەسەر خێڵی هەمەوەند دابنێن، بەڵام پڕۆژەکەیان سەری نەگرت. بەڵگەنامەکان بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی هەردووکمان کەوتبوونە لای هێندێك کەس بە فۆتۆ کۆپیی وەرگێڕانەکانیانەوە، ئاگادارم کردنەوە کە قایل نیم بڵاویان بکەنەوە، لەبەر ئەوەی خۆم بە نامیلکەیەك بڵاویان دەکەمەوە.

یەکێك لەو بەڵگەنامانەم لە ژمارەی ڕۆژانی (٨/١٣ و ١٩٩٧/٩/١٥)ی ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)دا بڵاوکردەوە کە بریتییە لە مەزبەتەی خەڵکی مووسڵ بۆ دەوڵەتی عوسمانی و داوایان تێدا کردووە خێڵیهەمەوەند دووربخاتەوە بۆ وڵاتی (جەزائیر)و ، ئەوە بوو دوور خرانەوە بۆ تەڕابولس (طرابلس)ی خۆرئاوا. ئەو مەزبەتەیە بە هاندانی موشیر ئیسماعیل حەقی کوڕی محەمەد شەریفی کوردی بدلیس بووە کە دەوڵەتی عوسمانی بە ناوی (مامور اصلاح)ەوە ناردبوویە کەرکووك بۆ سەرکوتکردنی هەمەوەند. کورتە ژیاننامەیەکی (ئیسماعیل پاشا)م لەو گوتارەدا بڵاوکردووەتەوە هەر ئەو (قورت ئیسماعیل پاشا)یەیە کە شێخی شۆڕشگێڕ شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی لە کتێبەکەی خۆیدا (مثنوی) زەمی کردووە.

## یەکەم بەڵگەنامە:



١٤٥٦:

ولايات معلومهء شاهانه لرينه. سوق اولونان هموند ليلرد شمديه قدر اوتوز ايكى سيواسدن و طقوز نفر كدخي قونيه مرتباتندن كه جمعا قرق بر شخصك فراراً موصل و كركوك جهتلرينه صاوشدقلري لدى المخابره واليلكلرندن جوابا آلنان ايكى قطعه تلغرافنامه دن اكلاشلمس اوزرينه سايهء شاهانه‌لرنده شومقدار قليلك تزيد قوت وتوسيع شقاوتلرينه ميدان قالمامق اوزره لازم كله‌جك تدابير ووسائط محليه‌دن بحثله اخذ وگرفتلرى لزومي ايجاب ايدنلره بيلدرلمشيدى بو كره موصل ولايتيله كركوك قوماندنلغندن وسليمانيه متصرفلغندن جواباً آلنديده برر صورت مخرجه‌سى منظور حكمت موفور جناب شهرياريلرى بيورلمق اوزره مربوطاً عرض و تقديم قلنان اوچ قطعه تلغرافنامه‌ده سايهء موفقيتوايهء جناب شهنشاهيلرنده هموند فراريلرندن شمدى‌يه قدر سكز وغواره‌لرندن درت كه جمعاً اون ايكى نفرى الده ايدلدكلرى وقصورينك اخذ وگرفتلرى امر ندن تلغرافنه ايدلركلرى وقصور ينك اخذ وگرفتلرى امرندن تلغرافنه ويريلان تعليمات مملوكانه‌م وجهله هر طرفه عساكر شاهانه‌لرندن وعشاير آتلوسندن ترتيب وسوق اولنان مفرزه لر واسطه سيله تعقيبانه كمال كرمى ايله دوام اولنمقده ايدوكى نمايان اولمش وهر خصوصده تجلى ايدن موفقيات محاسن غايات جناب خلافتپنا هيلرى جملهء جميله وجليله سندن اولمق اوزره بر مقدار جزؤيدن عبارت اولان قصور ينك دخى عهد قريبده كاملاً الده ابديله جكلرى الطاف آلهيدن قوياً ماءمول ومنتظر بولنمش اولدغنى معلومات اولمق اوزره عرض ايدر ايسه‌مده اولبابده وقاطبة احوال امر و فرمان ولطف واحسان حضرت من له الامر كدر

فى (١)رجب سنه ٣٠٥ فى ١١ مارت سنة ٣٠٣

قوللرى

اسماعيل حقى

بن محمد شريف

وەرگێڕانەکەی:

١٤٥٦:

ئەو هەمەوەندانەی کە دوورخراونەوە بۆ ویلایەتە زانراوەکانی شاهانە، تا ئێستا سی و دوو لە سیواس و نۆ لە قوونیا کە سەرجەم چلو یەک کەسن هەڵاتوون بۆ لای مووسڵ و کەرکووک و شەڕیان کردووە، وەڵامی وەرگیراوی والیەکان دوو پارچە تەلگرافە : ئەوانەی کە ماونەوە بۆ ئەوەی لە سایەی شاهانەدا ڕێگایان نەدرێت لاساری وناپاکی بکەن، ڕێ و شوێنی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان دانراوە، ئەمجارە وەڵام لە ویلایەتی مووسڵ وقوماندانی کەرکووک و پارێزگاری سلێمانی وەربگیرێت و هەر یەک وێنەی ئەو جێگایەی کە لێی دەرچووە،دەنێردرێت بۆ جەنابی شەهریاری، ئەم هەواڵانە لە سێ برووسکەدا هەن: بە سایەی جەنابی شاهنشاهەوە تا ئێستا هەشت کەس لە

هەڵتوانی هەمەوەند و چوار کەسی غەواره[1] کە دەبنە دوانزە کەس کەوتوونە دەست و ، برووسکە لە بارەی خراپیی ڕەفتاریانەوە بە دەست گەیشتووە، ئەو ڕێنوێنیانەی بەندەتان دراونە هەریەکە لە عەسکەری شاهانەتان و سوارەکانی عەشایەرو، ئەو مەفرەزانە کە لەمانە دروستکراون نێردراون و تاقیبکردن بەهۆی ئەمەوە بە گەرمی بەردەوامە. سەرکەوتنی ئێمە لە هەر بارێکدا و بە سایەی جەنابی خەلافەت تپەناهەوە دیار دەبێ. ئەگەر کەمە درێغیکردنێکیش هەبێ، بەم نێزیکانە بە تەواوی (سەرکەوتن)بە دەست دەهێنرێت. زۆر هیوامان بە لوتفی خوایە ئەو شتەی کە ئێوە چاوەڕوانی ئاگادارین لە بارەیەوە، ئەگەر ئەمڕۆ من عەرزیشی بکەم، هەمووی فەرمان و لوتف و چاکەی حەزرەتی (ولی الأمر)ە.

لە ١ی ڕەجەبی ساڵی ٣٠٥ دا (١) مارتی ساڵی ٣٠٣دا.

بەندەتان

ئیسماعیل محەمەد شەریف

**دووەم بەڵگەنامە:**

مقام معلای صدار تعظمایه

هموندلردن یوز قرق درت خانەسی موصلە اوچ یوز خانەنك دخی ارادەء جلیلەلرینە توفیقاً ماردینە وقرق آلتی خانەلك دخی حكاری‌یە سوق اولندقلری فی حزیران سنەء ٣٠٣ تلغرافلە عرض اولنمشیدی بونلرن بو حوالی اهالیسی حقلرندە اجرا ایتدكلری معاملەء اعتسافكارانە معلوم افخمیلری اولدغندن بعدما بورالرە كلوب سزلدی تكرر اتمامك اوزرە بر وجە امر عالی اناطولی ولایات شاهانەنك مناسبلرینە اسكانلرینك اجراسی مجرد ترتیب وتنسیب عالی حضرت وكالتپناهیلرینە منوط ومتوفق اولمغن اولبابدە

فی ١٤ تموز سنە ٣٠٣

یاورا كرم مأمور اصلاحات

اسماعیل حقی

**وەرگێڕاوەکەی:**

برووسکەی مەئمووری ئیسلاحات ئیسماعیل حەقی بۆ سەدری ئەعزەم:

ڕۆژی نووسینی لە ١٤ ی تەمووزی ١٣٠٣ی ڕۆمی (١٨٨٦ی ز) دایە و بە ژمارە (٤٧٧)ی ڕۆژی ١٥ی تەمووز لە کەرکووکەوە نێردراوەو ، داوای تێدا کردووە هەمەوەندەکان دوور بخرێنەوە بۆ ئەنادۆڵ، برووسکەکە گوتوویە: هەمەوەندەکان بە ڕەزامەندیی سوڵتان عەبدولحەمید دوورخرانەوە بۆ مووسڵ و ماردین و هەکاری، بەڵام پاش ئەوەی کاری خراپیان لێ وەشایەوە، کە لەوانەیە زەوتکردن و تاڵانکاری بێ، لەو ناوچانە هەڵاتن. بۆیە ئیسماعیل پێشنیاری کردووە دوور بخرێنەوە بۆ ئەنادۆڵ، دوورخرانەوەیشیان بۆ ئەو ناوچە ناوبراوانە کەم و زۆر پێش ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی هەمان ساڵ بووە.

[1] غەوارە : کەسانی غەیرە نیزام.

تێبینی : مێژووی ساڵەکەی بە زاین (١٨٨٦)ە.

ئەمە وەرگێڕانەکەیەتی:

سەد و چل و چوار خێزانی هەمەوەندم بۆ مووسڵ و سیوسێ خێزانم بۆ ماردین بە ڕەزامەندیی ئیرادەی سوڵتان و چل وشەش خێزانم بۆ هەکاری دوور خستەوە وەك لە برووسکەی ٣ی حوزەیرانی ١٣٠٣دا هاتووە. دوای ئەوەی برانە ئەم ناوچانەو مامەڵەی خراپیان لەگەڵ دانیستوانیاندا کردو، لەبەر ئەوەی ناگەڕێندرێنەوە بۆ ئەم ناوچانە، تکایە بگوازرێنەوە بۆ ناوچەی دوور لە ئەنادۆڵ و ڕەزامەندیی سوڵتان لەسەر ئەم کارە پێویستە.

لە ١٤ی تەمووزی ١٣٠٣دا

یاوەری ئەکرەم مەئمووری ئیسلاحات

ئیسماعیل حەقی

## سێیەم بەڵگەنامە :

١٤٥٦ صورتدر

ج ٢٨ شباط سنه ٣٠٢ محکوم حمه جانك عونه سنددر همونديلره التحاقي تشريفی دولتلرى جهتله شرف ورودندن اولدر سايهء ملوکانەده همونديلر ترايید قوت اتمك دکل حياتلرينى محافظه ايچون تلاشه دوشمشلردر نقيب سيد مصطفى افندى سکسان سادات و بر اوقدرده ضبطيه ايله اليوم تعقيبه چيقمشدر عساکر وضبطيه مفرزه لرى تعقييده در بعناية الله تعالى الده اولان تشبثات جديدەنك آثار خيريەسى قريباً عرض اولنور.

فى ٢٩ شباط سنه ٣٠٢

متصرف سليمانية

طاهر

اصلنه مطابقدر فى ١ / مارت سنه ٣٠٤

قوللرى

اسماعيل حقى

وەرگێڕانەکەی:

بەڵگەنامەیەك بە ئیمزای (طاهر) موتەسەڕیفی سلێمانییەوە سەبارەت بە تاقیبکردنی هەمەوەندەکان لە لایەن هێزەکانی عوسمانی و شێخ موستەفای نەقیب (نەقیبی ساداتی سلێمانی کوڕی سەید محەمەدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخ)ەوە ئەویش لە ڕۆژی ٢٩ی شوباتی ساڵی ١٣٠٣ (٢٩ی شوباتی ١٨٨٦ی ز)دا. هێزەکانی تاقیبکردن بریتی بوون لە هەشتا کەس لە سادات و بەسەرکردەییی شێخ موستەفا و هەشتا زەبتیە. ئەم بەڵگەنامەیە لە دانانەی ئەسڵییەوە ڕوونووس کراوەو لە لایەن مەئمووری ئیسلاحات موشیر ئیسماعیل حەقی پاشا کوڕی محەمەد شەریفەوە بەراورد کراوەو ئەمە وەرگێڕانەکەیەتی:

حەمە جانی حوکمدراو کە هاوکاریی هەمەوەندەکانی دەکرد، هاتە پاڵ حکوومەت و هەمەوەندەکان بە هۆی سوڵتانەوە ناتوانن هێزەکانیان زیاد بکەن بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان و بەرخۆدانیان کەم بووەتەوە. ئەمڕۆ نەقیب سەید موستەفا ئەفەندی لەگەڵ هەشتا کەسی سادات و هەمان ژمارەی زەبتیەدا چوونە دەرێ بۆ تاقیبکردن، پشت بە خوا سەرکەوتنی تازە بە دەست دێت و ئەنجامە خۆشەکان بەم نێزیکانە بەرچاو دەخرێن.

موتەسەریفی سلێمانی

طاهر

هاچوونی ئەسڵەکەیە لە ١ی مارتی ١٣٠٤دا

قوولکەری(٢)

ئیسماعیل حەقی

## چوارەم بەڵگەنامە:

یلدزسرای همایون

باش کاتب دائرەسی

٥٩٤٧

موصل ولایتنە کلان و عاطفت و مرحمت سنیەیە ایلیەن هموندلیلرن قبول دخالتلری ایلە کندیلرینە اطنە اعطا قلنمقدە اولان یومیەنك کما کان اعطاسی موصل والی وکالتندن وقوع بولان عرض واشعار اوزرینە شرف صدور بیوریلان ارادەء سنیە جناب خلاف تپناهی ایجاب عالیسندن او لمغلەاولبابدە امر و فرمان حضرت ولی الأمر کدر.

فی ١٣ شعبان سنەء ٣١٩ وفي ١١ تشرین ثانی سنەء ٣١٧

سرکاتب حچرت شهریاری

بندە تحسین

ئەم بەڵگەنامەیە لە (١٩٠١/١١/١١) دا دەرچووە لە دائیرەی کاتبی یەکەم (باشکاتب - سرکاتب) ی سەرای یلدزی شاهانە (یلدز سرای همایون ) و بە ئیمزای (تحسین) ی باشکاتبی سوڵتانە (سوڵتان عبدولحەمید) بە مێژووی ١٣ی شەعبانی ١٣٩١ ك و ١١ ی تەشرینی دووهەمی ١٣١٧ ڕۆحیی عوسمانییە ونمرەی (٥٩٤٧)⁰⁰⁰.

وەرگێڕانەکەی:

لە ویلایەتی موسڵەوە هاتون و هەمەوەندەکان داوای لە پەنابەری و لێبوردنیان کردووە و دەخالەتیان قەبوڵ کراوە و داوایان کردووە ئەو برە پۆژانەیە یان بدرێتیٚ کە لە (ئەدەنە) دەدرایە دەیان وەکیلی والیی موسڵ ئەمەی عەرز کردووە و داوای ڕەزامەندیی گەورە جەنابی شاهانەی کردووە و لەم بارەیەوە فەرمان هیی خاوەن فەرمانە.

لە ١٣ ی شەعبانی ساڵی ٣١٩ و ١١ ی تەشرینی دووهەمی ساڵی ٣١٧ دا.

سرکاتبی

حەزرەتی شەهریاری

بندە تحسین

## پێنجەم بەڵگەنامە:

موصل ولایتی مکتوبی قلمی

عدد ١٢٠ داخلیە نقارات جلیلەسنە

دولتلو افندم حضرتلری

سایەء قدر توایەء حضرت پا شاهیدە اجرای مصالحەلرینە وتفصیلاتی عریضەء مخصوصەء عاجزانەملە جانب سامی نظارتپناهیلرینە عرض واشعار قلنان هموند و شوان و شیخ بزینی عشیرتلرینك تالیف بینلریلە شرائط صلحەنك قرارلشدیرلمسی د طرفین یدندەکی منهوباتن استردادی و عشایر

مذكوره رؤساسنه نصايح لازمه‌نك بالاجرا امنيت واستراحت عموميه‌نك تاييد واستكمال ضمننده طرف عاجزانه‌مدن وقوع بولان تليفات ووصايا اوزرنه سليمانيه جهتندن جاف عشايرى رئيسى سعادتلو محمود وكلعنبر قضاسى قائمقامى عثمان پاشالريله سليمانيه نقيبى فضيلتلو مصطفى افندى و كركوك جهتندن مفتى بلده فضيلتلو حسن افندى و مجلس اداره‌ء لوا اعضاسندن احمد بك و كركوك ژاندارمه طابورى بيكباشى حسن آغا بازيان قضاسى مركزى اولان چمچماله عزيمت و برمدت اقامتله وصاياى مسبوقه و تعليمات دائرسنده التزام ايلدكلرى تدابيرى حكيمانه ايله اساس مصالحه تعيين وطرفنك امنيت وراحتلرى اعاده وتقرير ايديله‌رك رفع مخاصمات و منع حادثات خصوصلرنده سعى واقداملرى كورلمش اولديغنه وبو حواليجه رؤساى عشايرايله متحيزان و اشرافندن اجراءات حكومتده خدمات محدوحه‌لرى مشاهد اولانلرن تعطفات سنيه‌يه مظهريتلرى امثالى ايچون بادئ تشويق اوله‌جغى كبى حكومتجه ده فؤائد و تحسناتى استلزام ايله‌يه جغنه مبنى مومى اليهمك وبرمدتد نيرو چمچماله آرامساز مفرزه‌ء عسكريه قوماندانى بيكباشى حاجى امين افنديك تأمين انضباط امرنده حسن خدمتى اشعارات محليه‌ايله مصدق اولديغندن آنك دخى برر افتخار مداليه‌سيله تلطيفلرى ونزد سامى اصفانه‌لزنده رهين تصويب اولديغى حالده عاجزلريله ايفاى وظيفه ده اقدام ومساعيسى مصالحه‌يه عامه مخابراتنك سرعت غيرت و ورويتى كوريلان مكتوبئى ولايت سعادتلو رمزى بك افندى حضرتلرينه ده برر آلتون لياقت مداليه‌سى احسانى خصوصنه دلالت عليه‌ء دورانه‌لرينك بيدريغ بيورلمسى بابنده امر وفرمان حضرت من له الأمر كدر

فى ٢٩ جمادى الأول سنه ٣١٦ وفي ٢ تشرين اول ٣١٤

موصل واليسى

مشير

بنده

السيد محمد عارف

وەرگێڕانەکەی:

خاوەنی دەوڵەت حەزرەتی گەورەم

لە سایەی حەزرەتی پاشاوە کاروباری سوڵح و ئاشتی سەری گرت و وردەکاریەکانی لە لایەن منی کەم تواناوە عەرزی جەنابی گەورەی نەزارەت پتەناه کرا کە خێڵەکانی هەمەوەندو شوان و شێخ بزێنی بریار لەسەر پێکهاتنیان دراو ئەو شتانە کە تاڵان کراون و لە دەستیاندایە دەبێ بیدەنەوە بە یەکدی. سەرانی خێڵەکان ڕاسپێردران دەبێ پشتیوانیی ئاسایش و ئارامی وهێمنیی گشتی بکەن و تەواوکردنیان لە لای منە. بە پێی ئەو ڕاسپێری و ئاگاداریانە کە بە من گەیشتوون، لە لای سلێمانی سەرۆکی جاف خاوەن سەعادەت مەحموود وعوسمان پاشای قایمقامی گوڵعەنبەروفەزیلەتی موستەفا ئەفەندیی نەقیبی سلێمانی و لە لای کەرکووک

خاوەن فەزیلەت حەسەن ئەفەندیی موفتی شارو وئەحمەد بەگ لە ئەندامانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی لیوا و حەسەن ئاغای بینباشیی تابووری جەندرمەی کەرکووک ڕوومانکردە چەمچەماڵی ناوەندی قەزای بازیان و ماوەیەك لەوێ مانەوە. ڕێ و شوێنی بنچینەییی سولح و پێکهاتن بەپێی ڕێنوێن و ڕاسپاردەکان دانرا وئاسایش وئارامیی نێوان هەردوولا بەجێ هات و دەست پێشخەری کرا تا دووبەرەکی نەمێنێ‌و هیچ ڕوونەدات. کردەوەی حکوومەت و خزمەتی چاك لەگەڵ سەرۆکانی خێڵەکان و پیاوماقوولاندا لەو دەوروبەرانەدا بەرچاو بوون. نموونەی ئەمانە لە دەرکەوتنی سۆزی ئێوەدا دەبنە هاندان. هەروەها حکوومەتەکەیش سوود و شتی باشی بۆ پەیدا دەبێ. ئاسایش و ئارامی ماوەیەکی درێژی لەمەوبەر بە هۆی ئەو ناوبراوانەوە لە چەمچەماڵ پەیدا بووە. قوماندانی مەفرەزەی عەسکەری بنباشی حاجی ئەفەندی زەیت و خزمەتی چاکی دابین کردوون و ئەمە خەڵکیش پەسەندی کردووەو مەدالیای شانازیی دڵخۆشیی بدرێتێ و لە لایەن بەرزی ئاسەفانەوە پشتیوانی بکرێت، ئێمە . هەروەها مەدالیایەکی زێڕی ببەخشرێت بە ڕەمزی ئەفەندیی کاتبی ویلایەت تا ببێتە شایەتی بەرزی دادپەروەریی بێ کەمو کوڕی . ئەمەیش فەرمانی حەزرەتی خاوەن فەرمانە.

لە ٢٩ی (جمادی الاولی)ی ساڵی ٣١٦ و ٣ی تشرینی یەکەمی ٣١٤دا

والیی مووسڵ موشیر بەندە

السید محەمەد عارف(٣)

## شەشەم بەڵگەنامە:

١٤٥٦ صورتدر

ج ٢٦ شباط سنه ٣٠٣ هموند اشقیاسندن احمد آغا ایله محمود چینه مقدماً مقتولاً و هموند غوارەلرندن در دست اولنان بش نفردن برینك اسمی میرزا لای بوردە جافلی حسن بك آدیدر دیکری کاکە ولی و بریسی حامد بازیانلی (و) رشید عبدالرحمن و ابوصباحلی محمد و دیکر رفیقی صالح در الیوم کرکوك حبسخانەسنه تسلیم اولنمشلردر دیکر کریم قادر دخی بوندن ایکی کون مقدم قائمقام علی حیذاربك مفرزه سیله وقوعبولان محاربەدە مجروحا در دست اولنوب جمجمال حکومتە تسلیم اولنمشدر و طرفوق جوارندە وقوعبولان محاربەدە قتل اولنان هموندلردن و رشوند فرقەسندن بری علی عبدالرزاق و رموند فرقەسندن قادرا احمد عبانك مخدومی علی و غوارەلریندن احمد بازه و هموندلرندە اوچنك جنازه سی یردە کورلمش ایسەدە اسملری بیلنەمدیکی و مجروحاری دخی الده ایدیله مدیکی جهتله اسملری بیلنەمیوب و دیکر محارباتدەدە بر غواره کوپری شاطندە غرق اولوب تلف ایدلدیکی کبی دیکر تلفات مجروحین حقلرندە اشعاراتدە وار ایسەدە

(٣) لە باتیی ناوی مۆری لێدراوە و ناوەکەی سەری (السید محمد عارف)ە. مێژووی بەڵگەنامەکەش ١٨٩٧ ز.

اسملری معلوم اولمدیغی جهتله اشعار اولنمدیغی قوماندانلقرك ژورنالی اوزرینه معروضدر

فی ۲۸ شباط سنة ۳۰۲

فریق علی

اصلنه مطابق در فی ۱/ مارت سنه ۳۰٤

قوللری

اسماعیل حقی

بەڵگەنامەیەك سەبارەت هەم بە هەڵاتنی ئەو هەمەوەندانە کە دوورخرابوونەوە بۆ سیواس و قوونیەو ، هەم بەو شەڕو شۆڕە کە لە نێوان هەمەوەندو سوپای عوسمانیدا لە (داقووق) ڕوویدا و ناوی کوژراوەکانیان و دەستگیر کراوەکانیشی تێدان. مێژووی بەڵگەنامەکە ۲۸ی شوباتی ۱۳۰۳ی ڕۆمی (۲۸ی شوباتی ۱۸۸٦ی ز)یەو ژمارەکەی (۱٤٥٦)ە.

دەقێك لە پەراوێزدایە لەسەر ئەوە کە هاو جووتی دانەی ئەسڵییەو ئیسماعیل حەقی پاشای (مەئمووری ئیسلاحات) لە ۱ی مارتدا لەگەڵ ئەسڵەکەیدا بەراوردی کردووە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە دانەی ئەسڵییەوە وەرگیراوەو لەوانەیە تێبینی‌یەکی خۆیی پێوە کردبێ سەبارەت بە هەڵاتنی هەمەوەندەکان لە سیواس و قوونیەو لەگەڵیدا بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکە لە ناساندنی بەڵگەنامەکەدا ئاماژە بۆ هەڵاتنیان کراوە.

### وەرگێڕانەکە :

ئەحمەد ئاغاو مەحموود چینە لە ڕێگرانی هەمەوەند پێشەکی کوژران و پێنج کەس دەستگیر کران و ئەوانیش بریتین لە : میرزا لای[(١)] لە پیاوەکانی حەسەن بەگی جاف ئەوی دیکە کاکە وەیس و ئەوی دیکە حامید ڕەشید عەبدولڕەحمانی بازیانی[(٥)] و ئەوی دیکە ئەبوو سەباحلی محەمەد وئەوی دیکەی هاوڕێی سالح و، ئەمڕۆ تەسلیمی بەندیخانەی کەرکووك کران و ئەوی دیکە کەریم قادرە کە لە شەڕەکەی دوو ڕۆژ لەمەوبەردا بە برینداری کەوتە دەست مەفرەزەی (علی حیدار) ی قائمقام و تەسلیمی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی کرا لە چەمچەماڵ.

ئەو شەڕە کە لە نێزیکی داقووق ڕووی دا، عەلی عەبدولڕەزاق لە تیرەی ڕەشەوەند و عەلی کوڕی قادر ئەحمەد عەبانی لە تیرەی ڕەمەوەند تێدا کوژرا و ئەحمەد بازەی تێدا گیراو سێ تەرمی هەمەوەند دۆزرانەوەو نەزانرا ناویان چییەو بریندارەکانیان نەکەوتنە دەست و ناویان نەزانراوەو سەروبەندی شەڕێکی دیکەیش یەکێك لە ڕووباری کۆپری خنکاو هەرچی زیان و بریندارەکانی دیکەیشە ناویان لە لایەن ئیستیخباراتەوە نەزانراوەو جەنەڕاڵی سەرکردایەتی ئەمەی بەر چاو خستووە.

لە ۲۸ ی شوباتی ساڵی ۳۰۲ دا

فەریق عەلی

هاووجوتی ئەسڵەکەیە لە ۱ ی مارتی ساڵی ۳۱٤ دا

بەندە اسماعیل حەقی

---

[(١)] رزا لای یا میرزا لاڵ – لالە.

[(٥)] یا (خالید) .



بەڵگەنامەی (١)



**بەڵگەنامەی ژمارە (٢)**



بەڵگەنامەی ژمارە (٣)



بەڵگەنامەی ژمارە (٤)



بەڵگەنامەی ژمارە /(٥)

همونده

٢٦ ح. سماوات شنبه همونده اشقیاسندن احمد اغا ایله محمود جمیله مقدما مقتول وهمونده
غواره لرنده دردست اولنماله سبب نفردن بریسی اسمی میرزا ملا بوده جانی
جمله لکلك اولیسه دیکری کاکه ولا وبریسی حاله بازیانی ییتب عبدالرحمن والبوجهالی
محمد ودیکر رفیقی صالحه الیعلیم کرکوك خستخانه سنه تسلیم اولنمشدر ودیکر کریم قادر
دخی بونده ابی کورله مقدم قائمقام علی جبار بك معرفه سیله وقرهجورلر محاربه
مجروحا دردست الیوب جمجمال حکومتنه تسلیم اولنمشدر وطرفمزده جبارزنه وقرهجورلو
محاربه ده قتل اولنماله همونده لردن دیترنه فرقه سندن بری علی عبدالرزاقده درمونت
فرقه سندن قادر احمد عبانلد محمدی علی وغواره لردن احمد بازه وهمونده لرنده
اوچنجی جنازه سی یده کورلمسه الیسه اسماری بیلنمدیکی ومجروحدر دخی السره ایدیلمدیکی
جزؤ اسماری بیلنمیوب ودیکر محاربانده ده بغواره کوربله تالمنده غرقه صاحبه نفعا ایلمیکی
دیکر نفعات مجروحیه مقدری اشعار اتده راز الیسه اسماری معلوم اولمدیغی جهتله اشعار اولنمشدر

ولهذا

قوماندانلغك زوینال اذربه معروضدر ١ ایلول ٢٨ [illegible]

احضه مظابقدر ١ ایلول [illegible]

قوماندانی [illegible]

به‌ڵگه‌نامه‌ی ژماره (٦)

# ڕێ و ڕەسمی مردوو ناشتن و شێوەی گۆڕ لەسەردەمی پێش ئیسلامدا

نووسینی لئوترومپلن
و/ بۆ فارسی مەولود شاردکام
و/ بۆ کوردی شێرزاد حەسەن



(گۆڕێك لە شوێنەواری گۆدین تەپە)

بە گشتی واباوە لای خەڵك كە لە سەردەمی ساسانییەكاندا ئەوەی كە مردوە تەرمەكەی لە شوێنێكدا دانراوە بۆ دڕندەو باڵندەی كێوی گۆشت خۆر تا هەموو گۆشتەكەی بخۆن و پاشان تەنیا ئێسكی مردووەكە لە تاقێك یا لە چاڵێكدا كە لەسەر گابەردەكاندا پەیدابووە دەشاردرایەوەو ئەو چاڵە پێی دەوترا (ئستودان)

ژمارەیەكی زۆر لەو تاق و چاڵانە لە ناوچەی فارس دۆزراونەتەوە. ئەوەندەی كە من ئاگام لێی بێ (لوی واندن برگ) یەكەم كەسێكە كە ژمارەیەكی زۆری لەو گۆڕانە دۆزییەوە، هەرچەندە (هرتسفلید) و چەند لێكۆڵەرەوەیەكی تر كە لەسەرەتاكانی ئەم سەدەیەدا خەریكی ئەنجامدانی چالاكی بوون لە بواری كۆنناسیدا، ئەم تاق و چاڵانەیان بەرچاو كەوتووەو زانیویانە كە بۆ چ مەبەستێك بەكارهاتوون. والترهینینگ وشەی



گۆڕێك لە شوێنەواری (مارلیك)



گۆڕێكی تر لە شوێنەواری (مارلیك)

(ئستودان) كە بۆ ئەو تاق و چاڵانە بەكارهاتووە، بە مانای عەمار یان شوێنێك بۆ ئێسك و پروسكەكان لێك داوەتەوە، بەر لەویش هرتسفلید ئەو وشەیەی بەرانبەر وشەی (Astothekai) داناوەو دەربارەی مێژوویان باوەڕی وابووە كە: (لە سەردەمی بلاش ی یەكەمەوە (دەوروبەری ٥٠-٨٠ی پاش عیسا) یەكەم هەوڵ دراوە بۆ كۆكردنەوەو نوسینی ئاویستاو ئەمەش هاوكات بووە لەگەڵ دەسەڵات پەیداكردنی پیاوە ئایینی‌یە كۆنەكان لە ئازربایجانی خاكی خۆیاندا كە ڕێ و ڕەسمی دانانی تەرمی مردوو لە شوێنێكی كراوەدا بوو بەشتێكی باو، چونكە لەسەردەمی هیردوت دا ئەم ڕێ و ڕەسمە تایبەت بوو بەپیاوە ئایینیەكانەوە، لەوسەردەمە بەدواوەیە كە ژمارەیەكی زۆر لەو ئەستودكایانە (تاقی بچوكی لەبەرد هەڵكەنراو) ئەكەونە بەر چاوكە ئیسك و پروسكی مردووەكانی تێخراوە.

## گومەزە كپ و پێدەنگەكان

پێش لەوەی ئێسكو پروسكی مردووەكان بخرێنە ئەو تاق و چاڵانەوە، لاشەی مردووەكەیان لە شوێنێكی سەرنەگیراوو كراوەدا دائەنا بۆ ئەوەی - ڕۆح لە لاشەكە دەربچێت، بۆ ئەم مەبەستە تا ئەم ساڵانەی دوایی لە ئێرانداو بەتایبەت لە نزیكی تاران و لە پارێزگاكانی یەزدو كرمان لەم جۆرە گومەزانە سوود وەرئەگیراو بەكاریان ئەهێنان. زەردەشتی‌یەكانی ئەمڕۆ كە خۆیان بە پەیرەوانی زەردەشت پێغەمبەر دائەنێن و بەڕێ و ڕەسمە ئایینی‌یە كۆنەكان كارئەكەن لە ئێرانداو هەروەها پارسی‌یەكانی هیند سوود وەرئەگرن لەو گومەزانە بۆ مردووەكانی خۆیان.

بەداخەوە ئێمە نازانین كە ئەم گومەزە پێدەنگانە دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆژگارو سەردەمێكی دێرین یانا؟ ئێمە نازانین كە ئایا ئەمانە كۆنن و ناوبەناو لە سەدەكاندا تازەكراونەتەوە. چونكە هێشتا بەشێوەیەكی وەها تازەن كە وائەزانرێ لەم سەدانەی دواییدا دروستكراون

من تەنیا وێرانەیەكم بینیوە كەوا دەرئەكەوێ گومەزێكەو پێم وایە هی

سەردەمی ساسانییەکانە ئەم وێرانەیە کە پێی ئەڵێن خەندەق لە نزیکی سەرمەشەهدەوەیە، لەنێوەی ڕێگای نەخشەکەی بارامی دووهەم و بەردە نوسراوە گەورەکەی (کرتیر) و وێرانەکانی حسین ئابادەوەیە (نەخشی ١)



گومەزێك لە شوێنەواری (سەرمەشهەد)

وێرانەی حسین ئاباد لەوەئەچێ موغولەکان وێرانیان کردبێ و بەگوێرەی ئەو گۆزەودیزانەی کە لەو شوێنەدا دۆزراونەتەوە، وا دیارە کە مێژووەکەی لەسەدەی حەوتەمی پاش عیسا کۆنتر نەبێ. ئەو خەندەقە شوورەیەکی شێوە بازنەیی هەیە کە تیرەو پانی دیوارەکەی ٥,٧٠مەترەو تەنیا یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەیە کە پانییەکەی ١,٩٥مەترە دەرگاکە ٨٠ پلە ڕوویکردووەتە خۆرهەڵات. پشتێنەیەکیش بەبەرزی ٧ مەتر کراوە بۆ ڕاگرتنی شوورەکە. بەشی دەرەوەی دەورە دراوە بە خەندەکێکی ٢٩ مەتری کەوا دیارە بۆ سواغ دان و ماڵەکردنی دیوی ناوەوەی دیوارە بەردینەکە خۆڵیان لەوێ هەڵکەندووە. پاشماوەی دیوارە بەردینەکان حەوت مەتر بەرزەو بووەتە هۆی ڕاگرتنی بەشی سەروو کە بەقوڕو خشت دروستکراوە. پانایی ئەم وێرانەیە لەناوەوە نزیکەی هەشتا مەترە، لەبەشی ناوەڕاستیدا گردۆڵکەیەکی بچوك بەپانایی نزیکەی ٢٨ مەتر هەیە کە وادیارە پاشماوەی ساختمانێکی بچوك بووبێت. سەیر ئەوەیە کە تەنیا یەك ئستودان/ گۆڕ لە دەوروبەری ئەم گومەزەدا هەیە کە نزیکە لە نەخشەکەی سەر مەشهەدەوە. (نەخشی دووهەم)



نەخشی دووەم

لە دەوروبەری شوێنەواری تەختی جەمشیدیش ژمارەیەکی زۆر لەم گۆڕانە دۆزراونەتەوە، هەروەها ژمارەیەکی تر لە نزیکی (ئیستەخر) لە (شیب) یا بناری (کێوی رەحمەت) و ژمارەیەکی تریش لە دەوروبەری (نەخشەکەی رۆستەم) لە (کێوی حسین) دۆزراونەتەوە.

## چاڵە لەبەرد هەڵکەنراوەکان

واندن برگ دەڵێ (ئەو شوێنانە کە تایبەت بوون بۆ ناشتنی مردوو بریتی بوون لە

ژمارەیەك چاڵ، یا شوێنی ئێسك و پروسك و چەند تاقێکی بچووك یا چەند ئستودانێك کە ئێسقانی مردووەکانیان تیا داناوە لەناویانا).
ئەو وشەی چاڵ یا شوێن ئێسقان دێنێتە ئاراوەو وا دیارە وەك چاڵێك بۆ ڕزین و لەناوچوونی لاشەی مردووەکان ناویان دێنێ.
ئەوەی کە ئەو بەچاڵە ئێسك ناویان دەبات چەند چاڵێکی شێوە لاکێشەیین کە لە گابەردەکان هەڵکەنراون و مەترو نیوێك تا دوو مەتر درێژن و نیو مەتر پان و نیو مەتر قووڵن بە جۆرێك کە لاشەی مرۆڤێك جێگای ببێتەوە لەو چاڵانەداو تەنیا دەست و پێی لە دەرەوە دەمێنێتەوە. چەند چاڵێکی لەم جۆرە لەبەردەم چەند گۆڕێکی لەبەرد هەڵکەنراوی کۆنتر لەم شوێنانەی ژێرەوەدا دۆزراونەتەوە دەوروبەری (نەقشی رەجەب)، لە بناری (کێوی رەحمەت)، دەوروبەری زەنگاباد، دەوروبەری (ئیستەخر لەسەر سەکۆیەك لە بناری گونداشلو، لەسەر پارچە بەردێك کە جیابووەتەوە لە نزیك نەخشی رۆستەم، لەسەر پارچە بەردێکی براو لەبەردێکی گەورە لە تەنگ خشك لە نزیکی سێوەند،(نەخشی ٣) لە ئیقلید نزیکی



نەخشی (٣)

ئابادەوە لەسەر قەلایەك کە ئەپوانێ بەسەر بیشاپووردا و (نەخشەی ٤) دووربێە



نەخشی (٤)

ژمارەیەکی تریش هەبن کە تا ئێستا دەرنەکەوتبن و نەنووسرابن.

لەسەر هەندێك لەم چاڵانە یا لە نزیکی ئەواندا، چەند نووسراوێك بە نووسینی پەهلەوی کۆن بەرچاوکەوتوون، یەکێك لەو شوێنانە کە لە (ئیقلید)دایە چاڵە هەڵکەنراوێکی نووسراوە کە دانیشتوانی ناوچەکە پێی ئەڵێن (حەوزی کچی گاور). ڕاستی و ناڕاستی ئەم مانایە لەسەر زانین و لێکدانەوەی وشەی دوختەر فارسی وەستاوە. بەلای منەوە ئەم وشەیە نابێ بە مانای ئێستای دختر لێکبدرێتەوە کە کچە، بەڵکو ئەبێ جێگرێك بێ بۆ ناوی یەکێك لە خوا ژنەکان، وشەی گەبریش بەهەر شتێکی کۆن ئەوترێ کە پێش ئیسلام بێت مێژووی نووسراوەکەش ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی

یەکێك لە (بەزدگورد)ەکان. لەبەرئەوە ئەم یادگارە مێژووییە ئەتوانین بەهی سەرەتای سەدەی ٥-٧ی پاش عیسای دابنێین (گروگروپ) کە ئەم نوسینەی دۆزییەوە لەسەر بنەمای چەند خاڵێکی بواری خەت ناسیدا وای بەلاوە راستە کە بەهی پاش ٦٣٨ی دابنێ. دەقی نووسراوە کە ناوی کەسێکی تێدایە کە یا مەرزەوانی وڵات یا فەرمانرەوای بیشابوور بووەو فەرمانی داوە کە ئەم گۆرەی بۆ بکەن و مێژووی مردنیشی دەرخستووەو لە نزیکی ئەویشەوە هەندێ شوێن دروست کراوەو داهاتەکەی تایبەت کراوە بۆ پاراستنی گۆرەکەی. یادگارێکی تری لەو جۆرە لە شوێنەواری (تەنگ حوشك) هەیە، لەم شوێنەدا سێ نووسراو ئەکەونە بەرچاو نووسراوە (وێنەی ٣) سێیەمیان بە تەواوی لەناوچووە، ئەو دووانەکەی تر دووبارە پەیوەندییان هەیە بەتەرخانکردنی داهاتی چەند موڵکەوە بۆ پارێزگاری گۆرەکەو ئەو شتانەش بریتین لە باخ و درەختی میوە، تری‌و گوڵ و ئەو خانووەی کە لە تەنیشتیەوەیەتی. ئەکرێ ئێمە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم چاڵەش وەك ئەوەی ئیقلید هەر گۆڕبێت و هەر بەو مەبەستە ئەو شتانەی بۆ تەرخان کراوە.

گروپ لە نوسینەکەی خۆیدا چوار بەردە نووسراوی تری باسکردووە کە لە نزیکی ئیستەخردا دۆزیویەتەوە، ئەو نووسراوانە بەم جۆرە باس ئەکا: ئەو کۆمەڵە شوێنە گۆڕانەکە کەوتوونەتە لای باشوورەوە بریتین لە چەند شوێنێك لەبەردەکە هەڵکەنراون و دوورنیەکە وەك تابووت سوودیان لێوەرگیرابێ هەر لە نزیك ئەوانەوە نووسراوی ژمارە ١-٣ کە لە

شێوەی چاڵێکی بچوکدا لەبەردەم پارچە بەردێکی گەورە بەدرێژایی سێ مەترو بەرزی یەك مەتر ئەبن دانراون. دەقی نووسراوەکان لەهەموو شتێکدا چوون یەکن، ئەم گۆڕە کەسێك (بۆ خۆشبوون لە رۆحی) رایسپاردووە کە بەهەشت ببێ بە شوێنی، نووسراو ژمارەیەك و ژمارە سێ مێژوویان لەسەر نووسراوە، یەکەمیان ساڵی ٦٦٤و دووهەمیان ٦٧٦ی پاش عیسایە، ئەم چاڵانە پێیان ئەوترێ (دوخمەك)، گروپ دەڵێ: زەردەرەشتی‌یەکانی ئەمرۆ بە بورج و گومەزە کپ و بێدەنگەکانی خۆیان دەڵێن دوخمەك و (هومباخ) لای وایە کە ئەم وشەیە لەسەرەتادا بەمانا گۆرستان یا گۆڕ بووە. گروپ کاتی دێتە سەر باسکردنی حەوزەکەی دوختەری گەبری ئیقلید، دەڵێ ئەو حەوزە بەردینە لەسەرەتادا لێوارێکی دەرکەوتوو چەند سانتی مەترێك بەرزتری هەبوە لە کەناری حەوزەکە، هەروا ئەوەش دەڵێت کە ئەو لێوارە مانای ئەوەیە کە ئەو چاڵە پێشتر بە پارچە بەردێك داپۆشراوەو ئەو لێوارە سەرقەپاغی گۆرەکەی لە شوێنی خۆیدا راگرتووەو کاتێ کە بەتەواوی خرابێتە سەری و جووت بووبێ، قەپاغەکە بەرزتربووە لە لێوارەکە لەبەرئەوە ئەو لای وایە کە ئەو چاڵە گۆڕێك بووە بۆ شاردنەوەی تەرمی مردووەکە بەڵام (هینتس) لە یەکێك لە نووسینەکانیدا ئەم بۆچوونەی بەراست نەزانیوەو روونیکردوەتەوە کە ئەم (دوخمەك)انە گۆڕێك بوون بۆ پاراستنی ئیسقانەکان پاش ئەوەی کە تەرمەکە رزیوە، بەهەر حاڵ ئاشکرایە کە هەموو ئەم چاڵانە لێوارو سەرقاپیان هەبوەو سوود لەمانە وەرنەگیراوە بۆ دانانی تەرمی مردوو تێیدا،

بەڵکو بۆ شاردنەوەی مردووەکە بووە و لە کۆندا پێی وتراوە دوخمەك، بەلای منەوە بەزۆری ئەو پارچە بەردە گەورەیەی کە (واندن بورگ) لە (تەنگ چلو) دۆزیویەتەوەو پێوانەی لاکانی ٢٨x ٧٦ x ١٣٦ ە، سەرپوش و قەپاغی یەکێکە لەوچاڵانە، نەك بەردی دیوار، وەك گروپ بۆی چووە، خوێندنەوەکەی بۆ نووسراوی سەر ئەو بەردە زۆر لە نووسراوەکەی گۆڕەکانی ئیقلید، ئیستەخر، بەردەکانی کێوی حسین دەچێ. ئەو جێگایەی کە ئەم پارچە بەردەی لێجیابووەتەوە پێی دەوترێ دوخمەك.

لە پیشابووریشدا پارچە بەردێکی سێگۆشەی سەرگۆڕ دۆزراوەتەوەو (فیلیب ژینیو) نوسینەکەی بەم شێوەیە لێکداوەتەوە: (ئەمە گوری – پەناە کوری ماهداد–ی ئاشویە کە بەهەشتی خواوەند جێگای ئەوئەبی!) ئەو وشەیەی کە ژینیو بە گوڕ مانای لێداوەتەوە وشەی (ئەسپانور)ە بەمەش ناکەوێتە یەك لەگەڵ خوێندنەوەکەی (هەرمەتا) کە وشەکەی بە (ئەستودان) خوێندووەتەوە.

وشەیەکی تر بە مانا گۆڕ لەسەر بەردێکی دسکاریکراو لە ئەستەنبول دەکەوێتە بەرچاو کە رووپۆشەکەی ماوەتەوەو بە نووسینی بەهلەوی لێی نووسراوەو (دوژمنار) بڵاوی کردووەتەوە. لەو نیشانەو بەڵگانەی کەوتوونەتە بەردەست ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم تابووتە بەردینە لە گۆڕستانێکی بچووکی بیزانسییەکانەوە لەدەرەوەی دیواری شاری قوستەنتینییە بووە، لەبەرئەوە مێژووەکەی نەکەوتووەتە پێش سەردەمی بارامی پێنجەمەوە (٤٢٠–٤٣٨). لە دەقی نوسراوەکەیدا دەڵێ: ئەم تابوتە بەردینەیە گۆری..) رێی تێدەچێ کە گۆڕەکەش هی خاوەن پلەو پایەیەك بێ و دوورنییە بالیۆزی وڵاتێکی تر، یا وەجاخزادەیەك بێ پەنای بردبێتە بەرئەوێ، یا هەر کەسێك بووبێ لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی، وشەی (گۆر) بۆ وەجاخزادەکان بەکارهێنراوە هەر لەم بارەیەوە دوو کیلۆمەترێك لە باشووری خۆراوای شاخی شەهرەك جۆرە گۆڕێك بەرچاو ئەکەوێ کە لەسەر بەردێکی چوار گۆشەی گەورە چاڵێك بە قووڵاییەکی کەم هەڵکەنراوە

### تاقە لەبەرد هەڵکەنراوەکان

(واندن برگ) جگە لەو گۆڕانەی لە شێوەی چاڵدان، ژمارەیەکی زۆری تاقی لەبەرد هەڵکۆڵراوی دۆزیوەتەوە، لەسەرووی هەندێك لەم تاقانەوە چەند نووسینێك بەر چاو ئەکەون بۆ نموونە ئەتوانین ئاماژە بکەین بە چەند تاقێك لەبەشی خۆراوای (کوە حسین) (وێنەی ژمارە ٥) گروپ ئەو تاقانەی لەژێر ناوی



وێنەی ژمارە (٥)

ئیمامزادە شا ئیسماعیل دا بڵاوکردۆتەوەو شەش نوسینی لەسەر ئەو تاقانە ئاشکرا کردووەو دەڵێ کە ئەوانە بە نوسینی شکستە

و بەیەکداچوو لە چەند دێڕێکی ستووونیدا نوسراون و وەك نوسینەکانی شوێنەکانی ئیستەخرو ئیقلیدو سیوند وەهان و هەموو نوسینەکان پەیوەندییان هەیە بە کاروباری ناشتنی مردووەوە، لەم نوسراوانەدا تاقە بچووکەکان بە (دوخمەگ) ناوبراون و دەقی نوسینەکانیش هەروەك ئەو نوسینانە وان کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد.

بۆ نموونە نووسراوی نیشانە (F) لە کوە حسین وا دەخوێنرێتەوە (بە هەشت پاداشتێکە بۆ شیرین زاد کە رایسپارد ئەم گۆڕە بۆ کورەکەی دروست بکرێ). بە لەبەرچاوگرتنی شێوەی نووسینەکە ئەتوانین ئەمەش بگێڕینەوە بۆ سەردەمی نووسراوەکانی سەر گۆڕەکانی تر و مێژووەکەی ببەینەوە بۆ کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان. (گروپ) ٢٤ تاقی لەم جۆرەی لەسەر گابەردەکانی کوە حسین دۆزیوەتەوە، واندن برگیش هەر لەو جۆرە تاقەی دۆزیوەتەوە لە چەند شاخێکی جیاجیای ناوچەی فارسدا وەك کوە رەحمەت، کوە زەیدون، کیوی ئەیووب، کۆزاغە، لەو وێنەیەدا کە واندن برگ لە کوەسروی گرتوویەتی نۆزدە تاقی تیا بەرچاو ئەکەوێ، لەدوان لەو تاقانەی کۆزاغەدا پەراوێزی کەوانە ئاسا جوانکارییەکی کەمیش بەرچاو ئەکەوێ.

(وێنەی شەشەم) جوانکارییەکەش بریتییە لەچەند هێڵێکی زیکزاکی کە هێڵی پێچ پێچی بیناوساختمانەکانی ساسانییەکان دێنێتەوە یاد، وەك لە ئاتەشگای فەیروز ئابادا بەرچاو ئەکەوێ. لە لایەنی هونەری بیناسازییەوە بە هەڵچنینی خشتی چوار گۆشە لەسەریەك بە جۆرێك کە گۆشەیەکی



وێنە ژمارە (٦)

هاتبێتە دەرەوە، دروست کراوە. من لام وایە ئەو وەستای بەرد تاشە کاتێ کە ئەم تاقانەی ڕازاندووەتەوە و نیگاری بۆ کردوون ئەم جۆرە جوانکارییەی لە خەیاڵدا بووە و شێوازی بیناسازی لەو سەردەمەدا خستووەتە روو. بەم شێوەیە ئەتوانین ئەم جۆرە جوانکارییەی تاقەکان لە لایەنی مێژووەوە بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان.

پێشتر ئاماژەم کرد بەو تاقەی نزیك ئارامگای بەهرامی دووەم (٢٧٦-٢٩٣)و بەردە نوسراوەکەی (کرتیر)ی ناوچەی سەر مەشهەد، بەرزایی دەمی تاقەکە ٩٧سم و پانییەکەی ٦٨سم ە، لە پشتیەوە تاقێکی گەورەتر کە پانیەکەی ١/٢٤ تا ١/٣٤ و درێژییەکەی ١/٦ تا ١/٨ و بەرزییەکەی ١/١٠ مەترە، و بۆم دەرکەوتووە کە تاقۆلکەکانی کوە حسین بەزۆری بچوکن، تاقەکەی سەر مەشهەدیش لە جۆرە گەورەکانە

## گۆڕە کووپەیییەکان

چوارەمین نووسراو بە نوسینی شکستەو بەیەکداچوو لە نزیکی ئیستەخرەوە

دۆزراوەتــەوە ئــەو یــش هــەر (گــروپ) دۆزیویەتەوە، ئەم بەردە نوسراوە لـە نزیکـی لای سەروو بەردێکی جیاو شێوە تەپل جێگیر بووە (وێنەی حەوت)، دەقی نووسینەکە بەم جۆرەیە:



وێنەی ژمارە (٧)

(گـۆڕ دوخمـەك) بـۆ فـەروخزاد، بـرا (كـەی م... و كچـە (كـەی) ویـهان بـۆ پاداشـتی بەهەشت رایان سپاردووە تا دروست بکرێ). گروپ لای وایە ئەم بەردە پایەی ستوونێکی تـەواو نـەکراوە كـە تیرەكـەی ١/١٨ەو بەرزییەكـەی ١/١٠مـەترەو لـەناو بەشـی سەرەوەیدا کونێکی خڕ بەرچاو ئەکەوێ، ئەم کونـە ٣٦سم پانـەو ١٦سم قوولییەكەیـەتی. واندن بـرگ لای وایە كە ئەم کونە ئـاگردان بووە، بەڵام نووسینەکە دەری ئەخا کە ئاگردان نیەو گۆڕەو بە تەواوی لەو تاق و چاڵانە ئەچێ كـە هـەموویان هاوكـاتن لەگـەڵ كۆتـایی

سـەردەمی ساسانییەكانداو، لەبەر ئەوەی كـە ئەم چاڵە زۆر بچووكەو تەنیا ٣٦ سم پانەو ١٦ سم قووڵە وا دەرئەكەوێ كە ئەم چاڵانە تەنیا شـوێنێك بـوون بـۆ پاراستنی كووپەیـەك كـە (خۆڵی مردووەكەی) تیا بووە.



(وێنەی ژمارە (٨)

لە چەند شوێنێکی جیاجیادا ژمارەیـەكی زۆر لـەم چاڵە بەردانە هـەن، بەشـی زۆریان بە شـوێن ئـاگردان دانـراون. هـەندێکیان وەك (دۆڵ) بـــەکارهێنراون و ئـــەوانی تـــر وەك شوێنێك بۆ شاردنەوەی مردوو بەكارهێنراون، بـــەڵام هـــەندێکی تریـــان وەك چـــاڵی سەربەردەكەی نزیك ئیستەخروان، بـەڵام من باوەڕم وایە كە هـەموو ئـەم چاڵانـە وەك یـەك بـەكارهێنراون و بـۆ شـوێنی ئـەو كووپانـە دروسـت كـراون كـە ئێسـك و پروسـكی مردووەكانیـان تیـا شـاردووەتەوە، جـۆرە چاڵێکی وەهـا لـە نێـو ئـەو پاشماوانـەدا كـە (ولفرام کلیس) لـە كـوە حسـین دۆزینیـەوە بـەرچاو ئەكـەون، چـاڵی ژمارەیـەك لەسـەر بەردێكدایەو بەتەنیا لەسەرووی هەندێ تاقە بچکۆلـەوە دانراوە، شـێوەكەی خـڕەو ٤٥ سم تیرەكەیـەتی و ٢٢سم قوڵییەكـەی. چاڵـەكانی

ژماره ٢٤،٥،٤ سم تیرەکەیان و ٢١ سم قوڵییەکەیانە. چاڵی ژمارە ٧ چوارگۆشەییەو پەراوێزێکی بۆ کراوە، ٤٥ سم تیرەکەیەتی و ١٥ سم قووڵە. من لام وایە ئەو پەراوێزە کە بۆی کراوە وەك پلێتە قورپیکە ئەو کوپەیەی پێ راگیراوە کە ئیسك و پروسکی مردووەکەی تیایە (وێنەی نۆهەم)



وێنەی ژمارە (٩)

لەسەردەمی ساسانییەکاندا کووپەی گەورەیان دروست کردووە بۆ هەڵگرتنی زەخیرەو خۆراك. یەکێك لەم کووپە گەورانە کە لە (قەلعە دوختەر) ی فەیرۆز ئاباد کەوتووەتە بەردەست شتی لێ نووسراوە و بەم دواییەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم کەنووە بەرزییەکەی مەترو نیویکەو تیرەکەی ١,٣٥مەترە، ئەم جۆرە کەنومانە لەگەڵ ئەو کووپانەی کە ئێسك و پروسکی مردوویان تێکردووە، بە ئاسانی لە چاڵی گەورەو بچوکەکانیشیان لە چاڵی بچووکتردا جێگیرکراون. بە بۆچوونی (کلایس) ئەم پارچە سواڵەتانەی کە لە شوێنەواری کوە حسین کۆکراونەتەوە بەشی زۆریان هی کەنووە گەورەکانن، تەنیا بەشێکی کەمیان نەبێ کە هی کووپەی بچووك و ئاسکن، بە دووریش ئەزانرێ هەموو ئەو کووپە گەورانە لەسەر بەردێکی بەرز دانرابن، ئەگەری ئەوەش هەیە کە یەکێك لەو کووپانە لەسەر ستوونێك لە لێواری گابەردی نەخشەکەی روستەم جێگیر کرابێ (وێنەی ١٠).



وێنە ژمارە (١٠)

پارچە شکاوەکانی ستوونێکی لوولەیی کە لە کاتی پشکنینی نەخشەکەی رۆستەم داخرایە بەردەست پشکێنەرەکان شتی نووسراوی لەسەرەو (مارتین ئیسپرینگلینگ) خوێندوویەتەوە و بڵاوی کردووەتەوە، ئەو ئاماژەی بەوە کردووە کە (ئەو نوسینە لە کاتێکدا هەڵکەندراوە کە بەردەکە کەوتووە بەلاداو لەم حاڵەتەدا خوێندراوەتەوە). بەڵام (هینینگ) ئەوە بەراست نازانێ کە نووسراوی باسکراو پەیوەندی هەبێ بە گۆڕەوە و لای وایە کە نووسراوی سەر ئەو ستوونە پەیوەندی هەیە بەریۆ رەسمی مردوو ناشتنەوە یا نوسراوێکە بۆ یادگاری. ئەم بۆچونە کاتێك بەراست دائەنرێ کە بەتەواوی بۆمان دەرکەوێ کە لەسەر ستوونی کووپەی ئێسکی مردوویەك جێگیر بووبێ.

سەکۆیێکی بەرزی شێوە ئەستوونی لە

(تەنگەی کەرەم) هەیە کە بەرزییەکەی نزیکەی سێ مەترەو لەسەریەوە چاڵێکی خڕ هەڵکۆڵراوە کە تیرەکەی ٦٥ سم و قوڵیەکەی ٣٠سم ە، لە هەردوو لای بەشی یەکەم مەتری لای سەروویدا چەند چاڵێکی بازنەیی و کەمێك بەناواچوو ئەبینین. کە تیایاندا نوسراوی شکستەو بەیەکداچوو دەبینرێن کە بە شێوەیەکی ستوونی نووسراون و تا ماوەیەك ئەم نووسراوانە بۆ کەس نەئەخوێندرانەوە بەڵام گروپ ئەڵێ: کە هەندێك لەوشەکانی لای باکووری ستوونەکەی خوێندووەتەوە خوێندنەوەکەش بەم جۆرەیە: بەهەشت ببی بە پاداشتی... ئاگر... زیادکردنی ئەو کەسەی کە ئەم ... دروست کردووە. ڕستەی (پاداشت و بەهەشت) لەسەر کێلی گۆڕەکان ڕستەیەك بووە بەکارهاتووە وەك داواکارییەکی خەڵك کە ڕووبەڕووی تەرمی مردوویەك بوونەتەوە، لەبەرئەوە، ئەو یادگارییەی تەنگەی کەرەم پەیوەندی بە ناشتنی مردووەوەیەو سەکویەك بووە بۆ ئەوەی کووپەی ئێسکی مردووەکەی لەسەر دابنرێ (وێنەی ١١) ئەبێ ئەوەشمان لەبەر چاوبێ کە واندن برگ ئەو دووستونە لوولەییەی لە شوێنێکدا دۆزییەوە کە تەنیا سێ مەترە دووره لەبەردە نووسراوەکەی (تەنگە چلۆ)وە، ستوونی یەکەمیان ١,٩٧مەتر درێژەو ٥٠ سم تیرەکەیەتی و دووهەمیان ١,١٥مەتر درێژی و تیرەکەی ٤٧سم و، وەك دیارە ئەم دووستوونە بەسەر دووبەردی گەورەی لاکێشەییەوە ڕاگیرکراون، لەبەشی سەرەوەی ئەم بەردانەدا چەند چاڵێکی خڕو بازنەیی دەبینرین کە ڕۆژی لە ڕۆژان ئەو ستونانە لەسەر ئەو چاڵانە قایمکراون. ئەم



وێنەی ژمارە (١١)

ستوونانە کە ئەمڕۆ پێیان ئەوترێ ئەستوونی گۆڕ، لەسەر وێنەکان دەرناکەوێ کە ئایا ئەم بەردانە داپۆشراون، ئەگەر ئەوەی دووهەمیان ڕاست بێ ئەوا ستونەکان هەروەك یادگارو کێلێك لەسەر گۆڕەکە دانراون

## گۆڕە ساکارەکان

ئەو سێ جۆرە مردوو ناشتنەی کە پێشتر باسم کردن، ئەرك و خەرجیان زۆر گران بوون ڕاسپاردن بۆ تایبەتکردنی باخ و زەوی و زار لەسەر گۆڕەکەی ئیقلید لە لایەنی فەرمانرەوای شاری بیشخاپوورەوە بووەو ئەو کەسەش کەلەو گۆڕەدا نێژراوە، ڕێی تێئەچێ کە هەر خودی ئەو فەرمانرەوایە بێ، ئەو لاشەو تەرمەش کە لە گۆڕە لەمەڕمەڕ دروستکراوەکەی ئەستەنبوڵدا دۆزرایەوە، ئەبێ هی یەکێکی خاوەن پلەو پایە بێ. جگە لەوچاڵە بەردو تاقە بچووکانەی کە لە گابەردو شاخەکان هەڵکەنراون و هەروەها کووپەو

کەنووەکانیش، دەبێ جۆرێکی سادەو ئاسایی و ساکاری مردوو ناشتنیش هەبووبێ، کە لەبەر هەرزانییەکەی خەڵك بەگشتی سوودیان لێوەرگرتبێ. سەیر ئەوەیە کە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەم لەم گۆڕە ساکارو سادانەی سەردەمی ساسانییەکان دۆزراونەتەوە. لە راپۆرتێکدا دەربارەی هەڵکەندن و پشکنین ئاماژە بەوە کراوە کە لە (ملیان) گۆڕێکی سەردەمی ساسانی دۆزراوەتەوەو تیایدا هاتووە (دۆزینەوەی گۆڕێکی سەردەمی ساسانییەکان رێکەوتێکی گرنگە، ئەم جۆرە گۆڕە ساکارانە زۆر دەگمەنن بەهۆی ئەوەوە کە لە ئایینی زەردەشتیدا شاردنەوەی مردوو لەژێر خاکدا دروست نەبوە) لەنێو ئەو گۆڕەدا دەوریەکی زیوین، چەند پارچەی برونزی کە هی پشتێن بوون، چەند خەنجەرێکی ئاسنین، چەند گیرەو چەند بزمارێکی تابووتی لەدار دروست کراوی تێدابوو. لەم زانیارییە کەمەوە کە بەهۆی ئەم گۆڕەوە بەردەست کەوتوون. ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم گۆڕە بەهی کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان دابنێین. لە کنەو پشکنینی شاری (قومس)دا گۆڕێك دۆزرایەوە، کە بەگوێرەی ئەوەی دراوی هورمزدی چوارەم ی تێدابوو (٥٧٩-٥٩٠) گەرێنراوەتەوە بۆ سەدەی شەشەمی پاش عیسا، هەروەها لە گۆڕێك لە شێوەی تاقدا کە دۆزراوەتەوە دەرکەوتووە کەچەند جارێك سوود لەم گۆڕە بینراوە، لەم گۆڕەدا سێ کەس نێژراوە کە لە سەدەی سێهەمی پاش عیساوە مردوون، واتە سەرەتای سەردەمی ساسانییەکان، چونکە دراوێکی زیوینی ئەردەشیری یەکەم (٢٢٤-٢٤١ی پاش عیسا)، لەو گۆڕەدا کەوتووەتە بەردەست، ئەمەش گرنگترین بەڵگەیە بۆ زانینی مێژووی ئەو گۆڕە. لە دەرەوەی ئێرانیشدا گۆڕستانێکی پارتی - ساسانی لە عێراق دۆزراوەتەوە لەناوچەی حیرە. نووسەری ئەم بابەتە لە ژمارەیەك گۆڕی سەردەمی ساسانی ئاگادارە کە (سوریهانگن) لەناوچەی حمرین دۆزیویەتەوە.

لە هەموو ئەم گۆڕانەدا تەرمی مردووە کە بەتەواوی لە گۆڕەکەدایە، وا دیارە رێ و رەسمی ناشتنی مردوو بەتەواوی لەسەردەمی ساسانییەکاندا برەوێکی کەمی هەبووەو زۆر باو نەبوە، چونکە خەڵك خۆیان پاراستووە لەتێکەڵ بوون و پیس بوونی زەوی بەلاشەو تەرمی مردووەوە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە ئاوێستادا هاتووە کە لاشەی مردوو پاك نیە، هەر لەبەرئەوە مردووەکانیان لەناو گۆڕی داتاشراو لەبەرد و کووپەو تاقە بەردینەکاندا ناشتووە. لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە چۆن توانراوە گۆڕە ساکارەکان دروست بکەن کەهەم زەوی پیس نەکات و هەم پەیرەوی یاساکانی ئایین بووبن. بۆ دەسکەوتنی گۆڕێك کە هەم هەرزان و کەم خەرج بێت و هەم زەوییە بە پیتەکان پیس نەکات، دەبێ لە خاکی بنارە لێژەکانی شاخەکان کە لەناو گابەردەکان هاتوونەتەدەر، یا لەژێر بەردە گەورەکانەوە وردبوون بەدوایدا بگەڕێین. لە راستیدا هەموو ئەو بۆچوونانە لەسەر بنەمای دۆزینەوەی چەند گۆڕێك بەرێکەوت کە لەچەند جێگایەکی جیاجیادا بەردەست کەوتوون، تا ئەمرۆش گۆڕستانەکان لەسەر بەرزایی شوێنە وێرانە کۆنەکان کە بەرزترە لەو زەوییانەی کێڵراون و لە زەوییە بەردەڵانەکانی بناری شاخەکاندا دانراون و

دروست کراون، لە شاخەکانی ئێراندا کۆمەڵە بەرد لە دوورەوە بەرچاو دەکەون، زۆری ئەم وردە بەردانە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو بەرزاییانە گۆڕن ، واتە ئەو بەردانە لەسەر لاشەیان یا ئێسقانی مردووەکان کۆکراونەتەوە. لەنێوان سەر مەشهەدو جەرەدا گۆڕستانێکی تا ڕادەیەك گەورەم دیوە بە کۆمەڵەبەرد دیاری کرابوو، ئایا ئەم ناوچەیە جێگای گۆڕستانی ساسانی (جەرە)ی کۆنە کە پاشماوەی چوار تاقی ساسانی باس لە گرنگی کۆنی ئەو ئەکەن؟ ئەگەر وابێ ئەتوانین بەگشتی بڵێین کە لەسەردەمی ساسانییەکاندا مردوو بەجۆرێکی ئاسایی لەشاخە وشك و خاڵییەکاندا لەژێر گۆمەڵە بەرد، لەناو کووپەکاندا، لەناو چاڵ و تاقە هەڵکۆڵراوەکاندا نێژراون، ئەگەری ئەوەش هەیە کە گۆڕستانی دروستکراوی تریش هەبێ کە تا ئێستا نەدۆزرابنەوە یا بەتەواوی لەناوچوون و فەوتاون.

## گۆڕستان

وا دیارە کە مێژووی ناشتنی مردوو لەناو یا لەسەر شاخە بەردینەکاندا بگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر کۆن. گۆڕستانی پاشاکانی هەخامەنشی لەسەر ئەو شاخەی کە دەڕوانێ بەسەر ئاسەواری تەختی جەمشید نەخشی ڕۆستەم کە لەبەرد داتاشراوە زۆر بەناوبانگن.

نەخشی ڕۆستەم کە کەوتووەتە لای باشووری شوێنێکی دوور دەستی کێوی حسێنەوەو لەسەر لوتکەی ئەو کێوەوە ئاسەواری ساختمانێك هەیە کە لەشێوەی دروست کردنەکەیدا لەهی سەردەمی هەخامەنشییەکان دەچێ. چەند هەنگاوێك لەولاترەوە پاشماوەی ساختمان و کەلاوەیەکی کۆنی لەو جۆرە دۆزراوەتەوە کە لەشێوەی نیوە سەکۆیەکدا دروست کراوەو لەسەرەوە قۆقزیی و دەرپەڕیوییەکی شێوە سەرینی لەنزیك گابەردەکەوە داتاشراوە. لەسەر دیواری تەنیشتی ئەو سەکۆیەوە نوسینێکی شکستەو بەیەکداچوو هەیە کە هێشتا ساغ نەبوەتەوە وادیارە کە نوسینەکە پەهلەوی ئەشکانی بێت. شێوەی سەکۆکەش پشتگیری ئەو مێژووە دەکات، سەکۆیەکە کە لە شێوەی نیو قەنەفەدا هەر لە (Klinai) یۆنانی دەچێت کە لەو شوێنانەی ژێر دەسەڵاتی یۆنانییەکاندا گۆڕەکانیان پێ دائەپووشی لەو کاتانەدا کە مردووەکان نەئەسووتێنران و ئەخرانە ناو گۆڕەوە. لەگەڵ کەمی دار لە ئێران لەو ڕۆژانەدا سوتاندنی تەرمی مردوو شتێکی باوبووەو خۆڵی مردووەکان پاش سووتاندنیان بۆ پاراستنیان ئەخرانە ناو چەند چاڵێکی بچووکی شێوە لاکێشەیی کە لە چەند کەرەسەیەکی وەك کانزا، قوڕی سوورەوەکراو یا تەختە دروست ئەکران. ئەگەر ئێستا لە شوێنێکدا یا لە ناوچەیەکی شوێنەواری کۆندا، هاوشان لەگەڵ گۆڕە هەڵکەنراوە درێژەکان، تاقە بچووکە تاشراوەکان لەناو بەردە گەورەکان، شوێنە تایبەتەکان بۆ جێگیرکردنی کووپەی ئێسکو پروسکی مردوو بەرەو ڕوومان ببێتەوە، ئەتوانین وا دابنێین کە ئەو شوێنانە شوێنێك بوون بۆ ئەوەی کە ئێسك و پروسکی مردوو خۆڵەکەی تیا بشاردرێتەوە، یا بۆ ئەوەی ئێسقانی تەرمەکە بە سووتاوی یا نەسووتاوی تیا دابنرێ، نموونەی ئەم چاڵانە، چاڵی ژمارە دوو، سێی کوەحسێن و، ئەم دووچاڵە

هەردووکیان ٥٤،٢٨سم درێژی و پانییەکانیانە و ٢١سم قووڵییانە، نموونەی هەرزان ترو کەم ئەرکتر لەمانە چەند چاڵێکن کە قوڵاییەکی کەمیان هەیەو چوارگۆشەن و لێوارێکی کەمێك دەرپەڕیویان هەیە، مەبەستیش لەو لێوارانە کە دروست کراون داپۆشینی چاڵەکەیە بەبەردێکی گەورە پێش ئەوەی لاشە سوتێنراو یا نەسوتێنراوە کە بخرێنە ناوی ئەو لێوارە ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕێگا لەوەبگرێ کە ئاوی باران بچێتە ناو چاڵەکەوە، جۆرە ڕۆچونێکی لەم شێوەیە لەم شوێنانەی خوارەوەدا بەرچاوئەکەون، لەکەناری چاڵێك لەسەر پارچە بەردێکی گەورە لە نەخشی ڕۆستەم، لەسەر گابەردێکی نزیك نەخشی ڕۆستەم، لەسەر لای سەرووی گابەردێکی چوارگۆشەی گەورە لە بناری کوە حسین، لە دوو کیلۆمەترو نیوێك لە باکووری خۆرهەڵاتی نەخشی ڕۆستەم، لە چەند شوێنێکی تردا.

هەموو ئەو ئاسەوارەی کوەحسین پەیوەندییان بە مردوو ناشتنەوە هەیە و بەکارهێنانیان لەسەردەمی هەخامەنشی‌یەکان بەدواوە دەستی پێکردووە و لەسەردەمی ساسانییەکاندا پەرەی سەندووە، وا دیارە ئەم ناوچە شاخاویە گۆڕستانێکی ناوچەی تەختی جەشید و ئیستەخر یا پایتەختی شازادەکانی پارسی سەردەمی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانییەکان بوون.

کلایس و هەندێکی تر لەو باوەڕەدان کە شوێنەورای (کوەحسین) شوێنی گوندێك یا قەڵایەك بووە، کەچی وانیەو من بە گۆڕستانێکی دائەنێم.

فرەجۆریی (تنوع) ئاسەواری پەیوەندیدار بە مردوو ناشتنەوە، کە هەموویان پێیان ئەوترێ (دوخمەك) ڕێگای ئەوەمان دەداتێ بکەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین چەند جۆرە مردوو ناشتنێك هەبوە لەیەك کاتدا. تابوتەکەی ئەستەنبوڵ، چاڵەکانی بیشاپوور، نموونەکانی سیوندو ئیقلید، ئەوانەی کە لە کوە حسین و کوە ڕەحمەت دا هەن، هەموویان چەند گۆڕو تابوتێکن کە بە ڕوو پۆشێك داپۆشراون بۆ ئەوەی لاشەی مردووەکانیان تیا جێگیر ببێ.

بەوتەی هیرودت، لاشەو تەرمی پاشاکانی هەخامەنشی مومیایی ئەکران. ئەم تایبەتمەندییەشیان بۆ لاشەی خەسرەوی شای ساسانی هەر باسکردووە، ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، بێگومان خزم و کەس و کاری شاکانیش هەر بەو شێوەیە نێژراون و کەسانی ناوداریش دیارە هەر سوودیان لەم شێوە ناشتنە بینیوەو تەنانەت کەسانی ئاساییش هەوڵیان داوە هەر بەو شێوەیە بجوڵێنەوەو ڕەفتار بکەن.

ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە ئێراندا لاشەی مردوو ئەشۆرن و چی کۆن هەیە لە لاشەکەدا پڕئەکرێن لە (سیدر)/ ئەم سیدرە تۆزو کوتراوی چەند گیایەکەو لە ژیانی ڕۆژانەدا وەك دەرمانێکی زۆر کاریگەر بۆ ئاوسان و شتنی قژەسەرو شتی تر بەکارئەهێنرێت. ئەم ڕێ و ڕەسمی ئاخنین و پڕکردنی کونەکانی لاشەی مردوو بە گیای وشکی بۆن خۆش (سیدر) یادگارو پاش ماوەی ڕێو ڕەسمی مۆمیایی کردنی مردووەکە بەدرێژایی چەند سەدەیەکی کۆن تا ئەمڕۆ ماوەتەوە.

من لام وایە ئەو چاڵ و خەندەکە گەورەیەی نزیکی (سەرمەشهەد) وێنەی (١) گۆمەزێکە کە

کاتی خۆی (کرتیر) نوێکەرەرەوەی ئاییینی زەردەشتی لەسەدەی سێهەمی پاش عیسا دروستی کردووە. (کرتیر) بێگومان پەیوەندییەکی تایبەتی هەبوە بەو ناوچەیەوە کە فەرمانی دەرکردووە نەقشی بارامی دووهەم و نوسینەکەی لەسەر بەرد لەوێ هەڵبکەنرێ. هەر لەم بارەیەوە، بە بۆچوونی من ئەو تاقە بچوکەی کە لە دووری چەند مەترێکەوەیە لەو شوێنە ئارامگای (کرتیر) خۆیەتی. ئێمە دەزانین کە بە گوێرەی داب و نەریتی سەردەمی دواییینی ئاویستا ئەتوانرا بۆ ئەوەی کە بڕزێ لاشەی مردووەکان لەبەرهەوادا دابنرێ و بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە کرتیر رێکخەرو بنیاتنەری راستەقینەی ئاییینی زەردەشتی بووە، ئەتوانین ئەوە پەسەند بکەین کە کرتیر یەکەم کەس بووە کە بناغەی نەسوتاندنی لاشەی مردووی دانا، کرتیر ئەو گومەزەی دەوری (سەرمەشهەد)ی دروست کرد وەك نموونەیەك و رایسپارد کە دوای مردنی لاشەکەی لەو شوێنەدا دابنرێ تا ئەرزێ و پاشان ئێسقانەکانی کۆبکرێتەوە و بخرێتە تاقە بچوکەکەی تەنیشتی نەقشەکەی بەهرامی دووهەمەوە. کرتیر بەم کارەی خۆی رێ و رەسمی کۆنی موغەکانی چاك کرد، چونکە ئەوان پێشتر ئێسقانەکانیان کۆنەئەکردەوە، بەڵکو پاش ئەوەی لاشەکە ئەرزا هەر لەو شوێنەدا ئەمایەوە. گەر موغەکان باوەڕیان وابوایە کە لەو خاکەدا کە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ مردووەکانیان مۆمیایی ئەکرد، ئەو نەریتە کۆنە درێژەی پێ بدرێ و هەر لەسەری بڕۆن، ئەبوا لێرەشدا ئەنجامیان بدا پێ. لەبەرئەوە گەورەیی و پان و پۆڕی ئەو تاقەی سەر مەشهەد نیشانەی گەورەیی مردووەکەیە کە لەوێدا نێژراوە، لە راستیشدا ئەو گۆڕە ژوورێکی بچوکە، بەڵام لەوەش بچوکترە کە بتوانرێ مردوویەکی تیا جێگیر بکرێ پێش ئەوەی بڕزێ. ئەو پلەکانەیەش کە لەسەر بەردێکی بەرامبەر گۆڕەکە دروست کراوە، کۆتاییەکەی ئەگاتە ناو گۆڕێك و لەسەر بنەمای ئەو وێنەیەی هرتسفلید لە ساڵی ١٩٢٨دا گرتوویەتی بەشێکی زۆری هەر ماوە (وێنەی ٢)

بە وردبونەوە لەم ئاسەوارە ئەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین، هەموو ئەو تاقانەی کە لە شوێنە جیاجیاکانی تردا هەن، شوێنی شاردنەوەی ئێسك و پروسکی ئەو لاشانەن کە نەسوتێنراون. بەسەرنجدانی گەورەیی کووپەکانیش، پێم وایە کە ئەو کوپانە لەسەر نەریتی کۆنی وڵاتی نێوان دووڕووبار، بۆ ئەوە بووە کە هەموو لاشەی مردووەکەی تێبخرێ، هەرچەند ئەگەری ئەوەش هەیە کە تەنها بۆ ئەوە بووبن سوودیان لێوەربگیرێ بۆ شاردنەوەی ئێسقانەکان. لەبەر ئەوەش کە بەشی زۆری ئەو کووپانە بە ستوونی دانراون ئەگونجێ جگە لەوەی کە بەکارهێنراون بۆ ئەوەی بکرێن بە شوێنی لاشەکە بۆ ناشتنی مردووش بەکارهێنرا بن لەبەرئەوە ئەگەری ئەوە هەیە ئەو کوپانە بە نیشانەیەك دابنرێن لە سەر بڵاوبوونەوەی نەریتی یۆنانییەکان.

---

گۆڤاری باستان شناسی و تاریخ

ژمارە ١٥ ساڵی ٩٤

نوسینی لیوترومیلمن/وەرگێرانی بۆ فارسی

مەولود شادکام

# بیبلۆگرافیای نۆ ژمارەی ( هەزار مێرد ) لە دوو ساڵی ڕابوردوودا

ئا: هەزارمێرد

**ژمارەی یەکەم**

-مانگی ئاب ی ٩٩٧ دەرچووە،
-بەرگی پێشەوەی : بەشێکی نووسراوی سەر بەردە دێرینەکەی شەهید غەریب هەڵەدنی‌یە.
-بەرگی دواوەی : نەخشی خانوویەکی کۆنە لە شاری سلێمانی.
-ژمارەی لاپەڕەکانی : بەشی کوردی ٨٤ لاپەڕە، بەشی عەرەبی ٥١ لاپەڕە ، بەشی ئینگلیزی ٦٣ لاپەڕە، واتە کۆی لاپەڕەکانی ١٩٨ لاپەڕەیە.
-لەم ژمارەیەدا بابەتەکان بریتین لە :
١/کورتە پێشەکیەکی پێویست بەپێنووسی بەڕێز مامۆستا جەمال عەبدول وەزیری ڕۆشنبیری و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤارەکەو ئەم پێشەکی‌یە تەنیایەك لاپەڕەی گرتووەتەوە، بە دوای ئەو پێشەکی‌یەدا و لە لاپەڕەی دووهەمدا، بابەتێك نوسراوە ئەمیش لە تەنیا یەك لاپەڕەدایەو بە ناونیشانی (وشەیەك دەربارەی هەزارمێرد ) لە نوسینی بەڕێز جەمال عبدول ە لە خواریەوە نووسراوە (هەزارمێرد ). لە لاپەڕەی سێ دا بابەتێك لە ژێر ناونیشانی (دژێکی (قەڵایەکی) کیانی لە باکووری سلێمانی). ئەم بابەتە مێژوونوسی کورد تۆفیق وەهبی ساڵی ١٩٥٨ لە گۆڤارێکدا بە عەرەبی نووسیویەو مامۆستا جەمال عەبدول وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و دوانزە لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتوەتەوە، بە دوای ئەو وتارەدا بابەتێك لە ژێر ناونیشانی (سیاسەتی ئاشووریەکان کوردستانی کۆندا)، بە پێنووسی کۆزاد محەمەد ئەحمەد و پانزە لاپەڕەی گرتووەتەوە. بابەتی سێهەمی ژمارەکە لەنوسینێکە بە ناو نیشانی ((شاخی پیرەمەگرون .... شوێنەوارە دێرینەکانی لە شاری سلێمانی)) بەپێنووسی (کەمال نوری) و ئەم بابەتەش نۆ لاپەڕەیە. بابەتی چوارەم نوسێنێکی مامۆستا عبدالرقیب یوسف ە بەناو نیشانی (شوێنەوارەکانی قەمچووغە لە شاخی سووورداش) و ٢٩ لاپەڕەیە.
بابەتی پێنجەم نووسینێکی "کەمال نوری مەعروف"ەو بە ناو نیشانی نەخشە هەڵکەنراوەکانی مەعلەثایا و ٨ لاپەڕەیە... و دواین بابەتی‌بەشی کوردی گۆڤارەکە " د. نەبەز مەجید ئەمین" ەو لە نۆ لاپەڕەدایە.
*بابەتەکانی بەشی عەرەبی گۆڤارەکە:
بابەتی‌یەکەم بەناو نیشانی ((عیسی الهکاری)) ، سیرة مجاهد، صفحة من حیاة احد قادة الکرد في الحروب الصلیبیة، لە نووسینی

سەرنووسەری گۆڤارەکەنووسینێکی(د.لوتس کیلهامەر)ە هاشم حمە عەبدوڵلاّ، لەعەرەبییەوە وەرگێراوە بۆ کوردی و نۆ لاپەڕەیە.

بابەتی دووهەم : بە ناونیشانی استخبارات الأمن الداخلي في الدولة الأيوبية، القسم الأول ئەم بابەتە بە ناوی خوازراوی (( باحث)) ەوە دیارە هەر دکتۆرنەبەز نووسیویەتی و نزیکەی ٢٠ لاپەڕەیە.

بابەتی سێهەم بە ناونیشانی " صخرة غريب هەڵەدنی حقائق ومعلومات وثائقية" ئەم بابەتە بە دوو قوڵی رافدە عبدالله عبدالصمد وکۆزاد محمد احمد نوسیویانە و لە چواردە لاپەڕەدایە، بابەتی چوارەمی ئەم بەشە نوسینێکی نەسرین خواکەرەم ەو لە ژێر ناونیشانی (لمحة عن العملات الساسانية المتداولة في كردستان) دایەو لە حەوت لاپەڕەدایە،

-. بەشی ئینگلیزی ئەم ژمارەیەش بابەتێکی ٦٣ لاپەڕەیی‌یەو لە نووسینی مصطفى القرداغي‌یە بەناونیشانی کورتەیەك لە مێژوی کورد.

## ژمارەی دووهەم

-مانگی کانوونی یەکەم / ٩٩٧ دەرچووە.

-دیوی دەرەوەی بەرگی پێشەوە ،نوسینێکی کۆنە

-بەرگی‌پاشەوە، روونوسێکی بەڵگەنامەی کڕین و فرۆشتنی جۆگە ئاوی ژاڵەو زەوی وزاری دەوروپشتی، لە ساڵی ١٢٨٥ کۆچی ١٨٦٤ی ز یە.

ژمارەی لاپەڕەکانی، بەشی کوردی ٩٥ لاپەڕەو بەشی عەرەبی ٨٩ لاپەڕەو بەشی ئینگلیزی ١٦ لاپەڕە.

-بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە: پێشەکی‌یەك لە ژێر ناوی (( کورتە گوزەرو بەرپەرسکردنێکی ڕەوا)) بە قەڵەمی مامۆستا جەمال عەبدول، بە دوای ئەم سەر وتارەدا کە یەك لاپەڕەیە بابەتێك دێت بە ناونیشانی ڕاپۆرتێك دەربارەی دۆزینەوەی هێلێکی بەرگری کۆن، لەسەر زنجیرە شاخی خۆرەلاّتی ناوچەی ڕانیەی لیوای سلێمانی . ئەم وتارەش مامۆستا جەمال عەبدول لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و سێ لاپەڕەی گرتووەتەوە، بە دوای ئەم وتارەدا، وتارێك دێت بەناونیشانی (شوێنەواری پەیکولی نووسینەکانی . بە پێنووسی کەمال نووری . بە دوای ئەودا نووسینێکی خوالێخۆش بوو جەلال تەقی دێت بە ناونیشانی (کوردی تورکیا) لە ڕوسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە سێ لاپەڕەدا بلاّوکراوەتەوە. پاش ئەو نوسینە نوسینێکی ( کەمال نووری مەعروف) لە ژێر ناوی ئەشکەوتە هەڵکەنراوەکانی ناوچەی بازیان، لە هەشت لاپەڕەدا.دواتر بابەتێکی وەرگێڕدراوە لە ئینگلیزییەوە لە ژێر ناونیشانی ((پاشماوەی هەڵکەنراوە بەردینی‌یەکانی ئێرانی کۆن))، رزگار عومەر عەلی وەریگێڕاوەو بیست و سێ لاپەڕەی گرتووە، بە دوای ئەودا لە لاپەڕە (٧٦)ەوە تا ٨٣ نوسینێکی کەمال نووری مەعروفە لە ژێر ناونیشانی ((باسێك لەسەر شوێنەوارە دەرکەوتووکانی گوندی عامورەو میری سوور لە ناوچەی خۆرماڵی سەر بە پارێزگای سلێمانی))، لەگەڵ یانزە وێنەو نەخشەدا ، دواتر نوسینێك لە ژێر ناوی (( پاشماوەی خۆراکییەکانی گردی بازمۆسیان لە دۆڵی

دووکان)) کوردستان شیروالان ئەحمەد لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە و نۆ لاپەڕەی لە خۆ گرتووە، بە دوای ئەوەدابابەتێك لە ژێر ناوی (( گۆڤاری هەزارمێرد شوێنەواری هەزارەها (مێرد) نووسینی مێژوونوس (مەلا جەمیل) لە دوو لاپەڕەدا.

بەشی عەرەبی گۆڤارەکە : لە لاپەرە (٩٧) ەوە دەست پێ دەکات، سەرەتای ئەم بەشە پاشماوەی نوسینێکە کە لە ژمارەی یەکەمدا بڵاوکرایەوە لە ژێر ناوی (( التجسس في الدولة الأيوبية)) بە پێنووسی (( باحث د: نەبەز)) لە پانزە لاپەڕەدا. بە دوای ئەو نووسینەدا بابەتێك بڵاوکراوەتەوە بە ناوی (( عيسى الهكاري - سيرة مجاهد لە نووسینی د. نەبەز مەجید ئەمین سەرنووسەری گۆڤارەکە ئەمەش پاشماوەی نوسینێکە لە ژمارەی پێشوودابەشی یەکەمی لێ بلاو بووبوویەوە ، بابەتی سێیەم " نوسینێکی تری د. نەبەزە لە ژێر ناوی (( الأمير عماد الدين الهكاري سيرته وحياته)) لە پانزە لاپەڕەدا. بە دوای ئەودا بابەتێکی دی بە ناوی ( تاريخ قلعه صلاح الدين)) لە نووسینی جوبرائیل سەعادە لە ٢٢ لاپەڕەدا لەگەڵ چەند وێنەو نەخشەیەك.
هەرلە ژمارە دوو و لە بەشی عەرەبیدا بابەتێك بڵاوکراوەتەوە بە ناونیشانی (( كنوز لورستان البرونزية)) لە نووسینی ((نەسرین خواو کەرەم))،ئەم بابەتە لەگەڵ چەند وێنەدا هەژدە لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتۆتەوە - بابەتی کۆتایی بەشی عەرەبی نوسینێکە لە ژێر ناونیشانی ((فخار عصور ما قبل التاريخ كوردستان العراق))، ئەم بابەتەش لە نووسینی رافدە عبدالله یەو - لە ١٣ لاپەڕەداو، کۆمەڵێك وێنەو نەخشەی لە خۆ گرتووە.

لە بەشە ئینگلیزییەکەدا بابەتێك بڵاوکراوەتەوە، دەربارەی کوردی تورکیا " جەلال تەقی" لە رووسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر کوردی.
تێکڕای ژمارەی لاپەڕەی گۆڤارەکە ٢٠٠ لاپەرەیە.

## ژمارەی سێیەم

ئەم ژمارەیە لە ئازاری ٩٩٨ دا دەرچووە رەنگی بەرگەکەی قاوەیی‌یەکی کاڵەو نزیکەی ٢٠٦ لاپەڕەیە، بەرگی پێشەوەی چەند نوسنێکی مێخی لە سەرەو بەرگی پشتەوەی نەخشەیەکی ئەو وڵاتانەی تیادایە کە کوردی دێدا دەژی یا نزیکتن لە کوردەوە وپێنج پەنجەو لە بەشی سەرووی نەخشەکەوە دەرکەوتوون هەر پەنجەیەك گیر کراوە لە بەشێك لە چوار بەشەکەی کوردستان و مەچەکەکەش لە بەشی سەرەوەی نەخشەکەوە کە پەیوەندی هەیە بە یەکیەتی سوڤیەتەوەی دەرچووە، گوایا ئەم کوردانە لەم چوار بەشەی کوردستاندا بە فیتی یەکیەتی شووڕەوی دەستیان کردووە بە جمو جوڵ. ئەم نەخشەیەش (کلایدماگێل) ناوێك لە نیوزویك دا بڵاوی کردۆتەوە لەساڵی ٩٥٨ دا لە دوو توێی کتێبێکی دا بە ناوی کوردستان لە سێبەری مێژوودا.
بەشی کوردی
لەم ژمارەیەدا وتاری پێشەکی کە هی بەرێز مامۆستا جەمال عەبدول ە یەك لاپەڕەیەو لە ژێر ناونیشانی بناشت و خواستێك. لەو پێش وتارەدا داوای کردنەوەی کۆلیژ یا

ئامۆژگایەکی شوێنەوار زانی لە زانکۆکانی کوردستاندا دەکات بۆ پێگەیاندنی کادیری شوێنەوار زان، هەروەها لە لاپەڕە چواری ئەم ژمارەیەدا بابەتێکی تری مامۆستا جەما ل عبدول بڵاوبووەتەوە لە ژێر ناونیشانی " پەیکە قورینەکانی بازمۆسیان" لە گۆڤاری سۆمەری ئینگلیزی‌یەوە وەری گێراوەتە سەر کوردی. بابەتەکەش پێنج لاپەڕەی گۆتووەتەخۆ،لە لاپەڕە ٩ دا وتارێك بڵاوکراوەتەوە بە ناوی ((نەخشە هەڵکەنراوەکەی ئانوبانینی)( لە نوسینی کەمال نووری مەعروف ، لە لاپەڕە ١٨ وە نوسینێکی پرۆفیسۆر عیزالدین مصطفی رسول بڵاوکراوەتەوە بە ناو نیشانی (شەرەفخانی بەدلیسی پاش ٤٠٠ ساڵ ) ئەم نوسینەش لە ٥٨ لاپەڕەدایە. بە دوای ئەودا کوردستان (شیروان ئەحمەد) بابەتێکی لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوو لە ژێر ناوی پاشماوە دانەوێڵە کۆنەکانی دەشتی شارەزوور لە کوردستانی عێراق، بابەتەکە لە نووسینی ((هانس هیلپاك)) ە لە مۆزەخانەی نیشتمانی کۆبنهاگن پێنج لاپەڕەی داگیر کردووە، دواتر لە لاپەڕە هەشتاوە نوسینێکی (تاکیرو ئاکازاوا) لە بەشی ئەنترۆپۆلیژی و پێش مێژووی مۆزەخانەی زانکۆی توکیو / یابان، ئەم بابەتە ( شیروان ئەحمەد ) لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی‌و پێنج لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتووەتەوە، بە دوای ئەم بابەتەدا محەمەد سالح سەعید نوسینێکی مامۆستای مێژوو نووس توفیق وەهبی وەرگێڕاوە بۆ کوردی بە ناو نیشانی (ئاڵتون کۆپرو، ئاڵتون کوپری - پردی ) و لە دوانزە لاپەڕەی گۆڤارەکەدا پاش ئەم وتارە هاشم حمە عەبدوڵلا نوسینێکی بڵاوکردووەتەوە بە ناو نیشانی (( زەردەشت و ئایینەکەی لە ئاسۆی مێژوودا ئەم نوسینەش لە دە لاپەڕەدایە، مامۆستا عەبدوالرقیب یوسف لە هەشت لاپەڕەدا نوسینێکی بڵاوکردووەتەوە بە ناونیشانی (تابلۆکانی شەرەفخانی بدلیسی) ئەم نووسینەش لە هەشت لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بە دوای ئەودا بابەتێکی تر بە ناونیشانی یەکگرتنەوەی مادەکان و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی میدیا، ئەم بابەتە عەتا کریم لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و لە حەوت لاپەڕەدایە. پاشتر نوسینێکی مامۆستا سدیق صالح بەنا ونیشانی (( کەریم شالووم دامەزرێنێکی کۆمەڵەی خوێبوون (ساڵی ١٩٢٧). لەگەڵ گەلێك بەڵگەو وێنەدا و لە نۆزدە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە. پاش ئەوە بابەتێکی تر لە ژێر ناوی (( لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە سەر ئیسکی کەللەسەری ژمارە (١) ی مرۆڤی ئەشکەوتی شانەدەر )) (ئاسۆ فایەق) لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە بابەتەکەش لە نووسینی پرۆڤیسۆریکە لە بەشی زانستی مرۆڤزانی لە مۆزەخانەی نەتەوەیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە پەیمانگای سەمشوینا . ئەم بابەتەش چەند وێنەیەکی کەللە سەری مرۆڤی مردووی ئەو سەردەمەی تێدایە.

بە دوای ئەودا بابەتێکی پێنج لاپەڕەیی لەسەر دوو بەڵگەنامە نوسراوە لە ئامادە کردنی (هەزار مێردە، نووسەرەکەی کەمال نووری مەعروفە) دوا بابەتی بەشی کوردی ئەم ژمارەیە بە ناوی (کوردستان و کورد) لە نووسینی لاهوتی و دکتۆر جەبار قادر لە

ڕووسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی و پەراوێز و پێبینی بۆ نووسیوە.ئەم بابەتە لە نۆزدە لاپەڕەدایە.

(بەشی عەرەبی)

لە بەشی عەرەبی ئەم ژمارەیەدا، سەرەتا بەشی سێهەمی نوسینێکە بەناوی (الأستخبارات الأستطلاعية في الدولة الأيوبية) لە نووسینی (باحث د: نەبەز) بابەتەکەشی لە چواردە لاپەڕەدایە . بە دوای ئەودا هەر لە نووسینی ئەو (باحث د: نەبەز) بەشی یەکەمی بابەتێك بڵاوکراوەتەوە لە ژێر ناوی ((لمحات من تاريخ بلاد الهكارية من الفتح الأسلامي الى عهد الأتابكي ١٨ -٥٢١/هـ ٦٣٩/١١٢٧م. ئەم بابەتەش لە شەش لاپەڕەدایە. دوا بابەتی بەشی عەرەبی گۆڤارەکە نووسینێکی ((نەسرین خوا کەرەم))ە لە ژێر ناوی " الميتانيون نقوشها الفنية" لە نۆ لاپەڕەدا.

لەم ژمارەیەوە ئیتر بەشی ئینگلیزی گۆڤارەکە لابراوە.

## ژمارەی چوارەم

ژمارەی چوارەم لە مانگی حوزەیرانی ٩٨ دا دەرچووە، ڕەنگی بەرگەکەی سەوزێکی تۆخەو دیوی دەرەوەی بەرگی پێشەوەی چەند ستونێك خەتی مێخی کۆن و دیوی دەرەوەی بەرگی پاشەوەی وێنەیەکی پێشەوا قازی محەمەدی پێوەیە لە کاتێکدا کە لەسێدارە دراوە. ژمارەی لاپەڕەکانی (٢٠٠)ە ئەم ژمارەیەش وەك ژمارەی پێشوو هەر کوردی و عەرەبیە.

بەشە کوردییەکەی

سەرەتا بە سەروتار دەست پێ دەکات و ناوی نوسەرەکەی لە خوارەوە نەنووسراوە و لە تەنیا یەك لاپەڕەدایە بابەتی دووەهەم لە نووسینی کەمال نووری مەعروف / سکرتێری نووسینی گۆڤارەکە لە ژێر ناونیشانی تیشکێك بۆ سەر نەخشە هەڵکەندراوەکەی دەربەند گاور " لەگەڵ دەوێنەی پەیوەندیدار بە باتەکەوەو لە یانزە لاپەڕەدایە . بابەتی سێیەم پاشماوەی نووسینەکەی پرۆفیسۆر (عیزەالدین مستەفا ڕەسول) ە کە لە ژمارەی سێهەمدا بڵاوکرابووەوە. بابەتی چوارەم نوسینێکە بە ناونیشانی (٠بنەماڵەی یامولکی و ژیاننامەی مستەفا پاشا یا مولکی)) لە نووسینی عەبدولعەزیز یامولکی و نامادە و پەراوێز بو کردنی سدیق ساڵح. لە بیست لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە. بابەتی پێنجەم، نوسینێکی محەمەد ئەمین زەکی‌یە بە ناوی دوو تەقەلای بێسوود، سەباحی غالب لێکۆڵینەوەو پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ ڕێکخستووە و بابەتەکە لە سی‌و شەش لاپەڕەدایە، بابەتی شەشەم بە ناوی ((ئەشکەوتە هەڵکەنراوەکانی ناوچەی قەرەداغ)) کەمال نوری مەعروف و هاشم عەبدوڵڵا بە دوو قۆڵی نووسیویانەلەگەڵ یانزە وێنەی شوێنەوارەکە شەش لاپەڕەی گرتۆتەوە. بابەتی حەوتەم نووسینێکی لاو ڕەشیدە لە ژێر ناوی ((بەسەر هاتێکی مێژوو، ڕاپەڕینی بەدلیس بەسەرکردەیی مەلا سەلیم)) ئەم بابەتە بە تورکی عوسمانی نووسراوە و شێرزاد کەریم کردوویە بە کوردی و سدیق ساڵح نامادەی کردووە لە حەوت لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بابەتی هەشتەم

نووسینێکە لە ژێر ناونیشانی ((مێژووی لێکۆڵینەوە لەسەر نەخشە هەڵکەندراوە بەردینەکان لە ئێراندا)) ئەم بابەتە حەسەن عەبدولکەریم لە فارسی یەوە کردوویە بە کوردی و لەگەڵ یانزە وێنەدا لە نۆ لاپەرەی گۆڤارەکەدا بڵاوبووەتەوە. بابەتی نۆهەم، نوسینێکە بە ناونیشانی ((هێما لە نەخشە هەڵکەنراوەکەی قزقاپان دا. (کەمال نووری مەعروف) نووسیویەتی، لە شەش لاپەڕەدا بابەتی دەیەم، نوسینێکی دکتۆر عەلی ڕەزا بە ناوی (( سوپا لە ئێرانی کوندا، لە سەردەمی زەردەشتەوە تا کۆتایی فەرمان ڕەوایی ساسانییەکان)) حەسەن عەبدولکەریم بابەتەکەی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە ٢٣ لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی یانزەهەم - بەشە یەکەمی نووسینێکی پرۆفیسۆر ڕالف، س، سولکی یە لە ژێر ناوی ((چیرۆکی دۆزینەوەی ئیسکی پەیکەری سێ لاوی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەری کوردستانی عێراق))، ئەم بابەتە ڕزگار عومەر عەلی لە ئینگلیزی یەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، لەگەڵ نۆزدە وێنەو شێوەدا لە حەڤدە لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بڵاوبووەتەوە،

بەشی عەرەبی:

لە بەشی عەرەبی گۆڤارەکەدا:

ئەم بەشەی گۆڤارەکە سێ بابەتی لە خۆگرتووە لە ٥٠ لاپەڕەی گۆڤارەکەدا. بابەتی یەکەم بەشی چوارەمی نوسینێکی ((باحث د: نەبەز ))ە لە ژێر ناوی الاستخبارات الاستطلاعية في الدولة الأيوبية))، بابەتی دووەهەم نوسینێکی پۆرفیسۆر (عیزەالدین مصطفی رسول)ە بە الأرقام السحرية في الأساطير والعقايد والأفكار البشرية في الفولكلور الكردي)) ، بابەتی سێیەم نووسینێکی (باحث د: نەبەز)ە بەناوی (( الأمير المشطوب الهكاري )) کە دوا بابەتی بەشی عەرەبی گۆڤارەکەیە.

## ژمارەی پێنجەم

ژمارە پێنجی گۆڤارەکە لە مانگی ئەیلولدا دەرچوو و بە دەرچوونی ئەو ژمارەیە گۆڤارەکە پێی ناوەتە ساڵی دووەهەم، بە بێ گۆران خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر و سکرتێری نووسین و دەستەی نوسەران ماونەتەوە، ڕەنگی بەرگی گۆڤارەکە مۆرە و لە دیوی دەرەوەی بەرگی یەکەمیدا وێنەی نەخشە هەلکەنراوەکەی ئانوبانینی لەسەر پێڵی زەهاو بڵاوکراوەتەوە دیوی دەرەوەی بەرگی پاشەوە وێنەیەکی خانووی ( ئاسەف بەگ) لە شاری سنەی کوردستانی ئێران لەسەر بڵاوکراوەتەوە. گۆڤارەکە وەك ژمارەکانی پێشوو لاپەڕەکانی دوسەدەو لە دوو بەشی کوردی و هەرەبی پێکهاتووە،

لە بەشە کوردییەکەیدا

سەروتارێکی یەك لاپەڕەیی لە ژێر ناوی (( وتەیەك )) لە نووسینی مامۆستا جەمال عەبدول و بە دوای ئەودا بابەتی یەکەم لە ژێر ناونیشانی ((نیاندرتاڵ وکەلەپووری کەلتووریيان)) لە نووسینی دوکتۆر جەواد عەبدولخەلیل جەواد، کۆزاد محمەد لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە هەشت لاپەرەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە. بابەتی دووەم نوسینێکی سکرتێری نووسین کەمال نووری مەعرووف لە ژێر ناونیشانی ((لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەسەر پاشماوەکانی ئەشکەوتی هەزار مێرد)) لەگەڵ

سێ وێنەی ئەشکەوتەکەو نەخشەیەکدا لە هەشت لاپەڕەدا بلاو بۆتەوە، بابەتی سێهەم نووسینێکی بروف، رۆبەرت جی بریدوودە و شیروان ئەحمەد لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویە بە کوردی لە ژێر ناوی ((پرۆژەی کوردستانی عێراق - چەرمووی پەیمانگای خۆرهەلاتی زانکۆی شیکاگۆ)). ئەم بابەتە لە چواردە لاپەڕەی گۆڤارەکە بلاوبووەتەوە. بابەتی چوارەم نوسینێکی ڕالف، س، سولکی‌یە لە ژێر ناوی گەڕان و پشکنینی ئەشکەوتەکانی ناوچەی ڕەوانـدوز لە کودرستانی عێراق (کوردستان) لە ئینگلیزی‌یەوە کردویەتی بە کوردی و لەگەلْ دوو نەخشەدا لە هەشت لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بلاوکراوەتەوە. بابەتی پێنجەم نوسینێکی فۆئاد سەفەرە لە ژێر ناوی ((سوالەتی ئەشکەوتەکانی برادۆست)) دانا عومەر عەلی لە ئینگلیزی‌یەوە وەریگێراوە بۆ کوردی لەگەلْ دوو نەخشە دا لە پێنج لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە، بابەتی شەشەم نوسینێکی (کەمال نووری مەعروف)ەو محەمەد یاسین قادر لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی و بابەتەکە لە ژێر ناوی ((ئەشکەوتی گوندۆك و نەخشە هەلکەنراوە دەرکەوتووەکانی)) لەگەلْ چوار وێنەو نەخشەدا لە نۆ لاپەڕەدا بلاوبووەتەوە. بابەتی حەوتەمی ئەم ژمارەیە بریتی‌یە لە نوسینێکی عەبدولرەقیب یوسف . بە ناوی " شوێنەوارەکانی پەیکولی و بەرکەلْ)) لەگەلْ بیست و حەوت وێنەو نەخشەدا لە بیست و چوار لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە. بابەتی هەشتەم ڕاپۆرتێکە لەسەر ئەشکەوتی شانەدەر لە ژێر ناوی (شوێنەوارێکی چاخی بەردینی کۆن لە شاخەکانی زاگرۆسی کوردستانی عێراق.

بابەتەکە لە نووسینی ڕالف . س ، سولکییەو هەزار مێرد (هەزار مێرد) وەریگێڕاوە بۆکوردی و ١٩ وێنە و نەخشەی لەگەلدایەو لە شەست وحەوت لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە، بابەتی نۆهەم نوسینێکی دکتۆر ناسر همایون و حەسەن عەبدولکەریم لە فارسی‌یەوە کردوویە بە کوردی و لە چواردە لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە. بابەتی دەهەم نوسینێکی سدیق سالح ە بە ناوی ((خورشید رەشید وانلی، پێشمەرگەیەکی ..ون)) لەگەلْ دوو وێنەدا لە شەش لاپەڕەدا بلاوبووەتەوە. بابەتی پانزەهەم کە دوا بابەتی بەشی کوردی گۆڤارەکەیە نووسینێکی(مەمدوح سەلیم)ە ، بە ناوی " کۆنفراسێك لە مەلبەندی گشتی (کۆمەلەی تەعالی کوردستان )" شێرزاد کەریم لە تورکی عوسمانی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی لە چوار لاپەڕەدا بلاوکراوەتەوە.

لە بەشی عەرەبی

ئەم ژمارەیەدا بەشی پێنجەمی بابەتی ( الأستخبارات الأيوبية مصادر اخرى لجمع المعلومات) بلاوکراوەتەوە لە نووسینی (باحث د: نەبەز) و لە هەژدە لاپەڕەدا ... دوا بابەتی ئەم بەشە بریتی‌یە لە نوسینێکی (باحث د:نەبەز) لە ژێر ناوی (( الأمير المشطوب الهكاري )) کە لە ژمارەی چوارەمدا بەشی یەکەمی بلاوکرایەوە ئەمەش لە دوانزە لاپەڕەدایە.

## ژمارەی شەشەم

ئەم ژمارەیە لە مانگی کانوونی یەکەمی ٩٨ دا دا دەرچووە و ژمارەی لاپەڕەکانی ٢٠٤ ە ڕەنگی بەرگەکەی سەوزەو دیوی دەرەوەی بەرگی پاشەوەی وێنەیەکی پیرەمێردە بە جل

و بەرگی کوردییەوە، بەشی کوردی ژمارە کە یانزە بابەتی لە خۆ گرتووە ، سەرەتا لە لاپەڕەی یەکەمدا سەروتار لە نووسینی مامۆستا جەمال عەبدول و لە ژێر ناوی وتەیەکی پێویست بڵاوکراوەتەوە، بابەتی یەکەم نوسینێکی بە ناو نیشانی ((ئەشکەوتی شانەدەر شوێنێکی چاخی بەردین لە کوردستانی عێراق و پەیوەندی بەردەوام بوونی چاخی بەردین لە عێراقدا)) لە نووسینی راڵف، س، سولکی وەرگێرانی شیروان ئەحمەد، ئەم بابەتە لە سی و حەوت لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە، بابەتی دووەم نوسینێکی جیهانگیر گورجی کۆباجی‌یە، لە ژێر ناوی ((نەخشە هەڵکەنراوە بەردینەکانی تاقۆسان)) حەسەن عەبدولکەریم لە فارسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی و لە ١٧ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە ، بابەتی سێهەم دووبارە بەشی دووەمی نووسینێکی ڕالف ، ی، سولکی‌یە لە ژێر ناوی " چیرۆکی دۆزینەوەی ئیسکی پەیکەری سی‌لاوی نیاندەرتاڵ لە ئەشکەوتی شانەدەر" ڕزگار عومەر عەلی کردوویەتی بە کوردی و لە حەڤدە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، بابەتی چوارەم نوسینێکی جهانگیر کوباجی‌یە حەسەن عەبدولکەریم وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی و لە ژێر ناوی ((ئەژدەهاك لە نێوان ئەفسانەو مێژوودا)) و لە نۆزدە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، بابەتی پێنجەم لە ژێر ناوی ( ڕوانگە خاکناسیەکانی شوێنەوار زانی لە عێراقدا) ئەم نووسینە ((شیروان ئەحمەد)) لە ئینگلیزی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی و لە سیانزە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. بابەتی شەشەم لە نووسینی (کەمال نووری مەعروف)ە بە ناوی ((لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەسەر پاشماوەکانی شوێنەواری کەریم شایەر ) لە پانزە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. بابەتی حەوتەم لە نووسینی سدیق صالح ەوە بە ناوی "بەڵگە نامەیەکی دووەم حکومەتی کوردستانی باشوور" لە شەش لاپەڕەدا. بابەتی هەشتەم بە ناونیشانی ((شانشینی شیر)) هاشم حەمە عەبدوڵا لە ئینگلیزی‌یەوە وەریگێڕاوە و لەگەڵ دوو نەخشە و وێنەدا لە نۆ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە بابەتی نۆهەم بە ناوی ((خۆرماڵ و شوێنەوارە دێرینەکانی)) لە نووسینی(کەمال نووری مەعروف) لەگەڵ دە وێنەدا لە حەوت لاپەڕەدا بڵاو بووەتەوە.

بابەتی دەیەم " کەمال نووری مەعروف" نوسیویەتی بە ناوی ((ئاگری پەرستگای زەردەشتی سپی لە قەڵای شیلە)) لەگەڵ (٢٣) نەخشەو وێنەدا لە حەڤدە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە، دوایین بابەتی بەشی کوردی نووسینێکە بە ناوی ((شوێنەواری سەر مەیدان لە گوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە) ئەم بابەتەش کەمال نووری مەعروف و هاشم حەمە عەبدوڵا بە دوو قۆڵی نوسیویانە بە شەش نەخشەو وێنەوە لە هەشت لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بەشی عەرەبی گۆڤارەکە

سێ بابەتی لە خۆ گرتووە، یەکەمیان بە ناوی ((المشطوب الهکاري و جهوده العسکریة في توحید الجبهة الأسلامیة)) ئەم بابەتە بەشی سێهەمی نوسینێکە (باحث د: نەبەز) نوسیویەتی و لە دوو ژمارەی پێشوودا دوو بەشی بڵاوکراوەتەوە ئەم بەشی سێهەمە لە شانزە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، بابەتی

دووهەمی ئەم بەشە نوسینێکی نەسرین خوا کەرەم، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لە ژێر ناونیشانی ((کنز زيوية على ضوء الدراسات الأثرية)) ئەم نوسینە لەگەڵ بیست نەخشە و وێنەدا لە دوانزە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە دوایین بابەتی بەشی عەرەبی نوسینێکی ((یورغن لاسو)) یە رافیدە عەبدوڵڵا لە ئینگلیزییەوە کردویە بە کوردی و لە هەشت لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

## ژمارەی حەوتەم

ژمارەی حەوتەمی گۆڤارەکە لە مانگی ئازاری ١٩٩٩ دا دەرچووە بە شێوەی ژمارەکانی پێشوو دوو سەد لاپەڕەیەو بەرگی گۆڤارەکە سوورێکی تۆخەو دیوی دەرەوەی گۆڤارەکە نەخشێنراوە بە وێنەی گۆزەیەك لە تەل حەسەنی ناوچەی حەمرین و دیوی دەرەوەی بەرگی گۆڤارەکە نەخشەیەکی کۆرەوی کوردەو دیوی ناوەوەش، وێنەیەکی پێشەوای کورد شێخ سەعید ی پیران کاتی پێش لە سێدارە دان، گۆڤارەکە وەك ژمارەکانی پیشوو تەنیا لە بەشی کوردی و عەرەبی پێکهاتووە و بەشەکوردی‌یەکەی هەشت بابەتی لە خۆ گرتووە و بەشە عەرەبییەکەی پێنج بابەت.

بەشی کوردی

وەك ژمارەکانی پیشوو سەروتارەکەی لە نووسینی مامۆستا(جەمال عەبدول)ە بە ناوی (تکاو گازندەیەك))لە یەك لاپەڕەدا . بە دوای ئەوا بابەتی یەکەم لە نووسینی (کەمال نوری مەعروف)ە لە ژێر ناوی ((لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لەسەر پاشماوەکانی شوێنەواری قەڵاچەرمووی چاخی بەردینی نوێ لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە)) ئەم بابەتە لەگەڵ سێ نەخشە و وێنەدا لە پانزە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی دووهەم بە ناونیشانی ((راستکردنەوەیەکی مێژووی ئێستا )) نوسینی کوردوانی (مەمدوح سەلیم)، وەرگێڕانی شێرزاد کەریم لە تورکی عوسمانییەوەو ئامادەو پەراوێز بۆ کردنی سدیق سالح. ئەم بابەتە لە هەشت لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی سێهەم لە ژێر ناوی نووسینەوەیەکی تورکی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران نوسینی شەوکەت بەکیسان ئوغلو و وەرگێڕان و پەراوێز بۆ کردنی سدیق سالح. بابەتەکە شلە دە لاپەڕەدایە.

بابەتی چوارەمك ، نوسینێکە لە ژێر ناوی " تیرۆژە تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری بەردە بەلکە" نوسەری بابەتەکە سکرتێری نوسینی گۆڤارەکە کەمال نووری مەعروف ە ئەم بابەتە لەگەڵ هەندێ وێنەو نەخشەو بەڵگەنامەدا لە بیست لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی پێنجەم : لە ژێر ناوی " بەسەرکردنەوەیەکی مێژوو و هونەری سەردەمی ماد" لە نووسینی کامیار عەبدی و وەرگێڕانی حەسەن عەبدولکەریم. ئەم بابەتە لەگەڵ هەندێ نەخشەو وێنەدا لە چلوهەشت لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی شەشەم ، بە ناوی " کوردستانی باشووری لەشکرکێشییەکەی ئاشوورناسر پاڵی دووەم بۆ سەر وڵاتی زاموا"، ئەم بابەتە شیروان ئەحمەد لە ئینگلیزی‌یەوە وەریگێڕاوە و لە بیست وحەوت لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی حەوتەم: نووسینێکە لە ژێر ناوی " کورتەیەك لە مێژووی کاشی‌یەکان" نووسینی

جورج کامیرون ەو هاشم حەمە عەبدوڵڵا کردوویە بە کوردی لە ئینگلیزییەوە و لە چوار لاپەڕەدایە.

دوا بابەتی بەشی کوردی ئەم ژمارەیە نوسینێکە بە ناوی " ڕووخانی میرنشینی سۆران ١٨٣٦، هێرشی عوسمانی ... ئێرانی ، کەوتنی ڕواندوز، هۆکارەکانی کەوتن" کامەران جەمال نووسیویەتی و لە چوارده لاپەڕەدایە.

بابەتەکانی بەشی عەرەبی ژمارە حەوت، بریتین لە پێنج بابەت:

بابەتی یەکەم: لە نووسینی یۆرگن لاسسو، لە زانکۆی کۆبنهاگن، ڕافیدە عەبدوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لە ژێر ناوی " رسالة من تل شمشارة" دا بڵاوی کردووەتەوە و لەگەڵ هەندێ بەڵگە نامەدا لە نۆ لاپەڕەی گۆڤارەکەدایە.

بابەتی دووهەم، بەشی چوارەمی نوسینێکە لە ژێر ناوی " المشطوب الهكاري والحملة الصليبية الثالثة، نتائج وآثار استرداد المسلمين لبيت المقدس من الغرب الأوروبي".

بابەتەکەش لە نووسینی (باحث د:نەبەز)و لە سیانزە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی سێهەم، لە ژێر ناوی " بعض الآراء والملاحظات عن كتاب الأستخبارات الأيوبية في عهد صلاح الدين" لە نووسینی (ئەکادیمییەک)و لەچوار لاپەرەدایە، بابەتی چوارەم ، لە نووسینی نەسرین خوا کەرەم و لە ژێر ناوی " اناء الذهبي من حسنلو" لەگەڵ یەک وێنە و یەک نەخشەدا لە پێنج لاپەڕەدا بڵاو بووەتەوە دوایین بەشی عەرەبی بە ناوی ((داقوق)) لە نووسینی (پەخشان عبدولـلا محەمەد)ەو لەگەڵ یانزە وێنەو نەخشەدا لە نۆزدە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

## ژمارە هەشتی گۆڤارەکە

ژمارەی هەشتی گۆڤارەکە لە حوزەیرانی ٩٩٩ دا دەرچووە وەك ژمارەکانی پێشووتر لە دووسەد لاپەڕەدایەو دیوی دەرەوەی بەرگی پێشەوە پاشماوەی هونەرێکی سەردەمی ساسانییەکانەو دیوی دەرەوەی بەرگی پاشەوەی چەند گۆزەو مووروو و ملوانکەیەکن کە لە ناو گۆڕەکانی گردی یەڵخی ناوچەی حەمرین دۆزراونەتەوە، دیوی ناوەوەی بەرگی پاشەوەیش هەروەها چەند گۆزەو بابەتی پاشماوەیەکە لە کنەو پشکنینەکانی بەرێوبەرێتی شوێنەوار لە گوندی عامووڕەی ناوچەی خورماڵ دۆزراونەتەوە.ئەم ژمارەیەش لە دوو بەشی کوردی و عەرەبی پێکهاتووە.

بەشە کوردییەکەی

جگە لە سەروتاری مامۆستا جەمال عەبدول کە دوو لاپەڕەی گرتۆتەوە و لە ژێر ناوی " با دڵسۆزانە فریای کەلەپوور وشوێنەوارەکانی کوردستان بکەوین"، یانزە بابەتی تری لە خۆ گرتووە.

بابەتی یەکەم بە ناوی " زەردەشت پەیدا بوون و ژیان و مردنی" لە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت) ەوە حەسەن عەبدولکەریم وەری گێراوە و لە نۆ لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی دووهەم، نوسینێکی سدیق ساڵح ە لە ژێر ناوی " کامیل حەسەن لاپەڕەیەکی ون" ئەم بابەتە لەگەڵ کۆمەڵێك وێنەو بەڵگەنامە لە سی و شەش لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە. بابەتی سێهەم، نوسینێکە لە ژێر ناوی " هێماو نەخشەکانی بەردە کۆدوڕوی کاشییەکان" ئەم

بابەتە لە نووسین و ئامادە کردنی (هاشم حەمە عەبدوڵڵا)یەو لەگەڵ چەند وێنەیەکدا لە نۆ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی چوارەم: بە ناوی "نەخشە هەڵکەنراوەکەی دەربەندی باسەرە" لە نووسینی (کەمال نووری مەعروف) لەگەڵ چەند وێنەیەکدا لە حەوت لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی پێنجەم : نوسینێکی (کەمال نووری مەعروف)ە یە لە ژێر ناونیشانی " بەردە ئەستێکانی شوێنەواری سەرمەیدانی گوندی سوێرەڵەی دەشتی کۆیە" ، ئەم بابەتە لەگەڵ چەند نەخشەو وێنەدا لە نۆ لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی شەشەم: " شانشینێکی بچووکی خۆراوای وڵاتی ماد" ئەم بابەتە لە وەرگێڕانی حەسەن عەبدولکەریم ە لەگەڵ چەند وێنەیەکدا لە نۆ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی حەوتەمیش هەر لە وەرگێڕانی حەسەن عەبدولکەریم ە لە ژێر ناوی " مێژووی شاری کەرکوك و ماد لە سەرچاوەیەکی سورەیانی دا" و لە (١١) لاپەڕەدا بڵاوبووتەوە.

بابەتی هەشتەم نوسینێکی شاندوور بۆ کونی‌یە لە ژێر ناوی " چەند بەڵگەیەکی سەرەتایی لەسەر ماڵیکردنی ئەسپ لە چاخە کۆنەکاندا، شیروان ئەحمەد لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی و لە چوار لاپەرەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی نۆهەم نوسینێکی دوکتور روس، ل، سولکی‌یە بە ناوی " لێکۆڵینەوەیەك لەسەر پاشماوەی باڵندە چنگدارەکان لە شوێنەواری زاوی چەمی شانەدەر" ، زەردەشت (شیروان ئەحمەد) لە ئینگلیزییەوە کردوویەوتی بە کوردی و لەگەڵ چەند وێنەیەکدا لە پانزە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

بابەتی دەهەم: نووسینێکە لە ژێر ناوی " مێژووی کۆنی ئاژەڵە ماڵیکراوەکان لە خۆرئاوای ئاسیا" ئەم بابەتە لە ئینگلیزی‌یەوە کراوە بە کوردی ولە وەرگێڕانی (شیروان ئەحمەد)ەو لە نۆ لاپەڕەدایە.

دوابابەتی بەشی کوردی بە ناونیشانی (ئەسپ و ئەسپ سواری لە سەردەمە کۆنەکاندا) ئەم بابەتەش وەرگێڕانی حەسەن عەبدولکەریم و لەگەڵ گەلێك وێنەدا لە ١٩ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

لە بەشی عەرەبی گۆڤارەکەشدا پێنج بابەت بڵاوکراوەتەوە کە بریتین لە:

یەکەم : بەشی پێنجەمی نوسینەکەی (باحث د:نەبەز)و لە ژێر ناوی " الأمير المشطوب الهكاري ومواقفه الأنسانية" وحەڤدە لاپەڕەی گۆڤارەکەی گرتووەتەوە.

بابەتی دووهەمی بەشی عەرەبی نوسینێکی رافیدە عەبدوڵڵا قەرەداخی یە بەناوی "رسالة جديدة غير منشودة من تل شمشارة" لە هەشت لاپەڕەدا.

بابەتی سێهەم لە ژێر عینوانی " المسح الآثاري لمنطقة المندلي وبدرة " جۆن اوتس نووسیویەتی و وفاء خلوق سعيد کردوویەتی بە عەرەبی. لەگەڵ چەند وێنەیەکدا لە دوانزە لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی چوارەم نوسینێکی پەخشان عەبدوڵڵا محەمەدە بەناوی "مسكوكة اموية من بازيان" ، ئەم بابەتەش لەگەڵ چەند وێنەیەکی دراوی کۆندا لە نۆ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی پێنجەم و کۆتایی بەشی عەرەبی نوسینێکی نەسرین خواکرەم ە بە ناوی ((

الأختام الكاشية))، ئەم بابەتەش لەگەڵ چەند وێنەیەکدا لە شەش لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

## ژمارە نوێی گۆڤارەکە

ئەم ژمارەیە لە کۆتایی مانگی نۆی ١٩٩٩دا دەرچووە، لە دوو سەدلاپەڕەدا، بەرگی پێشەوەی ڕازێنراوەتەوە بە وێنەی خانی مەحموود ئاغا لە کۆیە، بەرگی دواوەی وێنەی دوو گڵێنەی دێرینە کە لە کنەو پشکنینی ئەم هاوینەی گردی یاسین تەپەدا دۆزراوەتەوە.

بەشی کوردی

لەم ژمارەیەدا، مامۆستا جەمال عەبدول وتەی ژمارەی نووسیوە کە لاپەڕەو نیوێکی گرتووەتەوە، بە دوای ئەودا بابەتێك دێت لە ژێر ناونیشانی(تیشکێك بۆ سەر نەخشە هەڵکەنراوەکەی دەربەند بێلولە) بە پێنووسی کەمال نووری مەعرووف لە (١٣) لاپەڕەدا. بابەتی دووهەم نووسینێکە بە ناو نیشانی (زەمانی ئاشووری لە ئیمپراتووریەتی میتانیدا)، ئەم بابەتە هاشم حەمە عەبدوڵڵا لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە و لە (٥) لاپەڕەدایە. بە دوای ئەودا، حەسەن عەبدولکەریم بابەتێکی لەفارسییەوە وەرگێڕاوە لە ژێر ناوی (مادەکان و ڕووبە ڕوو بوونەوەیان لەگەڵ ئاشوور وعیلام دا)و لە(٣٠) لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. بابەتی پێنجەم سدیق ساڵح ئامادەی کردووە و بریتییە لە (بیرەوەرییەکانی عەبدولعەزیز یا موڵکی) و لە ٦٨ لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە. بە دوای ئەو بابەتەدا دوو بابەتی وەرگێڕدراو لە فارسییەوە بڵاوکراوەتەوە، یەکەمیان لە ژێر ناوی (شاکارە هونەرییەکانی شوێنەواری مارلیك وپەیوەندی بە شانشینی (ئەندیا)ی خاکی مادی گەورە) کە لە دە لاپەڕەدایەو ، بابەتی دووهەم لە ژێر ناوی (ساگارتی تیرەی حەوتەمی ماد) لە دوانزە لاپەڕەدا، ئەم دوو بابەتە حەسەن عەبدولکەریم وەری گێڕاوە. پاش ئەو دوو بابەتە محمەد حەمە ساڵح توفیق لە ئینگلیزییەوەو لە ژێر ناوی (چەردەیەك دەربارەی کرۆنۆلۆجیای کۆمەڵگا، بەراییەکانی گوندی کشتوکاڵی لە باکووری عێراقدا،) بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە لە دە لاپەڕەدا.

لە بەشی عەرەبی گۆڤارەکەدا:

یەکەم بابەت لە نووسینی نەسرین خوا کەرەمەو لە ژێر ناوی (فخار نوزی) لە(٥) لاپەڕەدا. بە دوای ئەوەدا بابەتێکی د. نەبەز مەجید ئەمین لە ژێر ناوی (الأمیر المشطوب الهکاري) کە بەشی پێنجەمی بابەتەکەیەو لە دە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە. بابەتی سێهەمی بەشی عەرەبی لە نووسینی (پەخشان عبدوڵڵا محەمەد)ە بە ناوی (چرمو من المستوطنات الأولى في كوردستان) لەگەڵ هەندێك وێنەو نەخشەدا لە (١١) لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە. بابەتی چوارەم لە ژێر ناوی (ظهور فخار عصر الوركاء في منطقة دووكان) وفاء خلوق سعيد لە ئینگلیزییەوە وەری گێڕاوە لە دە لاپەڕەدایە، بابەتی کۆتایی بەشی عەرەبی ژمارە نوێی گۆڤارەکە بە ناوی منحوتە قزقبان ودلالاتها التاريخية) کەمال نووری مەعرووف نوسیویەتی لە دە لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە.

## خشتەیەك بە ناوی نووسەرو وەرگێڕانی نۆ ژمارەی گۆڤاری هەزار مێرد

| ژ | ناوی نووسەر - وەرگێڕ | ژمارەی بابەت | ژمارەی لاپەڕەکان |
|---|---|---|---|
| ١ | حەسەن عەبدولکەریم | ١٤ | ٢٤٠ |
| ٢ | کەمال نووری مەعروف | ٢٥ | ٢٢٤ |
| ٣ | د. نەبەز مەجید ئەمین | ١٥ | ١٩٢ |
| ٤ | سدیق ساڵح | ٨ | ١١٢ |
| ٥ | شیروان ئەحمد | ٦ | ٩١ |
| ٦ | پرۆفسۆر عیزەدین مستەفا | ٣ | ٨٥ |
| ٧ | هاشم حەمە عەبدوڵلا | ٨ | ٦٦ |
| ٨ | رزگار عومەر عەلی | ٣ | ٦٥ |
| ٩ | عبدالرقیب یوسف | ٣ | ٥٩ |
| ١٠ | نەسرین خواکەرەم | ٦ | ٤٩ |
| ١١ | رافدە عەبدوڵلا | ٥ | ٤٥ |
| ١٢ | پەخشان عەبدوڵلا | ٤ | ٤٥ |
| ١٣ | سەباحی غالب | ١ | ٣٦ |
| ١٤ | کۆزاد محەمەد | ٢ | ٣٣ |
| ١٥ | جەلال تەقی | ٢ | ٣٠ |
| ١٦ | جەمال عەبدول | ٥ | ٢٤ |
| ١٧ | وفا خەلوق سەعید | ٢ | ٢٠ |
| ١٨ | محەمەد ساڵح سەعید | ١ | ١٢ |
| ١٩ | د. جەبار قادر | ١ | ١٩ |
| ٢٠ | کامەران جەمال | ١ | ١٤ |
| ٢١ | حەمە یاسین | ١ | ٩ |
| ٢٢ | ئاسۆ فایەق | ١ | ٨ |
| ٢٣ | عەتا کەریم | ١ | ٧ |

## کەلەپووری کەلتوریی مادەکان:

# سنوورو ئاسۆکانی لێکۆڵینەوەی کۆنناسی

نوسینی: برونو جنیتو

و/ بۆ کوردی وەلی مەریوانی

نوسین لەسەر مادەکان و ئەو مێژوویەی کە ئەوان دروستیانکردووە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دەسکەوت و زانیارییە نوێیانەی کە لەبواری کۆنناسیدا کەوتوونەتە بەردەست و لەگەڵ زیاتر لەیەك سەدەکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەوانەیە بەکەڵك و بەسوودبێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەند نووسینێکی جۆراو جۆر وەك نوسینەکەی (برادن)، ١٩٧٩، (سانچیسی - ویردنبورگ)، ١٩٧٨،١٩٨٥،١٩٧٩، (جنیتو) ١٩٨٦، (براون) ١٩٨٦، (ماسکارلا) ١٩٨٧،(براون) ١٩٩٠ و چەند کەسانی تر، باسەکەیان سەر لەنوێ هێناوەتەکایەوە. ئەو هاندان و دەسخۆشی لێکردنە لەلایەن لێکۆڵەرەوەو هاورێیانمەوە، پاش نووسینی بابەتە کەم پاڵیان پێوەنام بۆ ئەوەی زیاتر خەریکی لێکۆڵینەوە بم و هێناومیانە سەر ئەو باوەڕەی کە دەرگای لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لەسەر مادەکان هێشتا هەرکراوەیەوەو ئەو سەردەمەی مادەکان و وەك سەردەمە مێژووییەکانی تری ئێرانی کۆن، وەك سەردەمی (سەرمەتییەکان/ کیمری - سیمرییەکان، سکا - ئەسکیتیەکان، تراسەکان کێشەیەکی گەورەیان دروست کردووە، کە بریتیە لە بەراوردکردنی زانیارییە مێژووییەکام لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە بواری کۆنناسی خستویەتە بەردەست. ئەو وتارو نووسینانەی کە لە ماوەی دەساڵی ڕابووردوودا سەبارەت بە مەسەلەی مادەکان خراونەتە ڕوو، باسکردن و توێژینەوەی زانستیانەو هەروەها ئاسۆی لێکۆڵینەوەی ئەو بوارەی فراوان کردووە، منیش لەسەر بنەمای ئەم زانیارییە نوێیانەو ئەو پێشنیازانەی کە لەلایەن هەندێ لە دۆست و هاوڕێیانەوە کراون، بڕیاری ئەوەم دا کە ئەو نووسینەی ساڵی ١٩٨٦ نووسیبووم سەر لەنوێ ڕێکی

بخەمەوە بەشێوەیەك كە هەموو بابەتەكان نەگرێتەوە بەڵكو تەرخانی بكەم بۆ هەڵسەنگاندنی كەلەپووری كولتوری مادەكان.

ئەو ڕۆڵە زۆر گرنگەی كەسەرچاوە كۆن و خۆرهەلاتییەكان هەیانە لە مەسەلەی مادەكانداو پەیوەندییان بەهەخامەنشییەكانەوە، تا ئێستا سەرنجی بەشی زۆری لێكۆڵەرەوەكانی بەرەو ئەوە ڕاكێشاوە كە مادەكان لەلایەنی سیاسی و كولتوورییەوە پێش پێكهاتنی ئیمپراتووریەتی هەخامەنشییەكان كەوتوون، لەگەڵ ئەوەدا كە بەڵگەی تەواو لەسەر مادەكان لە خودی مادەكان خۆیانەوە هەیە. بوونی بەڵگەی مادەكان خۆیان شتێكی زۆر گرنگە، بە تایبەتی ئەگەر سەرنج بدەینە ئەوەی كە بەڵگە مادییەكان لەو ناوچەیەدا كە دەوڵەتی مادەكان لەسەردەمە سەرەتاییەكانی هەزارەی یەكەمی پێش عیسادائەبێ لەوێ بووبن، واتە باكووری خۆرئاوای ئێران، زۆرە نوسینەكەی (ماسكارلا) لە ساڵی ١٩٨٧دا

چۆنیەتی ڕێكخستنەوەی بابەتە هونەرییەكانی سەردەمی مادی ڕوونكردووەتەوە، كە لە نێوان كۆتایی دەیەكانی ساڵانی ٩٥٠و سەرەتای دەیەكانی ساڵانی ٩٦٠دا لەسەر بنەمای تیۆرییەكی پەتی بلاوبوویەوە. ماسكارلا لەو ڕێكخستنەوەیەدا چی بابەتی هونەری ئەنتیكەوكۆنە فرۆشەكان و ئەوانەی كە لە ئەنجامی كنەو پشكنینە ناياساییەكانەوە بەردەست كەوتبوون هەمووی خستە لاوە. لە لێكۆڵینەوە مێژووییەكانیشدا چەند شتێكی بەتیوری دیاریكراوی لەو جۆرە بە ئاسانی ئەتوانێ ئەوەمان بۆ دەربخا كە الروچتین، شوێنگەلێك نەخش و نیگاری مادەكانی گەورەتر پیشان داوە. (جنیتو ١٩٨٦). جگە لەوەش كاتی ئەوە هاتووە كە هەموو مەسەلەكان لە خەرمانێكەوە دەست پێبكەین و چاوێكی تەواو جیاواز بگێڕینەوە بە تێكڕای مێژووی كۆنناسی ئێرانی كۆندا، كە (سەردەمی مادەكان) بەشێكی بنەماو بنەرەتی ئەو سەردەمانە پێكدێنێ تیۆرییەكان، بۆچوون و پێشنیارەكان لەسەر هەموو شتە جۆراوجۆرو ئەو شوێنە زۆركەمانەی كەدراونەتەپاڵ مادەكان لەو ناوچانەی كە بەهی ئەوان دادەنرێ. بەڵگە زۆرە پشتگیرییان بكات، لێرەدا هەست بە پێویستی خستنە ڕووی پرسیارێك دێتە پێشەوە كە ئەوەندەی من ئاگام لێی بێ تاوەكو ئێستا پرسیارەكەش بریتییە لەوەی ئەگونجێ (مادەكان) كە پێش هەخامەنشییەكان كەوتوون لەباری سیاسی و فەرهەنگییەوە بەڵگەی ڕوون و تەواویان لەپاش خۆیان بەجێ هێشتبێ؟

وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە ئاسانە چونكە هەموو ئەو بابەت و ڕووداوە جیاجیاو جۆراوجۆرانە ئەگرێتەوە كە پەیوەندییان هەیە بە مەسەلەیەكی مێژوویی گرنگەوە لە خۆرهەلاتی نزیكی كۆندا، كە ئەویش بریتییە لە هاتنی دانیشتوانی ئێران بۆ ئەو خاكەو بە گشتی هاتنی هندو ئەوروپاییەكان

لێرەدا جێی ئەوەنیە كە لە باری مێژووییەوە مادەكان بخەینە بەرباس و لێكۆڵینەوە،بەلام پێویست ئەكا ئاگاداری ئەوەبین كە بەڵگەی كۆنناسی تەواو بەدەستەوە هەیە بۆ پشتگیری و بوونی مێژوویی ئەوان، ئەگەر لە مێژووی لێكۆڵینەوە دەربارەی ئێرانی كۆن ئەوەمان بۆ بكرێ كە

بتوانین جیاوازیەك بەدی بكەین لەنێوان بنەماڵەو خانەدانی هەخامەنشی، پارتی، ساسانی و ئێرانیەكانی ناوچەكانی تر، ئەوا ئەو جیاكردنەوەیەمان بۆ دەكرێ دەربارەی كەلەپووری كەلتووری پێش سەردەمی هەخامەنشیەكان و ئەوە شتێكی گران و زەحمەت نیە تا رادەیەك. هەموو ئەم گرفت و كێشەی جیاكردنەوەیە لەبارەی بەڵگەوە زۆرەو هاتووە لە مێژووی لێكۆڵینەوەی هونەری و مێژوویی خۆرهەڵاتی نزیكی كۆندا. ڕێنمایی و ڕێ و شوێنی تازە بۆ راستی و دروستی گەرانەوەی كەلتورێك بۆ سەردەمێكی دیاریكراو، وا ڕاڤەگەیەنن كە لە ڕێگای ئەم رەوشی جیاكردنەوەی تایبەتمەندییەكانی هونەری میللەتێك و ئەو خەڵكانەی كە نیشتەجێی شوێنەكەن، ئەتوانرێ توخم و رەگەزو تایبەتمەندی هونەریی شێوازێكی دەربارەی ئیمپراتووری جیابكرێتەوە لەگەڵ شێوازێكی هونەری تایبەتی خەڵكەكەدا.

ئەو گوێپێ نەدان و بێ پەروایییەی هەموو مێژوو نووسانی هونەری خۆرهەڵاتی نزیكی كۆن دا هەیانبووە بەرامبەر هەندێ بابەتی كۆمەڵایەتی - ئابووری، وەك بەرهەم هێنان و دروستكردنی كەلوپەل (پیشەسازی، راسپاردن بۆ بەرهەمهێنان و دروستكردن، ئەوانەی كەرایان سپاردووە)، تا ئێستا ڕێگای ئەوەی نەداوە كە بابەت و كەرەستە هونەرییەكانی سەردەمی ماد بە شێوەیەكی رەخنەگرانە شیبكرێنەوەو تاوتوێ بكرێن. ئەگەر لایەك بكەینەوە لەو نیگارو پەیكەرو شتە زۆرانەی كە لەسەر نەخش و نیگارو كەلەپووری سەردەمی هەخامەنشیەكان (لە شوێنەواری تەختی جەمشیدو پاسارگادو شوش)، ئەبینین كە زۆربەیان وەك نیشانێك لەسەردەمی كۆندا، سەیركراون و هیچكاتێك لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنێكی راست (بەهۆی لێكدانەوەو وردبوونەوە لە روخسارەكان) تاوتوێیەكی رەخنەگرانە نەكراون و بە ئاسانی ئەتوانرێ لەوە بگەین كە چۆن بە درێژایی ئەم هەموو سەردەمانە بەشێوەیەكی ناتەواو ناشایستە شیكراونەتەوەو لێكدراونەتەوە، ئەم لێكدانەوانە بەزۆری بەراوردێكی بێ سەروبەریان كردووە لەنێوان ئەو بابەت و نەخشانەی لەسەر نیگارو پەیكەرەكاندا كراون و بەتایبەتی لەهەندێ وردەكاری وێنەكاندا وەك هۆیەك بۆ بەراوردكردن لەگەڵ بەشێك یا هەندێكی سوودیان وەرگرتووە، بەراوردكردن و كێشانەیەكی لەم جۆرە بۆ كردن بەبەڵگەو پشت پێوەبەستن، تەنانەت لە لێكدانەوەی هەندێ شتدا كە سەرەتاو شوێنێكی نادیاریان هەیە، بەكارهێنراوەو ئەمەش توانای ئەوەی هەیە كە وەك وەڵامێك بۆ پرسیارەكەی لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ كرد، سوودی لێوەربگیرێ.

- بابەتی (جلوبەرگی مادەكان)، لەبەركردنی كراسێكی دەرەدامان، شەرواڵێكی بەنەخوین دار، یا مەیتەرو خەنجەرێكی كورتی مادەكان كە لەسەر زۆرێك لە پەیكەرو نیگارەكانی تەختی جەمشید خراونەتە روو، بۆ ئەم بابەتەی ئێمە نموونەیەكی زۆر گونجاوە.

نمونە لەو جلوبەرگانەو لەو خەنجەرانەی كە لەسەر نیگارەكەی تەختی جەمشید هەڵكەنراون هیچ كاتێك دەستنەكەوتوون لە چەند ناوچەیەكی زۆر دوور دەسەڵاتی

مادەکانەوە و لەشوێنی دوور بە شێوەیەکی تایبەتی و لەباروودۆخێکی ئاشکرادا کەوتوونەتە دەست

ئاشکرابییەکی تەواو هەیە دەربارەی شوێن و چۆنیەتی دۆزینەوەو خودی ئەو شتە زۆرانەی کە بەهی مادەکان دادەنرێن و لە ئەنجامدا ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی بەجێبوونەتەوەو بەشی زۆری ئەنتیکەکانی لورستان و گەنجینەی جەیحون و هەمەدان و زێویە، کە لە زووەوە هەموویان بەهی مادەکان دانراون دەتوانن خۆیان بەشتی سەرەکی و گرنگی کەلتوری مادەکان دابنێن

(مووری)، لە نوسینێکیدا کە تەرخانکراوە بۆ سەردەمی هەخامەنشی‌یەکان بە بۆچوونی من واقعیانە نرخی داوەبەم مەسەلەیە بەهۆی ئەوەی نووسینەکە نزیکە لەبابەتەکەی ئێمەوە، بەڵام ئەو پێوەرەی ئەو بەکاری هێناوەو سوودی لێوەرگرتووە، ئەگەر بۆ مادە کات بەکاری بێنین ئەوا بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دیاریکردن و دەستنیشان کردنی کەلەپوری کەلتوری مادەکان شتێکە لە تواناداهەیەو بوونی هەیە

(موری) کە باسی هونەردەکا بەتایبەتی هونەری شێوازی دەرباری هەخامەنشیی‌یەکان، جۆرە هونەرێکی تایبەت بەخەڵك جیائەکاتەوە کە نەبەهونەرێکی ڕەسمی دائەنێت و نە بەهونەرێکی دەرباری هەندێك لەو جۆرە هونەرەی لە نیگارویە نەقشەکانی تەختی جەمشیدو پاسارگادو شوش و هەندێکی تری لەچەند پارچەیەکی کەمی کەلوپەلی جەنگی خستووەتە بەرچاو. هونەری شێوازی دەرباری هەخامەنشی کە تێکرا بەهونەرێکی وەرگیراو لەهونەری ئەناتولی، ئاشوری، بابلی، یۆنانی، میسری، ئیلام و سوریاو فەلەستینی دانراو زۆر دوورە لە هونەری خەڵکەوەو لای وایە کە زیاتر لە هونەری (شێوازی ئاژەڵی) لە هونەری سکاییەکانەوە نزیکە، ئەم بۆچوونەی موری هەرلەو بۆچوونانە ئەکا کە پێشتر (کالمایر) و(جنما) خستبوویانە روو، کە لایان وایە دوایین پلەی پێشکەوتنی (شێوازی ئاژەڵی) لە هونەردا لەسەردەمی هەخامەنشی‌یەکاندا بووە. ئەم بۆ چوونەی موری لەسەر ئەو بنەمایەیە کە فەرهەنگ و کەلتووری ئێرانی پێش پێکهاتنی ئیمپراتووریەتی هەخامەنشی‌یەکان بووەو پاش ئەوانیش هەربەردەوام بووە. ئەم پێوەرەی موری هەرچەند بە ئاسانی ناتوانرێ بەکاربهێنرێ دەربارەی مادەکان، کە زەمینەیەکی فەرهەنگی نەناسراوو نادیاریان هەیە، بەڵام بەلای منەوە یارمەتییەکی باش ئەدا بۆ چاکتر تێگەیشتن لە مەسەلەکە، چونکە ئامارەی تیایە بۆ ئەو خاڵەی کە بوونی بنەماو پایەیە بۆ کەلتووری مادەکان، ئەگەر مادەکان لەو لایەنەوە سەیربکەین کە سەردەمەکەیان کەوتووەتە پێش هەخامەنشی یەکانەوە، ئەوا ڕووبەڕووی حاڵەتێکی ڕۆشن ئەبینەوە کەبریتی‌یە لە بوونی هونەری دەریایی لەسەردەمی مادەکاندا، هەروەها بوونی هونەری میللی لە لایێکەوە ئەگەر سەیری مادەکان بکەین وەك (ئیمپراتۆریەت) هەندێ لە لێکۆڵەرەوان لەباری زمانەوە لێکچونێکی زۆریان لە زمانی پارسی کۆندا دەستنیشان کردووە، کە دەبێ بگەرێین بەدوای بوونی لەهونەری ڕەسمی ئەو ئیمپراتوورییەتەدا کە بەدرێژایی سەردەمەکە بەهۆی پێشەوەرانی

دەربارەوە شەکل و شێوازێکی وەرگرتووە پاشماوەو دەنگیان لەم بارەیەوە هەیە، هەرچەند لێکۆڵەرەوەکان ماوەیەکی زۆرە ئەم مەسەلەیان خستووەتەڕوو

٥. یەکێك لەو ڕێبازو ڕەوشانەی کە حکومەت و دەوڵەتێکی ئیمپراتووری توانیبێتی هونەری ڕەسمی خۆی بەهۆیەوە بخاتە ڕوو و پەیامی فیکری و ئایدلۆژی خۆی بەهۆیەوە بڵاوبکاتەوە بریتی بووە لە هونەری نیگارکێشان ئەتوانین باس لەوەش بکەین کە هونەری میللی سەردەمی ماد کە لەلایەنی کاتەوە کۆنترە لەهی سەردەمی هەخامەنشییەکان، بە نزیکتری دابنێین لە شێوازی ئاژەڵی کەلتووری ناوچەی (ئەستیپی)، ئەو مەسەلەیە لە حەقیقەتدا وەك یەکێك لە پلە سەرەکییەکانی فەرهەنگی ئێرانییانی کۆن لەبەرچاو بگیرێ کە لەسەرەتادا لەسەرانسەری ئاسیای ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە (کە وەك سەر زەوی و خاکی ئەسڵی خۆیان دائەنرێ)

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، ئەوەیە کە ئەم بۆچوونە، بۆچوونەکەی گیرشمین مان دێنێتەوە یاد دەربارەی یەکیەتی فەرهەنگی و کەلتووری لەنێوان مادو کیمرییەکان، یا مادو سکاکان، ئەو بۆچوونەی کە گونجاوەو لەباری تیورییەوە بە مەسەلەیەکی ڕاست ئەهاتە پێش چاوو ئاراستەکراو، چونکە لەسەر بنەمای چەند بەڵگەی دیاریکراو داڕێژرابوو. ئەگەر مەسەلەی دیاریکردنی ڕۆڵی ئێرانییەکان لە کەلەپووری کەلتوری هەخامەنشییەکان و بە پێچەوانەوە/ کە هێشتا ماوە، هەل بکرێ ئەو بە ئاسانی ئەتوانرێ ئەوە بخرێتە پێش چاو کە کەلەپووری کەلتوری دانەپاڵ مادەکان کارێکی ئاساییەو بە سوودە.

بەبێ وردبونەوەیەکی قووڵتر لە وردەکارییە هونەرییەکانی گەلێك لەو شتانەی کە پێشتر لەلایەن هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکانەوە باسیان کراوە ئەتوانرێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەهەندێ زاراوەی سیاسی - کۆمەڵایەتی وەك (پاشایەتی، حکومەتی میللی، ئیمپراتووریەت) کە زۆر جار لەبارەی مێژووی مادەکانەوە بەکار ئەهێنرێن، ڕێی ئەوەمان پێ‌ئەدا کە بەڵگەی پەیوەندیدار بە مادەکانەوە لەیەك جیابکەینەوە، چونکە هەموو کات بە شێوەیەکی لەبەرچاو، ئەو بەڵگانە لەگەڵ ئەو زاراوە سیاسی - کۆمەڵایەتیانەدا ئاوێزان نەبوون، وە مێژووی مادەکان هەمیشە لەو چوارچێوەیدا سنووردار نەکراوە لەبەرئەوەی کە ئەو زاراوەو واتانەی وەك (پێکهاتەی سیاسی ئیمپراتووری) بەزۆری مانای ماهیەتی سیاسی کۆن ئەگەیەنن. بەو پێوەرە کە بەهۆی هەندێ سەرچاوەوە خراوەتە ڕوو، دوورنییە هەندێ لایەنی مەسەلەکە ڕوون ببێتەوە.

وەك ئەزانین نەقش و نیگارو یادگارییە بیناسازییەکانی سەردەمی هەخامەنشی‌یەکان لەناوچەی شوش و فارس چەند بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو سەردەمەن، بەڵام ئەگەر ڕەچاوی ئەوەبکەین کە ناوچەیەکی فراوانی ژێردەسەڵاتی ئەوان کە لە مێژوودا دراوەتە پاڵیان ئەوا مانای ئەوە نیە کە هیچ ئاسەوارێکی گرنگی ترمان بەدەستەوە نیە کە بوونی ئەوان بگەیەنێ، لەهەمان کاتدا، دەوڵەت یا پاشایەتی یا ئیمپراتوورییەتی مادەکان، لەلایەنی بەڵگەی بینراوەوە

کەوتوونەتە بارێکی زۆر نادیارو نەزانراوەوە کە هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرامان نەبێ دەربارەی بوونیان لەو ناوچانەدا کە بەهی ئەوان دانەنرێ، پێویستە لەم حاڵەتەدا بەشێوەیەک مێژووی باکووری خۆراوای ئێران، بە پشتگیری بەڵگەی دیارو بەرچاوی ئێرانی کۆن کە تیایدا باکووری خۆراوای ئێران، بە پشتگیری بەڵگەی دیارو بەرچاوی ئێرانی کۆن کە تیایدا سەردەمی مادەکان فەراهەم کرێت. بۆچوونی (Peshayes) دەربارەی مادەکان کە پێش ئەوەی بگەنە خۆراوای ئێران، ئەیانتوانی لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێراندا جێگیر ببن و لەوێدا بژین سەرنج ڕاکێشە، جێی خۆی گرتووە. هاتنی ئەمانە لە هەزارەی چوارەمی پێش عیسادا واتە دەرکەوتنی سەرەتای ئێرانییەکان و بەم شێوەیە ناوچەی گورگان دەبێتە ناوچەی یەکەم بۆ هیندو ئەوروپاییەکان. شوێنی سەرەکی ئەو زانیاریانەی کۆنناسی باکووری خۆراوای ئێران کە بەهۆی (نەخشەکەی حەسەنلوو) و کنەو پشکنینی شوێنەوارەکانی باباجان تەپە نوشیجان تەپە، جامە شۆران، گودین و قەیتەرییەوە کەوتوونەتە بەردەست و لەباری سەرهەڵدان و گۆڕانی چاخی ئاسنی باکووری خۆراوای ئێران لێکدراوەتەوە، ئەم لێکۆڵینەوەو کنەو پشکنینانە وەڵامێکی تەواویان داوەتەوە لەسەر پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و کەلتوری ئەو خەڵکانەی کە لەوێدا ژیاون، ئەو بۆچوونەش کە لەسەرەتای دەیەکانی ١٩٦٠دا هاتە ئاراوە دەربارەی پەیوەندی نێوان فەرهەنگ و کولتوری چاخی برونزی تازەی (حەسار)و سەرهەڵدانی سواڵەتی خۆڵەمێشی ڕەنگ لەخۆراوای ئێراندا

خرایە ڕوو بەڵگەی لەسەر هەیە و ئەو ناوچانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە لەنێوان ئەو دوو ناوچەیەدا ببن و بتوانن هەڵسوکەوتی دانیشتوانی ئەو ناوچە جوگرافییە ڕوون بکەنەوە، کە دەرکەوتوون و دۆزراونەتەوە، ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە سواڵەتی خۆڵەمێشی ڕەنگی خۆراوا ی سەرەتایی لە دەرەوەی باکووری خۆراوای ئەوانیشدا دەرکەوتووە لە خۆراوای زاگرۆسی ناوەندیدا، هەر چەند بە بڕێکی کەمیش بێ ئەمە لەباری نەتەوەو میلەت ناسیدا پشت ی پێ دەبەسترێ، وەک چۆن بوون ی ئەم سواڵەتانە لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێراندا ڕاستەوخۆ دەبێ بە بەڵگە لەسەر ئەوەی بدرێنە پاڵ ئێرانییەکان یا هیند ئەوروپاییەکان. لەسەر بنەمای ئەم فاکتەرانە دوورنیە کە بۆ هاتنی ئێرانیەکان ماوەیەک ی درێژ دابنرێت کەلای کەمی بگەڕێتەوە بۆ چواریەکی کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش عیسا. بەڵگە زمانە ناسییەکانی (ئاویستاوئیدا) دەڵێن کە سەرزەوی یەکەم جاری ئێرانییەکان لەخۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتدا بووە. ئەو زانیاریانەش کە بواری کۆنناسی دەیخەنە بەر دەست هەرچەند ئەوەدەدەن بە دەستەوە کە پشتگیری هاتنی ئەم کۆمەڵە مرۆڤە تازە هاتووانە دەکەن، بەوەی کە بابەتی کەلتووری دەدەنە پاڵ نەتەوەیەکی دیاریکراو ئەوەندە بەهێزە کە بنە جێگای بڕواپێکردن، نەمانی وردە وردەو لەسەرخۆی سیستمی شارلشینی لە باشووری تورکمانستاندا لەنێوان ساڵەکانی ١٦٦٠و ١٠٠٠ی پێش عیسادا، وا دیارە کە پەیوەندی هەبێت بە هاتنی کۆمەڵە خەڵکێکی تازەوە بۆ ئەو ناوچەیە.



هەرچەند ئەمە بۆچوونێکی سەرنج ڕاکێشە، بەڵام پەیوەند ی نێوان ساختمانەیادگارییەکانی (تورنگ تەپە، ئاڵتنی تەپە، موندیگاك پشتکرییەکی راستەوخۆ بۆ بۆچوونە کونەکانی (گیرشمەن) مسۆگەر دەکات، هاتنی ئێرانییەکان بۆ بیابانی ئێران بەلای ئەم لێکۆڵەرەوە فەرانسەیی‌یە بە ڕەچەڵەك ڕووسی‌یە لەسەر بنەمای سوود وەرگرتن بووە لەو گۆرانەی کە لە شوێنەواری (سیللك)دا دۆزراونەتەوە.

بەڵگەی تەواو لەسەر هاتنی ئێرانییەکان بۆ بیابانی ئێران تەنیا سەرنجی ئەوان ە ڕائەکێشێ کە چاوەڕێی ڕێکەوتێکی کوتوپڕو گەورەبن لە هەر گۆڕانێکی کەلتووریدا. دوورنیە ئەم تازە هاتووانە زیاتر لەوەی بە خەیاڵی ئێمەدا دێت گۆڕانکارییەکیان هێنابێتە ئاراوە، جم و جووڵێکی لەسەر خۆوە بەرەبەرە لەسەردەمانێکی دوورودرێژدا ئەشێ ڕێکەوتبێ هەروەها شتی وا لە بەڵگە کۆنناسییەکانیدا بەرچاو کەوتوون ئەمە ئەکرێ لەگەڵ هاتنی مادەکاندا رووی دابێ بە پێچەوانەی هەخامەنشی‌یەکان ئەوان هیچ بەڵگەو نیشانەیەکیان لەپاش خۆیان بەجێ‌نەهێشتوە، هەر لەبەرئەوەشە کە ئامادەبوونی ئەوانە بەو شێوەیەی کە ئێم ە بەتەمای بین بەهێزە. بە واتایەکی روون تر، وادێتە پێش چاو کە دەربارەی مادەکان رووبەرووی مەسەلەیەك دەبینەوە، بەهۆی ئەوەوە کە لێکۆڵینەوە لەبواری کۆنناسی، هەروەها مێژووی هونەری، سنوردارو کەمە، بواری تێگەیشتن لە رووداوە مێژووییەکان، بەو شێوەیەی کە ئێمە دەمانەوێ دەتوانێت شتێکی وا بدات بەدەستەوە. ئەم بابەتە بواری ئەوە ئەدا بەمن کە لایەنەکانی تری نوسینەکەم (جنیتو) روون بکەمەوە بۆ نموونە: من دان بەوەدا دەنێم کە پەیوەندییەك هەیە لەنێوان نووسین، پایەداری و جێگیری سیاسی و بەرهەمی هونەری مادەکاندا.

نەبوونی بەڵگە زمانناسی، ئاسەوار ناسی، مێژووی هونەری مانای ئەوەنیە کە مادەکان نەبووبن، بوونی بەڵگەی ڕۆشن لەناو ئەو هەموو بەڵگانەی کە لەبەردەست لێکۆڵەرەوەکاندایەو دڵنیا نەبوون لەو بەڵگە زۆرانەی ئاسەوارناسی هەندێ جار دوودڵی



دووردەخاتەوە لای مرۆڤ دەربارەی بوونی مێژوویی مادەکانەوە.

- مەسەلەی بوون ی نوسین و نیگاری مادەکان یا هونەری ئەوان، یا ئیمپراتووریەتەکەیان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە بەم شێوە رێکیەک لەنێوان مادو هەخامەنشی‌یەکاندا لە ئارادایە بەو شێوەیەی مادەکان لە راستیدا سیستمێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی، فەرهەنگییان هەبووە وەك هەخامەنشینی‌یەکان. بە لەبەرچاوگرتنی تەواوی ئەوەی کە لێکۆڵەرەوەکان بەراوردیان کردووە لەگەڵ ئەم دوتاقمە خەڵکەدا، دەرئەکەوێ کە وەك چۆن چاوەڕوانی نوسین و بابەتی هونەری مادەکان ئەکەین بەو ئەندازەیە چاوەڕێی ئیمپراتووریيەتێك بکەین کە گەیشتینە پلەیەك لە پێشکەوتندا ئەمە کارێکی ئاسانە بەلام بەلای منەوە ئاشکرایە کە دیاری‌کردنی وردی مەودایی ئیمپراتۆریەتی مادەکان بەو جۆرەی کە بۆ هەخامەنشی‌یەکان بەکاری ئەهێنن شتێکی گونجاوە لە بارەی مادەکانەوە لەسەر بوونیان گومانێکمان نەبێ، زانیاری زۆرمان هەیە لەسەر ئەوان هەرچەند ئەمە بەسە بۆئەوەی کە بتوانین بوونی نووسین و نیگاری ئەوان، هونەریان، ئیمپراتووریەتەکەیان نەدەینە دواوە، بەلام بەسە بۆ ئەوەی کە لەگەڵ زانیاری تردا پشتگیری بکەین. ئەگەر بڵێین کە مادەکان لەباری سیاسی‌یەوە یەك ئیمپراتوورییان هەبوە، ئەمە بە ئاسانی ئەوە ئەگەیەنێ کە ئیمپراتۆرییەت چەند پلەیەکی جیاوازەو مادەکان توانیویانە وەك پلەیەك لە پێشکەوتنیاندا دەوڵەتێکی بەربڵاو لە بیابانی ئێراندا دروست بکەن. لێرەدا ئەوەندە هەیە کە ئەم خاڵە لە بواری نەتەوەیی و فەرهەنگی‌یەوە بە کەڵکی ئەوە دێ کەلێی دڵنیابین. هەر چەند لەگەڵ رووداوێکی سیاسی گەورەی وەك پەیدابوونی مادەکان پەیوەستن بەیەکەوە. تا ئەو کاتەی زانیاری مێژوویی و ئاسەوار ناسی تازە ئەکەوێتە بەردەست لێکۆڵەرەوەکانی بواری مێژوویی و ئاسەوار ناسی (وەك ئەوەی ئێستا کەوتوونەتە بەردەست ماسکارلا، (لەژێر چاپدایە) وادێتە پێش چاو، بۆ رەچاوکردنی ئەو هەموو زانیاریانەی کە زانیارییەکانی پێشوو خستوویانە بەردەست، وا دەرئەکەوێ کە توانای وەڵام دانەوەی ئەو مەسەلانە هەبێت کە بۆ بوارەکانی تری ناوچەکان هەیەتی.


استناد می‌کند











# دۆزینەوەی نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دیکە لە چیای پیرەمەگروون

کوردستان کەمال

ساڵی ١٩٩٧ کاتێك رۆیشتمەوە سەردانی شوێنەواری (میر قولی)[٢] کە، دەکەوێتە لای باشووری خۆرئاوای گوندی زێویێ دەرکەوت کە ڕووبەرێکی گەورەی گرتۆتەوە لە پاشماوەی دیوارو قولە و ژوور و گەلێك پاشماوەی تر لە شوورا. هەمو ئەمانە ئەو سەرنجەی لا تۆمار کردم کە ئەو پاشماوانەیە پێی دەچێت خاوەنێکی بەهێز و دەسەڵاتی هەبوبێت کە توانیبێتی فەرمان رەوایەتی هەمو ناوچەی پیرەمەگروون و دەوروبەرەکەی کردبێت. ئەو کاتە بۆ ئەوە نەدەچووم کە خاوەنی نەخشەکەی شوێنەواری (رەبەنە)[٣]ی قەرەچەتان هەمان خاوەنی قەلاّی میرقولیش بێت. ئەمە مایەوە هەتاکو لەم دواییەدا هەواڵی دۆزینەوەی نەخشێکی هەڵکۆڵراوی دیکەیان پێدام لە لوتکەی هەنگەژاڵی چیای پیرەمەگروون لەسەر ئەو رێگایەی کە، دەربەندی زێویێ دەگەیەنێتەوە بە شوێنەواری میر قولی. رێگاکە بەرەو ژوورکە و بەردانییەو مرۆڤ هیلاك دەکات هەتاکو دەیگەیەنێتە




نەخشەی ژمارە (١)



وێنەی ژمارە (١)

نەخشە هەڵکۆڵراوەکە. بەڵام بۆ گەیشتن بە نەخشەکە ئەگەر بە ڕێگای دامێنی گوندی زێویێ[٤] دا بڕۆین کە لای باشووری گوندەکە دەگرێ وناسراوە بە ڕێگەی کێلەخوار هەتاکو سنوورێك باشترە وکەمتر مرۆڤ هیلاك دەکات. لێرەوە بەرەو ژوور دەبینەوە، ملی ئەو ڕێگا باریکە پێچاوپێچە دەگرین کە دەمان گەیەنێتە قەڵای میرقولی. لێرەدا سەرچاوەیەکی ئاو هەیە بە ناوی کانی کوێرە (بروانە نەخشەی ژمارە/١). بەداخەوە وا بۆ ساڵێك زیاتر دەچێت کەمە ئاوەکەی وشکی کردووە لەم کەم بارانییەی کە ڕووی کردۆتە کوردستان، لەویشەوە بەرەو ژوور دەبینەوە ویەکدەگرینەوە لەگەڵ دیواری دەرەوەی قەڵاکەدا. (بڕوانە وێنەی ژمارە/١). دوایی بە دۆڵێکدا شۆردەبینەوە وپاش ماوەیەکی کەم خۆمان لەبەردەم نەخشەکەدا دەبینینەوە کە تابلۆیەکە لە ڕووی دیوارە بەردینەکەی لوتکەی هەنگەژاڵ لەبەشی خوارەوەیدا هەڵکۆڵراوە لەبەرزی ١,٢٠مەتر ئەم ڕێگایە ماوەی دوو کاتژمێر دەخایەنێت.

نەخشە هەڵکۆڵراوەکە: نەخشە هەڵکۆڵراوەکە لە ناو چوارچێوەیەکی لاکێشیدا دەرهێنراوە درێژییەکەی ١,٦٠ مەترە وپانییەکەی ٦٠سانتیمەترە. هونەرمەندی نەناسراو لە ناو تابلۆکەی دەرهێناوە. نەخشەکە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شوێنەواری ڕەبەنەو خۆرئاوای گوندی زێوی کە هەر ١٥٠ مەترێك دوورە لە شوێنەواری میرقولی. (بروانە وێنەی ژمارە/٢. پێکهاتووە لە پیاوێك لەسەرلا وەستاوە کڵاوێکی قووچی ئێرانی لەسەردایە درێژییەکەی ٣٠ سانتیمەترە وپانییەکەی لە ناوەڕاستا ٢٠سانتیمەترە. لە ژێریەوە پێچی ئەو قوماشە دەبینرێ کە بە چوار دەوری کڵاوە کە داهاتووەتەوە کە (٣) پێچی سەرەوەیدا وبۆ دواوەی دوو ڕیشووی لێ



وێنە ژمارە (٢)

جیابووەتــەوە، بــەرەو دوا بــۆ خـــوارەوە هاتوونەتــەوە لــە شــێوەی دوو هێڵــی جــودا دەبینرێن. (بڕوانە وێنەی ژمارە/٣). پشتەوەی تابلۆ کە لەو ئاستەدا بە قووڵــی دەرهێــنراوە هــەر ئــەوەش زیــاتر پارێزگــاری لــە تابلۆکــە کردووە کە بەفرو بارانی ناوچەکە کەمتر زیانی پێبگەیەنن.

پیاوەکــە ریشــێکی خــڕی تۆپــزی هەیــە سمێڵی تێکەڵاوی بوە. لای راســتیەوە گوێــی دەبینرێ وادیارە گوارەی تێدابێ، لە ملیشیا ملوانکــە هەیــە کــە لــە بــەردی بــە نــرخ دروستکراوە. ئــەو جــۆرە خشــڵانەش چینــی سەرەوە لە چینەکانی خوارەوە جیادەکاتــەوە کە حەزیان پێکــردوە. کــە ســەیری پیاوەکــە دەکەیت کەوایەکی لەبەردایە شانی گرتۆ تەوە دەستی راستی لــی دەرهێنــاوە بــۆ پێشــەوەی بــردووە درێژییەکـــەی ٣٠ســـانتیمەترە، پەنجەکانی بە کراوەیی دەبینرێ هەر وەکو لە پێشوازیدا وەستا بێــت یــان بــە خێــر هــاتنی جــەماوەر بکــات. لــەژێر ملیــەوە لــە دەفــەی شــانیەوە پاشمــاوەی دوو قــەیتان دەبیــنرێن بەسەر زگیا شۆڕبووە تەوە وا دیارە کەواکەی پێ بەســتراوە. کەواکــە بەســەر شــەرواڵێکدا هاتووە تە خوارێ کە لە ناوەڕاستاو لە بەشی پێشەوەیدا پشتێنێکی لەسەر بەستراوە کە لە ئەڵقەیەکەوە دوو تێرۆژە قوماشی لێ دەرچووە کە بەلای راستیانیشان دراوەو لە دوو تێروژوە دەچن کە لە دواوەی کڵاوی پیاوەکەوە شــۆڕ بوونەتــەوەو هێڵی شــەرواڵەکەی لــە کەواکــەی جیا کردۆتەوە.

کەســەکەلاقی بــە قووڵــی دەرهێــنراوە وقاچەکانی بە باشی دەرکــەوتوون. (بڕوانــە وێنەی ژمارە/٤) درێــژی پیاوەکــە ١,٥ مــەترە وپانییەکەی ٥٥ سانتیمەترە.

بە بەراوردێك لە نێوان ئەم نەخشەو نەخشە هەڵکۆڵراوەکــەی دەربــەندی رەبەنــە بۆمــان دەرئەکەوێت لــە شێوە جلوبەرگیاندا بــۆ یــەك کەس دەگەڕێنەوە بەڵام هەندی جیاوازیش لە



وێنەی ژمارە (٣)

نێوانیاندا هەیە. بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو بەراوردکارییە بکەین بۆ ئەوەی لەوە تێبگەین کە ئایا کامیان لەو دوو نەخشە لە پێشەوە هەڵکۆڵراون وئەوی تر بە دوایدا هاتوە.

وەکو باسمان کرد کەسەکان لە هەردوو نەخشەکەدا لەسەر لاوەستاون، ریشیان تۆپزییەو سمێڵیان تێکەڵاوی بووە، کەسەکەی میرقولی بە دەمو چاویەوە دیارە سەیری لای راست دەکات وەك لە رۆیشتندا بێت وایە بەڵام بەکەسەکەی رەبەنەوە دیارە سەیری پێشەوە دەکا لە رۆیشتن و سەرکەوتندایە و چرچولۆچ وفشەڵی شەرواڵەکەی راستی بۆ چوونەکەمان نیشان دەدات. (بروانە وێنەی ژمارە/٥).

هەردوو کەسەکە لە رووی کڵاوەکانیانەوە دەچنەوە سەرشێوەیەك لەسەر لادانراون وریشوەکانیان بۆ دواوە چوونەتەوە کە هونەری دوو لایەنەیان تیا پەیرەوکراوە.

کە سەهە ڵکۆڵراوەکەی دەربەندی رەبەنە دەستی راستی بۆ لای شانی چەپی بردۆتەوە واتە بەرەو ژوور هێناویەتەوە. (بروانە نەخشەی ژمارە/٢). بە پێچەوانەوە کەسەکەی میرقولی لەسەر پشتێنەکەیەوە دەبینرێ کە بەرەو پێشەوەی بردووە، هەردوو دەستەکەشی پەنجەکانیان بەکراوەیی





وێنە ژمارە ٤

دەبینرێن کە هاوبەشن تیایدا. جلوبەرگی کەسەکەی رەبەنە هەرچەند بەفروباران کاری زۆر خراپی تێکردووە بەڵام دیارە بە جوانی



وێنەی ژمارە (٥)

دەرهێنراوە کەلایەق بێت بە میرێك ئەمەش بە پێی ئەو هێڵکارییەی تیا نەخشێنراوە. هەروەها ئەو گرنگییەش بە پشتێنەکەیەوە دیارە کە ئەڵقەکانی تیا دەرکەوتوە. بە پێچەوانەوە کەسەکەی (میر قولی) جلوبەرگی بە ساکاری دەرهێنراوە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لە دەرهێنانیا کەمتر بایەخی پێدراوە، هەروەها ئەو کەمتر نرخ پێدانەش بەهەردوو لاقی کەسەکەی میرقولییەوە دیارە کە، بە شێوەیەکی نارێك دەرهێنراون وقاچەکانیشی رووتن. بەڵام کەسەکەی رەبەنە هونەرمەندەکە زیاتر سەرکەوتو ترە لە دەرهێنانی لاقەکانیا، بە قاچەکانیەوە دیارە پێڵاوی لە پێدایە لە جۆری (سەندەڵ) کە تایبەتە بەناوچە شاخاوییەکەوە.

هەردوو کەسەکەی میرقولی و رەبەنە لە شێوەی دەستدرێژکردنیانا دەچنەوە سەر کەسە هەڵکۆڵراوەکەی حەریر وباتاسی ناوچەی هەولێر. بەوەش هێمایەکی هاوبەش



وێنەی ژمارەی (٦)

دروست دەبێت لە نێوان ئەو نەخشە هەڵکۆڵراوانەدا. (بڕوانە وێنەی ژمارە/٦)

سەرئەنجام: لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەراوردکارییەی کردمان لە نێوان نەخشی کەسە هەڵکۆڵراوەکەی میر قولی ورەبەنەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١/هەردوو کەسەکەی میرقولیی ورەبەنە واتە خاوەنی هەڵکۆڵراوەکان بۆ میرێك دەگەڕێتەوە کە لەسەردەمی ئەشکانییەکاندا فەرمان ڕەوایەتی ناوچەی پیرەمەگروونی کردوە. ئەشکانییەکانیش لە (٢٥٠پ.ز_٢٢٧) فەرمان ڕەوایەتییان کردوە.

٢/نەخشە هەکۆڵروەکەی میرقولی پێی دەچێت پێشتر دروسکرابێت لە نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی رەبەنە بەڵام دواتر کاتێك خاوەنی نەخشەکە نفوزی و دەسەڵاتی چەسپاوە و توانیویە هەموو ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەتێەوە ئەوسا نەخشەکەی ڕەبەنە و پاشماوە دێرینەکەی تری دروسکردووە کە پەرستگایەکە و ئاگری زەردەشتی لە هەوایەکی کراوەدا تیا داگیر ساندوە.

٣/لەوانەیە خاوەنی قەڵای میرقولی لە چیای پیرەمەگروون ئەو کەسە بێت کە نەخشەکەی بۆ هەڵکۆڵراوە لە لوتکەی هەنگەژاڵ لە هەمان چیا.

٤/پاشماوە بەردینەکانی خوارووی دەربەندی زێوێ لە دیوارو بناغەی خانوو کە هەتا ئێستا بە پێوە ماونەتەوە وبۆ مەودایەکی دوور بڵاو بوونەتەوە ئەوە دەگەیەنن کەلەسەردەمی قەڵای میر قولیدا دانیشتوانەکە لەوێدا نیشتەجێ بوون واتە شوێنە کۆنەکەی گوندی زێوێ سەرەتا لە وێوە دانیشتوانەکە وەکو گوندێك ئاوەدانیان کردۆتەوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧).



[1] -نـاوی پیرەمـەگروون بـە پێـی سـەرچاوە مێژووییـەکان لـە (پیرعەنبـەر کـودروون) یـا (گـوردوون)ەوە هـاتووە.. بـە پێـی قسـەی دانیشتوانی گوندی زێوێ ئەوانە حەوت برا بوون هەریەکەو بۆ شوێنی کۆچی کـردووە.. لەوانـە پیری شـەوکێڵ کـە لـە ناوچـەی قـەڵاچوالان جێگربـوە. هـەروەها پیرمەسـوور کـە هاتۆتـە سـلێمانیی وئێسـتا گلکۆکـەی لـە گـەڕەکی پیرمەسـوورە لەگـەڵ پیرەمـەگروون کـە گونـدی زێوێی ئاوادان کردۆتەوە.. ئارامگاکەی دەکەوێتە دامێنی ئەو چیایەی کە بە ناویەوە ناونراوە.
بڕوانە: جمال بابان اصول اسماء المدن والمواقع العراقیـة. ج١. مـن مطبوعـات المجمـع العلمـي الكـوردي. بغـداد ١٩٧٦ ص ١٢١، هـەروەها طـه بـاقر وفـؤاد سـفر. المرشـد الى مواطـن الاثـار والحضـارة. الرحلـة الرابعـة. بغـداد. كركـوك. السليمانية١٩٦٥.بغداد. ص٢٨.
من وای بۆ دەچم رەگ و ریشـەی ناوەکـە کـە لـە (پیرعەنبەر گودروون) یان (گوردوون)ەوە هـاتووە هـەروەکو دەڵێـن بـۆ سـەردەمی ئیسـلامی ناگەڕێتـەوە بـەڵکو وشـەی (پـیر) لـە ئـاینی زەردەشـتی یـا بەوانـە وتـراوە کـە لـە خزمـەتی ئاینەکـەدا بـوون وەکـو پیرشـالیار.. بۆیـە پێـی دەچێـت ناولێنانەکـە بـۆ سـەردەمی زەردەشـتی چاخی ساسانی بگەڕێتەوە.

[2] -میر قولی.. پێی دەچێت ناوەکە لە میری قەڵاوە وەرگیرابێت.

[3] -رەبەنە.. پێی دەچێت رەبەنە وشەیەکی ئارامی بێ ولە (رابونا)وە هـاتبێت کـە بـە مانـای خـوای ئێمـەدێ... بۆیـە لـە ئـەنجامی وتنـەوەی ناوەکـە لەسەرزمان ئەو شێوە کورت و ئاسانەی ئێستای وەرگرتبێـت. بۆچوونەکـەمان ئەگـەر راسـت بێـت گرنگـی شـوێنەوارەکە لـە نـاوە ئاینییـە کەیـەوە دەردەکەوێت، ئەم بۆچوونـەش لەگەڵ شوێنەوارە کەدا دەگونجێت کە پەرستگایە.

[4] -زێـوێ.. پێـی دەچێـت ناوەکـەی لـە زێوانـەوە وەرگـیرابێت بـەر کەسـە دەوترێ کـە خزمـەتی گلکۆی پیارچاکێك دەکات

# ئایینی مادەکان پێش هاتنی زەردەشت.

بەشی یەکەم

گۆڕینی /عومەر رەحیم.

ئەو هاوسانیو چونیەکییەی هەیە لە نێوان بیرو باوەڕو ئەرکی ئایینی پەیڕەوانی ((ئاوێستا)) لەلایەك و ئەوانەی پەیڕەوی کتێبی پیرۆزی ((ریگ ویدا)) دەکەن لەلایەکی ترەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە ڕێ ورەسمی ئایینی هیندو- ئێرانییەکان لە ڕابوردوویەکی زۆر دووری پێش مێژوودا، تا چ ڕادەیەك، توکمە وبەهێز ڕیشەداربووە. دانیشتووانی بەشی خۆراوای ئێرانیش لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێ ورەسمەدا ئەو جۆرە بیروباوەڕو نەریتە ئایینی‌یەیان هەبوە، بەڵام ئەوەی کە گرانە بۆ ئێمە ئەوەیە بەڵگەمان بە دەستەوە نیە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە.

لەم دە ساڵانەی دواییدا بە هۆی هەوڵ وتەقەلای زانایانی بواری کۆنناسی یەوە، ئەو زانیارییانەی کە لەبەر دەستدا بوون لەم بارەیەوە، بە شێوەیەکی بەرچاوو باش زیاد بوون و لە پێش هەموو شتێکەوە ئەو نەبوونی وکەمی‌یەی ناوە پیرۆزەکان رووی لە زیادی کرد. ئەم ناوە پیرۆزانە کە لەدەقە بزمارییە ئاشورییەکانی سەدەی نۆهەم تا حەوتەمی پێش عیسا بە دەست هاتبوون شتێکی زۆرکەم بوون، بەڵام لەدەقە بزمارییە عیلامییەکانی شوێنەواری تەختی جەمشید وئەرشیفی نووسراوە بزمارییەکانی بابل ونووسراوە ئارامی‌یەکان زانیارییەکی زیاتر لەوبارەیەوە کەوتنە بەردەست، بەشی زۆری ئەم بەڵگە نووسراوانە دەگەڕێنەوە بۆ کۆتایی سەدەی شەشەم وسەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش عیسا، ئەو سەردەمەی کە وادیارە ڕوونکردنە ئایینی زەردەشت لە خۆراوای ئێراندا بە خێرایی لەبەرەو پێشەوە چووندابووە. لە لایەکی ترەوە پەرۆشی خەڵك بۆ پاراستنی ناوی بنەماڵەکانیان لە ناولێنانی نەوەکانیاندا ئەو بوارەی ڕەخساند کە زانیاری زیاتر دەربارەی بیروباوەڕی وەچەکانی پێش خۆیان کەم تا زۆرێك بکەوێتە بەردەست. بەڵام ئەوەی تا ڕادەیەك کاری لێکۆڵەرەوەکانی قورس کردووە ئەوەیە کە نووسەرە بێگانەکانی ئەوسەردەمە کە شارەزای زمانی ئێرانی نەبوونو بە زمانی خۆیان وبە نووسینی بزماری ئەو ناورنە یان تۆمارکردووە وجۆرە گۆرانێکیان هێناوە بەسەرناوەکاندا، گومانیکیان دروستکردووە



لەو ناوانەدا. لەو شوێنانەدا کە هەندی ڕێ ورەسمی کۆن وڕووداوەکانی بە هۆی ناوی مانگەکانەوە دیاری کراون. لە نووسراوی سەر بەردی شاکانی پارسی سەدەی شەشەم. زانیارییەکی زیاتر کەوتووەتە دەست، لە کنەوپشکنینی خانوو وشوێن نیشتەجێ بوون وگۆرستانەکانی خودی مادەکانیش بەڵگەو زانیاری بەکەڵک وسوودمەند پەیدا کراون. لە بەدەست هێنانی زانیاری لەم بارەیەوە دەق ونوسین و پەیکەرەکانی ولاتی نێوان دووڕوو باریش هاوبەشی خۆیان پیشانداوە.

## خواکان.

لە نووسینەکانی (ئاویستا) و(ویدا)وە وا دەرئەکەوێ کە ئەو سەردەمە کۆنە دانیشتوان سێ خوایان پەرستووە کە بریتین لە ((ئاهوراهای ئاهورا مزدا))، (( میترا))، ((وارونا)). لەپەرستگا کۆنەکاندا تاقمێك یا گرووپێکیان پێکهێناوە، ئەرکی سەرەکی ئەم سێ خوایە بەردەوامی وپارستنی هێمنی وراستی وداد پەرەوەری بووە، کە لە ئاویستادا بە ((ئەشا)) ناوی براوە ولە زمانی مادو پارسەکاندا پێی گوتراوە ((ئەرتا)). وشەی ئەرتا لە دەقە بزمارییەکانی ئاشووریی سەدەی نۆهەمی پێش عیسادا، وەك بەشی یەکەمی ناوی دوو کەسی مادی هاتووە ، (ئەرتاسیرار) و(ئیرتی زات). لە لیستێکی ناوی خواکاندا کە لە دەقێکی سەدەی هەشتەم یا حەوتەمی پێش عیسادا هاتووە، دەڵێن ناوی راستەقینەی گەورەی خواکان (ئەس_سا_ راما_ زا_ ئەش)ە، لەیەکێك لە بەردی نووسراوی سەردەمی هەخامەنشی یەکان لە کۆتایی سەدەی شەشەمی پێش عیسادا، وا



دەکەن. دوورنیە کە هەر لەبەر ئەوەبێ لە دەقە ئاشوورییەکانی سەدەی هەشتەمدا بەو شێوەیە باسی لێوە دەکرێ.

لای پارسەکان وا باو بووە کە بە (بەغا) ناوی بەرن کە بە مانا بەخشندەیە، ئەم جۆرە بەکارهێنانە تەنیا جارێك لە ئاویستا دا هاتووە، هاوجۆری ئەو ناوە لە (ویدا) دا بەر چاو دەکەوێ کە خوایە کە بە ناوی (بەهاگا) وە. لەو ناوە (ماد)ییانەی لەسەدەی هەشتەم و حەوتەمدا ماونەتەوە، ناوی (بەغا) لە هەموو خواکانی تر زیاتر رێزی لێ گیراوە. هەروەها ناوی (بەغدات)، واتە خواداو (بەغایا) (بەغپارنا)، (بەغافەرنە)، واتە لە خواوە فەرو بەرەکەت رژاوە بەسەریا. لە سەردەمی سەرگۆنی دووهەمدا (٧٢٢-٧٠٥) ناوی (بەغ مەزدا) هاتووە کە دوور نیە لە (بەغا مەزداوە هاتبێت، نمونەی ئەم دوو ناوەی دوایی

(کەلەیەککاتدا لە ناوی دوو خوا رێزگیراوە) لە ناوە پارسییە کۆنەکانی وەك (میسورا مەزدا)، کە لە (میثرا ئاهورا مەزدا) پێکهاتووە، هەروەها ناوی (میهر هورمزد)ی پەهلەوی و( میثرا-بەغا) و (بەغا-میهر) بەرچاو ئەکەون.

لەسەرچاوە پارسییە کۆنەکانیشدا، ناوی (بەغ) بە زۆری دەبینرێن و کۆمەڵێك لەوانە لە دەقە عیلامییەکاندا دەست دەکەون، لەوانە چەند ناوێکی تێهەڵکێش کراو وەك (بەغاپاتا) واتە بەغ پارێزگاری ئەوە، (بەغداتا) واتە خوا داو، (بەغادوستا) واتە دوستی خوا، (بەغافەرنە). جگە لەمانە کۆمەڵێك ناوی ئێرانی کە لە بەڵگەئارامییەکانی شوێنەواری (خۆمادشو) کەوتوونەتە دەست و دەگەرێنەوە بۆ ساڵەکانی (٥٢٣-٥٢٦)ی پێش عیسا، نیوەی ئەو ناوانە وشەی (بەغ) یان لەگەڵدایە.

ئەو جۆرە باوەرو رێزلێگرتنە زۆرەی دەربارەی (وارونا) خراوەتە روو، لەگەڵ ئەو باسکردنەوی (وارونا)ی ئاویستای کۆندا یەك ئەگرنەوە کە دەڵێ:

((ستایشی پاڵەوانی دادوەرو داد خواز دەکەین، ئەوەی کە کاتێ روو لە قاپی ئەو ئەکەیت، زیاتر لە هەرکەسێکی تر گوێت بۆ رائەگرێ)).

بەڵام لە ئاویستای تازەدا (وارۆنا) کە زۆر کەمتر لە میثراستایش دەکرێ، ئەمەش بە هۆی ئەوەوەیە کە ئەو لە ئایینی کۆندا دروستکەری جیهان بووە لە ئایینی زەردەشتی دا ئەم ئەرك و رۆڵە دراوەیە بە (ئاهورا مەزدا). خۆشەویستی (وارونا-بەغ) لە خۆراوای ئێراندا ئەوە ئەگەیەنی کە ریشە ورەگی باوەریان لە ئایینی پێش زەردەشتەوە سەرچاوەی گرتووە.



کەواتە مادو پارسەکانی خاوەن باوەڕێکی توندڕە بوون بەرامبەر ئایینی کۆن. لە لیستی ناوە و وشەکانیان وا دەرناکەوێ کە دەربارەی ئەو خوایانەی زەردەشت ڕەتی کردوونەتەوە ڕێزو باوەڕێکیان پێیان هەبووبێ. بەڵام پێش لەسەدەی شەشەمەوە ڕەتی کردوونەتەوە ڕێزو باوەڕێکیان پێیان هەبووبێ. بەڵام پێش لەسەدەی شەشەمەوە واتە ئەو کاتەی کە ئایینی زەردەشتی لە خۆراوای ئێراندا خاوەن دەسەڵات وریز لی گیراو بووە، ناوێکی زۆر کەم بەجێ ماون. دوور نیە ناوی تایبەتی بەدێوەکان لە ڕۆژگارێکدا شتێکی ئاسایی بووبێ ولە وە بەدواوە قەدەغەکرابن.

چەند ناوێکی تیهەڵکێش لەگەڵ وشەی (فەڕنە) وەك ناوێکی گشتی بەرچاو ئەکەون. بۆ نمونە ((ئەتار فەڕنە)) کە بە مانا لە ئاگرەوە بەختی وەرگرتووە، لێرەشەوە وا دەرئەکەوێ کە مادو پارسەکان ئاگریان پەرستبێ وستایشیان کردبێ، لە هەندێ پلێتی نووسراوی عیلامی‌یەکاندا چەند ناوێکی پیرۆزی لەم جۆرە دەکەونە بەرچاو لەوانە (ئاتەرپاتە) واتە بە ئاگر پارێزراو، (ئاتەر بانو) واتە خاوەنی تیشکی ئاگر (ئارتەردانە) واتە ئاگر داویەتی.

لەناو ئەو خوایانەی پەیوەندییان هەیە بە ئاگرەوە لە ئاویستادا ناوی (نیریوسنها) کە خوایەکی کۆنی ئێرانییەکان[٢] لە نووسراوە عیلامییەکاندا بە شێوەی (ناریشنکا) هاتووە.

خوایەکی تری هیند وئێرانییەکان (سئومای)ە، کە لە دەقە ئارامییەکانی تەختی جەمشیدا بە ناوی (هئو ماداتا) بە چاکی باسکراوە. هەروەها ناوی ئەو خوایانەی کە نوێنەری دیاردە سروشتی یەکانن لە ئاویستادا هاتووە، وەك خوای خۆر و خوای مانگ، لە ژێر ناوی (٥وەرداتا) و(ماە). ئەگەر ناوە عیلامییەکەی ( ما، دا، پار، نا)بە تەواوی



وترابێت ولێکدرابێتەوە کە (واتا فەڕنە) یەو بە مانا فەرو بەختی لە باوە بۆ هاتووە، ئەوا خوای (با) ش ڕێزی لێگراوە. چەند ناوێکی تریش لەسەر پەیکەری تەختی جەمشید بەرچاو ئەکەون، کە وادیارە باس لە نفوز ورەگ دا کوتانی ئاییني زەڕدەشتی دەکا لەسەردەمانێکی کۆندا. (بۆ نمونە چەند ناوێك لەویدا هەن لەگەڵ وشەی (ئەرتا تێکەڵ کراون). لەوناوانەوە کە ئێستا باسمان کردن دەرئەکەوی بێگومان دانیشتوانی خۆراوای ئێران لەگەڵ ئاریستایی یەکاندا ڕێبازێکی ئاییني هاوبەشیان هەبوە. بەرچاوترین تایبەتمەندی ئەوانە، ئەوە بووە کە باوەڕیان بەچەند خوایەك هەبوە وئەمەش بووەتە ڕێگر لە بەردەم بڵاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئاییني زەڕدەشتی لە ئاریاندا. ئەم ئایینە تازەیە کە بڕوای بەوە بووە کە خوای گەورە و خاوەن توانا بە دروستکراوی کەسێکی تر دا نەنراوە لە ئەنجامدا خواکانی تر هەموو پلەیان هاتووتە خوارەوەو زەڕدەشت ئەوانی بە دروستکراوی خوادانا‌وە. دوورنیە وەرگرتن و باوەڕکردن بەم ئایینە لە لایەن ئەو کەسانەوە کە باوەڕیان بە میتراو وارونابووە زۆر شتێکی گران بووبێ. بۆ ئەوانەش کە لەسەر ئاییني دێو پەرستی بوون، باوەڕکردن بە ئاییني زەردەشت بەلایانەوە شتێکی زۆر گرانتربووە.

ئەفسانەی شا جەمشید

دانیشتوانی خۆراوا وخۆر خۆهەڵاتی ئێران، هەردوولا لە گەنجینەی ئەفسانەکاندا هاوبەشن. لێرەوە بۆمان دەرئەکەوێ ئەو ناوە هیندوئێرانی یانەی لەسەر نیگارەکەی تەختی جەمشید بەرچاو ئەکەن وەك (یاما)ی هیند وئێرانی و (بیما)ی ئاریستایی، ئەچنەوە سەر ناوەکانی (یامام و یاماکا) ویاماك شدا) ، کە



لە ئاویستادا بە شێوەی (یاماخشیتە) شاجەمشید هاتووە.

بۆ پەی بردن بە نهێنی هۆی خۆشەویستی ئەم کەسایەتیە ئەفسانەییە لە ناو پارسە کۆنەکاندا، ئەبێ سوود وەرگرین لە هۆی ئەو خوشەویستی‌یەی کە.

تیرە هیندو ئەوروپاییەکان کە دانیشتووی شاخەکانی هندوکش بوون وتا سەرەتای سەدەی بیستەم بە ((کافرەکان)) ناوبراون، رۆڵیکی هەبووبێ لە خۆشەویستی ئەودا لای پارسە کۆنەکان. ئەو دانیشتوانەی شاخەکان، ناوی (ئیمرۆ-راجەیاما)یان لێناوە وپەرستوویانە و لایان وابووە کە گەورەترین خوایە، هەروەها لایان وایە دەرگاوانی دۆزەخە و رێ ئەگرێ لەوەی مردووەکان بگەرێنەوە سەر زەوی . رۆڵی سەرەکی ئەو وەک عیزرائیله وپاشای جیهانی مردووەکانە. ئەمانە پاش ئەوەی لە هەمو شوێن وکەسێك دوور کەوتنەوە وگۆشەگیر بوون. رۆژ دوای رۆژ رەوویان کردە ئایینی مردوو پەرستی، بەرزکرنەوەی پلەی (ئقیرە-یاما-جەمشید) بۆ گەورەترین خوا بووە هۆی ئەوەی گرنگی‌یەکی زۆر بدرێ بەو ئایینی مردوو پەرستنە. دوور نیە ئەم جۆرە خۆشەویستی یەشیان بوو بێ بە هۆی ئەوەی کە ئەو ناوە ببێ بە ناوی چەندان کەسی تر.

## پیاوانی ئایینی

ئەو دووره پەرێزی و موحافەزەکارییە قووڵ وبەربڵاوەی کە هەیە لە رێبازی ئایینی هیند وئێرانییەکاندا دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە زنجیرەیەك پیاوی ئایینی زۆر دەسەڵاتدارو بە هێز پشتاوپشت هاتوونەتە خوار لە ناویاندا.

نەتەوە و میللەتە ویدایی وئاویستایی‌یەکان، وشەیەکی هاوبەشیان هەبوە بۆ پیاوی ئایینی وەك وشەی (ئاتەروان). وشەی (مغو) تەنیا وشەیەك بووە دانیشتوانی خۆراوای ئێرانی کۆن بەکاریان هێناوە وتا کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان هەر لەبرەوەدا بووە. هیرودوت لە ماوەی سەدەی پێنجەمی پێش عیسادا ئەڵێ: ئێرانییەکان تەنیا کاتێك دەتوانن قوربانی پێشکەش بە خواکانیان بکەن کە (موغەکان) ئامادە بن و رێ و رەسمی پێویست ئەنجام بدەن. هیرودۆت موغەکانی وەك تیرەیەك لە مادەکان داناوە کە هەموویان پیاوانی ئایینی بوون، پارسەکانیش لە سەدەی شەشەمدا بۆ پیاوە ئایینی‌یەکانی خۆیان بەکارهێناوە. کەواتە ئەم وشەیە یا لە کاتی پاشایەتی



مادەکاندا بە هەموو پیاوە ئایینی‌یەکان وتراوە بەبێ گوێدانە ئەوەی پەیوەندی بە تیرەیەکی تایبەتەوە هەبوو بێت، یا دەبێ پارسەکانیش بە جیا لە مادەکان (موغی) خۆیان هەبووبێ.

دەڵێن لەسەرەتادا وشەی (موغ) بە مانا (ئەندامی تیرە) بووە، وەك (موغو) ی ئاویستا. لە ناو مادەکانیشدا بە مانا ((ئەندامی کۆمەڵی پیاوە ئایینی‌یەکان))، ئەم بۆچوونەش کاریگەری پێناسەکەی هیرۆدۆتی پێوەیە. دوور نیە کە پارس ومادەکان ئەم وشەیان بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنابێ بەمانای ((ئەندامی گروپی پیاوە ئایینی‌یەکان)) هەروەها دەبێ کە گرنگی و دەستڕۆیشتویی موغەکان لە ئاسیای بچوك لە سەردەمی هیرۆدۆتدا بوو بێتە هۆی ئەم بۆچوونە، ڕێی تێدەچی جۆرە خراپ حاڵی بوونێکیش بووبێتە هۆی ئەم پێناسەیەی هیرۆدۆت. یەکێك لەونیشانانەی کە بەڵگەن لەسەر چونیەتی ئەم پێناسە کردنەی هیرۆدۆت چونیەتی پۆشینی جلوبەرگی پیاوە ئایینی‌یەکانی خۆراوای ئێرانی کۆن بووە، چەند وێنەیەك لەبەر دەستدایە کە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەخامەنشی‌یەکان کەوا دیارە وێنەی چەند موغێکە لە کاتی جێ بەجێکردنی ڕێ ورەسمی ئایینی دا، ئەم موغانە لە وێنەکەدا جۆرە جلوبەرگێکیان لەبەردایە پێی ئەوترێ ((جلوبەرگی مادەکان)) شەرواڵێك وکراسێکی قۆڵ کورت وهەندێ جاریش جبەیەکی قۆڵدار (یۆنانی‌یەکان پێی دەڵێن کەندیس). بەڵام وەك دەزانین ئەو جۆرە جلوبەرگ پۆشینە لەسەدەی شەشەمدا. ئێرانی‌یەکانی خۆرهەڵات وخۆراوا بگرە پێشتریش هەر ئەوەیان بەکارهێناوە، پارسەکانیش وەك جلوبەرکێکی جەنگی کردوویانەتە بەرو جۆرە جلو پۆشاکی عیلامی‌یەکان تەنها لە ماڵەوە یا لە دەرباری شاکاندا لەبەرکراوە.

تاکە شتێك کە ئێرانییەکان بەکاریان هێنابێت بۆ ئەوەی لەیەك جیابکرێنەوە سەرپۆش وکڵاوبووە، ئەو سەرپۆش وکڵاوەی



